حامید گەوهەری

# چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان

ستۆکهۆڵم ۲۰۱۳

ناوی کتێب : چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەگر: کەمال گروێسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
چاپی یەکەم: چاپخانەی زانکۆی کارۆلینسکا، ستۆکهۆڵم، سوید
Universitetsservice digitaltryck
ISBN 978-91-637-3529-5

# پێڕست


پێشەکی 5

دەزگاکانی هەواڵگری ئێران و ئەرکی ناپیرۆزیان 11

کتێبی یەکەم: ڕەشەبای ڕووداوەکان 17

*(وتوێژی نێوان عیرفان قانعی فەرد و عیسا پژمان)*

کتێبی دووەم: سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست 149

*(نوسینی: پرۆفیسۆر نادر ئنتسار ، وەرگێڕانی: عیرفان قانعی فەرد)*

ڕای سیاسەتوانان و پسپۆڕان سەبارت بە چەواشەکەرییەکانی کۆماری ئیسلامی… 195

عەزیز محەمەد 196

دوکتۆر مەحمود عوسمان 198

عەبدوڵڵا حەسەن زادە 200

دوکتۆر عومەر شێخموس 203

محەمەد مەلا قادر 205

دوکتۆر شەفیق قەزاز 206

ئەمیر قازی 208

دوکتۆر حوسێن خەلیقی 211

عەلی قازی 213

ئایجان بوزئەرسەلان 215

ئیسماعیل کامل 217

حەسەن ماوەڕانی 218

دوکتۆر گوڵموراد موراد 225

کتێبی سێیەم: بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧ دا 231

*(نوسینی: زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، وەرگێڕانی: عیرفان قانعی فەرد)*

پاشبەند 270

بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر 310

# پێشەکی

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، کۆماری ئیسلامی ئێران ستراتژ و تاکتیکەکانی خۆی لە عێراق و لە باشوری کوردستان گۆڕی. بەهۆی شیعەکانەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن و حکومەتیان بەدەستە، دەستی بەسەر سیاسەت و دیپلۆماسی بەغدادا گرت و ناڕاستەوخۆ سیستمێکی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی خۆی لەوێ دامەزراند. بەو دەستکەوتەی کە لە عێراق هەیەتی، لە لایەک ڕێگرە لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان و هەوڵدەدات نەهێڵێت نەتەوەی کورد بە مافە نەتەوەیی و دەستورییەکانی خۆی بگات کە پترلە سەدەیەکە لەو بەشەی کوردستاندا خەباتی بۆ دەکات و بە سەدان هەزار شەهیدی بۆ داوە، لە لایەکی تردا بە ڕێگەی نوسین و وەرگێڕانی کتێبی بیرەوەریی و مێژوویی و دەستتێوەردان لە کتێبی نوسەراندا، مێژووی نەتەوەکەمان چەواشە دەکات. بە ناوی کتێبی مێژووی سەردەم و مێژووی زارەکی و...تد کۆمەڵێک درۆ دەرخواردی لاوان و ئەویندارانی کتێب خوێن دەدات و لەو ڕێیەشەوە زەینییەتی لاوان بەدژی بزوتنەوەکانی کورد، کۆماری کوردستان و سەرکردە هەرە فیداکار و لێوەشاوەکانی کورد دەشێوێنێت.

ترسی کۆماری ئیسلامی لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئەزمونی باشوری کوردستان و ترس لەوەی کە نەکات نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بە ئامانج و ئارەزووەکانی بگات و وەک نەتەوەکانیتری جیهان، ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ و ترس لە گۆڕانکارییەکانی جیهان کە نەکات بارودۆخی ئێستای کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێچەوانە بێتەوە، لە چەندان لایەنەوە، دژی ئەزموونی باشوری کوردستان و ناشیرین کردنی سیمای سەرکردە کوردەکانمان، بەتایبەتی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆک مستەفا بارزانی و ڕێبەرانی تری کورد هەوڵدەدات و دەیەوێ بە چەواشەکاری مێژووی بزوتنەوەکان و هێما نەتەوایەتییەکانمان بشێوێنێت، دەستکەوتی بزوتنەوەکانمان کەم بایەخ بکات و بە لکاندنیان

بە هێزی دەرەکی و بێگانەوە، لاوان و نەوەکانمان لە دەوری سەرکردە کاریزمایەکان و بزوتنەوەکانی کوردستان دوور بکاتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، سەرەڕای نەهێشتنی بچووکترین ئازادی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، بەبێ پسانەوە گوشاری خستۆتە سەر حیزب و رێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکان و بە دەیان خەباتکاری مەدەنی لە زیندانەکانیدا کۆکردۆتەوە و ئەشکەنجەیان دەدات و دەست لە ئیعدامی خەباتکارانی سیاسیی ناپارێزێت. بە بەردەوامی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی، لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت، لە مینبەری مزگەوتی گوند و شارەکاندا و لە زاری کۆمەڵێک مەلای نەزان و خزمەتکاری بێگانە و ژمارەیەک سیخوڕی کۆن و نوێ، بە دژی مەسعود بارزانی سەرۆکی یاسایی هەرێمی باشووری کوردستان، بە دژی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتی مافی ئافرەتان لە باشوری کوردستاندا پروپاگەندە دەکات. مادەی هۆشبەر ڕەوانەی کوردستان دەکات و بە ناوی شەریکە ئێرانییەکانەوە جاسوس و تێکدەر دەنێرێتە باشوری کوردستان.

بەپێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێزگرتن لە دەسەلاتی ولاتی دراوسێ، بە پارە حیزبی بەناو ئیسلامیی دامەزراندوە و بە سنورەکاندا چەکدار ڕەوانەی باشوری کوردستان دەکات کە ژیان بە دانیشتوان و ئەزموونی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بگەیەنن و بە بیانووی جۆراوجۆر دەستدرێژی دەکاتە سەر خاکی کوردستان و بە تۆپی دورهاوێژ خانووبەرە و کێڵگەی هاوولاتیانی ئەو بەشە وێران و خەڵکەکەی شەهید و ئاوارە دەکات. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێک بیر لەوە ناکەنەوە کە گەلی کورد خاوەن مافە و بۆ مافی زەوتکراوی خۆی تێدەکۆشێت و تا بەدەستخستنی هەموو مافەکانی درێژە بە خەبات دەدا و بە قسەی پروپوچ و پیلانی دوژمنانی، دەست لە مافەکانی هەڵناگرێت.

لەو چەند ساڵەی دواییدا دەزگاکانی هەواڵگری کۆماری ئیسلامی ئێران "ساواما، وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسداران" دەستیان کردوە بە پیلانێکی نوێ. بە ڕێگەی نوسین و وەرگێڕانی کتێبی هەندێک

نوسەر و دەستتێوەردانیان، هەوڵی ناشیرین کردنی بزوتنەوەکانی کوردستان و ناو زڕاندن و بەدناو کردنی سیمای سەرکردەکانی بزوتنەوەکانمان دەدەن. لەو ڕێگایەوە دەیانەوێ لاوان و نەوەی نوێی کورد کە شەوقی خوێندنەوەی کتێبیان هەیە، لە ڕاستییەکانی مێژوویی دوور کەنەوە و شەڕی دەرونییان بۆ پێک بێنن. ئەوان ڕەنگە بتوانن لاوانی فارس زمانی سەر بە ئۆرگانەکانی بەسیجی سوپای پاسداران بە نوسینەکانیان هەڵخەڵەتێنن، بەڵام نەوەی نوێی کورد کە ڕێبازی گەلەکەیان بە ڕێبازی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانییەوە گریدراوە، فریوی چەواشەکاریی ئەوان ناخۆن و بەکردەوە هەردوو لایەنی چەواشەکار و خزمەتکاریان تاقیکردۆتەوە و ئێستاش هەست بەو ئازادییە دەکەن کە لە هەرێمی باشوری کوردستاندا هەیە.

چەواشەکەران دەست لە هێما نەتەوەییەکانمان ناپارێزن. پێشەوا قازی محەمەد بە ساویلکە و نەزان و سەرۆک مستەفا بارزانی بە تێکدەر و خایین بە کۆماری کوردستان دەناسێنن و هەرلەو کاتەشدا فرمێسکی بەدرۆ بۆ کورد هەڵدەڕێژن، وەک بڵێی کاربەدەستە مرۆڤ کوژەکانی کۆماری ئیسلامی، لایەنگری مافی کورد و کۆماری کوردستانن، بەڵام هەر چەند ماوەیەی کۆمەڵێک لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر دەکەن و بەتاوانی هەوڵدانی سیاسی و مەدەنی بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ گوللەبارانیان دەکەن!

بەرلە نوسینی ئەم کتێبەی بەردەستتان، کتێبی "تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد"م لە وەڵامی بەرگی یەکەمی کتێبی شێوێندراوی "دوای ٦٠ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی" بڵاوکردەوە. لەو کتێبەدا مێژوو و ڕووداوەکانی کوردستانیان بەچەشنێک چەواشە کردوە کە بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق ناچار بوو بە دژی کتێبەکەی هەڵوێست بگرێ و حاشای لە ئیمزای خۆی لەسەر کتێبەکە بکات.

هێشتا لە خوێندنەوەی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ نەبووبومەوە کە بەهۆی دۆستانەوە سێ کتێبیتری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانم پێگەیشت

كە بەناوی قانعی فەردەوە بڵاوكراونەتەوە. بە خوێندنەوەیان هەستم بە پرۆژەیەكی بەرین و مەترسیهێنەر بە دژی نەتەوەكەم كرد و تێگەیشتم دەزگاكانی هەواڵگری كۆماری ئیسلامی بە بەرنامەیەكی ڕێكوپێك و حیسابكراو هەوڵدەدەن زەینییەتی نەوەی نوێ كورد سەبارەت بە ڕابردووی نەتەوەكەیان بگۆڕن و زەینی نوسەران و لێكۆڵەرانی بیانی، سەبارەت بە سەركردە كۆن و نوێیەكانی كوردستان ئاڵۆز بكەن.

لەبەر ئەوە بڕیارمدا هەروەك چۆن بە نوسینی "تراویلكەی پیلانەكان- دژ بە نەتەوەی كورد" وەڵامی كتێبی "دوای ٦٠ ساڵ"م دایەوە، ئەم جارەش بەم كتێبە و شاهیدانی زیندوو، وەڵامی چەواشەكەران و قەڵەم بەدەستانی سەربە وەزارەتی ئیتلاعاتی كۆماری ئیسلامی ئێران بدەمەوە و بە نەوەكانمان بڵێم كە باوەڕ بەو نوسینانە مەكەن و فریوی دوژمن مەخۆن. لە خەبات بۆ كوردستان و هەوڵ و تێكۆشان بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەی كورد سارد مەبنەوە و ڕێچكەی باوكەكانمان بەرمەدەن.

ستراتیژ و تاكتێكی كۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە كورد و ئەزموونەكەی لە باشوری كوردستان كە بە قەڵەم و نوسین شەڕی دەرونیی و ئاژاوەی بۆ دەگێڕن لە كەس شاراوە نییە. ئەوان بۆ فریودانی لاوان و خوێندكاران و دڵسۆزانی كورد، لە نوسینەكانیاندا بە كەسانێك هەڵدەڵێن كە ڕۆڵ، ڕێباز و پەیڕەویان لە گۆڕەپانی خەباتی بەكردەوە و ئەزموونی كورد و باشوری كوردستان و بزوتنەوەكانماندا نییە. لە بەرامبەردا سوكایەتی بە خزمەتكاران و ڕێبەرانی ڕاستینی نەتەوەی كوردو ڕێكخراوەكانیان دەكەن. بەو تاكتیكەیان دەیانەوێ گومان لە دڵی نەوەی نوێدا بچێنن و كێشەكانی كورد قوڵتر بكەنەوە. ئەگەر بكرێ شەڕی براكوژیی لە نێوان ڕێكخراوە كورد و كوردستانییەكاندا هەڵگیرسێنن و ئەزموونی كوردستان لەناوبەرن، ئەگەرنا پرۆسەكە بوەستێنن، تا هەلومەرجێكی نوێیان بۆ دەڕەخسێت.

بۆ گەیشتن بەو ئاواتە نامرۆڤانەیە، وەزارەتی ئیتلاعات ژمارەیەك لە كاربەدەستانی خۆی لە پۆستەكانی وەزیر، سەفیر، نوێنەری پەرلەمان و بەڕێوەبەری دەزگاكانی ڕاگەیاندن "ڕۆژنامە، گۆڤار و سایتەكانی

ئینتەرنێت"دا جێگیرکردوە. هەرکام لەوانە لە پۆستی خۆیاندا دەبێ دژایەتی هەر بۆچوونێک بکەن کە کۆماری ئیسلامیی هەستی پێدەکات زیان بە دەسەڵات و سیستیمەکەی دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەر مۆرەیەک بۆ ئەو مەبەستە کەڵکوەردەگرن. هەروەک لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا، قەڵەم بەدەستانی ئیتلاعات و لەناویاندا کوردێکی نارەسەن بە ناوی عیرفان قانعی فەرد کە لە ژێرەوە پرۆژەی بۆ ئامادە دەکەن و کتێب بەناوی ئەو بە دژی نەتەوەکەمان بڵاودەکەنەوە و ڕێگەیان بۆ خۆشکردوە کە بەناوی لێکۆڵەر سەر لە هەر کەلێن و قوژبنێک بدات و بە پارە و گیرفانی پڕ، ئەم وڵات و ئەو وڵاتی دنیای پێدەکەن.

لە درێژەی نوسینەکەمدا ئاماژە بۆ ئەرکی ناپیرۆزی دەزگاکانی هەواڵگریی و هەڵوێستی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی دەکەم. لاپەڕە شێوێندراوەکان و چەواشەکارییەکانی دوو کتێب بە ناوەکانی ڕەشەبای ڕووداوەکان "تندباد حوادث" کە وڕێنەیەکە لە نێوان عیسا پژمانی کۆنە سیخوڕ و خزمەتکاری ڕژێمی ڕوخاوی محەمەدڕەزا شا و قانعی فەرد سیخوڕی ئێستای کۆماری ئیسلامی کە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن بڵاوکراوەی زانست "نشر علم" لە تاران بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ وەرگێڕانی کتێبی "سیاسەتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" کە دوکتۆر نادر ئنتسار، مامۆستای زانکۆ لە "ئالاباما"ی باکوری، ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی نوسیویەتی و بە ڕواڵەت عیرفان قانعی فەرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی. لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بۆ بیروڕای کۆمەڵێک کەسایەتیی پسپۆڕی سیاسی و مەدەنی، مافناس، مامۆستای زانکۆ و شیکاری سیاسیی ڕادەکێشم. پێویستە ئەوەش ڕابگەیەنم کە لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان، وتەی شاهید و وتووێژکەراندا بێلایەنی خۆم پاراستوە و شریتی دەنگی ئەوانم لای خۆم ڕاگرتوە.

بەم جۆرە قانعی فەرد لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١١دا بەڕواڵەت چوار کتێبی لە ئێران بە دژی نەتەوەی کورد بڵاوکردۆتەوە، لە کاتێکدا سەدان

نوسەری ئێرانی لە شارەکانی ئێراندا، شکاتی ئەوە دەکەن کە وەزارەتی ئیرشاد کۆماری ئیسلامی، ئیزنی چاپی کتێبیان پێنادات.

لە کۆتاییدا، سوپاسی ئەم مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە بەشداریی وتووێژەکانیان کرد و یارمەتیان دام لە ئاشکرا کردنی پیلانەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەو شەڕە نەرمەی بە دژی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا هەڵگیرساندوە. هەروەها پڕبەدڵ سوپاسی بەڕێزان کاک کەمال گرویسی و هەژار گەوهەری دەکەم کە کتێبەکەیان بژار و مۆنتاژ کردوم.

حامید گەوهەری

ستۆکهۆڵم: ٢٠١٣

## دەزگاكانی هەواڵگری ئێران و ئەركی ناپیرۆزیان

دەزگاكانی هەواڵگری "ساواك، ڕوكنی دووەم، ساواما و وەزارەتی ئیتلاعاتی كۆماری ئیسلامیی ئێران" پتر لە نیو سەدەیە لە ئێران، عێراق، توركیا و تەنانەت لە ئەوروپا و ئەمریكا و وڵاتانی عەرەبیدا بە دژی نەتەوەی كورد هەڵدەسوڕێن كە كورد لە ژێردەستەیی و كۆلۆنیدا ڕابگرن و بۆ ئەو مەبەستەش لە هیچ تاوانێك سڵیان نەكردوە. ئەو ئەركە ناپیرۆزە بۆ یەكەم جار لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی دا خرایە ئەستۆی ڕوكنی دووەمی سوپای ئێران و دواتریش دەزگای ئەمنیەت و ئیتلاعاتی ئێران "ساواك".

ڕێكخراوی ئەمنیەت و ئیتلاعاتی ئێران "ساواك" ساڵی ١٩٥٦، لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، بە هاوكاریی دەزگای ئەمنیەتی ئیسرائیل "موساد" و دەزگای ئیتلاعاتی ئەمریكا "سیا" دامەزرا. یەكەم ئامانجی ئەو دەزگایە، دۆزینەوە و گرتنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی تودەی ئێران بوو، بەڵام دواتر گرتن و لەناوبردنی هەموو ڕكەبەرەكانی حكومەتی شای كرد بە ئامانج، وەك: خوێندكاران، سەندیكاكانی كرێكاران، نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و سانسۆر كردنی نوسینەكانیان، بزوتنەوە سیاسی و مەدەنییەكان و هەروەها كۆكردنەوەی زانیاری لە دەرەوەی سنورەكانی ئێران بۆ لەناو بردنیان و هەڵوەشاندنەوەی پلانەكانیان بە دژی شا و حكومەتەكەی.

شا لە ساڵی ١٩٦٣وە دەزگا ئەمنییەكانی ئێران و بەتایبەتی ساواكی بەرین كردەوە بۆ ٥٣٠٠ مەئموری ئاشكرا و هەزاران مەئموری نهێنی كە كاریان كۆكردنەوەی زانیاریی بوو لە ناو خەڵك و ڕێكخراو و شوێنە گشتییەكان و خوێندنگەكان، سەربازگەكان و بازار... تد.

سەرۆك، جێگر و مەئمورەكانی ساواك بە گشتی لە فەرماندەكانی سوپا، ڕوكنی دووەمی سوپا، شارەبانی و ژاندارمەریی دابین دەكران و هەروەك گوتم ئەركی پێسپێردراوی ئەو دەزگایە، دۆزینەوە و لەناوبردنی هەموو

ئەو ڕێکخـراو و کەسـایەتیانە بـوو کە دژایەتـی دەسـەڵاتی دیکتاتۆریـان دەکـرد. بە گـوێرەی زانیـاریی، سـاواک بـۆ ئەو مەبەسـتە لـە هەمـوو جـۆرە ئامێرێکی شکەنجە کەڵکیوەردەگرت.

بە وتەی "جێسیٚ جۆن لێف" Jesse J. Leaf، کارناسی پێشوی دەزگـای ئیتلاعـاتی ئەمریکـا "سـیا"، سـاواک بە تێکنیکەکـانی شـکەنجەی سـیا مەئمورەکـانی پەروەردە دەکـرد. لەو بـواردا لە شۆڕشـی ١٩٧٩ی ئێـران فیلمێـک دۆزرایەوە کە پێوەنـدیی هەبـوو بە شـێوازی شـکەنجە کردنـی ئافرەتان.

دەزگـای هەواڵگریـی ئێران "ساواک" ساڵی ١٩٥٩، پەلاماری ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیدا و ١٢٠ کـادیری ڕێبەریـی و ئەندامی ئەو حیـزبەی دەستگیرکرد. لە ساڵی ١٩٦٩دا سـەرەڕای پەلامـاردانی ئەنـدامانی بەشـدار لە بـزوتنەوەی کـۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات و گرتن و کوشتنی ڕێبەرانی ئەو کۆمیتەیە، ژمـارەیەکی زۆر لە ئەنـدامان و لایەنگرانـی بـزوتنەوەکەی لە شـار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرت و بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی جەڵـدیان و قەڵای "فەلەکـولئەفلاک" و شـارەکانی تـری ڕۆژهەڵاتـی کوردستاندا زیندانی کردن.

دەزگای ساواک لەنێوان ساڵانی ١٩٧١- ١٩٧٦دا، ٣٦٨ ئەندامی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێرانی کوشت و لە ساڵی ١٩٧٦ وە تا ساڵی ١٩٧٩، پتـر لە ١٠٠ زینـدانی سیاسـی ئیعـدام کـرد و هەزارانیشـی شـکەنجەدان. غەنـی بلوریـان، عەزیـز یوسـفی و هەزاران خەباتکـاری کـوردی لایەنگـری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان و ڕێکخـراوە چەپەکـانی ئێـران، بەدەسـت مەئمـورانی سـاواک شـکەنجە کـراون و بە هەزارانـیش لە شـوێنی ژیانیـان دوور خراونەتەوە، یان بێسەر و شوێن کراون.

دەزگـای سـاواک لە شۆڕشـی ئەیلولـدا گەورەتـرین خیـانەتی بە گەلـی کوردمان لە باشوری کوردستان کرد و ڕێگەی خۆشکرد کە شای دیکتاتۆر، بە

پلانێکی بەرینی جیهانیی و ناوچەیی، ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ سەدام حوسێن و حیزبی بەعس ڕێککەوێ و زۆر ناجوامێرانە لە پشتەوە خەنجەر لە پشتی نەتەوەی کورد بدات و بۆ ماوەیەک شۆڕشی ئەیلول بوەستێنێت. ئێستا دوای ٣٧ ساڵ، عیسا پژمانی خایین و ناسراو، ئەو ناجوانمێرییە بە پلانی خۆی دەزانێ و کەسێکیش بە ناوی عیرفان قانعی فەرد دەستپەروەردەی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران، شانازیی بەو تێکشکانەی نەتەوەی کورد دەکات، خافڵ لەوەی کە کورد لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا هەستایەوە و لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵاندا، پەرەی بەدەستکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلولدا.

بە هەرحاڵ بە دوای تەیمور بەختیار دامەزرێنەری ساواکدا، حەسەن پاکرەوان، نێعمەتولا نەسیری و ناسر موقەدەم سەرۆکەکانی دواتری ساواک بوون. ساواک بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لەلایەن شاپور بەختیار دوایین سەرۆکوەزیرانی ڕژێمی پاشایەتی هەڵوەشایەوە[١].

دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەزگای ساواکیان بە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی بەرینتر لە پێشوو زیندوو کردەوە و ١٩٨٣/٨/١٨ حاڵەتی یاساییان پێبەخشی. مەجلیسی شورای ئیسلامی لە سەردەمی سەرۆکایەتی عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی لە ١٦ ماددە و ١٨ تەبسەرەدا، یاسای بۆ دانا و ساواکیان لە ئیدارەیەکەوە گەیاندە وەزارەتخانە و ناوی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران "ساواما"یان لەسەردانا. لە ماددەی یەکەمی یاسای دامەزراندنی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ١٩٨٣/٨/١٨ دا هاتووە:

**- ماددەی یەکەم: بە مەبەستی بەدەستهێنان، گەشەپێدانی ئیتلاعاتی ئەمنییەتیی، ئیتلاعاتی دەرەکی، بەرگریی ئیتلاعاتیی، دژی سیخوڕی و بەدەستخستنی زانیاریی پێویست لە دۆخی دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکی و بۆ پێشگیریی و بەرەنگاربوونەوە بە دژی پیلانەکانیان لە بەرامبەر شۆڕشی ئیسلامیی وڵات و سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەمەزرێت[٢].**

وەزارەتـی ئیتلاعـات لـە یەکەم هەنگاویـدا، هەمـوو کـۆنە سـاواکییەکانی سـەردەمی مـحەمەدڕەزا شـای کە لـە ئێـران مـابوونەوە، گەڕانـدەوە بـۆ ئەو وەزارەتخانەیە و ئەرک و بەرپرسایەتی نوێی پێسپاردن. لە فەرماندەکانی سـوپا، ڕوکنـی دووەمـی سـوپا، ئیتلاعـاتی شـارەبانی و ژانـدارمەریی سیسـتمێکی پێکهێنـا کە سـەدان قـات لـە سـاواک ترسـناکتر و بێبەزەتـرە. بەرپرسـانی نـوێی وەزارەتـی ئیتلاعـات هەمـوو بەڵگەنامەکـانی سـاواک، ئیـدارە و زینـدانەکانیان خسـتە دەست خۆیـان و بە فەرمـانی ڕاستەوخۆی خومەینی ڕێکخراوەکانیان بوژاندەوە.

لەم بارەیەوە فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مـافی مرۆڤ لـە ڕاپۆرتێکیـدا کـە مانگی ئاوگوست- سێپتەمبەری ١٩٨٣دا بڵاویکردەوە و نوێنەرایەتی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـە دەرەوەی ئێـران لـە پـاریس، دەقەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی و من لە کتێبـی "ڕۆژهەڵاتـی کوردستان لـە دە ساڵ دا، ١٩٧٨- ١٩٨٨"دا بـڵاوم کردەوە، ئامـاژە بـۆ جۆرەهـا ئەشکەنجە لـە زینـدانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکـات و دەنوسێت ئـەو ئەشکەنجانەی خوارەوە لـە زینـدانەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەن:

١- ئەشکەنجەی جەستەیی:
- لێدانی زیندانیی بە مست و زللە.
- لێدان بە باتۆن.
- لێدان بە کابڵی تێلدار لە جەستە و دەست و پێی زیندانیی.
- سوتاندن بـە ئـاگری جگـەرە (هەنـدێک جـار بـە ئـاگری جگـەرە دروشمی بژی خومەینی لەسەر جەستەی زیندانیی دەنوسن.).
- دەرزی کردن بەژێر نینۆکی زیندانییدا.
- سوتاندنی جەستەی زیندانیی بە ئاسنی سورکراوە لە ئاگردا.
- بەستنی دەستەکانی زیندانی بە شێوەی خاچ لە پشتیەوە کـە پێیـدەڵێن کەلەپچەی قەپانیی.
- ئەشکەنجەی کارەبایی - بەتایبەتی ئەو جۆرەی کە پێیـدەڵێن "ئـاپولۆ". زیندانییـەکـە لەسـەر پارچـە ئاسـنێک لەسـەر کورسـی دادەنـێن و کڵاوێکـی ئاسنی لەسەر دەکەن.

- زیندانیی بە بنمیچی ژورەكەوە هەڵداوەسن و لێیدەدەن.
- بەرزكردنەوە و بەردانەوەی زیندانیی بە توندیی، لە كاتێكدا كە بە بنمیچەوە هەڵواسراوە.
- وەستاندنی زیندانیی لەسەر پێ بۆ ماوەی چەندان كاتژمێر، یان بەستنەوەی بە تەنافی بادراو لە كورسی.

٢- ئەشكەنجەی دەرونیی:
- بردن بۆ لە سێدارەدان و جێبەجێكردنی بە درۆ.
- بردنی زیندانی بۆ جێییەك كە زیندانییەكانی تری لێ ئەشكەنجە دەدەن.
- بردنی زیندانی بۆ جێییەك كە ئەندامانی تری بنەماڵەكەی لێ ئەشكەنجە دەدەن.

٣- ئەشكەنجەی تایبەت بە ئافرەتان:
- هەڵواسینی زیندانی بە مووی سەری و لێدانی بەو شێوە هەڵواسراوییە.
- دەستدرێژییكردن بۆ ئافرەتان (لە ڕاستییدا خومەینی لەو باوەڕەدایە كە ئافرەتی زیندانیی كۆیلەی پاسدارەكانن!)

جۆری ئەشكەنجەدان لە زیندانێكەوە بۆ زیندانێكی تر و لە ئەشكەنجە دەرێكەوە بۆ ئەشكەنجەدەرێكی تر دەگۆڕێت و جیاوازییان لەگەڵ یەكتر هەیە.

بەهەر حاڵ سەعید حجاریان، محەمەد محەمەدی گوڵپایەگانی، ئەحمەد پورنەجاتی، ڕۆحولڵا حوسێنیان، مستەفا پوورمحەمەدی، محەمەد شەریعەتمەداری، عەلی فەلاحیان، قوربانعەلی دوری نەجەف ئابادی، عەلی یونسی، غولامعەلی ئێژەیی لە پۆستی باڵای ئەو وەزارەتخانەیەدا كاریان كردوە و بەشێك لە بەڕێوەبەرانی باڵای ئەو وەزارەتخانەیە بە پۆستی وەزیر، سەفارەت، ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەریی دەزگاكانی ڕاگەیاندن "ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤار و سایتەكان ئینتەرنێت" گەیشتن و ئەركی تایبەتیان پێسپێردرا.

لە ماوەی تێكۆشانیدا، وەزارەتی ئیتلاعات دەستی هەبووە لە كوشتاری بەكۆمەڵی خەڵكی كورد لە شار و گوندەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، لە

تیرۆری کەسایەتییە کورد و ئێرانییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا، لە زنجیرە قەتڵەکانی ناخۆی ئێران کە بە "قتلهای زنجیرەای" ناوبانگی دەرکرد، لە ئیعدامی دەیان هەزار زیندانیی سیاسیی، لە گرتن و ئەشکەنجەدانی ئایەتوڵا شەریعەتمەداری، ئیعدامی مەهدی هاشمی لە بەلاوەنانی ئایەتوڵا مونتەزری لە پۆستی جێنشینی ئایەتوڵا خومەینی، لە دروستکردنی گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ زیاتر لە ١٩٠ هەزار بیرجیاواز لە گۆڕستانی "خاوەران"، لە پێکهێنانی گروپی تیرۆریستیی "بەهایی کوژ" بۆ کوشتنی لایەنگرانی مەسلەکی شێخ محەمەد بەهائەدین، گرتن و تۆقاندنی خەڵکی ئاسایی و... تد. محەمەد محەمەدی نیک ناسراو بە محەمەد ڕێ شەهری یەکەم وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی بوو و ئێستا حەیدەر موسلحی ئەو پۆستەی لە ئەستۆیە.

سەدان هەزار مەئموری تایبەت و بەسیج لە خوێندنگە و زانکۆکان، دەزگاکانی ئیداریی، بازاڕ، سەربازگەکان، گوندەکان و.... تد، لە ناوخۆی وڵاتدا و یەکەی قودسی سەربە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران بە هاوکاریی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوەی وڵات، بەرپرسی دۆزینەوە و لەناوبردنی گروپە سیاسییە نهێنییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبە کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و ناوی "سەربازان گمنام ئیمام زمان"یان لەسەر ئەو مەئمورە نهێنییە تیرۆریستانە داناوە.

١- بۆ ئەم نوسینە لە گوگلی فارسی کەڵکوەرگیراوە.

٢- یاسای پەسەندکراوی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران.

# کتێبی یەکەم

## ڕەشەبای ڕووداوەکان

وتوێژی نێوان

عیرفان قانعی فەرد و عیسا پژمان

## ڕەشەبای ڕووداوەکان




ڕەشەبای ڕووداوەکان "تندباد حوادث" کتێبێکە لە ورێنەی نێوان عیرفان قانعی فەرد سیخوڕی کۆماری ئیسلامیی ئیران و عیسا پژمان سیخوڕی ساواکی حکومەتی پەهلەوی ئامادە کراوە. ئامانج لە نوسینی ئەو کتیبە بە گوێرەی ناوەڕۆکەکەی، سوکایەتی کردنە بە نەتەوەی کورد، شێواندن و چەواشە کردنی مێژووی بزوتنەوەکانی کورد، ئالۆزکردنی زەینی خوێنەرانی فارس زمان و ئاشنا بە زمانی فارسی و نەوەی نوێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکدانی ڕیزی خەباتکارانی کوردە.

ڕەشەبای ڕووداوەکان لە ژانویەی ساڵی ٢٠١٢دا، لەلایەن بڵاوکراوەی زانست لە تاران کەوتۆتە نێو بازاڕی کتێب و ٥٨٩ لاپەڕەیە، لەگەڵ ٣٢ هاوپێچی بە وێنە. هەروەک گوتم کتێبەکە لە ورێنەی عیرفان قانعی فەرد و عیسا پژمان پێکهاتووە، بەڵام لە زۆر شوێندا لە لێپێچینەوەی دەزگا ئەمنییەکان دەچێت بۆ دۆزین و بەتاڵکردنی زانیاریی لە کەسی ڕووبەڕوو بەپێی بەڵگەنامەکانی ساواک و دەزگاکانی هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی.

عیسا پژمان بۆ بەشێک لە خوێنەرانی ئەم کتێبە ناسراوە. منیش بۆ ناساندنی پتری ئەو، ڕۆژی ٢٠١٢/٧/١٥ لە پاریس وتووێژێکم لەگەڵ کرد کە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دەیبینن، بەڵام بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوبراو، پێویستە بڵێم: عیسا پژمان کوڕی میرزا عەبدوڵاخانی خانەخراپە، ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سنە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤١ چووەتە خوێندنگەی

سـەربازی "دەبیرسـتانی نیـزام" و سـاڵی ١٩٤٦ بەپلـەی سـتوان دووەمـی گەیشـتوە و لـە فەرمانـداریی سـەربازییدا ئەرکـی پشکنین و لێپێچینـەوەی خەڵکـی لـە ئەسـتۆ بـووە. دوای دامەزرانـی دەزگـای هەواڵگریـی ئێـران "سـاواک" لـە سـاڵی ١٩٥٦دا گواسـتراوەتەوە بـۆ ئەو دەزگـایە و کـراوە بـە بەرپرسی دۆسیەی کورد و کوردستان و لێکۆڵینەوەی لـە کوردەکانی ئێران، عێـراق، سـوریا، تورکیـا و سۆڤیەتی پێشـووی لـە بەشـی ئەمنیەتـی دەرەوەی ئێران پێسپێردراوە.

دوای جێگیربوونی لـە عێراق، عیسا پژمـان لـە سـاڵی ١٩٦٠دا بـە فەرمـانی سـاواک هەوڵیـداوە پێوەنـدی بـە پیاومـاقوڵانی شـیعە و سـوننەی عێـراق، ئەفسـەرانی عێراقـی دژ بـە کودیتـای ١٤ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨ و حیـزبە سیاسـییەکانی عێراقـی بگرێـت و بـە دژی عەبـدولکەریم قاسـم کەڵکیـان لێوەربگرێـت، بەڵام سـەرنەکەوتووە. لەبەر ئەوە بـۆ جێبەجێکردنـی ئەرکـی پێسپێردراوی لـە ساڵی ١٩٦١دا لـە ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کورد نزیک بۆتەوە. لـە کتێبەکەیدا "اسرار بستن پیمان ١٩٧٥ الجزایر- از پرونده بکلی سری ساواک" واتە "نهێنیەکانی پەیمانی ١٩٧٥ جەزائیر لـە دۆسیەی تەواو نهێنی ساواک" کـە ناسر ئیبراهیمی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، لـە لاپەڕەی ٦٢دا دەڵێت:

**- (لـە سەفەرێکی ترمدا بۆ کوردستانی عێراق کـە بەنـاوی نهێنـی و وەک مامۆسـتایەکی مێـژوو و جوغرافیـا، بـە مەبەسـتی کـۆکردنەوەی زانیـاریی مێژوویی و جوغرافیایی چووم بۆ کەرکوک، لـە مەحکەمەی شـاری کەرکوک چاوم بـە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت و توانیم لەگەڵی دانیشم و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بکەم.)**

لـە لاپەڕەکانی ١٠٨- ١٠٩ی هەمان کتێبدا باس لـە سەرەتایەکانی شۆڕشی ئەیلول دەکات و دەڵێت:

**- (.... بـۆ دووهەم جـار چـاوم بـە ئیبـراهیم ئەحـمەد، جەلال تاڵەبـانی و بەرپرسانی دیکەی مەکتەبی سیاسیی کەوت و ناسیاویم لەگەڵ پەیداکردن و سەبارەت بـە زۆر شت قسەم لەگەڵ کردن. بـە دڵنیاییەوە جەختم لەسەر ئەوە کـردەوە کـە ئەگەر بێـت و ئەوان لـە یەکەم قۆنـاخی شۆڕشـدا ڕووی**

**ڕاست و نزیکیی و پاکی خۆیان بسەلمێنن، ئەوە دەبێ هیوادار بن بە وەرگرتنی چەک و تەقەمەنی و پارە لە ئێران... و ئەگەر وەک پێویست بجوڵێنەوە، پێموایە ئەو بەڵێن و بڕیارانەی لەگەڵ من و نوێنەرانی ڕەوانەکراوی خۆیان بۆلای بەرپرسانی ساواک لە تاران دەیدەن، جێگەی ڕێز دەبن و هەموویان بەجێ دەگەن.)**

لە جێیەکی تر و لە لاپەڕەی ١١٢ی هەمان کتێبدا دەڵێت: **(... کاروانی چەک و تەقەمەنی و پێداویستییەکانم لە کوردستانی ئێرانەوە، بە سنوری سەردەشت دا گەیاندە حیزب و پاشان سەرهەنگ مەنسووریم کە نوێنەری خاوەن دەسەڵاتی تەواوی ساواک بوو، بە سەرکردەکانی مەکتەبی سیاسیی و بەتایبەتی بە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتیی و بەرپرسی هەموو ئیجرائاتی حیزب ناساند. جیهازمان دامەزراند و یەکەم بروسکەمان بۆ بەڕێوەبەری سازمانی موخابراتی ئێران نارد و وەڵامی ڕەزامەندی ئەومان بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی کاروانەکە وەرگرت.)**

هەرلەم بارەیەوە لە وتووێژێکی ڕاستەخۆدا کە من لە پاریس لەگەڵ ناوبراوم کرد و دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(... منیش ئەو پێداویستیانەم بەنهێنی و بە ڕێگای مەریوان و پێنجوێن دا برد بۆ سلێمانی و تەحویلی ئەوانمدا. جەلال تاڵەبانی داوای کرد چەک و تەقەمەنییەکان برم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.)**

هەروەها لە لاپەڕەی ١١٣- ١١٤ ی ڕەشەبای ڕووداوەکاندا پژمان دەڵێت:
**(جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٦١ کە عەبدولکەریم قاسم سەرۆکوەزیری عێراق و عەباس ئارام سەفیری ئێران بوو لە عێراق، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئاشنا بووم....)**

بە هەرحاڵ وتەکانی پژمان لەو بارەیەوە تازە نین و پێشتر لە چەند جێیتردا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لە وڕێنەی ئەم جارەیدا لەگەڵ عیرفان قانعی فەرد، وتەکانی شێوازێکیتریان بەخۆوە گرتووە کە ئەویش پێدەچێ

لەلایەن قانعی فەرد و دەزگای هەواڵگریی ئێرانەوە دەستیان تێوەردرابێ و بەشێک لە وتەکانیان گۆڕیبێت، چونکە ئەو لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا: ئایا بەرلە چاپی کتێبی تونداباد حوادث "ڕەشەبای ڕووداوەکان"، تۆ نوسراوەکانت خوێندەوە؟ گوتی:

**- (قانعی فەرد لە ئەمریکاوە تەلەفۆنی کرد و گوتی کتێبەکەت ئامادەیە و شتێکم بۆ بنوسە تا لەگەڵ کتێبەکەت چاپی بکەم. من بۆم نوسی، بەڵام دواتر بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی بەرلە چاپکردنی، من کتێبەکەم نەخوێندۆتەوە و بڕیارمدا لەمەوبەدوا کاری وانەکەم.)**

عیرفان قانعی فەرد لە پێشەکی کتێبی "ڕەشەبای ڕووداوەکان" و لەژێر ناوی بێلایەن بوونیدا، مەبەستی سەرەکی خۆی لە نوسینی ئەم کتێبە و وڕێنەیەی لەگەڵ عیسا پژمان ڕاگەیاندوە و بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی و چەسپاندنی مەبەستی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کورد و باشوری کوردستان، بە ڕێنوێنی فێرکراوانی لە دەزگاکانی هەواڵگریی ئێراندا، عیسا پژمان پیرە جاسوسی سەردەمی ساواکی محەمەدڕەزا شای هەڵبژاردوە تا بە یەکەوە هەوڵی چەواشەکردن و بەدناو کردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و سەرکردەکانی کورد بدەن.

قانعی فەرد لە سەرەتادا بە یارمەتی "بارزان فەرەج" نوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە پاریس چووەتە ماڵی عیسا پژمان و چاوی بە ناوبراو کەوتوە و لەگەڵی پێکهاتووە کە پێکەوە کتێبێک ئامادە بکەن. سەرنج بدەنە ئەم پرسیارەی من و وەڵامی عیسا پژمان:

**پرسیار:** عیسا پژمان ئەفسەری ساواک و خزمەتکاری ڕاستەقینەی شا و عیرفان قانعی فەرد مەئمور و خزمەتکاری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران چۆن بوو ئێوە یەکترتان گرتەوە و پێکەوە کتێبی "تندباد حوادث"تان ئامادە کرد؟

**وەڵام: (من قانعی فەردم نەدەناسی، ئەو تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی: دایکم لەگەڵ دایکی تۆ خزمایەتی هەیە. گوتم من نازانم، تۆ چیت دەوێ. گوتی: من لە ئەمریکا خوێندکارم و دەمەوێ وتووێژێکت لەگەڵ بکەم. گوتم**

**مـن نەخۆشـم و ئێسـتا توانـای وتـووێژ کـردنم نیـیە. لە ڕاسـتیدا چـونکە نەمدەناسی باوەڕم پێنەکرد. دوای ئەوە جەمشید ئەمانی کە سەردەمێک جێگری من بوو لە ساواکدا و ئێستا لە ئەمریکا دەژی، تەلەفۆنی بۆم کرد کە وتووێژ لەگەڵ قانعی فەرد بکەم کە دیسانیش قەبووڵم نەکرد. عیرفان لەگەڵ جەلال تاڵەبـانی وتـووێژی کردبـوو و دوای وتـووێژەکەی کەسـێک بەناوی "بارزان فەرەج" نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پاریس تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی: هەڵگری پەیامێکم لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە بۆ ئێوە. گوتم وەرە و ئەو هاتە لام. گوتی: قانعی فەرد دەیەوێ وتووێژت لەگەڵ بکات، ئێستا لێرەیە و مام جەلال گوتویەتی پیاوێکی باشە و من داومە ژیاننامەی من بنوسێ و تۆ باوەڕی پێبکە. گوتم باشە. بارزان فەرەج و عیرفان قانعی فەرد پێکەوە هاتنە ماڵەکەم و من وتووێژم لەگەڵ کرد....)**

عیسا پژمان لەم باوەڕە دایە کە نەتەوەی کوردی لە هەر جێیەکی ئەم جیهانە بێت، ئێرانییە. ئەو بە وتەی خۆی ئێرانی خۆشدەوێت و هەرلەم ڕوانگەیەشەوە دژایەی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازانەی کورد و مەلا مستەفا بارزانی و ڕێباز و بنەماڵەی بارزانی دەکات. چونکە بارزانی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەوڵی تێکخستنەوەی بەشەکانی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستانی داوە و دواتریش لە شۆڕشی ئەیلولدا بۆ هەمان مەبەست لە باشوری کوردستاندا تێکۆشاوە و ئێستاش کوڕانی و هەڵگرانی ڕێبازەکەی درێژەدەری ئەو ڕێیەن. هەروەها بارزانی لە سەردەمی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلولدا خواستەکانی شای ئێرانی بەجێ نەگەیاندوە و ئەفسەر، پلەدار و سەربازی لێ کوشتوە. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ١٩٦٤ دوای گۆڕینی پژمانی لە نوێنەرایەتی ساواک لە باشوری کوردستاندا کردوە کە سەرهەنگ عەلی مودەرسی جێی گرتۆتەوە.

کۆماری ئیسلامی بە زانیاریی لەو تورە بوونەی پژمان، ئەوی هەڵبژاردوە و عیرفان قانعی فەردی ناردوەتە لای کە پێکەوە دژی کەسایەتی سەرۆک مستەفا بارزانی، سەرۆک مەسعود بارزان، ئەزموونی باشوری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ڕاستیدا دژی کوردو مافە نەتەوەییەکانی هاوکاریی یەکتر بکەن و هەروەک دەبینین لە ئاکامی ئەو هاوکارییەدا،

کتێبی ڕەشەبای ڕووداوەکان "تندباد حوادث" بڵاوبۆتەوە. پژمان لە وەڵامی ئەم پرسیارمدا کە ئایا دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەتان کۆماری ئیسلامی پێوەندی بەتۆوە گرت؟ گوتی:

- : (بەڵێ! کاتێک کتێبی تندباد حوادث "ڕەشەبای ڕووداوەکان" چاپ و بڵاوکرایەوە، کەسێک تەلەفۆنی کرد و گوتی: من "مەحمود ئەحمەدی توانا" جێگری شورای ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیم. کتێبەکەتم خوێندەوە و ئێستا بەهۆی قانعی فەردەوە سەبارەت بەتۆ زۆرشت دەزانم و دۆسیەکەشتم بینیوە و تەنانەت دەربارەی بڕینی موچەی خانەنیشینەکەشت دەزانم و گرفتەکانت چارەسەر دەبن، ئەوانە لەبیر بکە و لە ئێستاوە دەتوانی بگەڕییەوە بۆ ئێران. گۆتم بە چ مەبەستێک؟ گوتی: بۆ ئەوەی کە لەهەموو ئەزمون و زانیارییەکانی تۆ ئەوپەڕی کەڵکوەربگیردرێت و تۆ ئێرانیی. گوتم بەڕێز ڕاستە من ئێرانیم و کوردم و گیانم بۆ ئێران و کوردەکانە، بەڵام ئێستا لە نینۆکی پێمەوە تا دەکاتە قژی سەرم نەخۆشم و دوو دوکتۆرم هەیە کە ئیزن بەمن نادەن دور بکەومەوە. گوتی: بۆچی؟ گوتم پرۆتستادم هەیە، دڵم عەمەلیات کردوە، بەڵام بەڵێنی شەرەفت پێدەدەم کە ئەگەر بارودۆخم باش بێت دەگەڕێمەوە. تەلەفۆنەکەت بدە بەمن کە زەنگت بۆ لێ بدەم.)

بە دوای ئەو هاوپەیمانییەدا، قانعی فەرد ڕەشەی بای ڕووداوەکانی بەشێوەی خوارەوە ئامادە کرد و لە لاپەڕەکانی ١٠- ١٢دا دەنوسێت:


- (ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٩ بە یارمەتی نوێنەری جەلال تاڵەبانی لە پاریس چاوم بە عیسا پژمان کەوت. دوای ساڵێک هاتووچۆ کردن لە پژمانم بیست کە بەلایەنی دایکییەوە پێوەندی خزمایەتی لەگەڵ من هەیە. بەم هۆیەوە لەمەوبەدوا پێوەندییەکانمان ڕەنگ و بۆنی خزمایەتی و عاتفی بەخۆیەوە گرت. لە دیدار و گفتوگۆکانماندا بۆم دەرکەوت عیسا پژمان کەسێکی ڕاستگۆیە و قسەکانی ڕاستن و دڵنیا بووم کە وتەکانی یارمەتی دەکەن بە ڕوونکردنەوەی لایەنە تاریک و ئاڵۆزەکانی مێژووی سەردەمی ئێران و ناڕاستییەکانی مێژووی کورد و کوردستان ئاشکرا دەکەن کە لە لایەن حیزبی مافیایی دروست کراوە. لەم وتووێژانەدا هەوڵی بێلایەنیی و سەداقەتم لە دەرخستنی وتە شاراوەکانی پژمان داوە و خوێندنەوە و

شـێوەی دیـتن و پەیـامی پژمـانم لەم ڕۆژگـارەدا بەپێویسـت زانـی و بە سەداقەتەوە بە گوێی هاوزمانـان و خـوێنەرانی وردبینم گەیاند. بەڵکوو زەینییەتـی لێکـۆڵینەوەی زیـاتر لە مێـژووی سـەردەمدا دەستەبەر بکـات، چـونکە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێـراق، حیزبێکـی عەشیرەییە لە گوندی بارزان لە کوردستان کە بە ساڵانە، بەتـایبەتی لە سـاڵی ۱۹۹۲وە مێژووی کورد و کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریای بەشێوەیەکی بەرچاو پێچەوانە کردۆتەوە و بە زۆرەملـی بە مێـژووی کـورد و کوردسـتان پێدەکەنن و "بت"یان لە مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردان دروستکردوە و بە درۆ نـاوی ژەنەڕاڵیـان لەسـەر دانـاوە. لە شـارەکانی کوردسـتان بـنکەی خێرخوازیـان بـۆ دانـاوە و خوێنـدنگەی فکریـی واتە ڕێبازیـان بە نـاوی کردۆتەوە کە خۆی جگە لە شەڕو شۆر بۆ خەڵک، خێری نەبووە. کەسێکی نەزان و نە خوێندەوار و بێ زانست بـوو، کـام ڕێبـاز؟ ئەو ڕێبـازەی کە بە یـارمەتی شـا و سـاواک سـەری بەرز کـردەوە و دواتـر لە سـاڵی ۱۹۷۵دا دامـاویی بـۆ کوردەکـان بە دیـاریی هێنـا؟ ڕێبازێـک کە دستی بە خـوێنی کوردەکـانی ئێـران سورە و لە سـەردەمی قیـادەی موەقەتـدا لە سـەرەتای شۆڕشی ۱۹۷۹دا کوردستانی ئێرانـی شـەڵاڵی خـوێن کـرد؟ ڕێبازێک کە لە کاتی دامەزراندنی حیزبی تاڵەبـانی بە یـارمەتی میتـی تورکیـا، تـاوان و قەتڵی عامی هەکاریی بوو؟ ڕێبازێک کە دەست لە دەستی ئیستخباراتی حیزبـی بەعـس و سـەدام حوسـێن، نەوە کـوژیی سـاڵی ۱۹۹٦ی پێکهێنـا و هەزاران کوردی کوشت؟ ڕێبازێک کە من بـاوەڕم پێـی نییە و تەنـانەت لە بەرامبەر گەشەسەندن و ئاسایشی کورد و کوردستاندا بە شێرپەنجەیەکی دەزانم و....)

کۆمـاری ئیسـلامی لە دوو ڕوانـگەوە دوژمنـایەتی ئەزمـوونی باشـوری کوردسـتان دەکـات. یەکەم: دژی مـافی نەتەوایەتـی کـوردن و بە تیـۆریی خومەینی و دەسەڵاتداران ئێران، هەموو موسوڵمانان لەژێر ئـاڵای ئیسلامدا یەکسانن‌و دووەم: بەشی زۆری نەتەوەی کورد سوننەن‌و سوننەکان بە لادەر لە ئـایینی ئیسـلام دەزانـن و دژیـان دەوەسـتن. بـۆ نمـونە لە هەر شـار و شـارۆچکەیەکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا، حوسـێنییەیەکیان بـۆ شـیعەکان

داناوە، بەڵام پتر لە سێ میلیۆن سوننە لە تاران دەژین، مافی ئەوەیان نییە کە تاقە مزگەوتێکیان هەبێت.

پێداگریی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکرات لەسەر مافی نەتەوەیی کورد، زۆر بەتوندی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تورەکردوە، چونکە هەوڵدان بۆ ئەو داخوازە لەکن کۆماری ئیسلامی ئێران هێڵی سورەو سروشتییە کە ئەوان دژی ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی، پرۆژە نەتەوەیی، نیشتمانی و ئازادیخوازانەی پارتی دیموکرات و سەرۆکی ئەو پارتە دەوەستن. لەم بارەیەوە دوکتۆر شەفیق قەزاز لە وتووێژێکی تایبەی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٨ دا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:



**- (بنەماڵەی مەلا مستەفا مێژوویەکیان هەیە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا و تۆ حەز بکەی یان حەز نەکەی، بەبێ پچڕان لەپێش پەنجاکانەوە تا ئەمڕۆ بە تایبەت خانەوادەی مەلا مستەفا سەرکردایەتی بارزانییەکانیان کردوە و لە بزاڤی کوردیدا دەتوانم بڵێم بەبێ ڕەکەبەر و بەبێ مونافیس سەرکردایەتی کوردیان کردوە و لە ئێستا و ئایندەشدا کێشەی کورد بەدەست ئەوانەوە. لەبەر ئەوە ئێران یان هەرجێیەکی تر دەبینن، جگە لەوان کەسێکی تر نییە. ئەوانەی هەن یان تازەن، یان خود ئەگەر باسی مام جەلال بکەین، مام جەلال تەمەن کاری خۆی تێداکردوە و ڕەنگە دوو ساڵ سێ ساڵی تر بڕ بکات. بە هەموو لێکۆڵینەوەیەک ئەو توانا و زەخیرەیە لە لای بنەماڵەی بارزانییە و ئەوان ئەگەر دۆستایەتی بکەن یان دوژمنایەتی، دەبێ حیسابێک بۆ بنەماڵەی بارزانی بکەن.)**

ئەمە کاکڵی مەسەلەکەیە کە بە ڕاستی نەوەی نوێی کورد پێویستە زۆر بەوردی لێی ئاگاداربێت! چونکە کۆماری ئیسلامی دوژمنی ماف و تەنانەت بوونی کوردە، مەئمورێکی وەک قانعی فەرد دەبێ ئەم ڕێچکەیە بگرێتەبەر

و بەهەر شێوە و شێوازێک بێت دوژمنانی نەتەوەی کورد بدۆزێتەوە و دەنگی بخاتە پاڵ دەنگیان و دژی کورد و بنەماڵەی بارزانی کەڵکیان لێوەرگرێت و درۆ و چەواشەکاریی بکات.

پێویستە بڵێم عیرفان قانعی فەرد لە نێوان لێکۆڵەران و سیاسیکارانی کوردی هەردوو بەشی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆست و ناسیاوانی کۆنی لە مەریوان، هەرلە سەرەتای منداڵیی و لە خوێندنگەوە بە کەسێکی ناپاک و درۆزن دەناسرێت. لەبەر ئەوە جێی گاڵتە پێکردن نییە کە ئەگەر ئەو دەستەواژەی درۆ بۆ خزمەتکاران، سەرکردە هێماکانی کورد و کوردستان بەکار بێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە بەشێکە لەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە، هەروەکوو چۆن عیسا پژمان بە سالآن خزمەتی بێگانە کرد. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە سەرنج بدەنە ڕای پسپۆڕان و شارەزایانی مێژووی بزوتنەوەکانی کوردستان و بزانن عیرفان قانعی فەرد لە دیدی ئەوانەوە چۆن کەسێکە:

**- فەرەج شەهابی: (بورهانی باوکی ئەم عیرفانە، هاوکلاسم بوو، بەیەکەوە لە یەک مەدرەسە خوێندومانە. ئەوەندەی کە لەبیرم بێ لەمن گەنجتر بوو. ئەو کلاسێک خوارتر بوو، بەڵام لەیەک مەدرەسەدا دەرسمان خوێندوە. ئەودەم ئێمە لەدەست ئەو پیاوە وەزاڵە هاتبووین و ئیمکانی ئەوە نەبوو ئێمە دوو کەس پێکەوە قسە بکەین و ڕۆژی دواتر قسەکەمان بەهۆی بورهانەوە لە ساواک نەبێ. هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات. هەموو ئەو کەسانەی هاودەورەی ئەو سەردەمی مەدرەسەی ئێمە بوون، ئەوەی دەزانن. ئەو تەنیا خۆی نەبوو، خەڵکیتریشی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەو لە هەموویان فەعالتر بوو، هەموو کلاسەکانی لەژێر چاوەدێریدا بوو. جا تاهیر بەگ، باوکی ئەم عیرفانەی ئاوا پەروەردە کردبوو.)**(وتووێژی تایبەت، دەنگی پارێزراوە.)

**- (بۆ ئەوانەی کە سیستمی سیخوڕی و بەکرێگیراوی لە کوردستان دەناسن، زەحمەت نیە کە زۆر زوو ناوی سیخوڕ و بەکرێگیراوی وەک عیرفان قانعی فەرد لە ڕێگای سوپای پاسداران و ماڵپەرەکەی "بازتاب" بناسنەوە. دۆسییەی قانعی فەرد لەگەڵ کارنامەی هیچ سیخوڕ و**

بەکرێگیراوێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی جیاوازیی نیە. بێجگە لەوە ئەم کەسە لەجیاتی لە شان کردنی چەکی بەکرێگیراویی و شەڕ کردن لەگەڵ پێشمەرگە و هێزەکانی گریلا لە چیاکان، یان ئەشکەنجەدانی گیراوانی سیاسی کورد لە زیندانەکان، ئەرکێکی دیکەی خراوەتە سەرشان، ئەویش کاری بەناو نوسین و چەواشەکاری لە شۆڕشی ئازادیی کوردستان و درۆ هەڵبەستن و شیواندنی مێژووی سیاسی کوردستانە.[1])

- دوکتۆر حوسێن خەلیقی: (عیرفان قانعی فەرد ڕاسپێردراوە کە تا ئەو جێیەی دەتوانێ، مێژووی کورد و دیمەنی سەرکردەکانی کورد بشێوێنێ و لە بەرامبەردا مووچەی خزمەتەکەی لە کۆماری ئیسلامی وەربگرێ. چونکە خۆی خاوەن کەسایەتی نیە و بڕوای بەبوونی خۆی وەک تاکێکی سەربە نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ نیە، وەک زەنگوڵە دەبێ لە مل کەس یان ئۆرگانێکی دژی مافەکانی کورددابێ تا دەنگێکی لێوە بێ. هەربۆیە ڕووی لە دوژمن و پشتی لە نەتەوەکەی کردوە.) (وتوویژی تایبەت، بە ڕێگەی ئیمەیلەوە.)

- عەبدوڵا حەسەن زادە: (قانعی فەرد بۆخۆی دەیەوێ واپێشان بدات کە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژووییە و خۆی بە کابرایەک دەناسێنێت کە گوایە کاری زانستی دەکات و خەریکی کاری لێکۆڵینەوەیە و دوکتۆرای تەواو کردوە و دوکتۆرایە، بەڵام بەشی زۆری ئەو قسە و نوسینانەی بۆمن جێگەی متمانە نین، چونکە زۆر شتی ژاراویی و ناڕاستیان تێدایە و بۆچوونێکی وا لام دروست بووە کە بە چاوی گومانێکی زۆر تەماشای نوسینەکانی بکەم و وەکو بڵێی بە ڕاسپاردە بێ و لەلایەن هەندێک لە دەزگاکانی دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ ناوخراپی بزتنەوەی کورد و کەسایەتییەکانی گەلی کورد ڕەوانە کرابێت.) (وتوویژی تایبەت، بە ڕێگەی ئیمەیل.)

- عومەر شێخموس: (لە ڕاستیدا هەرچەندە قانعی فەرد داوای گفتوگۆیەکی لەگەڵ من کرد و من سەبارەت بە ژیان و خەبات و تێکۆشانی مام جەلال هەندێک زانیاریم دایە، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە و زۆریشمان هەوڵدا کە مام جەلال گفتوگۆی لەگەڵ نەکات و ڕێگەی نەدا کە

ئەو کتێبە بنوسێ، بەڵام نەیتوانی ڕێی پێبگرێت. دواتر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و نوسی مـن بە مەبەستی نوسینی بیرەوەریی لەگەڵی دانەنیشووم. ئەو داوای لەمن کرد کە تێزی دوکتۆرا دەنوسێت و بەشێکی لەسەر ژیانی منە. لە ناوەڕۆکەکەی ناڕازی بوو.) (وتووێژی تایبەت، دەنگی پارێزراوە.)

- ئەمیر قازی: (قانعی فەردە هاتووەتە نێو کێشە و مەسەلەکەوە و بە هەموو شێوەیەک بە هاوکاریی دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێم هەوڵدەدا کە ئەو ڕەوابیتو پێوەندییەی کە ڕیشەی تاریخی هەیە لە خەباتو تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی کوردستان، بتوانێ ئەو تاریخە پێکبەستراوە، لێک هەڵبپچڕێت و بتوانێ سەند و مەدرەک و بەڵگەی بۆ پەیدابکا کە لە بایەخ و لە ئەهمیەت و لە واقعییەتیان کەم بکاتەوە و بە قازانجی و مەسڵەحەتی ڕژێمی ئێران ئەوەندی بۆی دەکرێ، ئەو ڕەوابیت و پێوەندییە نەتەوەییە لەبەیندا ئاڵۆز بکا.) (وتووێژی تایبەت، دەنگی پارێزراوە.)

- ئەحمەدین غولامی: (تا ئەو جێیەی من نوسینەکانی قانعی فەردم خوێندوەتەوە، بۆم دەرکەوتووە ناوبراو پیاوی کۆماری ئیسلامییە و هاوکاری سوپای پاسداران و موحسین ڕەزایی دەکات. قانعی فەرد کەسێکە کە ڕۆژانە تاوان و جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە چاوی خۆی دەبینێ و دەزانێت کۆماری ئیسلامی ئێران جگەلە گرتن و شکەنجە و ئیعدامی ڕۆڵەکانمان، بە بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکانیش، دەستی بە ژنوسایدێکی ترسناکی ڕۆڵەکانی کورد کردوە و ئەگەر قانعی فەرد ویژدانی هەبێت، بۆ جارێکیش لە نوسینەکانیدا پەنجە بۆ ئەو هەموو تاوانەی کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشێ کە تا ئێستا یەک وشەی لەو بارەیەوە نەنوسیوە و ئەرکی پێسپێردراوی دژایەتی کردنی نەتەوەی کوردە. ئەوە زۆر ڕوونە کە قانعی فەرد پیاوی کۆماری ئیسلامییە و ئەوەش لە هەموو نوسین و وتووێژەکانیدا دەبیندرێت.) (وتووێژی تایبەت، دەنگی پارێزراوە.)

- دوکتۆر حەسەن شەتەوی: (عیرفان قانعی فەرد خۆفرۆشی ناسراو لەهەر دەرفەتی پێشهاتوو، بە ئەمری فەرماندەکانی خوی و بە زەبری

پوول و پارە وەک هەر جاشێکی تر تینەتی خراپ و نییەتی خایینانەی بەرامبەر بە تێکۆشەران و سەرکردەکانی ڕاستەقینەی کورد و بە تایبەتی پێشەوا و بارزانی خوی نەپارستووە. ئەم خۆفروشە بە ڕاسپاردە و بەپێی بارودۆخ و لەژێر ناوی لێکۆڵەری سیاسیی و میژوویی بە مەبەستی خۆفرۆشانە و نییەتی خەرابکارانە بەردەوام خەریکی تیرۆری کەسایەتی سەرکردەکانی خەباتی ڕزگارییخوازی گەلی کوردە، هەوڵی جیددی چەواشەکردن و شێواندنی میژوو و واقعیاتی کورد و کوردستان دەدات. قانعی فەرد کە بە دزیی کردن و بروانامەی تەزویری زانستی، خوی بە پسپۆر و لێکۆڵەری بواری سیاسیی و میژوویی دەناسینێ، تاکوو ئیستا بە تەزویر کردنی بەڵگە و بە داخەوە بە یارمەتی ئابووری و پاڵپشت و حیمایەتی چەند لایەنی کوردی و سوپای قودس، لە خزمەت نەیاران و دوژمنانی کورد، خوی لە هیچ کاریکی تێکدرانە و ئاژاوەگێڕانە نەپاراستووە. کۆکردنەوە و لە چاپدانی بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی نمونەی ئاشکرای ئەم جورە کارانەی قانعی فەرد بووە کە هەڵلای لێ ساز بوو و بە داخەوە کەس بەرپرسایەتی ئەم چەواشەکاری و ئاژاوەگێڕییەی ناوبراوی لە ئەستوو نەگرت. هەرچەندە پشت پەردەی ئەم سیناریۆیە بۆ زور کەس ئاشکرا بووە.) (وتووێژی تایبەت، دەنگی پارێزراوە.)

- مەلا عومەر عەسری: (من قانعی فەردم نەدیوە، بەڵام کەسی باوەڕپێکراوی خۆم کە بینیویەتی و قسەی لەگەڵ کردوە و نوسراوەکانی خوێندوەتەوە، شاهیدی ئەوەن کە ئەو ئینسانە کابرایەکی دژی کوردە. کوردفرۆش و نۆکەری بێگانەیە. بە قەناعەتی من بەکرێگیراوە، فریوخواردوە و بە پلان لە دژی کورد و ڕێبەرانی کورد و بزوتنەوەی کورد قسە دەکات و دەنوسێت.) (وتووێژی تایبەت، دەنگی پارێزراوە.)

- هاشم کەریمی: (لەو جاسوسانەی ئێستا وەکوو قانعی فەرد هەم لەگەڵ ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئیرتباتی هەیە و هەم لەگەڵ "سابتی" کە خۆی پلەداری گەورەی ئەمنییەتی ساواک بووە لە زەمانی شادا. قانعی فەرد لەگەڵ ئەو موساحەبەی کردوە، دیارە ئەو کابرایە لەگەڵ دەزگای ساواکی زەمانی شاش ئیرتیباتی هەیە. قسەی عیسا پژمانێک کە خۆی کابرایەکی

سازمانی ئەمنییەتی شا بووە، لەسەر بزوتنەوەی میللەتی کورد لە کوردستان، هیچ بنەماو بەڵگەیەکی ئەساسی نیەو قینە لە کورد. جگەلەوە ئەوانە دەیانەوێت بە جۆرێک بزوتنەوەکانی کوردستان لەکەدار بکەن.) (وتووێژی تایبەت، دەنگی پارێزراوە.)

- دوکتۆر گوڵموراد موردای: (چاکم لەبیرە، لە دەفتەری کارەکەم لە "هایدبۆرگ" ئەو ڕستەیەم وەک ئامۆژگاری بە قانعی فەرد گوت. ئەودەم میوانم بوو، بۆخۆشم لە ئوسترالیاوە بانگهێشتی ئەڵمانیام کردبوو و ئەویش هێشتا لەو زەلکاوە نەکەوتبوو، گوتم: لاوانی ڕووناکبیری ئێمە و یەک لەوان تۆ خۆت، کوڕی خۆم، داهاتووی کوردستانن و ئێمەی کورد، هەرچی دۆست بۆخۆمان کۆ بکەینەوە کەمە، بەڵام دوژمنێکمان هەبێ، زۆرە. هیوادارم کە قەڵەمەکەت بۆ خزمەتی نەتەوەکەت وەگەڕخەی، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەم بەو شێوەیە کە دەمویست وەدیی نەهات.) (وتووێژی تایبەت، بە ڕێگەی ئیمەیل.)

- محەمەدڕەزا ئەسکەندەری: (کۆماری ئیسلامی هێندێک کەسی بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی هەڵبژاردوە، ئەو کەسانە ئەندامی سوپا نین، بەڵام کەسی بە توانان، ئەوانەی تواناییان هەیە، پێویست ناکا خوێندنی بەرزیان هەبێ، ئەوان دەبێ توانای کاریان هەبێ، جا عیرفانی قانعی فەرد یەک لەوانەیە کە توانایی کاری هەیە. عیرفان بۆ ئەو کارەی پێی سپێردراوە، کەسێکی بە توانایە. ئەو کەسە، بە درێژایی چەند ساڵ هەوڵیدا خۆی بناسێنێت، پێوەندی بە حیزبە کوردییەکانەوە گرت. هاتووچۆی مقەڕەکانیانی کرد. ئەو بەبێ یارمەتی حیزبە کوردییەکانی باشوری کوردستان نەیدەتوانی ئەم کارە بکا. بەداخەوە دەبێ بڵێم حیزبەکانی باشوری کوردستانیش لەو پێوەندییەدا نەخشیان هەبوو کە قانعی فەرد بگەیەننە ئەوێ و....تد.) (وتووێژی تایبەت، بە ڕێگەی ئیمەیل.)

بە هەرحاڵ سەبارەت بەم بەشەی سەروو کە گوایە قانعی فەرد وەک کەسێکی بێلایەن تۆماری کردوە، دەڵێت: (دوای ساڵێک هاتووچۆ کردن لە پژمانم بیست کە بەلایەنی دایکییەوە پێوەندی خزمایەتی لەگەڵ من

**هەیە!!!)** بەڵام مــن لە وتووێژێکمــدا کە ڕۆژی ٢٠١٢/٧/١٥ بە بەشــداریی بەڕێـزان فەرەیـدون میتـران، سـمکۆ مـوکری، کـاوە گەوهەریـی و کەسـێکی هـاوڕێی پژمـان لە پـاریس لەگەڵ عیسـا پژمـان کـردم، نـاوبراو گـوتی: **(لە دیداری دووەممدا لەگەڵ قانعی فەرد، ئەو پێی گوتم کە لەلایەن دایکییەوە خزمایەتی لەگەڵ من هەیە.)**

هەروەکـو دەبیـنن قـانعی فەرد لە گێـڕانەوەی ئەو هەواڵە بچـووکەدا درۆ دەکـات، چـونکە پژمـان بە ٨٥ سـاڵ تەمەنەوە، توانـای ئەو لێکـۆڵینەوەیەی نـیە کە بچـێ لە بنەمـاڵەی قـانعی فەرد بکـۆڵێتەوە و بزانـی بنەمـاڵەکەی کێیە. پژمان لەلای ئێمە گـاڵتەی بە خزمـایەتی لەگەڵ دایکـی قـانعی فەرد کرد.

قـانعی فەرد دەڵێـت: **(لە دیـدار و گفتوگۆکانمانـدا بـۆم دەرکەوت عیسـا پژمان کەسێکی ڕاستگۆیە و قسەکانی ڕاستن و دڵنیا بـووم کە وتەکـانی یـارمەتی دەکەن بە ڕوونکـردنەوەی لایەنە تاریـک و ئاڵۆزەکـانی مێـژووی سەردەمی ئێران و ناڕاستییەکانی مێژووی کورد و کوردستان ئاشکرا دەکەن کە لە لایەن حیزبی مافیایی دروست کراوە.)**

نزیکەی ١٠٠ ساڵە دەسەڵاتدارانی ئێران بـاس لە ڕاستکردنەوەی مێـژووی کـۆن و سـەردەمی ئێـران دەکەن. هـۆی ئەو باسکردنەشـیان بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر دەسـەڵاتەی دەیەوێ مێژووی ئێران بە قـازانجی خـۆی تۆمار بکات. هەموومان دەزانین کە مێژووی سەردەمی ئێران بە کورد ئـاڵۆز نەبووە، بەڵکوو دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پاشایەتی و ویلایەتی فەقـێ بەهـۆی چەواشـەکارەکانیان لە دەزگاکـانی هەواڵگریـی و جـاش قەڵەمەکانیـان لە سـاواک، سـاواما و ئیتلاعـات، مێـژووی ئێـران و بەتـایبەتی مێـژووی کـورد و کوردسـتانیان ئـاڵۆز کـردوە. بـڕوانە ئەو هەمـووە خـوێنەی کە کـورد لە بزوتنەوەکانیـدا بـۆ ڕاسـتکردنەوەی مێـژووی خـۆی ڕشـتویەتی. ئەوەش دەزانـین کە مێـژووی سـەردەمی ئێـران و کوردسـتان بە قـانعی فەرد و هاوکارانی لە دەزگاکانی هەواڵگرییدا ڕاست نـاکرێتەوە، بەڵکوو ئـاڵۆزتری دەکەن. ئەوان بـاس لە ڕاسـتکردنەوەی مێـژووی ئێـران دەکەی، بەڵام زۆر بێشـەرمانە سـنور دەبەزێـنن و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بە سـەدان

هەزار شەهید و ٦٧ ساڵ خەباتەوە بۆ كورد و كوردستان، بە حیزبی مافیا ناو دەبەن. لە ڕاستیدا هەر چلكاوخۆرانی وەک قانعی فەرد مێژووی ئێران و كوردستانیان شێواندوە و ئێستاش هەربۆ ئەوە هەوڵدەدەن و بێلایەنیی و سەداقەتیان بۆ خوێنەرانی كتێبەكەیان ئاشكرایە.

دەڵێت: **(پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق، حیزبێكی عەشیرەییە لە گوندی بارزان لە كوردستان كە بە ساڵانە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٢وە مێژووی كورد و كوردستانی ئێران، عێراق، توركیا و سوریای بەشێوەیەكی بەرچاو پێچەوانە كردۆتەوە و بە زۆرەملی بە مێژووی كورد و كوردستان پێدەكەنن و "بت"یان لە مەلا مستەفا بارزانی بۆ كوردان دروستكردوە و بە درۆ ناوی ژەنەراڵیان لەسەر داناوە.)**

جێی خۆیەتی ئەم پرسیارە لە نوسەر یان نوسەرانی ئەو دێڕانە بكرێت كە چۆن حیزبێكی عەشیرەتی لە بارزان!!! توانیویەتی لە ساڵی ١٩٩٢وە مێژووی كورد و كوردستانی ئێران، عێراق، توركیا و سوریای بەشێوەیەكی بەرچاو پێچەوانە بكاتەوە؟

لە ڕاستیدا ڕژێمەكانی شا و كۆماری ئیسلامی نزیک بە یەک سەدەیە كە مێژووی كورد و كوردستان چەواشە دەكەن. بە درۆ و چەواشەكاریی ڕێیان لە ڕۆڵەكانی كورد، ئێرانی و تەنانەت جیهان گرتووە كە بە مێژووی نەتەوەیەكی چل ملیۆنی لە پلەی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهان بزانن. ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی ئێرانو دەوڵەتە داگیركەرەكانی توركیا، سوریا و عێراق دەیانەوێ مێژووی كورد وەک سەردەمەكانی پێشوو بە ویستی خۆیان بنوسنەوە و لەوە دەترسن كە نەتەوەی كورد بە مێژووی حەقیقی خۆی بزانێت. ئەوە سەركردەكانی كۆماری ئیسلامی تورە كردوە كە بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ ئەو مەبەستە هەوڵدەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ كەس و هیچ لایەنێک "بت"ی لە مەلا مستەفا بارزانی دروست نەكردوە. كورد بتپەرست نییە، ئێوە باش دەزانن كە بت لە جەماران و جەمكەرانە.



ئـــــازایەتی، ســـــەداقەت، لەخـــۆبردوویی، ئاشـــتیخوازی، خزمەتکردنـی بە کـورد، خەبـاتی بەردەوامـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـــەی نەتەوەکەی و...تـــد بـارزانی گەیانـدە پـلەیەک کە نەتەوەی کـــــــورد ئەو بە ســـەرکردەیەکی ئەمەکناســـی بناسێ و ڕێزی بگرێت. بارزانی بەهـــۆی بەرەنگـــار بـــوونەوەی هێزەکـانی ئینگلیـز و عێـراق لە چلەکـانی سـەدەی ڕابـــردوودا، وەشـــاندنی زەبـــری قـــورس و کوشـندە لە سـوپا و جاشـەکانی ئێـران لە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان و دوای هەرەسـهێنانی کۆمـار و سـەرئەنجام پەڕینـەوەی لە ڕوبـاری ئـاراس بە ٥٠٠ پێشـمەرگە، بە نێـوان دەیان هەزار سەربازی پڕچەککراوی سوپاکانی عێراق، ئێران و تورکیـا بە تانک و تۆپ، تـۆی خوشەویستی لەنـاو دڵـی نەتەوەی کـورد و ئەوینـدارانی ئاشتی و ئازادییدا چاندوە. ئەوە بـوو کـاتی گەڕانەوەی لە سۆڤیەتەوە بـۆ عێـراق لە سـاڵی ١٩٥٨دا لە پـلەی ڕێـبەر و دیپلۆماتکـاری قـاڵبوو، بەهەر وڵاتێکدا تێدەپەڕی، ڕێبەرانی ئەو وڵاتانە پێشوازیان لێ دەکرد.

هەروەهـا هـیچ کەس نـاوی ژەنەڕاڵـی لەسـەر بـارزانی نەنـاوە، خۆشـتان دەزانن کە بـارزانی لە کۆمـاری کوردسـتاندا پـلەی ژەنـەڕاڵـی پێبەخشـراوە. بنوارە ئەم بەڵگەیەی کە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٦، سێ شـەممە ١٨ پوشـپەر ١٣٢٥- ١٩٤٦/٧/٩ کە لە لاپـەرەی یەکەمیـدا بـڵاوی کـردۆتەوە. بە ڕاسـتی ڕاسـتکردنـەوەی مێـژوو هەر لە پیـاوانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دەوەشێتەوە.

**چوونی وەزیری جەنگ بۆ جبهە**

ڕۆژی ٢٥/٤/١٤ سەعاتی ٨ی بەیانی جەنابی آغای محمد حسێن خانی سیفی قازی وەزیری بەرزی هێز و جەنابی ژنرال مایۆر مصطفی بارزانی دەگەڵ عدەیەک پێشمەرگە بۆ جبهە عزیمتیان کرد(پاشبەندی ١)

دەڵێت: **(پارتی دیموکرات لە شارەکانی کوردستان بنکەی خێرخوازیان بۆ دانـاوە و خوێنـدنگەی فکریـی واتە ڕێبازیـان بەنـاوی کـردۆتەوە کە خـۆی جگەلە شەڕوشۆر بۆ خەڵک، خێری نەبووە.)**

پارتی دیموکراتی کوردستان دەزگای خێرخوازیی بارزانی دانەمەزراندوە، بەڵکوو دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەلایەن گروپێک کوردی خێرخوازەوە دامەزراوە بۆ خزمەتکردن بە هەژاران و لێقەوماوان لە هەر جێیەکی کوردستاندا بێت. یەکێک لە ڕێبازەکانی مستەفا بارزانی کوردایەتی و خزمەتکردنە بە کورد و بەتایبەتی بە خەڵکی هەژار و منالانی بێباوک. هەروەک چۆن لە بوومەلەرزەی ئەم ساڵی شارەکانی وان و چالدیراندا بینیمان، یارمەتییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پتر بوو لە هەناردەکانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی مەلا شیعە دیکتاتۆڕەکان بەو لێقەماوانە. هەروەها ئێوە ڕۆژانە بە چاوی خۆتان دەبینن کە کورد ڕۆژئاوای کوردستان بە دەست چەکدارەکانی بەشار ئەسەدی و پاسدارە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سوریا، دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و لە بەرامبەردا دەزگای خێرخوازیی بارزانی یارمەتی بە کورد و عەرەبە ئاوارەکانی سوریا دەکات و ناهێڵێت دەردی ئاوارەیی بچێژن کە جێی شانازیی هەموو کوردێکە لە کوردستاندا. بۆ زانیاریی پتر لەسەر کارە خێرخوازییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بنەماڵە هەژارەکانی شار و گوندەکانی باشوری کوردستان و هەروەها بە پەنابەرانی ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان لە کەمپەکانی دۆمیز، باسرمە، بەردەڕەش، ئاکرێ، عەرەت، کەورگۆسك، بەحرکە، قوشتەپە، سەردانی سایەتی www.barzanifoundation.org بکەن.

لەلایەکی تردا، هەموو گەلانی جیهان دەزانن، ڕێبازی بارزانی و هەوڵ و تێکۆشانی هەڵگرانی ڕێبازی بارزانی، کوردی گەیاندە جێیەک کە ئێوەی دوژمن پێی سەرسام بن و سەرکەوتنەکانی کورد بە شەڕوشور بزانن. بۆچی چاوتان بە زانکۆکانی کوردستان، ئاسایشی نەتەوەیی، ئارامیی کوردستان، دیپلۆماسی جیهانیی ڕێبەرانی کورد، تێروتەسەلیی کوردی باشوری کوردستان هەڵنایەت. ئایا ئەوانە شەڕوشورن، یان ئەوەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیکەن؟ ئەویش نەک هەر ئێران، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشتان توشی ئاژاوە و شەڕوشور کردوە!

بنوارە ڕادەی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران. تیرۆری سەدان نوسەر، سیاسەتمەدار و نیشتمانپەروەر کە کوشتنەکانیان بە "قەتڵەکانی زەنجیرەیی" ناوبانگی دەرکرد، یان کوشتنی زیندانە سیاسییەکان لە ساڵی 1989 لە زیندانەکانیاندا کە تەنانەت تەرمی کوژراوەکانیشیان نەدایەوە بە بنەماڵەکانیان و لە بیابانێکدا چاڵیان کردن کە بە **"گوڵزاری خاوەران"** ناوبانگی دەرکرد، یان تیرۆری دۆکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادریی، فازل ڕەسوڵ، داریوش و پەروانە فروهەر، سدیق کەمانگەر، دۆکتۆر کازم سامی، محەمەد موختاریی، محەمەد جەعفەر پویەندە، فەرەیدون فەرۆخزاد، شاپوور بەختیار، دۆکتۆر سادق شەرەفکەندیی، هومان ئەردەڵان، عەلی کاشف پور، نوری دێکوردی و هەزارانی تر. هەروەها تیرۆری 256 کادیر و پێشمەرگە و کوردی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سلێمانیی و شارەکانی تری باشوری کوردستان بۆ پێکهێنانی ئاژاوە و تۆقاندن. ئەوانە بەشێکی کەمن لە تاوانەکانی وەزارەتی ئیتلاعات کۆماری ئیسلامی کە بە فەرمانی خامنەیی ئەنجام دران.

ئێوە دەزانن کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ئەرکی خزمەتگوزاریی دەزگاکانی خۆی وەک خاوێنکردنەوە و قیلتاو کردنی کۆڵانی شارەکانی بە دانیشتوانی گەڕەکەکان سپاردوە؟ لە لایەک باجی کەڵان لە خەڵک وەردەگرێت و لەلایەکی تردا بەسەر خەڵکەکەیدا سەپاندوە کە خۆیان کاری خزمەتگوزاریی گەڕەکەکانیان بەڕێوەبەرن. بچن بۆ مەریوان و بەردەرگا کۆنەکەی بورهان و تاهر بەگ ببینن و بزانن چۆن و بەچ ڕێیەکدا کاری خزمەتگوزاریی بۆ دەکرێت!

**دەڵێت: (بارزانی کەسێکی نەزان و نە خوێندەوار و بێ زانست بوو.) دەڵێت: (ئەو ڕێبازەی کە بە یارمەتی شا و ساواک سەری بەرز کردەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٧٥دا داماویی بۆ کوردەکان بە دیاریی هێنا؟)** دەڵێت: **(ڕێبازێک کە دستی بە خوێنی کوردەکانی ئێران سورە و لە سەردەمی قیادەی موەقەت، لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩دا کوردستانی ئێرانی شەلاڵی خوێن کرد.)**

پێچەوانە کردنەوەی ڕاستییەکان ئەرکی پێسپێردراوی ئێوەیە. ئەگەر بارزانی کەسێکی نەزان، نەخوێندەوار و بێ زانست بووە، ئەی بۆچی شەڕی ڕێبازەکەی دەکەن؟ هەرچەندە ئێوە بە دروستی لە زانست و زانایی بارزانی بەئاگان، بەڵام بۆ زانیاریی پتری خوێنەران سەرنج بدەن بەو چەند بەڵگەیەی خوارەوە:

نەجەفقوڵی پسیان، نوسەری کتێبی "از مهاباد خونین تا کرانەای أرس" کە ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ سوپای ئێران هاتە مهاباد و شەڕی نێوان سوپای ئێران و بارزانییەکانی لە ناوچەی شنۆ، نەڵۆس و گەلی قاسملوو لە کتێبەکەیدا تۆمار کردوە، لە لاپەڕەی ٢٨دا دەربارەی بارزانی دەڵێت:
**- (مەلا مستەفا پیاوێکی دەستە باڵا، بەخۆوە، ئەسمەر و نێوچاوان پان و چاو درشتە، برۆکانی پڕ و تێکەڵاون. هەموو سفەتی، هەیبەت و ئازایەتی و جەنگاوەریی و کارزانیی لێ دەردەکەوت. زمانەکانی ئینگلیزیی، عەرەبی، تورکی و فارسی بەباشی دەزانی. پتر لە ١٧ ساڵ دژی دەوڵەتەکانی ئینگلیز و عێراق و ئێران شەڕی کرد و شاهیدی بەشداریی گەلێک شەڕی خوێناوی بوو.)**

- پرۆفیسۆر لێۆنید مێدڤێدکۆ **Leonid Medvedko** ژۆرنالیست لە فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەودا دەڵێت **(لە عەرەبیدا وشەیەکی ناسک هەیە کە پێیدەگوترێ ڕەئیس. بارزانی ڕەئیسێکی ڕاستەقینە بوو. وەرگێڕانی وشەی ڕەئیس بە پرزیدێنت یان سەرۆک کۆمار هەڵەیە، چونکە ڕەئیس لە وشەی "ڕەئس"ەوە دێت و واتای سەر دەدات. بارزانی بەرلە هەموو شتێک ڕەئیسە، چونکە مێشکێکی زۆر باشی هەبوو. سەری مرۆڤ پێویستی**

بە مێشک هەیە و سەنتەرێکی بەهێزیشی دەوێت بۆ بەڕێوەبردن و هەست پێکردن، ئەوەش دیارنیە کە لە مێشکدایە، یان لە ڕۆحدا، ئەو سەنتەرە لەکاتی مەترسیدا ئیشارەت دەدا. بارزانییش لەکاتی مەترسیدا هەستێکی زۆر بەهێزی هەبوو، پێشبینی شتی دەکرد. بارزانی هەستی شەشەمی هەبوو. باڵندەکان لە کاتی کۆچکردندا هەمیشە سەرقافڵەیەکیان هەیە کە بە ڕوسی پێیدەڵێن "بژاک"، کێ دەبێتە سەرقافڵە، ئەوەی هەستی لە هەمووان بەهێزتر بێت. ئەو باڵندەیە لەوانەیە هەرگیز نەچووبێتە میسر، بەڵام کە ڕێگای میسری گرتەبەر، قەت بەهەڵە قافڵەکەی ناباتە نێو زەلکاوێکەوە، بەڵکوو دەیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. لە سەریدا نەخشەیەکی ڕێنوێنی کردن هەیە و ئەوە ڕاز و مەعەمایەکی زۆر گەورەیە. لەنێو مرۆڤایەتی و لەنێو ڕەئیسە ڕاستەقینەکاندا خەڵکی وا هەڵدەکەون کە بارزانی یەکێک بووە لەو ڕەئیسانە.)

- پاڤێل دیمچێنکۆ Pavel Dymchenko ڕۆژنامەنوس لەفیلمی دیکۆمێنی پێشڕەودا دەڵێت (کاتێک من لە حاجی ئۆمەران بووم، بارزانی پێیگوتم کە گەڕامەوە سڵاوی ئەو بە پرۆفیسۆر میترۆنۆڤ بگەیەنم و گوتی بارزانی سوپاست دەکات و دەڵێت باشی پێگەیاندوم. پرۆفیسۆر میترۆنۆڤ سەرۆکی ئەکادیمیای بەرزی حیزبی کۆمونیست بوو. من دەمزانی مەلا مستەفا لەگەڵ چوار هەڤاڵی لەو ئەکادیمیایە دەیخوێند. کە گەڕامەوە، تەلەفۆنم بۆ پرۆفیسۆر میترۆنۆڤ کرد و سڵاوی بارزانیم پێگەیاند. ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی: دەزانی بارزانی یەکێک بوو لە خوێندکارە هەرە بلیمەتەکانی من و لەوانەشە بلیمەتترینیان بێت. دەزانی سۆسلۆڤ ئەندامی بیروی سیاسی پارتی کۆمونیستی سۆڤیەت و بەرپرسی ئایدیۆلۆژی حیزب هەمیشە هەواڵی بارزانی دەپرسێ و گوتی: ئەگەر جارێکی تر گەڕایەوە بۆ کوردستان، بڵێ من ئەوم هەمیشە لەبیرە.[٢])

- بێرنادر دۆرین Bernard Dorin بالیۆزی فەرەنسە لەو سەردەمدا لە ئێران دەربارەی پلەی بەرزی دیپلۆماتیی بارزانی دەدوێ و دەڵێت: **(ڕاگرتنی بەڵانس لەنێوان سۆڤیەت و ئەمریکا لەلایەن بارزانیەوە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە هەردوولایەن دەیانکێشایە لای خۆیان و ئەو بەهەر لایەکدا کەوتبا، کێشەی بۆ دروست دەبوو[٣].)**

- کریس کۆچیرا نوسەر و ڕۆژنامەنوسی فەرەنسی دەڵێت: **(خاڵێکی گشتی هەیە کە خەڵک کەمتر پێیدەزانن، ئەویش مانۆڕی سیاسی بارزانی بوو لەگەڵ ئێران. شای ئێران هەڵوێستی بارزانی لەگەڵ ئێران لە سەردەمی کۆماری کوردستان و شەڕەکانی ناوچەی شنۆ و ماکۆ و ڕەوەکەی بارزانی بۆ سۆڤیەت لەبیر نەکردبوو. لەبەر ئەوە بە تاوانی کوشتنی سەربازی ئێرانی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردبوو. دوای شۆڕشی تەموز شا دەیویست پێوەندی بە بزوتنەوەی کوردەوە بگرێت و بارزانیش پێیوابوو بۆ یارمەتی وەرگرتن لە ئەوروپا پێویستە بەشێوەی تاکتیکی کەڵک لە ئێران وەرگرێت[٤].)**

بارزانی بە تاکتیکی دروستی سیاسیی، سەربازیی و دیپلۆماسی توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد و وڵاتە داگیرکەرەکاندا، دوژمن بکێشێتە پشت مێزی وتووێژ و لە عێراق ناچاری بکات بە شێوەی یاسایی، ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا مافی کورد بسەلمێنێت. ئەوەی ئێوە ئەمڕۆ لە باشوری کوردستاندا دەیبینن و ڕۆژانە پلانی بەدناوکردن و لەناوبردنی بۆ دادەڕێژن، درێژەی ئەو ڕۆژەیە کە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کورد بەدەستیان هێنا. سروشتییە کە ئێوە چاوتان بەو ئازادییە هەڵنایەت کە لە باشوری کوردستان هەیە و لەوە دەترسن چاوی نەوەی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوەو ڕژێمەکەتان بەچۆکدا بێنن. دڵنیا بن ڕۆژێک دێت کوردی ڕۆژهەڵاتو بەشەکانیتری کوردستانیش بەمافی خۆیان بگەن! ئێوە ناتوانن بە بیری ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر و بەچەند مەلای نەخوێندەواری دیکتاتۆر کە چاوەڕێن کەسێک لە چالاوی جەمکەرانەوە بێتەدەر و ڕزگارتان بکات، پێش بە ڕەوتی گەشەسەندنی دنیا بگرن!

ڕێبازی بارزانی و ڕێبەرایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان "قیادە موەقەت" لە ساڵی ١٩٧٩دا، کوردستانی ئێرانی شەلاڵی خوێن نەکرد، بەڵکوو ئەوە خومەینی دیکتاتۆری گەورە بوو کە بەدژی گەلی کورد خەزای ڕاگەیاند و کوردستانی شەلاڵی خوێن کرد! بنواڕە ئەم دوو فەرمانەی خوارەوەی خومەینی جەلاد کە ڕۆژی شەممە ١٩٧٩/٨/١٨ و ١٩٧٩/٨/١٩ لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهان بە ژمارەی تایبەت بڵاوکرانەوە. بەڵکوو ئێوە سیخوڕە بەدناوە کوردەکان شەرم بتانگرێت:

**فەرمانی ئیمام لە پلەی فەرمانده‌ی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران سەبارەت بە ڕووداوی پاوە – ١٣٥٨/٥/٢٧**

**لە گۆشە و کەناری ئێرانەوە گروپە جیاوازەکانی سوپا و سوپای پاسداران و خەڵکی بەغیرەت داوایان کردوە کە من فەرمان بدەم بەرەو پاوە بچن و کۆتایی بەو ئاژاوەیە بهێنن. من سوپاسیان دەکەم و بە حکومەت و سوپا و ژاندارمەری ڕادەگەیەنم کە ئەگەر تا بیست و چوار کاتژمێریتر بە تۆپ و تانک و هێزی چەکدارەوە بەرەو پاوە نەچن، هەموویان بە بەرپرس دەزانم.**

**من لە پلەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا ڕادەگەیەنم کە دەستبەجێ بەهەموو پێویستییەکەوە بچنە ناوچەکە و بەهەموو سەربازگەکانی سوپا و ژاندارمەری ڕادەگەیەنم کە بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی فەرمانێکیتر بن، زۆر بەپەلە و بەبێ کات بەفیڕۆدان بەهەموو پێویستییەکەوە و پڕچەک بچنە پاوە، بە حکومەت فەرمان دەدەم دەستبەجێ پێویستیی پاسدارەکان جێبەجێ بکات. تا فەرمانی دواتر من هێزە چەکدارەکان بە بەرپرسی ئەو کوشتارە دڕندانەیە دەزانم و ئەگەر لە بەجێگەیاندنی ئەم فەرمانە کەمترخەمیی بکەن، ئەوا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەم.**

**پەیتا پەیتا لە ناوچەکەوە ڕادەگەیەنن کە حکومەت و سوپا ئەرکی خۆیان بەجێناگەیەنن، ئەگەر تا بیست و چوار کاتژمێریتر کردەی ئەرێنی نەکرێت، فەرماندەکانی باڵای سوپا و ژاندارمەری بە بەرپرس دەزانم**

**والسلام روح اللە الموسوی الخمینی**

**١٣٥٨/٥/٢٧ (١٩٧٩/٨/١٨)**

ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٧ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو فەرمانەی خومەینی دیکتاتۆڕ هێزە چەکدارەکانی سوپای پاسداران و کۆمیتەچییەکان گەیشتنە پاوە. مستەفا چەمران، عەلی ئەسغەری وەسالی، ئیبراهیم هیمەت، محەمەد بروجردی، ناسر کازمی، حوسێن خەڕازی، ئابشناسان، عەلی سەیادی شیرازی و ژمارەیەکیتری لەگەڵ کۆمەڵێک جاشی خۆماڵی شاری پاوەیان شەلاڵی خوێن کرد.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە شەڕی پاوە ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٨، نامەیەکی سەرئاواڵەی ئاراستەی سەرۆکی ژمارەیەک دەوڵەت و ڕێکخراوی سۆسیالیست و دیموکرات و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد و نوسی:

**نامەی سەرئاواڵەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**مێژوو ١٣٥٨/٥/٢٨**

**بۆ یاسر عەرەفات و ڕێکخراوی ڕزگاریکەری فەلەستین، موعەمەر قەزافی سەرۆککۆماری لیبیا، پاپا ڕێبەری کاتولیکەکانی جیهان، بریژنێڤ سەرۆککۆماری یەکیەتی سۆڤیەت، ژیسکار دیستان سەرۆککۆماری فەرەنسە، جۆرج تیتۆ سەرۆککۆماری یوگۆسلاڤیا، فیدل کاسترۆ سەرۆککۆماری کوبا، عەبدولفتاح ئیسماعیل سەرۆککۆماری یەمەنی دیموکراتی، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، فیدراسیۆنی سەندیکای جیهانیی کرێکاران، ئینتەرناسۆناڵی دووەم، ڕێکخراوی نەتەوەیی یاسادانانی دیموکرات، خاچی سوری نێونەتەوەیی، ڕێکخراوی لێبوردنی زیندانیانی سیاسی "ئامنێستی ئینتەرناشناڵ"، یۆنیسکۆ، حیزبی کۆمونیستی فەرەنسە، حیزبی کۆمونیستی ئیتالیا، حیزبی سۆسیالیستی سوید، حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسە، حیزبی سۆسیالیستی نەرویژ و سەرۆککۆماری فینلاند!**

**لەگەڵ سڵاو! بە سرنجدان بەو وەزعە ئاڵۆزەی کە ئێستا لە کوردستانی ئێران پیکهاتووە، بەپێویستمان زانی ڕەوتی ڕووداوەکانتان بە ئاگادار بگەیەنین. ئێمە لەسەر ئەو بروایەین کە ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتیی**

جیهان پێویستییەکی مێژووییە و بۆ حەللی گیروگرفتەکانی ئەو ناوچەیە زۆر بەکەڵک دەبێ. ئاگادارن کە گەلی کورد شانبەشانی هەموو گەلانی ئێران لە سەرەتای جوڵانەوەی خەڵکی ئێران بەرامبەر شای دیکتاتۆر، هەنگاوی ناوەتە مەیدانی خەباتەوە و لەو ڕێگایەدا لە بەخشینی گیان و ماڵ و خوێن و فیداکاریی ڕۆڵەکانی خۆی نەپاراستووە. لەبەر ئەوەی گەلی کورد هیوادار بوو بە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر، بەمافە ڕەواکانی نیشتمانی و مرۆڤایەتیی خۆی بگا. دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی، گەلی ئێمە بە هیوادارییەکی زۆر ویستەکانی نیشتمانیی خۆی سەبارەت بە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانی یەکگرتوو و یەکپارچەدا لەگەل ڕێبەری شۆڕش ئیمام خومەینی و دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی باسکرد. ئێمە ئەوجار بۆ حەللی مەسەلەی کورد ڕێگاحەللی سیاسیمان هەڵبژارد و ڕێگای نیزامیمان وەلانا کە شێوەی کۆنی خەباتی خەڵکی کوردستانە بۆ وەدەستهێنانی مافە نیشتمانییەکانی. کاروبارەکان بەدانی بەڵینی دڵخۆشکەر تێپەڕ بوو. دەوڵەتی کاتی بە بەهانەی کاتی بوونی خۆی هەنگاوێکی جیددی هەڵنەگرت و ڕێبەری شۆڕش بەڵێنیدا کە لە بڕیارنامەی یاسای بنەڕەتی بە مافی گەلانی غەیرە فارسی ئێران ڕابگا. لەو ماوەیەدا بۆ هێنانە ژێر سێبەری گیروگرفتی بنەڕەتی و خافڵاندنی بیروڕای گشتیی ئێران، بە مەسەلەکانی لاوەکی پیلانێکی زۆر پێکهات، لە سنە، نەغەدە، تورکمان سەحرا "گنبدکاوس"، خورەم شار، مەریوان و جێگاکانیتر هێندێک پیلان بەڕێوە چوو کە بوو بەهۆی کوژرانی هەزاران کەس لە خەڵکی گەلانی زەجردیتووی کورد و تورکمان و عەرەب و بلوچ.

ڕێبەری شۆڕش و دەوڵەت بە قایمکردنی جێگای خۆیان وردە وردە ئازادییە دیموکراتییەکانیان بەرتەسک کردو دەستیان کرد بە سەرکوتی گەلانی ئێران. لە خوزستان خەڵکێک کە بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆیان ڕاست ببوونەوە، تیرباران کران. تورکمانەکانیان سەرکوت کرد و ئێستا هەرئەو نەقشانە بە هێزێکی هەرچی زیاتر و پڕچەک کردنی هەموو هێزەکانی ئەرتەش و ژاندارمەری و پاسداران لە کوردستان بەڕێوە دەبەن، ئێستا لە کوردستاندا شەڕێکی تەواوعەیار بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی ئاسمانیی مۆدێرن، هێزی زەوی و تانک و تۆپخانە دەستی پێکردووە.

خولاسەی کەلام دیموکراسی جارێکی دیکەش لە ئێران سەرکوت کرا. ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتوندی سانسۆر لەسەریان بەڕێوە دەچێ. قەڵەمەکان شکان، یاسای بنەڕەتیی داسەپاو هیچکام لە مافەکانی گەلانی وەخۆ نەگرتووە. سازمانە دیموکراتییەکان کەوتوونەتە بەرپەلاماری تاقمە دەمارگرژەکان و ڕووناکبیران و پیاوان و شێرە ژنان کەوتوونەتە ژێر جەزرەبە و ئازارەوە. دۆزینی بیروڕا دەستی پێکردووە. ئیمام خومەینی فەرمانی شکاندنی قەڵەم و سوتاندنی کتێبەکان داوە و چاپەمەنییە دیموکراتییەکان لە ڕایگای ڕاگەیەنە گشتییەکان هەموو ڕۆژێ دووپات دەکاتەوە و وردە وردە دیکتاتۆریی ڕەشی مەزهەبی بەشێوەی سەدەکانی ناوەندی لە ئێراندا بڵاودەبێتەوە.

لە حاڵی حازردا بەرنامەی دەوڵەت و ڕێبەرایەتیی ئیمام خومەینی بۆ کوردستان کە بە سەنگەری ئازادی و دیموکراسیی ئێران نێوبانگی دەرکردووە، سەرکوتی هەموو هێزە سیاسییەکان و دووپات کردنەوەی بەرنامەکانی محەمەد ڕەزاشا و بابیەتی بە توند و تیژییەکی زیاترەوە. ئیمام لە ڕاستیدا بەرامبەر بە هەموو میللەتی کورد جیهادی ڕاگەیاندووە. هاواری دەمارگرژەکانی شیعە بۆ قەتڵ و عامی گەلی کورد لە ڕادیۆ و تلویزیۆنەوە بەرزە. خراپترین بوختان بۆ ڕێبەری مەزهەبی و سیاسی ئێمە بە ڕەوا دەزانێ. ڕوونە کە ئەو چارەنووسە هی تەواوی گەلانی غەیری فارسی ئێرانە کە بە هۆی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگانەی قەومی سەردەستی فارس، ئەوجار لە دەریچەی دەمارگرژیی مەزهەبییەوە بەڕێوە دەچێ. ئەوەی ئەورۆ لە کوردستان ڕوو دەدات، بەرنامەیەکی ڕێکوپێکە بۆ لەنێوبردنی گەلی کورد، هەر ئەو بەرنامەیە لە بەشکەکانیتری ئێران کە میللەتی ژێردەستی دیکەی تێدا دەژی، دوای کوردستان بەڕێوە دەچێ.

پروپاگەندەیەکی بەربڵاو لەنێو ئەرتەشیان و موجاهید و پاسداران بۆ بە کافر ژماردنی گەلی کورد دەکرێ. لە ئیمام دەگێڕنەوە کە گوتویەتی کوردستان لە پێشەوەی شەیتان و کافران دایە، وەختێک ئیمام خومەینی فەرمانێکی ئەوتۆ دەردەکا، پێتانوانیە کە موجاهید یا سەرباز یا پاسداری ناردراو نابێتە هەمان سەربازی "مەغول، ئاتیلا یا ئێس ئێسەکانی ئاڵمان" بەڵێ لە حاڵی حازردا مەسەلەی لەنێوبردنی یەکپارچەیی گەلی

كورد لــە كوردســتانی ئێرانــدا، بووەتــە ئامــانجی دامودەزگــای كۆمــاری ئیسلامی ئێران.
ئێمــە لــە ئێــوە و بیــروڕای گشــتی و هــەموو ئــەو كەســانەی ئیمانیــان بــە ئــازادی و دیموكراســی هەیــە، داوا دەكــەین كــە هــەموو هێــزی خۆتــان بــۆ پێشگیری لەو چارەنووســە شــوومەی كــە چــاوەڕوانی گــەلانی كــورد، بلــوچ، عەرەب و توركمان و ئازەربایجانییە، دنگی ڕەخنەی خۆتان بــەرز كــەن و مــەهێڵن سیاســەتی زەوی ســوتاو و لــەنێوچوونی بەكۆمــەڵی ئــەو گەلانــە دووپات بێتەوە.

گەلی كورد بۆ وەدەستهێنانی مافی ئینسانی و ڕەوای خۆی خەبات دەكا و لەو ڕێگایەدا تووشی هیچ شكوگومانێك نابێ. ئێمە هەمیشە گوتوومانــە بۆ جاری ئاخر دووپاتی دەكەینــەوە كــە ئامــانجی ئێمــە لــەتكردنی ئێــران نییە، ئێمە ئێرانین و ماف و دەسەڵاتی خۆمان لــە چوارچێوەی ئێرانێكــی یەكپارچە و دیموكراتیدا دەوێ. تۆمەت لێدانی جیاوازیخوازی و بوختــانی كافربوون، ئامرازی كۆنەپەرستیی ڕەش و مەزهەبییە كە بــۆ حەشــاردانی ڕاستییەكان بەكار دەهێنرێ. هاوكاریی گــەلی كــورد بكــەن بــە یارمــەتیی مــاددی و مەعنــەویی خۆتــان و بــە دەنگــی ڕەخنــە و لــەژێر فشــارنانی دامودەزگای ڕێبەری و دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی پێشگیری لە لەنێوبردنی گەلی كورد و قەتڵ و عامی ژنــان و منــداڵان و بەســاڵداچووانی ئــەو وڵاتــە بكەن.

كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران
٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨- ١٩٧٩/٨/١٩

ڕەنگە چیتر پێویست نەكات لە وەڵامی چەواشەكارییو خیانەتی عیرفــان قانعی فەردی بەناو بێلایەن دا بگوترێ، ئەو فەرمانەی خومەینی و نــامەی حیزبی دیموكراتی كوردستان (ئێران) لە سەردەمی شۆڕشــی ســاڵی ١٩٧٩ی ئێرانــدا، وەڵامــی دەزگاكــانی هەواڵگریــی و پیــاوانی وەك قــانعی فەرد دەدەنەوە، چــونكە خــومەینی بەپــێچەوانەوە نەتەوەی كــورد لــە پێشــەوەی شەیتان و كافردا دەبینێ، نەك خاكی كوردستان كە بــارزانی و ڕێبــەرانی پــارتی دیمــوكراتیش دەگــرێتەوە، بەڵام بــۆ زانیــاریی پتــر لــەم بــارەیەوە

سەرلە سایتی "ساجد، سایتی دفاعی مقدس"ی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن، یان بەرگی یەکەمی کتێبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ ١٩٧٨-١٩٨٨ بخوێننەوە کە من بڵاوم کردۆتەوە. هێشتا تەرمی شەهیدانی پاوە کۆنەکرابوونەوە کە دووەم فەرمانی دیکتاتۆر لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعاتدا بڵاوبۆوە کە ئەم جارەیان پەلاماری شاری سنە بدەن:

ڕاگەیاندن ١٩٧٩/٥/٢٨ – ١٩٧٩/٨/١٩


امام: ارتش، فوری به سنندج برو
فوق العاده
کیهان
تهران امروز گریست
حمله حزب دموکرات کردستان به سنندج
مردم سنندج از شهر دسته دسته میگریزند
سنندج، زیر رگبار مسلسل
مهاجمان ۳۰ سرنشین اتوبوس را در جاده بوکان گروگان گرفتند
خلخالی برای محاکمه اشرار به کردستان رفت
به نیروی هوایی دستور داده شد در عملیات خودسعی کند به زن و بچه‌ها آسیبی نرسد
ژاندارمری بحال آماده باش درآمد
بیشتر خیابانها و پشت بامهای سنندج سنگر بندی شده است
آذربایجانی ها آماده سرکوبی شورشیان شدند
مهاجمان کنترل نقاط حساس را بدست گرفتند
حزب دموکرات کردستان غیرقانونی اعلام
ایجاد جنگ مسلحانه وحمله به پادگانهای نظامی

زۆر بە پەلە بچنە سنە هەمووهێزە چەکدارەکان سەرنج بدەنە ئەم فەرمانە هەر ئێستا ئاگادارکراین کە لە سنە، ئەندامانی سوپا و بنکەکانیان گەمارۆ دراون و ئەگەر تا نیو کاتژمێری تر یارمەتیان پێنەگات، چەکەکانیان دەبەن. لە مزگەوتەوە ئاگاداریان کردین کە حیزبی دیموکرات ئافرەتەکانی بە بارمتە گرتووە. بە جیددیی فەرمان دەدەم بە هەموو هێزەکانی پاراستن کە بە سەربازگەکانی ناوەند ڕابگەیەنن کە بە ڕادەی پێویست بەرەو سنە بچن و زۆر بە توندیی خراپکاران سەرکوت بکەن. دواکەوتن تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەی کاتژمێرێکیش بێ، وەک دواکەوتن لە ئەرک حیسابی بۆ دەکرێ و لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێت. لە میللەتی ئێرانم دەوێ کە ئاگادار بن ئەگەر هەرکام لە مەئمورەکان دواکەوتن، دەستبەجێ ئاگادارمان بکەنەوە. چاوەڕوانم تا نیو کاتژمێری تر هێزەکانی پاراستن هەواڵی کۆکردنەوەی گشتیی بەمن بدەن.

والسلام روح الله موسوی الخمینی

١٩٧٩/٥/٢٨ (١٩٧٩/٨/١٩)

لە بەرامبەر ئەو فرمانە پڕلە درۆیەی خومەینیدا، ڕۆژی ۱۹۵۸/٥/۳۰-۱۹۷۹/۸/۲۱ هەواڵنێری "پارس" هەواڵی "ڕفاندنی ئافرەتانی" لە سنە بەدرۆ خستەوە و لە قەولی دوکتۆر شەکیبا پاێزگاری سنەوە ڕاگەیاند:

**- (هەواڵی دزینی ئافرەتان لە سنە درۆیە و من نازانم دەوڵەت ئەو هەواڵەی لە کێ وەرگرتووە، لە کاتێکدا من پارێزگاری سنەم و ئاگام لەو ڕفاندنە نیە.)**



اطلاعات

...ین اخبار از تحولات منطقه کردستان

کشف شبکه بزرگ چریکی در خرمشهر

آیت‌الله العظمی شریعتمداری به تهران آمدند

۴۰ نفر در سنندج، مریوان و سقز تیرباران شدند

دستور نخست‌وزیر برای تعقیب کارمندان کم‌کار و خطاکار

آغاز محاکمه ۱۲ شکنجه‌گر در تهران

ڕۆژنامەی "هەرلاندتریبیونی ئەمریکی" ڕۆژی ۱۹۵۸/٦/٥- ۱۹۷۹/۸/۲۸ ڕایگەیاند: محەمەد ڕەشید شەکیبا پارێزگاری پارێزگای کوردستان بە تووڕەییەوە گوتویەتی:

**- (نازانم کێ ئەو هەواڵەی بە ئایەتوڵا خومەینی داوە؟ چونکە ئەو هەواڵە بە تەواویی درۆیە، هیچ ئاڵۆزییەک لێرە ڕوینەداوە، شار و سەربازگە هێمنن و فەرماندەی سەربازگە داوای هیچ چەشنە یارمەتییەک و ناردنی هێزی بۆ سنە نەکردوە!)**

جگەلەوە ڕۆژنامەی "فایننشیاڵ" ڕۆژی ۱۳۵۸/٥/۳۰- ۱۹۷۹/۸/۲۱ سەبارەت بە شەڕی کۆماری ئیسلامیی دژی گەلی کوردستان، بە زمانی ئینگلیزیی ڕایگەیاند:

**- (شەڕ لە نێوان هێزەکانی دەوڵەت و کوردەکاندا تا سنورەکانی ڕۆژئاوای ئیران، نیشانەی پەرەسەندنی بێسەرەوبەرەیی و ئاژاوەیە لە ئێراندا. لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا ئایەتوڵا خومەینی ڕایگەیاند کە کوردەکان هێرشیان کردۆتە سەر ناوەندی پارێزگایەک و فەرمانی ئامادەیی و هێرشکردنی بە هێزەکانی حکومەتدا. ئەگەر ئەو هەواڵە**

**ڕاست بێت، بایەخێکی زۆری هەیە. هەرچەندە پارێزگاری ئەو پارێزگایە پەیتا پەیتا ئەم مەسەلەیە بەدرۆ دەخاتەوە و بە پەرۆشەوە ڕایدەگەیەنێ کە بۆچی حکومەت پرسیاری لە من نەکردوە کە لێرە چی قەوماوە؟ زۆربەی خەڵکی ئێرانیش ڕەخنەیەکی وەک ئەوەیان هەیە. لە ڕاستییدا هەڕەشە بێبەزەییەکانی ئیمام خومەینی و وەزیرەکانی، دەرەتانی ڕاپەڕینی گەلی کورد کە "حکومەت دەڵێت پێشتر سەریهەڵداوە" پتر زەق دەکاتەوە. هەڵسوکەوتی ناپەسەندی بەم جۆرە لەگەڵ کوردەکان، بەدیهێنەری داهاتوویەکی خراپە بۆ حکومەتی بازرگان لە تاران و ڕۆحانییەتی بەدەسەلات لە قوم. لە سەردەمی ڕوخانی ڕژێمی شاوە تا ئێستا، هیچکام لەو دوو گروپە، توانای پێویستیان بۆ لەناوبردنی گیروگرفتەکان لە خۆیان پێشان نەداوە، هەرچەند گەلێک دروشمی جۆراوجۆریان بەرز کردۆتەوە، بەڵام پەیڕەوییان لە سیاسەتێکی هاوبەش نەکردووە و دەسەلاتداران گرفتەکانی خۆیان بە زنجیرەیەک دەنگۆی ناوخۆیی و دەرەکی دەبەستنەوە.)**

دوای داگیرکردنی پاوە و سنە و دواتریش سەقز و بانە و مهاباد، سادق خەلخالی حاکم و قازی شەرعی دەسنیشانکراوی خومەینی گەیشتە ئەو شارانە و بە نوسینی ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات لە ڕۆژی ۱۳۵۸/۵/۳۰- ۱۹۷۹/۸/۲۱، کاتژمێری چواری بەیانی ڕۆژی ۱۳۵۸/۵/۲۸- ۱۹۷۹/۸/۱۹ یازدە کەسی لە حەوشەی زیندانی "دزیل ئاباد"ی کرماشان بەبێ موحاکمە گوللەباران کرد، ناوەکانی: عەبدوڵا نوری، هوشەنگ عەزیزی، محەمەد مەحمودی، یەدوڵا مەحمودی، حوسێن شیانی، هۆرموز گەرجی بەیانی، موزەفەر فەتاحی، محەمەد عیزەتی، محەمەد عەزیزی، ئازەرنوش مەهدویان، ئەسغەر بەهبودی. شایانی باسە کە ئەو یازدە کەسە خەڵکی پاوە و ناوچەی پاوە بوون.

سادق خەلخالی بەدوای کوشتنی ئەو ۱۱ کەسەدا، ڕۆژی ۱۳۵۸/۵/۲۹- ۱۹۷۹/۸/۲۰ گەیشتە پاوە و بەنوسینی ڕۆژنامەکانی ئیتلاعات و "جمهوری اسلامی" لە ڕۆژی ۱۳۵۸/۵/۳۰- ۱۹۷۹/۸/۲۱ و ۱۳۵۸/٦/۱- ۱۹۷۹/۸/۲۳ دا لەوێش نۆ کەسی تری گوللەباران کرد: بەهمەن عیزەتی، دوکتۆر

ئەبولقاسم ڕشوەند سەرداری، حامید ئەمینی، عەباس کەریمی، یەدوڵا زارعی، محەمەد حەیدەری، عەلی شهباز بەگی شیرین، حەبیب چراغی و سەیفەدین زیایی. شایانی باسە بە وتەی سادق خەلخالی، عەباس کەریمی، یەدوڵا زارعی و عەلی شهباز بەگی شیرین خەڵکی ڕەوانسەر بوون.



ئەم جارەیان چوو بۆ مەریوان و بە دوای گوللەباران کردنی نۆ کەس لە مەریوان، ڕۆژی ١٣٥٨/٦/٣-١٩٧٩/٨/٢٥ گەیشتە سنە و کاتژمێر ١٧:٠٠ی ئەو ڕۆژە، یانزدە کەسی شاری سنەی بەبێ موحاکمە گوللەباران کرد. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٨/٦/٦یدا ناوی ئیعدام کراوەکانی بڵاوکردەوە کە بریتین لە: تیمسار موزەفەر نیازمەند فەرماندەی پێشووی ناحیەی ژاندارمەریی، سیروس مەنوچێهری جێگری ساواکی کوردستان لە ڕژێمی شادا، عیسا پیروەلی، ناسر سەلیمی، عەبدوڵا فوادی، هەریار ناهید خەڵکی تاران، عەلی ئەحسەن ناهید، عەلی ئەسغەر موبەسیری، موزەفەر ڕەحیمی، جەمیل یەخچاڵی خەڵکی "مسجد سلیمان" و عەتا زەندی. لە لایەکیترەوە ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی ١٣٥٨/٦/٦- ١٩٧٩/٨/٢٨ ڕایگەیاند:

**- (کاتژمێر شەشی سەرلە بەیانی، سادق خەلخالی ٢٠ کەس لە گیراوەکانی شاری سەقزی بەبێ موحاکمە لە سەربازگەی ئەو شارەدا گوللەباران کرد. ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی ١٣٥٨/٦/٧، ناوی گوللەباران کراوەکانی بڵاوکردەوە کە بریتی بوون لە: ستوان دووەم ئەحمەد سەعیدی، ستوان دووەم قادر بەهادر، ستوان دووەم قادر خەتیبی، گروبان یەکەم محەمەد بابامیری، گروبان یەکەم ڕەسوڵ ئەمینی، گروبان سێیەم محەمەد غەفاری، گروبان سێیەم ئیحتیات ناسر حەدادی، گروبان سێیەمی**

**ژاندارمەریی ناجی خورشیدی، ئوستوار دووەمی ژاندارمەری کەریم ڕەزایی، ئەنوەر ئەردەلان، سەیفوڵا فەیزی، عەلی فەخرایی، عەبدوڵا بەهرامی، سەید حەسەن ئەحەدی، محەمەد دەروێش نوقرەیی، کەریم شیریانی، ئەبوبەکری حەمیدی، ئەحمەد موقەدەم، جەلیل جەمالزادە و یوسف کەشیزادە.)**

جگەلەوە، ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٣١ ئایەتوڵا ئازەری قومی دادوەری گشتی ئێران فەرمانی دەستگیرکردنی شێخ عیزەدین حوسێنی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر هیدایەتوڵا مەتین دەفتەری خوشکەزانی دوکتۆر محەمەد موسەدیق و سەرۆکی "بەرەی دیموکراتیی نەتەوەیی ئێران" و ڕزا مەرزبانی نەوەی دوکتۆر محەمەد موسەدیقی ڕاگەیاند کە کەسایەتییەکی ناسراوی ئێران و دژی شەڕ و هێرشکردن بوون بۆ سەر کوردستان.

بەڵام ئەو دەنگۆیە یەکەم جار، چۆن و لە چ لایەنێکەوە داکەوت کە گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، بەشداریی شەڕی کوردی ڕۆژهەڵاتی کردبێت کە ئەمڕۆ بۆتە خۆراکی جاش قەڵەمەکانی سەربە دەزگاکانی هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی؟

هەموولایەک دەزانن کە محەمەد ڕەزا پەهلەوی ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٦ لە ئێران ڕایکرد و ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١١، حکومەتی پاشایەتی بەدەست چین و توێژە جیاوازەکانی گەلانی ئێران ڕوخا، بەڵام هێزە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان بەهۆی دووری لە یەکتر و یەکنەگرتنیان کە لە سەردەمی شادا هەڵوەشاوە ڕاگەینرابوون و بەشێکی زۆر لە کادیر و سەرکردەکانیان لە زیندانەکاندا بوون، ئەو هێزانە نەیانتوانی لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتێکی هاوبەش یەک بگرن و لە ئاکامدا خومەینی بە کەڵکوەرگرتن لە ئایین و دووریی ڕێکخراوەکان لە یەکتر توانی دەست بەسەر ئێراندا بگرێ و دواتر ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی شیعەی دوازدە ئیمام لە ئێران دامەزرێنێت.

دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی، شارەکانی کوردستان و بەتایبەتی شاری مهاباد ئاڵۆزیی تێکەوت. ١٩٧٩/٢/١٧ لیژنەیەک بەنوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگان لە تارانەوە هاتە مهاباد. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/١- ١٩٧٩/٢/٢٠یدا ئاماژەی بەهاتنی ئەو لیژنە بۆ مهاباد و چاوپێکەوتنەکانی کرد و نوسی:

- (کاتژمێر ۱۵:۰۰ ی دوێنێ فروهەر وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ دوکتۆر ئەردەڵان، دوکتۆر کامیاب، دوکتۆر موکری و ئیبراهیم یونسی گەیشتنە مهاباد و لە لایەن هەزاران کەس خەڵکی ئەو شارەوە پێشوازییکران. لە وتارێکیدا لە مهاباد فروهەر گوتی: "دەنگی ئێوە دەبیسم کە دەڵێن جیاوازییخواز نین و سڵاوتان ئاراستە دەکەم. شۆڕشی ئێمە شۆڕشێکی مرۆڤایەتی و ئیسلامییە و ئێمە دەبێ شانبەشانی یەکتر بە یارمەتی سەربازانی سوپای نەتەوەیی، ئێران ئاوەدان و ئازاد بکەینەوە." ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مهاباد لە ڕێوڕەسمی پێشوازییکردنی فروهەردا بە دەنگی بەرز دەیانگوت: بژێ خومەینی و بژی ئازادی، ئێمە جیاوزاییخواز نین، بەڵام ئازادییخوازین و لە چوارچێوەی ئێراندا خودموختاریمان دەوێت، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردان. بە دوای وتاری داریوش فروهەردا، دوکتۆر موکری وتارێکی سەبارەت بە دیکتاتۆریەتی زنجیرەی پەهلەوی خوێندەوە. ئەندامانی لیژنەی حکومەت دوای دیداریان لەگەڵ حەزرەتی ئایوتوڵا شێخ عیزەدین حوسێنی ئیمام جومعەی شاری مهاباد، بۆ حەسانەوە چوونە ماڵی حاجی ڕەحیم خەڕازی کە یەکێکە لە پیاوماقوڵانی شاری مهاباد. لەوێ چەند وتووێژیان لەگەڵ ئیمام جومعە و کۆمەڵێک ڕۆحانی شار و ئەندامانی شورای شۆڕش و تیمسار فەرماندەی تیپ مهاباد کرد و لەسەر بیروڕای خەڵک و داواکارییەکانیان و خودموختاریی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دوان. دەڵێن لیژنەی حکومەت نامەیەکی زۆر گرنگی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتی بۆ ئیمام جومعەی مهاباد پێیە کە هێشتا ناوەڕۆکەکەی ناڕونە. لیژنەی حکومەت پێشتر پیرانشار و نەغەدەیان بینیوە.)

هەروەک ڕۆژنامەی ئیتلاعات بڵاویکردەوە، لیژنەی حکومەت شەوی ۱۹۷۹/۲/۱۹ لە ماڵی ڕەحیم خەڕازی کە کەسایەتییەکی خۆشناو و جێی باوەڕی خەڵکی مهاباد بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی سیاسیی کۆبوونەوە. ئەو ژمارەیە لەژێر ناوی ئەندامانی شورای شۆڕش لە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان، مهاباد، شنۆ، نەغەدە، سەردەشت، بانە، ورمێ و سەڵماسەوە هاتبوونە مهاباد کە بەشداربن لەو

کۆبوونەوەیەدا. کۆبوونەوەکە تا کاتژمێر ۰۱:۰۰ ڕۆژی دوایی واتە ۱۹۷۹/۲/۲۰ درێژەی هەبوو. ئەو ژمارەیە، غەنی بلوریان، مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی، دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو، سەلاح الدین موهتدی و فوئاد مستەفا سوڵتانی دەستنیشان کرد کە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە کۆببنەوە و بەنوێنەرایەتی ئەوان خواستەکانی خەڵکیان پێڕابگەیەنن. لە دانیشتنە سەرەتاییەکەدا کە هێشتا نوێنەرانی حکومەتی کاتیی بازرگان نەگەیشتبوونە شوێنی کۆبوونەوەکە، مقۆمقۆ و کێشە لەنێوان بەشدارانداا سەریهەڵدا. بەشێکیان، بەتایبەتیی هوشیار ئیمامی کە لە لایەن ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکەوە نێردرابوو، دژی بەشداریکردنی دوکتۆر قاسملوو بوون، بەڵام بە پێداگریی مامە غەنی بلوریان و مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی قبوڵیان کرد کە قاسملوو وەک نوێنەر بەشدار بێت، تەنانەت کاتی قسەکردن لەگەڵ نوێنەرانی لیژنە قاسملوو زیرەکانە ڕۆڵی وتەبێژی نوێنەرانی کوردی بەدەست گرت.

هەرچەندە بەگوێرەی بیرکردنەوەی سیاسی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە ڕوون بوو کە کێ ئەو کۆمەڵە سیاسیکارانەی ئاگادار کردوە کە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکەن، بەڵام بەو حاڵەش ڕۆژی ۲۰۰۷/۳/٦ لەگەڵ کاک سەرهەنگ ئیرەج قادری لە شاری ئوپسالای سوید بە خزمەت مامۆستا شێخ عیزەدەین حوسێنی گەیشتم و لەو دیدارەدا لێمپرسی ئەو کەسانە چۆن هاتنە مهاباد و کێ ئاگاداری کردن کە بێن لە کۆبوونەوەی ماڵی ڕەحیم خەڕازیی بەشدار بن. لە وەڵامدا گوتی: **(لە هاتنی ئەو ژمارەیە بێئاگا بووم.)**

بەهەرحاڵ لەو کۆبوونەوەیەدا، گەڵاڵەیەکی هەشت ماددەیی لە لایەن بەشدارە کوردەکانەوە ئاراستەی لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی بازرگان کرا کە دواتر بە "تەرحی هەشت ماددەیی" ناوبانگی دەرکرد.

## تەرحی هەشت ماددەیی و سەرهەڵدانەوەی بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد

هەروەک گوتم لە کۆبوونەوەی بەناو نوێنەرانی شورای شارەکانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی حکومەتی کاتیی بازرگاندا، گەڵاڵەیەکی هەشت ماددەیی ئاراستەی ئەندامانی لیژنەکە کرا کە لە مێژووی کوردستاندا بە تەرحی هەشت ماددەیی دەناسرێت. بە دوور لەو کۆبوونەوەیە، لاوانی ئامادە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکە کارێکی شۆڕشگێڕانەیان کرد کە دواتر ڕووداوێکی گەورەی لێکەوتەوە. تەرحی هەشت ماددەیی پێشتر داخوازییبنامەیەکی حەوت ماددەیی بوو، بەڵام لایەنی کوردیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا مادەیەکی‌تری بۆ زیادکرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٧/١٢/٤- ١٩٧٩/٢/٢٣یدا دەقی گەڵاڵەی هەشت ماددەیی پێشنیاز کراوی لایەنی کوردیی بڵاوکردەوە و نوسی:

**- (نوێنەرانی شوراکانی شۆڕش کە لە شارەکانی کوردستانەوە هاتوونەتە مهاباد لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە ١٣٧/١١/٣٠ دا گەڵاڵەیەکی ٨ ماددەییان ئاراستەی لیژنەی حکومەتی کاتی شۆڕش ئیسلامی کرد. نوێنەرانی حکومەتی کاتی شۆڕشی ئیسلامی بریتی بوون لە: داریوش فروهەر، ئیبراهیم یونسی بانەیی، دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان، دوکتۆر محەمەد موکری، ئایەتوڵا نوری و ئەحمەد عەلی بابایی. نوێنەرانی شوراکانی شۆڕش ڕایانگەیاند ئەو ٨ ماددەیە بەبێ هەرچەشنە بەستراوەیەک بە گروپ و دەستە و حیزبی سیاسیی تایبەت، داخوازی هەموو خەڵکی کوردستانە.)**

دەقی هەشت ماددەکە بریتی بوو لە:

**١- گەلی کورد هاوکات لەگەڵ گەلانی تری ئێران شۆڕشی ئێران قبوڵ دەکات و بڕیاریداوە بە گرێدانی خەباتی خۆی لەگەڵ خەباتی گەلانی تری ئێران، لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئاوەداندا ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی بگێڕێت.**

**٢- گەلی کورد بەچەشنی گەلانی‌تری ئێران، داوای لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافی چارەنوسی خۆی دەکات لە چوارچێوەی**

فیدرالیەتی وڵاتی ئێراندا و هەموو چەشنە تۆهمەتێکی جیاوازییخوازیی ڕەد دەکاتەوە و داوا لە حکومەتی کاتیی بەڕێز ئەندازیار بازرگان دەکات کە سەبارەت بەو داخوازانە بیروڕای خۆی بە شێوەی ڕەسمی ڕابگەیەنێت.

٣- بە ڕای ئێمە زەحمەتکێشانی ئێران نەخشی سەرەکیان هەبووە لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا و بەم بۆنەیەوە مافی بەحەقی زەحمەتکێشان و کرێکاران و جوتیارانە کە بەشداریی بکەن لە دەوڵەتی شۆڕشگێڕدا.

٤- کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە بەرهەمی زۆری ژێر زەویی خاو و دەستلێنەدراوی هەیە، یەکێکە لە ناوچە هەرە پاشکەوتووەکانی ئێران، بۆیە هەڵگرتنی ستەمی ئابووریی یەکێکە لە داخوازە سەرەکییەکانی.

٥- هەموو سەربازگەکانی کوردستان دەبێ لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی شورای شۆڕشدا بەڕێوە بچن، بەم بۆنەیەوە دەبێ کۆمیتەیەکی هاوبەشیی سەربازیی لەنێوان ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر و نوێنەرانی شورای شۆڕشدا پێکبێت.

٦- ئەفسەرە تاوانبارەکان کە فەرمانی تەقەکردنیان داوە و بوونەتە هۆی شەهیدکردنی ڕۆڵەکانی گەل، دەبێ بدرێن بە دادگای شۆڕشی گەل و بۆ گۆڕینی سوپای کۆنەپەرست بە سوپای گەلیی دەبێ ئەندامانی دژ بە شۆڕش لە سوپادا پاک بکرێنەوە.

٧- هەموو نوێنەرانی ئامادە لێرە کە نوێنەری شارە کوردنشینەکانن، ڕادەگەیەنن کە حەزرەتی ئایەتوڵا سەید عیزەدین حوسێنی سەلاحیەتی هەیە کە لە سەروی هەر لیژنەیەکدا بێت و لە لایەن گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی وتوویژ بکات و ڕێگا بە دەزگای ڕێبەریی شۆڕش و حکومەتی کاتی نەدات کە لەگەڵ کەسانی کۆنەپەرست لە وتوویژ بکەن.

**٨- بەو پێیە کە مەلا مستەفا بارزانیی و گروپی ناسراو بە قیادەی موەقەت بەکرێگیراوی ڕێکخراوی سیای ئەمریکا و ساواکی ئێران و میتی تورکیا بوون و هەن و هەموو خەڵکی کورد توک و نفرەتیان لێدەکات، هەر بۆیە لە دەوڵەتی شۆڕشگێڕمان دەوێت کە هەموو جۆرە پێوەندیی و لێك نیزیك بوونەوەیەك لەو دەستە و دایرە ببڕێتەوە و ڕێبەرانی خاییینی ئەوان لە ئێران دەربکرێن، بەبێ ئەوەی کە ئەو سیاسەتە زیان بە بنەماڵەی پەنابەرە هەژارەکان بگەیەنێت.**

لە ڕاستیدا جگەلە شێخ عیزەدین حوسێنی و غەنی بلوریان، ئەوانی تر نوێنەری شوراکان نەبوون و تەنانەت ئەوانیش کە لە شورای شاری مهاباددا بوون، هەڵبژێردراوی خەڵکی مهاباد نەبوون و بەستراوەیی سیاسییان هەبوو. هەروەها زیادکردنی ماددەی هەشت بە گەڵاڵە حەوت ماددەیەکە کە کورد بە خوێندنەوەی شەرم دەیگرێ، هیچ پێوەندیی بەو کۆبوونەوەیە و مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە نەبوو. ئەوە پلانێک بوو کە پێشتر دژی داخوازەکانی گەلی کورد و بەتایبەتیی سەرۆک مستەفا بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) لەلایەن سەلاح الدین موهتەدییەوە ئامادە کرابوو. موهتەدی لە وتووێژێکدا لەگەڵ خالید محەمەدزادە هەواڵنێری سایتی دیمانە کە ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٥ بڵاوکرایەوە، سەبارەت بە ماددەی ٨ دەڵێت:

**- (ئەو ماددەیە وەک حەوت ماددەکانیتر لە کۆبوونەوەی ماڵی ڕەحیمی خەڕازی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی کاتی نوسراوە و بە خەتی دوکتۆر قاسملوو پاکنووس کراوە.)** هەروەها دەڵێت:

**- (ماددەی هەشت پێشنیارەکەی هی کاك فوئاد مستەفا سوڵتانی بوو. دەلیلی ئەوە بوو کە ئەوکات نەك ماڵی بارزانی، نەك پارتی، چونکە ئەوان لە گۆڕێدا نین و باس باسی ئەوان نیە. ئەوە هەڵەیەکی تاریخییە. بەڵکوو جەماعەتێك بە ناوی "قیادە موەقەت" کە لە ناوچەی مەریوان و هەورامان بوون، دژایەتییان دەکرد لەگەڵ ئەو حەرەکەتەی کە لەو ناوچەیە پێکهاتبوو و کاك فواد خۆی سەرپەرستی و ڕێبەریی دەکردن کە "یەکێتیی جوتیاران" بوون. قیادە موەقەت یارمەتی ئاغاکان و بەگەکانی ناوچەی مەریوانیان دەدا بۆ دژایەتیکردنی یەکێتیی جوتیاران،**

**لەبەرئەوە کاك فواد پێشنیارەکەی دا. قیادە موەقەت لەبەرئەوەی لە وڵاتی خۆیان نەمابوون و لێرەن، چەکداریشن و ڕێگای بەرێچوونیشان نیە و زۆر تەبیعییە ببن بە ئالەتی دەستی دەوڵەت. دەوڵەت ئەوان لە دژی حەرەکەتی کوردی ئێران بەکار بێنێ. ئێمە داوا دەکەین "قیادە موقت" دەربکرێ.)**

لەگەڵ ئەوەدا کە ماددەی هەشتی گەلاڵە پێشنیازکراوەکە لەگەڵ وتەکانی سەلاح الدین موهتدی جیاوازیی هەیەو بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەو ماددەیە ڕووی لە سەرۆک مستەفا بارزانی و بنەماڵەی بارزانیی بوو، لە بەرامبەر ئەو وتەیەی موهتدیدا وتووێژکەری سایتی دیمانە پەنجە بۆ وتووێژێکی ڕەحیم خەڕازی ڕادەکێشێت کە ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٣ سەبارەت بە ماددەی ٨ لەگەڵ ڕۆژنامەی پەیامی کوردستان ئەنجامی داوە. حاجی ڕەحیمی خەڕازی لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێت:

**- (زۆرم هاواری سەلاح کرد کە پیاوی چاك، ئەوکارە مەکە و ئەو ماددەیەی لێ زیاد مەکە.)**

هەروەها دەڵێت: **(من شاهیدم بە خەتی سەلاح و دوکتۆرێکی قەدبڵند پاکنوس کرایەوە و دەڵێت لەو کاتەدا دوکتۆر قاسملوو و شێخ عیزەدین چووبوونە دەرێ.)**

شایانی باسە لە وتووێژەکەی ڕەحیم خەڕازی لەگەڵ ڕۆژنامەی پەیامی کوردستان باس لە دوکتۆری قەد بڵندی بۆکانی دەکرێت کە لەوە دەچێت دوکتۆر جەعفەری شەفیعی بێت کە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بە پێشنیازی ماددەی هەشت لەگەڵ سەلاح الدین موهتدی دواوە و ڕەحیم خەڕازی قسەکانی بیستوون و داوای لە سەلاح کردوە کە ماددەی هەشت لاببات.

سەلاح الدین موهتدی دەڵێت نوسینی ماددەی هەشت لە لایەن شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانییەوە پێشنیاز کراوە و هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ دژایەتیکردنی قیادەی موەقەت لەگەڵ یەکیەتی جوتیاران و یارمەتیدانی ئاغاکانی ناوچەی مەریوان، کەچی ماوەی نێوان شۆڕشی ئێران و ئاراستە کردنی گەلاڵەی هەشت ماددەیی بەنوێنەرانی حکومەتی کاتیی بازرگان شەش ڕۆژ بوو. لەو مێژووەدا نە یەکیەتی جوتیاران بە کردەوە هەبوو و نە

حیزبـی دیمـوکراتـی کوردسـتـان (ئێـران) خـۆی ئـاشـکرا کردبـوو کـە بنکـە و بـارەگـای چەکداریـیان هەبێت و قیادەی موەقەت شەڕی یەکیەتی جوتیـاران بکات. یەکیـەتی جوتیاران نزیکەی دوو مـانـگ و نیـو دوای نوسینی مـاددەی هەشت خۆی ئاشکرا کرد.

فوئاد مستەفا سوڵتانی بەداخەوە شەهید بووە و ناتوانێت وەڵامی سەلاح الدین موهتدی بداتەوە! بەڵام ڕەزا مستەفا سوڵتانی برای کە خۆی یەکێک بـووە لـە ئەنـدامانی یەکیـەتی جوتیـاران، لـە سـایتی بروسکەدا وەڵامـی موهتدی دەداتەوە و دەڵێت:

**- (یەکیەتی جوتیاران چەند مانگ دوای قەتعنامەی مهاباد هەڵسوڕان و چالاکی ئاشکرای دەستپێکرد و یەکیـەتی جوتیـاران و هێزەکـانی قیـادەی موەقەت قەت بەشەڕ نەهاتوون. ڕۆژی ٣٠ ی ڕێبەندان قەتعنامە تەحویلی داریوشی فروهەر و هاوڕێیانی دراوە، کەچی ئەوەڵین نامەی کاک فوئاد لەناو ئەوەڵین دەستەی پێشمەرگەی یەکیـەتی جوتیـاران بۆ هاوڕێیـانی کۆمەڵـە لـە ٩ ی جۆزەردانی ١٣٥٧دا، یـانی نزیک بـە سـێ مانـگ دوای نوسینی قەتعنامەی هەشت ماددەیی مهاباد نوسراوە.)**

بێگومـان نوسینی مـاددەی هەشت دیاردەیـەکی کتوپڕی لـەناکاو و بـەبێ ڕاوێژکردنـی پێشـوو نـەبوو کـە لـەو کۆبوونەوەیـەدا بخرێتـە بـەرباس و پەسـەند بکرێـت! بـەڵکوو پێشـتر قسـەی لەسـەر کرابـوو و لـە لایـەن کەسانێکەوە پەسەند کرا کە دواتر یەکیەتی جوتیاران، جەمعیـەتی ڕێگـای ڕزگاریی زەحمەتکێشانیان پێکهێنا لـەگەڵ مـەلا شێخ عیزەدین حوسێنی و چریکی فیدایی خـەڵکی ئێران لقی کوردستان. چونکە هیچ لێکدانەوەیـەکی سیاسـی ئـەوە ناسـەلمێنێت کـە بابـەتێکی وا گرنـگ کتـوپڕ بکەوێتـە بەرنامەی کۆبوونەوەیەکی سیاسی پێشتر بڕیار بۆ دراو و پەسـەند بکرێت! مـاددەی هەشـت لـەو پێوەندییـە گەرمـەوە سـەرچاوەی گـرت کـە چەپـە ماوییـەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتـان لـەگـەڵ جـەلال تاڵـەبانی هـەیانبوو، چریکی فیداییش دژی هەستی نەتـەوەیی سـەرۆک مستـەفا بـارزانی بـوو و چەندان لاپەڕەیان بە دژی بڵاوکردەوە.

نوسینی ماددە هەشت لە کۆبوونەوەیەکدا پەسەند کرابوو کە ڕۆژێک بەرلە کۆبوونەوەی ماڵی ڕەحیم خەڕازی، لە ماڵی مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی پێکهات. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٩ بە تەلەفۆن پێوەندییم بە "هوشیار ئیمامی"یەوە کرد. ئیمامی یەکێک بوو لە بەشدارانی کۆبوونەوەی ماڵی مامۆستا شێخ عیزەدین. ئەو نایشارێتەوە کە چریکەکان دەنگیان بۆ ئەو ماددەیە داوە. هوشیار کە نیشتەجێی ئەڵمانیایە و لە "بەرلین" دەژی، دەربارەی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە گوتی:

**- (سەلاح موهتدی، شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانی، مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی و چەند کەسێکیتر کە نەمدەناسین و خۆیان بەنوێنەری جەمعیەتی ڕێگای ڕزگاریی زەحمەتکێشان و یەکیەتی جوتیاران و مامۆستایان دەناساند. هەروەها شەهید محەمەدئەمین شێخانی و من هوشیار ئیمامی کە نوێنەرایەتی چریکی فیدایی خەڵکی ئێرانمان دەکرد، بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەمان کرد.)**

بۆ ئەوەی کە ئەو مەسەلەیەم بە تەواویی بۆ ڕون ببێتەوە، ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٠، پێوەندیم بە "کەریم دانشیار"ەوە کرد کە کەسایەتیەکی چالاکی سیاسی و هاوکاریی مامۆستا شێخ عیزەدین بوو و ئێستا لە شاری "ڤێستەرۆس" لە وڵاتی سوید دەژی. کاک کەریم گوتی:

**- (من لە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیەی ماڵی مامۆستا ئاگادار نەبووم، بەڵام بەیانیی ئەو ڕۆژە واتە ١٣٥٧/١١/٢٨ مەلا شێخ عیزەدین داوای لێکردم کە بەشداریی بکەم لە کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەو ڕۆژەدا، چونکە من خۆم ئامادە کردبوو کاتژمێر ١٨:٠٠ی هەمان ڕۆژ لەگەڵ کاک "فاروق وەیسی" سەربە ڕێکخراوی تۆفان و کاک "ئیبراهیم شێخانی" بەرەو "تۆژەڵ" سەفەر بکەم بۆ ناساندنی کاک فاروق بە مام جەلال لە لایەن مامۆستا شێخ عیزەدینەوە. بۆیە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەم نەکرد کە پێمگوترا کۆبوونەوەیەکی گرنگە.)**

بەو جۆرەی هوشیار ئیمامی ئاماژەی بۆ دەكات، ماددەی هەشت پێشتر لە لایەن سەلاح الدین موهتدییەوە گەڵاڵەو ئاراستەی ئەو كۆبوونەوەیە كراوە و دوای باسكردنی لە كۆبوونەوەكەدا، هیچكام لە بەشدارانی كۆبوونەوەكە دژی ناوەستن كە ئاراستەی لیژنەی نوێنەرایەتی حكومەتی كاتیی بكرێت! بەڵام داوا دەكەن هەندێك پتر ڕێكوپێك بكرێت، ئەوكارە بە ئەنجام دەگات و بەشداران پەسەندی دەكەن. هوشیار ئیمامی كە بە نوێنەرایەتی ڕێكخراوی چریكی فیدایی خەڵكی ئێران بەشداریی ئەو كۆبوونەوەیەی كردووە، لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (ئێمە كەسمان دژی نوسین و پێشنیازكردنی ئەو ماددەیە نەبووین، دوای ئەوەی كە نوسینەكەی كاك سەلاحمان ڕێكوپێك كرد، من كۆپییەكم برد بۆ ڕێكخراوەكەمان و ئەوانیش دەنگیان بۆ دا.)**

لە جێیەكی تردا "ئەحمەدی لبادی" كە لەو سەردەمدا بەرپرسی "كۆمیتەی كارگەریی ستادی چریكی فیدایی خەڵكی ئێران لقی مهاباد" بوو، ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١ لە ماڵی سلێمانی ڕەبیعی لە ستۆكهۆڵم لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا كە تا چ ڕادەیەك لە كۆبوونەوەی ماڵی شێخ عیزەدین و گەڵاڵە كردنی پێشنیازی ماددەی هەشت ئاگاداری؟ گوتی:

**- (من لە كۆبوونەوەی ماڵی مامۆستا شێخ عیزەدین نەبووم، بەڵام ئاگام لە پێشنازی ماددەی هەشت هەیە. ڕێكخراوی ئێمە لەگەڵ ماددەی هەشت بوو. ئێمە زۆر بەجیددی دژی قیادە موەقەت بووین و قیادەمان بە داردەستی ئیمپریالیزم دەزانی. ئەو هەڵوێستەی ڕێكخراوی ئێمە دەگەڕایەوە بۆ دەركی كوێرانە و كەمئەزموونیی سیاسی و ناشارەزا بوونمان لەسەر جیهان و ڕۆڵی ئیمپریالیزم لە جیهاندا. لەگەڵ ئەوەشدا بیری بەرتەسكی چەند ڕێكخراوی ماویی و یەكێتی نیشتمانیی كوردستان و شەخسی بەڕێز جەلال تاڵەبانی ڕۆڵیان هەبوو لە پێشنیاز كردنی ماددەی هەشتەم و چەسپاندنیدا و لە ڕاستیدا دوكتۆر قاسملوو دژی ماددەی هەشت بوو، بەڵام بەسەریدا سەپا.)**

ئیبراهیمی شێخانی کە لە سەفەری چوون بۆ لای مام جەلال هاوڕێی کەریم دانشیار بووە، دەڵێت:

**- ( دوای وازهێنانم لە ڕێکخراوی "شەفەقی سور"، وەک کەسایەتیەکی سەربەخۆ هاوکاریی چەپەکان و یەکیەتی جوتیاران و کرێکاران و مەلا شێخ عیزەدینم دەکرد. پێش ئەوەی بچین بۆ لای مام جەلال، لەگەڵ کاک کەریم ئەفسەردلێر چووینە تاران و خێوەتێکمان بە چوار هەزار و پێنج سەد تمەن بۆ مام جەلال کڕی و لەگەڵ کاک کەریم و کاک فاروق و کاک کەریمی دانشیار چووین خێوەتەکە و هەندێک گوللە تۆپ و چەک و تەقەمەنی و نارنجۆکهاوێژێکمان کە کاتی چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەستمانکەوتبوو، لە توژەڵ تەسلیمی مام جەلالمان کرد، لە ڕاستییدا چونکە من وەک کاک کەریم دانشیار لە مامۆستا نزیک نەبووم، ئاگام لەو کۆبوونەوەیە نەبوو، بەڵام قسەی کاک کەریم کە دەڵێت پێکەوە چوونە لای مام جەلال ڕاستە.)**

بەهەرحاڵ لە کۆبوونەوەی ماڵی ڕەحیم خەڕازی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی کاتیی، سەلاح الدین موهتدی بە پشتگیریی مەلا شێخ عیزەدین و شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانی پێشنیازی زیادکردنی ماددەی هەشت دەکات، مامە غەنی و دوکتۆر قاسملوو دژی دەوەستن، بەڵام دواتر واز لە پێداگریی دەهێنن و لە ئەنجامدا سەلاح پێشنیازەکەی دەسەپێنێت.

دوای ئیمزاکردنی داخوازنامەی هەشت ماددەییو کۆتایی کۆبوونەوەکە و گەڕانەوەی شێخ عیزەدین، دوکتۆر قاسملوو، مامە غەنی، سەلاح موهتدی و فوئاد مستەفا سوڵتانی بۆلای ئەو کەسانەی کە لە قاتی ژێرەوەی ماڵی ڕەحیم خەڕازی چاوەڕوانی کۆتایی کۆبوونەوەکە بوون، هەڤاڵان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات زۆر بەتوندیی دژی ئیمزاکردنی تەرحی هەشت ماددەیی لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە دەوەستن. کێشەی ئیمزا کردنی ئەو ماددەیە کەوتە ناو حیزب و ئەندام و لایەنگرانی و دەتوانم بڵێم جگەلە چەند کەسێک، هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکرات دژی ئیمزا کردنی قاسملوو ڕاوەستان.

عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی ١٣٦ی "نیو سەدە تێکۆشان"دا ئاماژە بۆ هاتنی لیژنەی حکومەتی کاتی بۆ مهاباد دەکات و دەنوسێ:
**- (... هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ بەناو ئارام کردنەوەی وەزع و پرسینی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان هاتبووە مەهاباد و لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا دانیشتنێکی هەبوو، بەڵام ئەو هەیئەتە نە دیارییەکی بۆ خەڵکی کوردستان پێ بوو، نە سەلاحییەتی هیچ چەشنە بڕیارێکیشی هەبوو.)**
حەسەن زادە لە نوسینەکەیدا ئاماژە بۆ گەلاڵەی ٨ ماددەیی ناکات، بەڵام جەلیل گادانی لە لاپەڕەی ٢٠٢ی "٥٠ ساڵ خەبات"دا پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت و دەڵێت: **(ئەم وەفدە لەگەڵ نوێنەرانی هێزە سیاسییەکان و یەک لەوان دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی و نوێنەری حیزبی دیموکرات لە ماڵی میرزا ڕەحیم خەڕازی دانیشتن و بە درێژی لەسەر بەشێک لە داخوازەکانی گەلی کورد دوان. لە ئاکامدا ویستی گەلی کوردیان لە حکومەتی کاتی لە ٨ ماددەدا پێشکەش کرد. حەوت خاڵ لەم خاڵانە زۆرباش بوون، بەڵام دیار نەبوو دوکتۆر قاسملوو بۆ لەو هەلومەرجە ناسکەدا خاڵی هەشتەمی قبووڵ کرد کە هیچ پێوەندییەکی بە ماف و داخوازی گەلی کوردەوە نەبوو؟)**

بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەو مەسەلەیە، ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٦ لەگەڵ سەرهەنگ ئیرەج قادری لە شاری ئوپسالای سوید سەردانی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنیم کرد و دەربارەی کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٣٥٧/١١/٢٨ کە لە ماڵی بەڕێزیان کراوەو هوشیار ئیمامی و کەریم دانشیار ئاماژەیان بۆ کرد و هەروەها گەلاڵەی هەشت ماددەیی پرسیارم لێکرد، گوتی:
**- (لەو ڕۆژەدا هیچ کۆبوونەوەیەک لە ماڵی مندا نەکراوە. هەروەها دەربارەی ماددەی هەشت دەبێت بڵێم من لەسەر ماددەی هەشت بێدەنگ بووم. نەک من بەڵکوو مەلا جەلال و خوالێخۆشبوو مەلا "خدری سارکێ"ش بێدەنگ بوون و ئێمە هیچ قسەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە و تەنانەت ماددەکانی دیکەش نەکرد و دنگیشمان پێنەداوە. چونکە ئەوە مەسەلەیەکی سیاسی بوو و من زۆری لێ تێنەدەگەیشتم و ئەوانەی سیاسی بوون دەنگیان بۆ دا. ئەگەر شتێکی جگە لەوە بڵێن ڕاست ناکەن!)**

ئەو گوتنەی مامۆستا شێخ عیزەدین بەپێچەوانەی ئەو دروشمانە بوو کە لەو سەردەمدا، واتە پێش شۆڕش و دواتریش سەبارەت بە بەرێزیان بەرز دەکرایەوە. بێگومان زۆر کەس لەبیریان ماوە کە مامۆستا خۆی و لایەنگرانی پێیان لەسەر "ڕێبەرایەتی سیاسی و مەزهەبی" بەرێزیان دادەگرت و تەنانەت ڕێبەرایەتیکردنی سیاسی ئەویان دەخستەبەر ڕێبەرایەتیکردنی ئایینییەکەیەوە. جگەلەوە مەلا شێخ جەلال و مەلا خدری عەباسی "سارکێ" لەو کۆبوونەوەیەدا نەبوون کە دەنگ لەسەر ماددەی هەشت بدەن.

بەهەرحاڵ دەربارەی چۆنیەتی هاوکارییکردنی چریکی فیدایی خەڵک و ئەندامانی یەکیەتی جوتیاران و کرێکاران و مامۆستایان کە دواتر کۆمەڵەیان دامەزراند، پرسیارم لە هوشیار ئیمامی و ئیبراهیم شێخانی کرد، هەردووکیان گوتیان:

**- (ئێمە بۆ بەربەرەکانیکردن بە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاوکاریی مامۆستامان دەکرد، بۆ ئەوەی کە لە دەسەڵاتی ئەو کەڵکوەربگرین و بتوانین لە بەرامبەر حیزبی دیموکراتدا بوەستین و پێش بە گەشەکردنی بگرین!)**

هەروەها شێخ عیزەدین لەم بارەیەوە گوتی: **(لەو مامەڵەیەدا هەر کەس بە قازانجی خۆی کەڵک لە پێوەندییەکان وەردەگرێت. دور نیە کە ئەوان بەم مەبەستە لە دەوری من کۆ بووبنەوە، بەڵام من هەر لە سەرەتاوە مرۆڤێکی ئازادییخواز بووم و پێمخۆشە هەموو چین و توێژەکان بە ئازادیی بژین.)**

قانعی فەرد و هاوکارەکانی لە بەردەوامیی دژایەتی کردنیان لەگەڵ مافەکانی نەتەوەی کورد و ڕێبازی بارزانیدا ئاماژە بۆ شەڕی ساڵی ١٩٧٨ی بازێ لە ناوچەی هەکاری دەکەن و دەڵێن: **(ڕێبازێک کە لەکاتی دامەزراندنی حیزبی تاڵەبانی بە یارمەتی میتی تورکیا، تاوان و قەتڵی عامی هەکاریی بوو؟)**

شەڕی بازێ لە هەکاری لە سەردەمی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ڕووی نەداوە، بەڵکوو دوای پتر لە دوو ساڵ نیو بەسەر دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی، لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٧٨ ڕوویدا. تورکیا بە هیچ شێوەیەک دەستی لەو شەڕەدا نەبوو و بەتەواوی خۆی دوور لە شەڕەکە ڕاگرت، بەڵکوو شەڕەکە لە ئاکامی ئەو ناکۆکییانەوە سەری هەڵدا کە شا و ساواک لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٢- ١٩٧٥دا لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەدو گروپەکەی بەدژی مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول پێکێان هێنابوو و ئەنجامەکەی شەڕی بازێی لێکەوتەوە سەرنج بدەنە عیسا پژمانی تاوانبار کە دەڵێت:

**- (داوام لە شا کرد و گوتم ئەگەر سەرکردەکانی پارتی دیموکراتمان بەدەستەوە بێت و کەڵکیان لێوەربگرین، دەتوانین بەدەستی ئەوان پێش بە سەرکەوتنەکانی بارزانی بگرین، تەنانەت ئەگەر شەڕی ناوخۆشیان لەناودا ساز بکەین. ئەوجار شا قەبووڵی کرد و گوتی درێژە بە کارەکانت بدە کە ئەویش کێشەی کوردی ئاڵۆزتر کرد و کێشەی نێوان مەکتەبی سیاسی و بارزانی قوڵتر کردەوە.(٥))**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، دەربارەی چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕی بازێ لە ناوچەی هەکاریی کە بەساڵانە دوژمن و نەیارانی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی کردویانەتە بنێشتەخۆشکە، پێویستە بڵێم هەرلە ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، مەسعود بارزانی و سێ لە هەڤاڵانی بە ڕاسپاردەی مەلا مستەفا، ئۆرگانەکانی پارتییان بەنهێنی ڕێکخستەوە و ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٢٦، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لەژێر سەرکردایەتی کاتی پارتی "قیادە موەقەت"، لە گروپی بچووکی چەند کەسییدا بەنهێنی گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان و لە هێڵەکانی سنوری دەستکرد نێوان عێراق، تورکیا، سوریا و ئێران دەستیان بەخەباتی چەکدارانە کردەوە.

شەوی ٢٥ لەسەر ١٩٧٦/٥/٢٦، چواردە پێشمەرگە لە مەفرەزەیەکدا بە فەرماندەیی سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی لە پێگەی "گردی سەڵاواتان" لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بەشوێن دوژمنەوە بوون کە خۆیان لە کەمینی

دوژمن کەوتن و لە ئاکامدا سەید عەبدوڵا فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە و دوو لە پێشمەرگەکانی بریندار بوون و دواتر سەید عەبدوڵا بەهۆی سەختی برینەکەی شەهید بوو. دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە لەو ڕۆژەدا بە شۆڕشی گوڵان ناوبانگی دەرکرد.
هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، جەلال تاڵەبانی، دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر کەمال فوئاد، عادل موراد، عەبدولرەزاق میرزا "فەیلی" و عومەر شێخموس لە دیمەشق یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراند. بەم جۆرە، دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و شەڕی بازێ لە هەکاری هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە. شەڕی بازێ زیاتر لە دوو ساڵ پاش دامەزرانی یەکێتی نیشتمانیو سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان و چەندان هاوکاریی لە نێوانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا بەڕێوەچوو و بەداخەوە زیاتر لە ٧٥٠ پێشمەرگەی تێدا لەناو چوو. بۆ زانیاریی لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو شەڕە و ئاکامەکەی، پێویستە ئاوڕێک لە سەرچاوەکان بدەینەوە.

دوای ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی بەعسی عێراق لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بارزانی بۆ جاری دووەم لە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و گروپەکەیان خۆشبوون و ئیزنیان پێدان بگەڕێنەوە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول. دوای گەڕانەوەیان ئیبراهیم ئەحمەد داوای لێبوردنی لە بارزانی کرد و بەڵێنی پێدا چیتر کار بۆ دوژمنی داگیرکەر ناکات و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و گروپەکەی دەگەڕێنەوە ڕیزی شۆڕش و خزمەتی شۆڕش و نەتەوەکەیان دەکەن، بەڵام لە ڕەوتی کارەکاندا دەرکەوت ئەم جارەش وەک ساڵی ١٩٦٥، ئەو گروپە بەناپاکی گەڕاونەتەوە و دیسانیش پێوەندییان بە بەغداوە هەیە. لەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" دەڵێت:
**- (بە بەڵگە کە خۆم گوێم لە قسەکانیان بووە، دوای گەڕانەوەیان کاریان بۆ حکومەت دەکرد و تا ئێستا بۆم دەرنەکەوتووە ئەو نەخۆشییە چییە.)**

لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی مێژووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لە ویکیپیدیای کوردیی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، مام جەلال بە دوای گەڕانەوەی لە بەغدا، لە ١٩٧٠/٦/١٠ بەنهێنی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستانی دامەزراندوە و لەناو دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا، بەنهێنی کاری بۆ ئەو ڕێکخراوەیە کردوە. لەم بارەیەوە لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە:

**- (بۆ ئەوەی خەلک لە دەوری ئەو رێکخراوە کۆببێتەوە کەسانی رۆشنبیری هەلبژارد لەوانە: نەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، مەحمودی مەلا عزەت و رفعەت مەلا مەحمود و ئەوانەش بەنهێنی لە ناو بالی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد.)**

هەروەها دەنوسێت: **(ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە سالی ١٩٧٠ لەمانە پێکهاتبوون: شهابی شێخ نوری سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ناوەوەی وڵات، محەمەد سەعید میرزا/ل. لیژنەی بغدا، جەعفەر عەبدولواحد/ل. لیژنەی هەولێر، ئاوات عەبدولغەفور/ل. لیژنەی سلیمانی و فریدون عەبدولقادر/ل. لیژنەی کەرکوک.)**

دەربارەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان" لە دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا کە دواتر ناویان کرد بە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"، عەلی محەمەد قادر "عەلی بچکۆڵ" ئەندامی "لیژنەی کەرکوک"ی ئەو ڕێکخراوەیە، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:



**- (بە دوای هەڵوەشاندنی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان "مەبەست لەو پارتەیە کە بەدوای خۆبەدەستەوەدانی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بە ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕژێمی بەعس وەک ئالترناتیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستیان**

**کـرد. نوسـەر"، ئـێمە پێمـانوابوو بەو شـێوازەی ئەوسـای پـارتی و بەو هەڵسوکەوتەی ناتوانێ شۆڕشی کورد بەرەو سەرکەوتن بەرێت، بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد لەبار نەچێت، ئێمە بەجیا لە پارتی، هەموو ئەو کادیرە چەپانەی لە پارتی شۆڕشگێڕا مابووینەوە، لە شار و لە لادێ کەوتینە ئەوەی خۆمان ڕێکخەن و تەنزیمێکی چەپ دامەزرێنن.)**

بەر لە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول مام جەلال لە بەیروت بوو. وەک ڕاوێژکاری لیژنەی بەیروتی شۆڕش، هاوکاریی شێخ عەزیز شێخ ڕەزا نوێنەری شۆڕشی دەکرد. دوای ڕاوەستانی شۆڕش، مام جەلال و ژمارەیەک لە ئەندامانی گروپەکەی چوون بۆ سوریا. حیزبی بەعسی سوریا بەپێچەوانەی سالانی ڕابردوو کە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد هاوکاریی ڕژێمی عێراقی دەکرد، بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا سیاسەتی خۆی گۆڕی و بەهۆی کێشەی لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراق، ئەم جارەیان بە دژی ڕژێمی عێراق هاوکار و یارمەتیدەری نزیکی خەباتکارانی کوردی باشوری کوردستان بوو. لەبەر ئەوە، مام جەلال بۆ دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکەم دانیشتنەکانی لە دیمەشق پێکهێنا. لەم بارەیەوە لە مێژووی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە:
**- (دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.ک لە ١٩٧٥/٥/٢٢ لە ڕیستورانی "گلیگلە" لە گەرەکی "ابو رمانە"ی دیمەشق لە سوریا کۆبونەوە. دەستەی دامەزرێنەر بە عەمەلی دەستی بە جێبەجێ کردنی کارەکانی خۆی کرد. ئەم هەڤاڵانە بەشداربوون: مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، فوئاد معسوم، د. کمال فوئاد، عادل مراد و عەبدولرەزاق فەیلی. عمر شێخ مووس نەیتوانی بەشدار بێ چونکە کوردی سوریا بوو. کۆبونەوەی دووەم لە بەرلین بەسترا لە ١٩٧٥/٥/٢٧ بە سەرپەرشتی مام جەلال هەندێک گۆڕان لە پرۆژەکە کرا و بە ڕەسمی لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ بلاوکراوە.)**

لە چوارچێوەی هەوڵەکانیاندا بۆ دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژی ١٩٧٥/١٢/٢ وتارێکیان لەژێر ناوی **"بۆچی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان"** بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە. پاش ماوەیەک وتارەکەیان وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئینگلیزیی و دواتریش شاسوار جەلال

"شــەهید ئــارام" ســاڵی ١٩٧٦، لـە نـاوەوەی وڵات، وتـارەکەی وەرگێـڕایەوە ســەر زمــانی کــوردی. لـەو وتــارەدا بـەرهـەڵسـتی نـاوی پـارتی دیمـوکرات دەبـنـەوە و وشـەی دیمـوکراتیی بـە دەربڕینێکـی بـۆرژوازیی و ناپێشـڕەوانـە دەناسێنن و ئـەرکـی دامـەزرانـدنی سۆسیالیزم بـۆ ڕێکخراوەکـەیان دیـاریی دەکەن. لـەم بارەیەوە لـە لاپـەڕەی ٦ی وتارەکەیاندا دەڵێن:

**- (لێرەدا ئەگەر لە نـاوەڕۆکەکەی ورد بیـنەوە، ئەبینـین "دیمـوکراتی" دەربڕینێکـی بورجـوازی و نـاوەرۆکێکی بورجوازیـانەیە کەواتە نـاوێکی ناپێشڕەوانە و نا سۆشیالیستیانەیە لە کاتێکدا ئەو پارتییەی گەلەکەمان بـۆ ڕزگـاربوونی پێویستی پێتەتـی، پـارتییەکی پێشڕەو و سۆشیالیستیی زانستییە.)**

یەکەم هەنگـاوی ڕێکخـراوی نـوێ بە دوای ئاشـکرابوونیدا، لەنـاوبردنی پارتی دیموکراتی بۆرژوا بوو. سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەو ئامانجەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپـانی سیاسـی و پێشـمـەرگایەتی دوور بکـاتەوە. بـۆ ئەو مەبەسـتە سەرەتا ناوەندەکەیان لە سێ چوکڵەی سنوری سوریا، تورکیا و عێراق لە گوندی "بیشێ ڕەش" لە چیای شرناخ دانا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بنکەی پـارتی دیمـوکرات لە گونـدی "سنـە"، کەمتر لە نیوکـاتژمێر مەودای لەگەڵ ئەو گونـدە هەبـوو، بەڵام دواتـر بـۆ ئەمنیەتـی زیـاتر، یەکێتـی بارەگـاکەی گواستەوە بۆ گوندی "نۆکان". سەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانیی دەیویست هاوکـات لەگەڵ خەبـات بـۆ کوردسـتان، خەبـات بکـات بـۆ لاوازکردنــی و لەنـاوبردنی پـارتی دیمـوکراتی بـۆرژوا و نەهێڵـێ کـادیر و پێشمـەرگەکانی لە ئێـرانەوە بگەڕێـنەوە بـۆ کوردسـتان. ئەوە لە کاتێکـدا بـوو کە پـارتی دیمــوکرات بەرلە دامەزرانــدنی یەکێتــی نیشــتمانی، لە ١٩٧٦/٥/٢٦دا بەنـاوی شۆڕشـی گـولان و بەنـاوی سـەرکردایەتی کـاتی "قیـادە مـوەقەت" گەڕابۆوە بۆ باشوری کوردستان و دەستی کردبـۆوە بە خەبـاتی چەکدارانە و هەرلەو ڕۆژەدا فەرماندەیەکی بەناوی "سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی" شەهید ببوو. پـارتی دیمـوکرات بـۆ یادەوەریی ئەو ڕۆژە و بـۆ ڕێزگـرتن لەو سەرکردەیە، پەیکەری سەید عەبدوڵای لە زارکی شـاری سۆران لە بـازگەی "گەلی عەلی بەگ" داناوە.

دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی، پارتی دیموکراتیان بە نۆکەری ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی ئێران ناساند و نوسیان:

**- (ئەیانەوێ خەباتی گەلەکەمان لە ڕێگاکەی لابدەن یا ئەو ڕێبازە کۆنە زیندوو بکەنەوە کە پیایدا ڕۆیشتن و بووە هۆی ئەوەی کە گەلەکەمانی گەیاندە هەڵدێری ئەو کارەساتە نیشتمانیی کە وێنەی نەبوو لە مێژوودا.)**

هاوکات لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی و بەرلە گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆ گۆڕەپانی خەباتی بەکردەوە لە باشوری کوردستان، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی چەندجار لە دیمەشق کۆبوونەوە کە ڕێککەوتنێکی سیاسیی بۆ هاوکاریی دوارۆژ لەنێوان پارتی و یەکێتیدا واژۆ بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن و سەرئەنجام لەسەر پەیمانێکی سەربازیی یەکیان گرت. یەکێک لە خاڵەکانی ئەو پەیمانە، پاراستنی ئەمنیەتی پێشمەرگەکان و دوور ڕاگرتنیان بوو لە شەڕی براکوژی. بۆ ئەو مەبەستە، هەرکام لەو دوو ڕێکخراوانە دەبووایە کاتی گواستنەوەی چەک و پێداویستییەکانیان لە سوریاوە بۆ کوردستان یەکتر ئاگادار بکەنەوە تا ئەگەر لە ڕێگادا پێشمەرگەکانیان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، گرفتیان بۆ نەخوڵقێت. لەم بارەیەوە ملازم نیهات سابیربەرزەنجی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

**- (دوای ڕاوەستانی شۆڕش، من لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لە ئێرانەوە چووم بۆ هولەندا و لە کۆتایی هەمان ساڵدا لەگەڵ ملازم عەبدولڕەحمان بێداوی و شوکری نێروەیی گەڕامەوە بۆ سوریا. لە یەکەم سەفەری کاک مەسعوددا بۆ سوریا لە ساڵی ١٩٧٦، من لەگەڵ بەڕێزیان بووم. لەوێ کاک مەسعود و مام جەلال کۆبوونەوە. دەیانویست ڕێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان پارتی و یەکێتی و حیزبی بەعسی چەپدا مۆر بکەن، بەڵام چونکە کاک مەسعود تەنازولی لە کەرکوک نەکرد، ئەو ڕێککەوتنە سەری نەگرت. من لە کۆبوونەوەکەدا نەبووم، بەڵام کاک کەریم شنگاری، عەبدولڕەحمان بێداوی، وریا سەعاتی و غازی زێباری لە کۆبوونەوەکەدا بوون. لە کۆبوونەوەیەکی تردا کاک مەسعود و مام جەلال ڕێککەوتن کە یەکێتی نیشتمانی و هاوپەیمانانی و پارتی دیموکرات بە ئاگاداریی یەکتر چەک**

**لە سوریاوە بێنن کە نەکات پێشمەرگەکان لە ڕێگەدا تووشی یەکتر بن و شەڕیان لەنێواندا دروست بێت.)**

دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دوای ئەو ڕێککەوتنە، یەکەم وەجبەی چەکیان لە ١٩٧٧/٣/١ لە سوریاوە هێنا کە ٦٠ کلاشینکۆف بوو. ئەو چەکانە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە وەرگیرا و هەر ئەویش بنکەی "بیشێ ڕەش"ی کردەوە، بەڵام دواتر لەوێ نەمایەوە و وەک خۆی دەڵێت: بۆ پاراستنی ئەمنیەت لەوێوە گواستییەوە بۆ نۆکان و بنکەکەی لەسەر سنوری دەستکردی نێوان عێراق و ئێران دانا.
ساڵی ١٩٧٧، مام جەلال لە سوریاوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی هەرمێ "دۆڵی هەرمێ" لە سێ سوچی سوریا، تورکیا و عێراق و لەوێوە چوو بۆ نۆکان و ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٣١ یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەسەر خاکی کوردستان پێکهێنا کە ١٢ ڕۆژی خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا مام جەلال بە سکرتێری گشتی دانرا. لە کۆمەڵە: ئارام و سالار عەزیز، لە بزوتنەوە: ڕەسوڵ مامەندو عەلی عەسکەری و لە خەتی گشتی: ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی پۆستی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان وەرگرت.
لەو کۆمیتەیەدا بڕیاریاندا، سەرلەنوێ سەرکردایەتی حیزبەکەیان بگوازنەوە بۆ ناوچەی سێ سنوری نێوان سوریا، عێراق و تورکیا، تا لەلایەک پارتی دیموکراتی کوردستان کە گوایە ٢٥٠- ٣٠٠ پێشمەرگەی لەو ناوچەیەدا هەبوو، لەوێ دوور بکەنەوە و لەلایەکیتردا، لە سنوری سوریا نزیکە بنەوە کە پێوەندییەکانیان بەئاسانی ئەنجام بدەنو چەک و پێویستییەکانیان بەبێ گێروگرفت بێنن. لەم بارەیەوە لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیدا هاتووە:

**- (دوای لابردنی سەرکردایەتی لە سێ سنوور بۆ نۆکان، لە مانگی ١٩٧٨/٣ دووەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەسترا بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە- دارایی- دانانی نەخشە و پلان- دروست کردنی هەشت هەرێم. دوای چەند مانگێک بڕیار درا بگەڕێنەوە بۆ سێ سنوور. لەبەر نزیکی لە سوریا- تورکیا- ئێران-کوردستان. ئەوکاتە زیاتر لە هەزار پێشمەرگە لە سەرکردایەتی بوون، کران بە سێ ڕەتل و ژمارەیەکی زۆری بێ چەک**

بوون. پاش وەرگرتنی زانیاری لەسەر سێ سنوور کە هێزەکانی قیادە موەقەتە لەوێ بوون ژمارەیان ٣٠٠ کەس بوون. دوای بەرێکەوتنی رەتلی یەکەم و دووەم لە هەکاری تووشی شەڕ بوون لەگەڵ قیادە موەقەتە و جاشەکانی تورکیا. زیاتر لە ٧٥٠ پێشمەرگە لەو سەردەمە تیاچوون. باقی هێزەکەی سەرکردایەتی گەڕانەوە قەندیل لە ١٩٧٨/٩/٢٠.)

هەرلەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٧ی ناملیکەی "کارەساتی هەکاری" کە سێ جار لە ساڵانی ١٩٨١، ١٩٨٣ و ١٩٩٥دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:

- (ل. س- ی.ن.ک بەگشتی بڕیاریدا کە بارەگای سەرکردایەتی بباتەوە ناوچەی برادۆست لەسەر ٣ سنوور بۆ ئەوەی:

١- بارەگای دەزگا سەرکردەییەکان لە شوێنێکی ئەمیندا جێگیر ببێ و بپەرژێتە سەر جێبەجێ کردنی ئەرک و فەرمانەکان.

٢- پێش ١٩٧٨/٦/١ واتە پێش کاتی جێبەجێ کردنی بڕیاری حکومەتی عێراق لەمەڕ ڕاگوێزانی دێهاتەکانی سنوور. ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە وە ڕێگەی هێنانی تفاقی جەنگی و یارمەتی و پێویستییەکانی شۆڕش بکاتەوە.

٣- مەفرەزەکانی بادینان لەوێوە بنێرێتەوە بادینان و جێگیریان بکەن و لەوێوە هێزی پێشمەرگە شەپۆل بە شەپۆل بەرەو قوڵایی بادینان بچێ و کڵپەی شۆڕش هەڵبگیرسێنێ بەتایبەتی دوای ئەو جەزرەبە قورسانەی ساڵانی ٩٧٦- ٩٧٧ لەلایەن ق.م-ەوە لە هێزەکانی ی.ن.ک درابوو.

٤- پاککردنەوەی ناوچەکە لە چەکدارەکانی ق.م ئەگەر بوونە ڕێگری پلانەکانی ی.ن.ک.

٥- داوای یەک لەسەر یەکی دۆستەکانی ی.ن.ک لە تورکیا بەتایبەتی "دە.دە.کا،دە- DDKD" بۆ نزیک بوونەوەی هێزەکانی ی.ن.ک لە سنوری

**تورکیا.** (مەبەست لە DDKD، پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات"ە کە سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" لە ناوچەی زاخۆ، بەنهێنی لەناو دڵی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیادا دایمەزراند و دواتر سەعید ئێڵچی سکرتێر و دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیای کوشت و ئەویش لەلایەن دادگای شۆڕشی ئەیلولەوە ئیعدام کرا- نوسەر)

دوای گەڕانەوەی مام جەلال و بەرلەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی ئەو پلانەی جێبەجێ بکات، سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی بەکردەوە، ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی دیموکرات خستە ژێرپێ و چەند وەجبە چەکیان لە سوریاوە هێنا بۆ نۆکان کە ئەوە گرفتی لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتیدا پێکهێنا و یەکێک لە مەفرەزەکانی چەک گواستنەوەی یەکێتی بە فەرماندەیی ملازم حەسەن کە لە سوریاوە دەهات لەگەڵ مەفرەزەیەکی پارتی و خەڵکی شەمزینان ڕووبەڕوو بوونەوە و لە ئاکامدا ملازم حەسەن شەهید و ئەوانی تر بەدیل گیران و چەک و کەلوپەلەکانیان لێ ئەستاندن. دەربارەی ئەو وردە شەڕانە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

**- (بەرلە شەڕی هەکاری مەفرەزەیەکیان هاتبوو بۆلای ئێمە و عەریف فاتیحیان شەهید کردبوو. بە دوای ئەوەشدا چەند وردە شەڕی تریشمان هەبوو. مەفرەزەیەکیان لە سوریاوە هات، سامان گەرمیانی، دوکتۆر خدر خۆشناو، ملازم ئەنوەر، مەجید مسری و ژمارەیەک پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو کە ئەوانمان گرت و دواتر بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتی بەڕێزەوە ئازادمان کردن.)**

بەرلەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی پلانەکەی جێبەجێ بکات، زانیاریی لەسەر هەموو لایەنەکانی پێویست وەرگرت کە بەبێ زیان بتوانێ خواستەکانی جێبەجێ بکات. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٨ی نامیلکەکەیدا دەڵێت:

**- (زانیاری تەواو لەسەر هێزەکانی عێراق، تورکیا و ئێران کۆکرانەوە. بارەگاکانی ق.م لە گوستە، چەمەتوو، هەرکی، شەکونس و بێداو،**

**لێپرساوەکانیان: سامی، ئەورەحمان پێداوی، ئازاد مەحمود خەفاف، وریا ڕئووف سەعاتچی، ملازم سەردار ئەبوبەکر، ملازم عەمەر عوسمان، عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، نهاد، یونس ڕۆژبەیانی، حەمید ئەفەندی، عەبدوڵا ساڵح، هاشم ڕەمەزان و مەلا ئەمین بەرزانی بوون و ژمارەی هێزی ئەسڵی یان ٢٥٠- ٣٠٠ چەکدار. هێزە چەکدارەکانی ق.م لە چەندین بارەگا و بنکەی دوور لەیەک دابڕاودا لە هێڵێکی درێژی سنووری تورکیا و عێراقدا پەرت و بڵاوبوون و بارەگایەکیان لە ٢٠- ٥٠ کەس زۆرتر نەبوو.)** لە درێژەی نوسینەکەیدا، نەوشیروان مستەفا دەڵێ:

**- (بە لێدوانی DDKD حیزبی هاوپەیمانی یەکێتی، ق.م لە چەند سەرۆک عەشیرەتێکی کۆنەپەرست دا لە جەلێ و ئولودەڕەدا نفووذ و دەسەڵاتی هەیە و لە کاتی گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی ئەوان هاوکاری دەکەن.)**

ئەو ڕاپۆرتە ناڕاستەی پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات"، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی توشی هەڵە کرد، چونکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندەکانی سەرسنوری دەستکردی تورکیا لەگەڵ عێراق پشتگیریی بنەماڵەی بارزانییان دەکرد. هەرلە کۆنەوە، کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانیان بەهۆی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات چارەسەر دەکرد و سەوداو مامەڵەکانیان لەگەڵ دانیشتوانی باشوری کوردستان بە کارئاسانی بەرپرسانی پارتی ئەنجامی دەگرت. لەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:



**- (خەڵکی سەر سنورەکانی تورکیا کە زیاتر لە ٩٥%یان پشتگیریی بنەماڵەی بارزانییان دەکرد. خەبەریان بۆ هێناین کە ملازم حەسەن خۆشناو خەریکە چەک دەگوازێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو چەک گواستنەوەیە، بەرپرسانی یەکێتی بۆ خافڵاندنی ئێمە، داوایان کرد لەگەڵمان کۆبنەوە. بەو زانیارییە، ئێمە بووین بە دووبەش،**

**بڕیارماندا بەشێکمان لەگەڵ حامیدی حاجی غالی و شێخ جەواد کۆبینەوە و بەشەکەی ترمان بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانەکەیان و گرتنی چەکەکان بچن. ئەوانەی چەکیان دەهێنا لە "کانی ڕەش" کەوتنە کەمینی ئێمەوە و ئەوانی تریش کە تەنیا بۆ خافڵاندنی ئێمە دەیانویست لەگەڵمان دانیشن، نەهاتن و ڕایان کردە ناوچەی سۆران و لەوێ خۆیان گرتەوە و لە مەفرەزەیەکی ئێمەیاندا، ژمارەیەکیان لە ئێمە شەهید کرد و ملازم حەسەن خۆشناو و ڕەمزی خۆیان تەسلیمی عێراق کردەوە و چەند کەسیشیان وەک نسرەدین مستەفا و عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و مام وسو دزەیی پەڕینەوە لای ئێمە. بەرلە شەڕی هەکاری مەفرەزەکانی هەرێمی سێی پارتیان پاک کردەوە.)**

سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات، باشوری کوردستانی بەسەر سێ هەرێماندا بەشکردبوو. بە وتەی ملازم یونس ڕۆژبەیانی لە وتوویێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، هەرێمی یەکەم بە سەرۆکایەتی جەوهەر نامیق سالم لە سنوری دەستکردی سوریاوە هەتا بێداو. هەرێمی دووەم بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان بێداوی، لە بێداوەوە تا حاجی ئۆمەران و هەرێمی سێیەم بە سەرۆکایەتی کەمال کەرکوکی لە حاجی ئۆمەرانەوە تا هەورامان.

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە، هەوڵیدا سەرکردایەتییەکەی لە نۆکانەوە بگوازێتەوە بۆ چیای برادۆست. بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی کردە سێ بەش، بەشێکی لەگەڵ مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی لە نۆکان بەجێهێشت و دوو بەشەکەی تری بەشێوەی خوارەوە ڕەوانەی ناوچەی بادینان کرد تا شوێنێک لە چیای برادۆست بۆ بارەگای سەرکردایەتی دیاریی بکەن و هێزەکانیان تا سنوری دەستکردی سوریا بڵاوبکەنەوە و ٢٥٠- ٣٠٠ پێشمەرگەی پارتی دیموکرات لە ناوچەکە دوور بکەنەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە، نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگەیان کۆکردەوە. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١٠ی نامیلکەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕێکخستنە نوێیە دەکات و دەڵێت:

**- (بەشی یەکەمی هێزەکە ٣٢٠ پێشمەرگە زیاتر بوو لەوانە ١٥٠ چەکدار و ئەوی تریان بێ چەک بوون. ئەو لێپرسراوانە لەگەڵ هێزەکە بوون: خالید سەعید (ئەندامی م.ع- ی.ن.ک) حسین بابە شیخ (ف.هە بادینان)، محمود عبدالرحمن (ف.هە ٢ی شارباژێر)، رەئووف مستەفا ف. هە پینجوین)، حامید حاجی غالی (یاریدەدەری ف.هە ١ی هەورامان و شارەزوور).**

**- بەشی دووەمی هێزەکە نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە ئەبوو کە لەوانە نزیکەی ١٥٠ کەسیان بێ چەک بوون. ئەو لێپرسراوانە لەگەڵ هێزەکە بوون: عەلی عەسکەری (ف.هە.پ.ک)، تایەری عەلی والی (ئەندامی م.س و م.ع- ی.ن.ک)، سەید کاکە (ف.هە ٨ی هەولیر)، تالیب رۆستەم (ف.هە.٦ی قەلادزە)، شیخ جەوادی بیدەری (یاریدەدەری ف.هە چەمی ریزان.)**

**- بەشی سێ یەمی هێزەکە نزیکەی ١٥٠ کەس بوو کە زۆربەیان چەکدار بوون، وە ئەبوایە سکرتیری گشتی- ی.ن.ک و ئەندامانی تری م.س- ی.ن.ک و نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادەکردنی- پ.د.ک و پاسوک لەگەل بوایە.)**

پێکهاتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێکهاتەیەکی ڕێک و یەکدەست نەبوو کە بتوانێ ئامانجە درێژخایەنەکانی جێبەجێ بکات. لە ڕووی فکرییشەوە تێکەڵاوێک بوو لە ناسیونالیست، نەتەوەیی، سۆسیالیست و کۆمونیستی توندڕەو کە گونجانیان پێکەوە دژوار بوو، بەڵام ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول ئەوانی لە دەوری مام جەلال کۆکردبۆوە و ئەویش ڕۆڵی ڕێکخەری ئەو پێکهاتەی دەگێڕا. بەشێکیان، تەنانەت ئەوانەش کە لە سەرکردایەتیدا بوون، ئامادە نەبوون لە ڕێکخراوێک بدەن کە بەساڵان خەباتیان تێدا کردبوو و گەلێک شانازیی بۆ گەلی کورد بەدەستهێنابوو، بەڵام نەوشیروان مستەفاو بەتایبەتی کۆمەڵەکان خوازیاری لێدانی پارتی دیموکرات بوون. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١١ی نامیلکەکەیدا دەڵێت:

**- (ئەم هیزانە و لیپرسراوەکانیان لە رووی سیاسی و پیشمەرگەییەوە زۆر ریک و تەبا نەبوون، جگە لەو ناکوکیانەی لەنیوان بالە جیاوازەکانی ناو ی.ن.ک دا هەبوو، هەندی ناکوکی توند و تیژ لەناو سەرکردایەتی**

پ.س.ک دا هەبوو. بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی بەعیراقی کردنی شورش، هەڵگرتن یان داگرتنی دروشمی روخاندنی رژێمی عیراق، پاک کردنەوەی کوردستان لە پاشماوەی چەکدارەکانی ق.م. مەسەلەی پاک کردنەوەی کوردستان لە چەکدارانی ق.م یاخود "هدنە" کردن لەگەلیان و هەولدان بۆ دۆزینەوەی "شیوەیەکی بەهیمنی پیکەوە ژیان" دیسانەوە هاتەوە کایەوە و هەندی لە سەرکردەکانی پ.س.ک کەوتنەوە لیدانەوەی ئەو بالورەیە کە بیگومان لەوکاتە گرنگەدا دوو دلی و رارایی لەناو هیزەکان دا دروست ئەکرد و گیانی جەنگاوەرانە و دەست وەشاندنی لە پێشمەرگەکاندا ئەمراند، ئەو قسە و باسانەی لە کۆبوونەوەکاندا ئەکرا زۆر جار لەناو پێشمەرگەکانیشدا دەنگی ئەدایەوە.)

هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، ئاماژەی بۆ کتێبەکەی، بیرەوەریی پێشمەرگەیەک، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب کرد و گوتی من لە کتێبەکەمدا باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی شەڕی هەکاری و خوازیار نەبوونی سەرکردایەتی بزوتنەوەم کردوە و باشترە لە جیاتی قسەکانی من، ئەو بەشە بڵاوبکەیتەوە کە وردتر نوسراون. ناوبراو لە لاپەڕەکانی ١٤٠- ١٤٢ کتێبەکەیدا دەڵێت:



- (کۆبوونەوە دەستی پێکرد نزیکەی یەک مانگ بەردەوام بوو بەشی زۆری بۆ ئەوە بوو بزوتنەوە ڕازی بێت بۆ لێدانی قیادەی موەقەت، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین منیان کردە ئەندامی سەرکردایەتی "ی.ن.ک" و بزوتنەوە،

ئەوجا مام جەلال بڕیاریدا بچین چەک لە سوریا بێنین، ئەگەر قیادە موەقەتە دەنگیان کرد، ئەمن و کاک تاهیر و عەلی بەگ وەکیلی مام جەلال بین چییان ویست وا پێک بێین، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو بۆ ئەوە بوو بە هەرجۆرێک بێت ئێمە ڕەوانەی سنووری تورکیا بکات و تووشی شەڕی قیادەی موەقەتەمان بکەن، چونکە ئەمن زۆر نەخۆش بووم لاقم زۆر دەهێشا، زۆر وتم من لەگەڵ ئەو هێزە دەرناچم، بە زۆر بردمیان، گوتیان تۆ دەبێ بچی بۆ سوریا بۆ چارەسەری لاقت، ئەگەر نەچووبام دەبووایە بەینی یەکێتی و بزوتنەوە تێک بچێت، ناردنی من بە زۆر بوو بۆ ئەوە بوو من لە دەشتی هەولێر دوور بخەنەوە، کۆمەڵەی لێ بەهێز بکەن زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، چونکە من مەلا ناسیح و کاک تاهیر و عەلی بەگم ناردن بۆ سەرکردایەتی، یەکێتی ڕازی نەبوون گوتیان هەر دەبێ بچی، مەلا ناسیح و ملازم تاهیر عەلی هەردووک ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە بوون، بەڵام کاک عەلی عەسکەری و کاک دوکتۆر خالید ئەوانیش ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە بوون مام جەلال توانی بووی ئەوان ڕازی بکات، بۆیە بزوتنەوە نەیتوانی من بگێڕێتەوە، بەو نەخۆشییە ناچار بووم بەگەڵیان بکەوم بەو ناوەی ئەمن و کاک تاهیر دەچین وەکیلی مام جەلالین، قیادەی موەقەتە داوای هەرشتێک بکەن، ئێمە نەهێڵین شەڕ بقەومێ و جێبەجێی بکەین، ملازم عومەر و حەمەی حاجی مەحموود پێیان گوتبوون لە هەرجێیەک تووشی قیادەی موەقەتە بوون لێیان بدەن با شەڕەکە دروست ببێ، بزوتنەوە ناچار تووش دەبێ، بە حسێن بابە شێخ و عەلی عەسکەری و دوکتۆر خالید گوترابوو ئەو هێزە بگەیەننە سوریا "حافز ئەسەد" خۆی پێشوازییان لێدەکات ٤٠٠ بێ چەک و ٤٠٠ بە چەک و هەریەک دوو چەک بێنێ زۆر دەکات، حسێن بابە شێخ لای قامیشلی بارەگای بۆ دانێن و عەشایرکانی تورکیا هەموو لەگەڵ ئێمەن و چەک و ئیمکانییەتیان بدەنێ پێکەوە لە قیادەی موەقەتە بدەن و پاکیان بکەنەوە، ئەوانیش ئەوەیان زۆر پێ خۆش بوو چونکە ماڵ و منداڵی عەلی عەسکەری و دوکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ لە سوریا بوو، بەڵام بۆ لێدانی قیادەی موەقەتە پێیان خۆش نەبوو، دوو دڵ بوون ئەو هێزەی "هەکاری"یان وەک کورتانی سەخرەچن لێ کرد. ئەو کردەوەی مام جەلال و پاڵەوانەکانی بەو حاڵە هاتبوون کورد ڕزگار بکەن، بریا بتان بینیبا

**کاتی ئەو پیلانەیان بۆ "قیادەی موەقەتە و بزوتنەوە" دروستکرد. ئێمە حاڵمان چۆن بوو بارەگامان لە نۆکان بوو هەموو ڕۆژێک سەربازی ئێران دەهاتن و دەیانگوت ئەوە خاکی ئێمەیە دەبێ بڕۆن، سوپای عێراقیش بەرامبەرمان بوو، ئەو پێشمەرگانەی لەخوارەوە بوون هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی مردن بوون، چونکە دوژمن زۆر بەهێز بوو، هەرکە دەیان گوت پێشمەرگەیەک وا لەو گوندەیە ١٠ کۆپتەریی بۆ دەچوو، دوژمن بۆ یەک پێشمەرگە ١٠ کۆپتەری هەڵدەستاند کەچی سەرکردەکانی کوردیش بیریان لەوە دەکردەوە چۆن یەکتر لەناو ببەن، ئەی خوایە ئەو میللەتە تاوانی چییە تووشی ئەو سەرکردانە بووە ئەو دەوڵەتە خوێن ڕێژە بۆ تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنێ.)**

سەبارەت بە پاککردنەوەی کوردستان لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە نەوشیروان مستەفا و سەید کاکە ئاماژەی بۆ دەکەن، ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

**- (سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای کۆبوونەوەی نۆکان و وەرگرتنی بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوچەی بادینان کە ئێمە دەرکەن. مام جەلال نامەیەکی ڕەوانەی جەماعەتی شوانچییەکانی توورکیا** (مەبەست لە پارتی کارگەری کوردستان DDKD ە- نوسەر)، **کردبوو. نوسیبوی دوای ئەوەی پاشماوەی بەکرێگیراوانی موساد، سیا و ساواکمان لە ناوچەی سۆران پاککردەوە لە بەهاری ئایندەدا هێزێکمان بەسەرکردایەتی چاکترین فەرماندەکانی یەکێتی نیشتمانی حەرەکەت دەکات بۆ ناوچەی بادینان. نامەی مام جەلال گەیشتە دەست کاک سامی عەبدولڕەحمان. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی مام جەلال دا، کاک ئیدریس ئامۆژگاریی دەکردین کە نابێ بیانکوژن.)**

دەربارەی ئەو نامەیەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پرسیارم لە دارا بیلەک کرد. کاک دارا لەو سەردەمەدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بوو. ناوبراو لە نزیکەوە ئاگاداری هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ناوچەی هەکاریو شەڕی بازێ بوو. دارا لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (بەرلە هـــاتنی پێشـــمەرگەکانی یەکێتـــی بـــۆ نـــاوچەی گەوەڕ لە کوردستانی باکور، سەرکردایەتی یەکێتی نامەیەکی بۆ پارتی کارگەری کوردستان "کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD" ناردبوو. لە نامەیەکەیدا نوسیبووی ئێمە هێزێکی مەزنمان ئامادە کردوە و دێین بۆ کوردستانی تورکیا و پاشماوەکانی قیادەی موەقەت لەناو دەبەین. زانیارییەکانی یەکێتی لەسەر قیادە موەقەت، بۆ ئەو ڕاپۆرتانە دەگەڕایەوە کە DDKD پێیدابوون. مەبەست لەو نامەیە ئەوە بوو لەکاتی هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ناو خاکی کوردستانی باکور، لایەنگرانی DDKD هاوکاریان بـــکەن. ئەو نـــامەیە بەرلەوەی کە بە DDKD بگـــات، بە ســـامی عەبدولڕەحمان گەیشتبوو. ئەویش کۆپی نامەکەی بۆ ئێمە واتە پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا "کوک" نارد. دوای گەیشتنی ئەو نامەیە، بڕیارماندا عەشیرەتەکانی ناوچەی هەکاری لەو پیلانە ئاگادار بکەینەوە. لە گەوەڕەوە، تا سنوری سوریا، هەموو عەشیرەتەکان بارزانی بوون و ژمـارەیەکیش پێشـمەرگەیان لەنـاو قیـادە موەقەتـدا هەبـوو. کاتێـک عەشیرەتەکان بەو پیلانەیان زانی، بەتێکڕا گوتیان: "ڕێگە بە هیچ کەس نادەین لە بارزانی بدات." لەو ڕۆژەوە کە پێشمەرگەکانی یەکێتی هاتنە نـاو خـاکی بـاکوری کوردسـتان تـا کۆتـایی شـەڕەکە، بەرپرسـانی قیـادە موەقەت ئاگاداری جوڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون و دەیانزانی چەند کەسن، لە کوێ دەمێننەوە، پێوەندی لەگەڵ کێ دەگرن و کێ پێشوازیان لێ دەکـات. لە ڕاسـتیدا هـیچ کەس پێشـوازی لـێ نەکـردن و کـاتێکیش شـەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا، هەموو عەشیرەتەکان هاوکاریی قیادە موەقەتیان کرد.)

دارا بیلەک دەربارەی چۆنیەتی گەیشتنی ئەو ژمارە پێشمەرگەیە بۆ ناوچەی هەکاری دەڵێت:




**- (بە قەناعەتی ئێمە میت و عەسکەری تورکیا بە تەواوی ئاگاداری جوڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون. ئێمە لە ناوچەکەدا بووین و بینیمان پێشمەرگەکانی یەکێتی بە بەرچاوی عەسکەردا دەڕۆیشتن و تەنانەت هێلیکۆپتەر چاودێریی بەسەریاندا دەکرد، بەڵام خۆی لەگەڵیان دەرگیر نەدەکرد. تۆ خۆت دەزانی ٦٠٠- ٧٠٠ ئینسان بە چەکەوە ناتوانی بە کیلۆمەتران بکەوێتە ناو خاکی کوردستانی باکور و بتوانێ دەرباز بێت. سیاسەتی تورکیا بەو جۆرە بوو، لە هەرلایەکیان بکوژرێت ئەو قازانج دەکات.)**

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشی یەکەمی ئەو هێزە ١٠٠٠ کەسییەی کە بۆ گواستنەوە بۆ ناوچەی بادینان دانابوو، لە نزیکەی ٣٥٠ پێشمەرگە بوون کە بەو گرفتانەی نەوشیروان مستەفا و سەید کاکە ئاماژەیان بۆ کرد، ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٩ لە ناوچەی قەڵادزێوە بەڕێکەوت و بەبێ زیان خۆی گەیاندە "جۆرجان" لە ناوچەی شەمزینان. بڕیاربوو بەشی دووەمی ئەو هێزە کە نزیکەی ٥٠٠ کەس بوو و عەلی عەسکەری سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی ١٩٧٨/٤/٢١ لە ناوچەی قەڵادزێوە بەڕێ بکەوێت کە لەکاتی دیاریکراودا بەڕێ نەکەوت و کاتی بەڕێکەوتنیشی ویستی بە ئوتۆمبێل بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێپەڕێ کە حکومەتی ئێران پێی زانی و ناچاری کرد بگەڕێتەوە ناو خاکی عێراق. ئەم جارەیان، هێزەکە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٥ لە کێلەشینەوە بەڕێکەوێت کە لە ڕێگادا کەوتەبەر بۆمبارانی فڕۆکەکانی عێراق و ٦ کەسیان شەهید و زیاتر لە ١٥٠ کەسیشیان بریندار کرد و ٢ پێشمەرگەشیان لە کێلەشین لە سەرمادا ڕەق بوونەوە. هەروەها ٣٦ پێشمەرگەی خەڵکی گوندی شێنێ لە نزیک نۆکان، لە چوون بۆ ئەو مەئموریەتە خۆیان پاراست و گەڕانەوە و ٢٠

پێشمەرگەش تەسلیمی عێراق و ٢٦ پێشمەرگەشیان تەسلیمی ئێران بوون. واتا بەرلە گەیشتنی ئەو هێزە ٥٠٠ کەسییە بۆ سنوری دەستکردی تورکیا، ٢٣٦ پێشمەرگەی لەدەستدا و ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٣ نیوەی هێزەکەیان بۆ گەیشتە ناوچەی جۆرجان و لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەشی یەکەم یەکیان گرتەوە. لەم بارەیەوە تاهیر عەلی، خالید سەعید و عەلی عەسکەریی لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٦ ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کردوە و نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەکانی ٤٠-٤٢ی نامیلکەکەیدا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێن:

**ناوچەی شەمدینان**
**١٩٧٨/٥/١٦**

**مەکتەبی سیاسی بەرێز**
**سلاویکی شورشگیرانە**
**هیوامان خوشی و سەرکەوتنتانە**

**١- ئێمە ڕۆژی ٥/١٣ گەیشتینە کاک خالید و ئەوان لە جورجان، دوای ئەوەی بە ئێران و بە عێراق و بە تەبیعەت بەرەنگامان بوون و هەردوو دەولەت بە تەیارە و توپ و شەر لیان داین و تەبیعەتیش تەخسیری پی نەکردین، چوار شەو و چوار روژ بەردەوام بەفر و باران و تەم و مژ سەری لی تیک داین و لە ماوەی ٩ روژ پێشمەرگەی ٤- ٥ نانی بەرنەکەوت و برسییەتی خەلکەکەی هەژاند. لەبەر ئەم هۆیانە واتە شەر و نەخەوتن و بی ئیستراحەتی و برسیتی و سەرما تووشی زۆر گیروگرفت بووین ٦ شەهیدمان هەبوو و (٢) رەق بووەمان هەبوو لە کیلەشین و زیاتر لە ١٥٠ بریندارمان هەبوو بە تەیارەی عیراق لە ناوچەی خرپێنە. (٣٦) شێنەیی و چەند کەسێکی تر گەڕانەوە و زیاتر لە (٢٠) کەسی ترسەنۆک و خوێری و بی چەک و هەندی لەوان چەکداریش خۆیان تەسلیمی عیراق کردەوە و نزیکەی (٢٦) کەسیش خۆیان تەسلمی ئێران کردەوە لەوانە ئەنوەری مەجید سولتان و جەمالەکەی لای بەکری حاجی سەفەر. باقیەکەی تری هەموو گەییشتینەوە یەکترمان گرتەوە لەگەڵ کاک خالید، تەها سەید کاکە لەگەڵ ١٣ پ.م لیمان پچڕاوە و ئەحمەد فەقێ ڕەش لەگەڵ ٣٢ پ.م هێشتا نەگەیشتونەتە لای ئێمە هەرچەندە ئەمانە خەتەریان لەسەر نییە**

و ڕەنگە ئەمرو سبەی بگەنەوە لای ئێمە. ئیستا ئەمە سی شەو و ڕوژە لەلای گارە و ماسی روین ئیسراحەتی باشمان کردووە و پێشمەرگەکانمان مەعنەویاتیان بەرز بوتەوە و وەزعیان باشە بە راستی هێزەکەمان قاڵ بووە.

هومەر ئاغاش لەگەڵ ٦ پ.م دیار نییە و ئەڵێن لەگەڵ سەید کاکە یەکیان گرتووەتەوە. هەروەها گوایە ئەحمەدیش گەیشتوەتە سەید کاکە و ئەگەر هەموویان پێکەوە بن زۆر باشە. ئێمەش هەر تەعقیبیان ئەکەین، ئەمروش مەفرەزەیەکی ترمان نارد بۆ دۆزینەوەیان.

٢- بە رەئی من بەیانێک دەربکەن لەسەر ئەو مەوقیفەی ئێران و عێراق و قارەمانیتی پێشمەرگەکانمان و خوراگرتنیان، ئەمە پیلانێکی زۆر گەورە بوو کرایە سەر شورش و یەکیتی، ئیتر خۆتان ئەمە باشتر ئەزانن.

٣- ق-م هەرچەندە هێشتا مەعلوماتی تەواومان لەسەر وەرنەگرتوون بەلاّم تا ئێستا قسە هەر ئەوەیە نێوان خۆیان خراپ و ناکۆکن و ژمارەشیان بەپێی قسەی خەڵک لە (٢٥٠) کەس تی ناپەری لەهەموو ناوچەکە. ئەوا خەریکین مەعلومات کۆ ئەکەینەوە.

٤- ئیمە بۆ چەکەکانمان و ڕاپەراندنی خەڵکی ناوچەکە بەرەو بادینان ئەچین و جاری برِیارمان داوە بێچەکەکان پرِ بکەین و خۆمان ساز بدەین. نامەمان ناردوە بۆ برایانی پارتی و سوریا (کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر) کە بەپەلە جێگا و شوینی چەکەکانمان بۆ بنێرن و یەکێکی پارتی خۆی بێت و چاومان پی یان بکەوی بۆ تەنسیق کردنی ئیش و کارمان و هەروەها دوکتۆر کەمالی خۆشمان بێت بۆ هەمان مەبەست.

٥- ئەوەی ڕاست بیت ئێمە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە هاتین دەسمان کرد بە پارە ناردن بەولاو بەم لادا بۆ نان خواردن و نزیکەی (١٠٠٠) دینارمان بلاوکردەوە بەبێ ئەوەی سوودی یەک فلسی لێ بکەین، بۆیە بەپەلە حەسەن نەرمومان نارد بۆ سوریا کە پارە و کەلوپەلمان بۆ بنیرن بەزوویی و دوکتوریش بێت.

٦- کاک تاهیر بریندار بووە تەیارە پارچەی لەسەری داوە جمجومەی شکاندوە ئەوا خەریکی ناردنین بۆ سوریا بەلام شوکر باشە دڵتان سەغلەت نەبی زۆر سەلامەتە. کاک ئەنوەری ئامۆزای و شێخ کامیل بە برینداری بەجێ ماوەن.

**٧- بە تیکرایی وەزعی ناوچەکە و ئێمە زۆر زۆر باشە دڵتان نارەحەت نەبێ و گوی مەدەنە پروپاگەندەی دوژمن ئومیدمان وایە بەسەرکەوتوانە هەموو کارەکانی خۆمان ئەنجام ئەدەین و ئاگاداریشتان ئەکەینەوە، تکایە ئێوەش زوو زوو پەیوەندیمان پێوە بکەن بەهۆی کاک نوعمان و برایانی ترەوە.**

**٨- پێش گەیشتنی ئێمە کاک خالید بە ئاراس ناوێکدا نامەی بۆ ناردبوون (١١) هوکی تووکی و (١٢) دەمانچەمان پێ گەیشتووە.**

**ئیتر سەرکەوتوبن**

**براتان طاهر علی براتان خالە سعید براتان علی عسکری**

(پاشبەندی ٢)

بەشی سێیەمی پێشمەرگەکانی یەکێتی کە نزیکەی ١٥٠ کەس بوون و دەبووایە مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بەرەو زنجیرە چیای برادۆست بەرن و لەوێ بارەگای سەرکردایەتی دابنێن، بە تێگەیشتن لە دۆخی بەشی دووەمی نێردراوەکانیان، لە چوون بۆ ناوچەکە خۆیان پاراست. مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی لە جێی خۆیان مانەوە، بەڵام پێشمەرگە کۆکراوەکانی بەشی یەکەم و دووەم بەبێ ئەوەی کە حکومەتی تورکیا پێش بەجوڵەیان بگرێت، بەو زانیارییەوە کە ئەوان بۆ شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات دەچن، درێژەیان بە هەوڵەکانیاندا. سەرەتا خۆیان ڕێکخستەوە و بەبێ ئەوەی کە بنکە و بارەگایەک لە پشت سەری خۆیان بەجێهێڵن، بە پشتبەستن بە درۆ و دەلەسەکانی پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات" کە گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان جگەلە دوو سێ سەرۆک عەشیرەتی کۆنەپەرست کەسی تری لەگەڵ نییە، خۆیان لە ئاگر هاویشت و بۆ لێدان و دوورکردنەوەی پێشمەرگەکانی پارتی لە شوێنە دیاریکراوەکاندا چوونە پێشەوە. بە جۆرێک کە برسییەتی و بێخەویی تاقەتی لە پێشمەرگەکان بڕی و خەڵکی ناوچەکەش یارمەتی نەکردن، تەنانەت کەوتنە دۆخێکەوە کە چەکی سەرشانیان بە نان بفرۆشن و بەشێکیان لەوێوە بگەڕێنەوە. لەم بارەیەوە محەمەد حاجی مەحمود کە بەرپرسی گروپێک لەو پێشمەرگانە

بـووە، لـە لاپـەڕەی ١٩٩- ٢٠٠ی بـەرگــی یـەکـەمــی کتێبـەکـەیـدا "ڕۆژژمێـری پێشمەرگەیەک"دا دەڵێت:

**- (بەو حاڵە دژوارە لە بەرواری ١٩٨٧/٤/١٩ لە گوندی ماسی ڕۆوە بەڕێ کەوتین بەرەو ناوچەی گەورە "گەوەڕ-نوسەر" بە چیاکاندا و بەناو ڕێگای دوور و گوندی ٥ ماڵ و شەش ماڵ و هەر یەکەش نێوانیان ٧- ١٠ سەعات بوو هەر لە چیا و هەوراز و نشێو زۆر ڕێگای سەختمان بڕی، هێزەکەشمان گەورە بوو.. بەڵام لەوێش بلاوەمان پێ کردبوو ٨٠٠ کەس مابووینەوە، پێشمەرگەش تەواو ماندوو بوو بوو پێڵاوی لە پێدا نەمابوو.. هێزێکی برسی.. بێ ئازووقە.. بێ جل و پێڵاو.. بێ پارە.. ناشارەزا.. لەبەر بێ پارەیی دەمانچەکانیان فرۆشت سوودی نەبوو.. لە گوندەکانیش نانیان پێ نەدەداین.. بە فیشەک و چەک نەبێت، چەکێکی سەمینۆف بە ٢٥٠ دیناری عێراقی لێیان دەکڕین کە ئەوکات زۆر بوو.. کلاشینکۆف بە ٣٠٠ دیناری زیاتر بوو، کە ئەمانەش پارەیەکی خەیاڵی بوو بۆ ئەو سەردەمە، مەڕێک بە ٣ دینار بوو، مریشکێک بە ٢٠٠ فلس هێندە هەرزان بوو، هەمووشیان بە فیشەک پێ دەفرۆشتین و پێشمەرگەش ئەوەندە برسی بوو لە حەیبەتا دەگەڕان بۆ دەنکە جۆی ناو تەرسی وڵاغیان دەخوارد و پەلاماری بەردەیان دابوو وایان زانیبوو پارچە نانە.. پێی دەچوو بە تەوجی ئەو شتانە بە ئێمە بدەن بۆ ئەوەی ئێمە فیشەکمان کەم ببێتەوە...)**

کاک حەمەی حاجی مەحمود لە درێژەی وتەکانیدا لە لاپەڕەی ٢١٧دا دەڵێت: **(... بەگشتی لەو ٨٠٠ کەسە تەنها ٨ کەس ماینەوە بە چەکەکانی خۆمان دەرچووین و ١٧٢ کەسمان تەسلیم بووەوە.)**

هەروەها نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٢٤ی پەرتوکی کارەساتی هەکاریی دا دەڵێت: **(بەڕێکەوتنی هێزەکەی ی.ن.ک بەرەو قولایی تورکیا پشت ئەستوور بە قسەکانی دە.دە.کا.دە، بەناوی هێنانی چەکەوە، بێ ئەوەی پێگەیەکی پشتەکی یان پێگەیەکی پێشەوەیان هەبێ، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ و بەرەو کوێ و بۆلای کێ ئەچن، بێ ئەوەی لەوێ بنکەی سیاسی و جەماوەریان هەبی.....)**

هەرلەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت: **(بەگەیشتنیان بۆ ناو خاکی کوردستانی تورکیا، خەڵکی ناوچەکە بەرپرسانی پارتیان لە هاتنی ئەو کۆمەڵە زۆرەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکەیان ئاگادار کردەوە. ئێمە لەگەڵیان دانیشتین و گوتیان بۆ ئێوە هاتوون و لێتان دەدەن. دواتر بۆمان ڕوون بۆوە کە ژمارەیان ٦٢٠ کەسە و بە قولایی ٤٠ کیلۆمەتر، بە مەودای ١٥- ٢٠ کیلۆمەتر دەشتی نێوان باداو و گەوەڕیان بڕیوە. ئەوە بۆ ئێمە جێی پرسیار بوو کە چۆن ئەو ٦٢٠ کەسە لە شەمزینانەوە بەو دەشتە ڕووتەدا هاتوون، بەڵام حکومەتی تورکیا نەیزانیوە؟.)**

بەو جۆرە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی لە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٣وە لەژێر چاوی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و عەشیرەتە دۆستەکانیاندا بوون، تا گەیشتنیان بۆ دەشتی بنیانیش و کۆبوونەوەیان لە گوندی تۆوێ و بازێ. پێشمەرگەکانی یەکێتی لەنزیک بازێ، دەگەنە مەفرەزەیەکی دە کەسەی پارتی دیموکرات کە مەلا ئەمین حاجی محەمەد هۆستانی لێپرسراوی بوو. پێشمەرگەکانی یەکێتی لە پەلامارێکدا مەلا ئەمین، ئەحمەد هەرکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عومەر حەمەعەلی ناسراو بە "عومەرە ڕەش" خەڵکی گوندی مەلا قەرە لە ناحیەی کەیندناوێ، ڕەشید حاجی محەمەد هۆستانی برای مەلا ئەمین، مەردان ڕۆستەم سورچی، یەحیا شامل یوسف سندی و ئەبو حەبید خەڵکی بادینان شەهید دەکەن و سێ کەسیشیان ڕزگاریان دەبێ. لەم بارەیەوە شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدوڵا و خالید سەعید لە نامەیەکدا کە بە مێژووی ١٩٧٨/٦/١٠ ڕەوانەی مام جەلالیان کردوە و نەوشیروان مستەفا دەقی نامەکەی لە لاپەڕەی ٤٥ی نامیلکەکەیدا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێن:

**- (... ئێوارەی ٥/٣١ جەماعەتێک لە چەکدارە کورد کوژەکانی ق.م بەدی کران کە بەرەو شوێنەکانی ئێمە ئەهاتن، ئێمەش هەموو شوێنە قایمەکانمان لێگرتن، هەر لەو شەوەوە وردە تەقە دەستی پێکرد و بەیانی شەڕ گەرم بوو هەتا ئێوارە و ڕۆژی ١ و ٦/٢ بەردەوام شەڕ بوو لە نێوانماندا و هێزەکانمان زۆر نەبەردانە ئەجەنگان و زیانێکی زۆرمان لەو دوو ڕۆژەدا لە دوژمندا.)**

دوای شەهیدبوونی مەلا ئەمین و پێنج لە هەڤاڵانی، شەڕ لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانانیدا توندیی بەخۆیەوە دەگرێت. لەبەر ئەوە یەکێتییەکانیان بە ناچار چیای بازێ بەجێهێڵن و بەرەو ئەو دۆڵە دابەزن کە گوندی بازێی لێ هەڵکەوتووە. لەوێ پێشمەرگەکانی پارتی کە هەردوولای دۆڵەکەیان لێگرتبوون، لێیاندەدەن و سەریان لێ دەشێوێنن.

پێشمەرگەکانی یەکێتی دەبن بە سێ بەش. بەشێکیان بەرەو بەرزاییی چیای تووێ دەچێت کە پێگەیەکی سوپای عێراقی لێبوو. ئەو بەشە، خۆیان تەسلیمی ڕژێمی عێراق دەکەن. بەشی دووەم لەگەڵ خالید سەعید بەروە قولاییی تورکیا دەچن و بەشەکەی تریان تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات بوون. لەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

**- (پاش شکانیان لە چیای بازێ، چوون بۆ ئەو دۆڵەی کە لەپێش گوندەکە بوو. چونکە پێشمەرگەکانی ئێمە هەردوولای دۆڵەکەیان لێگرتبوون، بوون بە سێ قۆڵ، قۆڵێکیان لە گوندی تۆوی سەر چیای تۆوی کەوتن کە بەفری لەسەر بوو، ئێمە حیسابمان بۆ نەکردبوو، چونکە لەوێ پێگەیەکی حکومەتی لێبوو. ئەوان نزیکەی ١٢٠ کەس دەبوون و چوون تەسلیمی حکومەت بوونەوە. قۆڵێکیان لەگەڵ دوکتۆر خالید سەعید چوون بۆ قولاییی تورکیا و قۆڵەکەی ناوەند هاتن تەسلیمی ئێمە بوون و لەگەڵ ئێمە کەوتن.)**

هەرلەم بارەیەوە شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدولا و خالید سەعید "دوکتۆر خالید" لە نامەی ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٠ کە لە ناوچەی ژێرکی ئاراستەی مام جەلالیان کردوە، دەڵێن:

**ناوچەی ژێرکی**

**١٩٧٨/٦/١٠ کوردستان یان نەمان**

**بو هەڤال مام جەلالی بەرێز**

**سڵاوێکی شۆڕشگێرانە**

**بەهیوانی باشی و سەرکەوتنتانین و سلاوو ریزمان بۆ کاکە نەوە-مەبەستە نەوشیروان مستەفایە- نوسەر- و کاک د. مەحمود و هەموو برادەران، برادەرانی ئێرە هەموو سلاو و ریزیان هەیە.**

١- ڕۆژی ٥/١٢ هەردوو ڕەتل بەیەک گەیشتین لە برادۆست دوای ئەوەی کە ڕەتلی دووهەم تووشی هەندێ هیلاکی و نارەحەتی بوون بەهۆی مەوقفی دوژمنانەی ئێرانەوە، وەکو لە نامەیەکی ترا بەریزتانمان ئاگادار کرد.

٢- هەر لەهەمان ڕۆژدا دوژمن بە فرۆکە انزالی کرد لەسەرمان ئێمەیش بەرەو ماسی رو- گەلیشمە کشاینەوە.

٣- دوای چەند ڕۆژێک پشوودان بڕیارمان دا کە بەرەو ناوچەی بادینان بکشیین بۆ وەدەست هێنانی چەک و ئیمکانیەت و هەڵگیرساندنی بڵێسەی شۆڕسی پیرۆزمان لە بادینان، لە ناوچەی ئورەمار (محمدحسن)مان بینی و نووسراومان دایە بۆ برادەران کە (٥٠) پەنجا پارچە کلاشینکۆفی بدەنی وە جەماعەتی ئامادە کردبوو بۆ چەک هەڵگرتن وەکوو ئاگادارین چەکەکانی وەرگرتووە.

٤- هەرلە ماسی رۆ وە پێش ئەوەی ڕەتلی دووەم بگات کاک خالید و کاک شێخ حسین پەیوەندی یان بە برادەرانی (پ. ش. م)ەوە کردبوو- کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر- وە ئاگاداریان کردبوون لەپلانی ئەم هاوینەمان و دوای ئەوەش بە ئیستمرار هەر پەیوەندی مان لەگەڵیان بوە و نەمان پچڕاندوە، هەچەندە بێ خێری و بێ هیمەتی ئەوان گەیشتوتە ڕادەیەک کە تەحەمل ناکرێت، بەڵام ئێمە هەر نەرم بووین لەگەڵیان.

٥- لە ٥/٢٧ لە ناوچەی ئورەمارەوە بەرێ کەوتین بۆ ناوچەی بازێ (عەشیرەتی ژیرکی) لە ٥/٢٨ گەیشتن و چەند ڕۆژێک ماینەوە لە ئێوارەی ٥/٣١ جەماعەتێک لە چەکدارە کورد کوژەکانی ق. م بەدی کران کە بەرەو شوێنەکانی ئێمە ئەهاتن، ئێمەش هەموو شوێنە قایمەکانمان لێ گرتن، هەر لەو شەوە وورده تەقە دەستی پی کرد و بەیانی شەڕ گەرم بوو هەتا ئێوارە و ڕۆژی ١ و ٦/٢ بەردەوام شەڕ بوو لەنێوانماندا و هێزەکانمان زۆر نەبەردانە ئەجەنگان و زیانێکی زۆرمان لەو دوو ڕۆژە لە دوژمن دا، بەڵام لەبەر نەشارەزایی و بێ نانی و بێ ئاوی ئێوارەی ٢-٦/٣ بڕیارماندا بکشێینەوە بەرەو کەهێ (نزیک هەکاری). وە شەو کە لە چیا هاتینە خواری نزیک گوندی بازێ تووشی کەمینێکی جاشەکان بووین و تەقەیان لێ کردین، وەکوو بۆمان باس کردن ئێمە نەشارەزا بووین لەو شەوەوە بووین بە دوو قوەتەوە و لە یەکتر بڕ بووین، ئەمرۆ برادەرانی (پ. ش. م)

ئاگاداریان کردین بە نووسراو کەوا کاک عەلی عەسکەری نووسراوی بۆ ئەوان نووسیوە کە بەخۆی و قوەتەکەی لەگەلی دایە بەرەو (ئەتریس) لە ناوچەی عەمادیە چوون و حالیان زۆر باشە.

٦- ئێمەش قوەتەکەمان ١٧٠ پێشمەرگەین و قوەتیکی زۆر باشین و برادەران کاک عادل و کاک رەئووف بەگ و کاک شێخ عەلی لەگەڵ قوەتەکە دان و چاوەروانی ئەوە ئەکەین کە وەجبەیەک چەکمان بگاتە دەست لەم ڕۆژانەدا و برادەران نزیکیان خستوتەوە لێمان.

٧- کورد کوژەکانی ق.م خۆیان بە ژمارە کەم بوون لە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ تێ نەدەپەرین، بەڵام هێزێکی زۆر عەشائیری ناوچەکە لە عەشیرەتی پنیاش و عەشیرەتی ماجد بەگ یان کۆکردبووەوە و هێنابوویان بۆ ئەو شەڕە لەگەڵ گویی و عەشائیری گەردی و زۆری تریش.

٨- خەسائری ئەوان زیاتر لە ٢٠- ٢٥ کوژراویان هەیە لەناو کوژراوەکاندا مەلا ئەمین بارزانی و (٩) کەسی تری بارزانی تێدا بووە کە یەکێکیان کوری و ئەویتریان برای مەلا ئەمین بووە و ٨ کەسمان لی بەدیل گرتن.

٩- مجموعەیەک لە ئێمە وەکو بیستوومانە تەسلیم بە جاشەکانی ق.م بوون تەقدیر ئەکەین بە ٧٠ کەس کە بەشی زۆری بێ چەک بوون، وە برسێتی و هیلاکی و نەشارەزایی وای لی کردبوون کە بچنە ناویانەوە،

٩- (لە نامەکەدا دوو جار ژمارەی ٩ نوسراوە- نوسەر) زیانی ئێمە لەو شەڕانەدا ٥ شەهید و ٦ بریندارمان هەیە کە برینەکانیان سووکە و مەترسی لێ ناکرێ، لەناو شەهیدەکانمان دا (شێخ حەمەئەمین، خەلیفە قادر، شێخ شەهاب، خدر مالا) تێدا بوو لەگەڵ ٢ پێشمەرگەی قادر ئاغا.

١٠- ئێستا ئێمە ئیعادەی تەنزیمی قوەتەکەی خۆمان کردوتەوە، وەزعمان باشە و وورەی پیشمەرگەکان زۆر بەرزە، خەڵکی ئەم ناوچەیەی کە تیداین زۆر هاوکاریمان ئەکەن.

١١- نووسراوی د. کەمال- مان پی گەیشت پیش چەند رۆژێک نووسیبووی کەوا ٦/٩ دیتە لامان بەلام تا ئیستا دەنگی نی یە، وا نووسراوەکەی ئەو لەگەل کۆمەلیک نووسراوی کەدا، لەگەل ئەم نووسراوەدا بۆمان ناردن.

١٢- لە نووسراوی پیشوودا ئاگادارمان کردن کەوا لە شەڕی ناوچەی لولان کاک تاهیر بریندار بووە، بەلام برینەکەی سووکە و ئیستا لە ئێمە

بڕ بووە وە موتەئەکید نین کەوا لەگەڵ کاک عەلی و قوەتەکەی تردایە یان نا؟

١٣- هەر لە ناوچەی برادۆست پارەمان لی براوە، زۆری ئەم پیشمەرگانەی دەمانچەیان بووە پیمان فرۆشتوون و پارەکەیمان لی قەرز کردوون و هەر خەریکی قەرزین و هەندیکیشمان لە برادەرانی پ. ش. م (مەبەستە کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر) قەرز کردووە، بەتەمای د. کەمالین کە پارەمان پی بگەیەنێت وا جارێ ئەویش دیار نیە. لە ڕووی پارە و فیشەک وەزعمان خراپە.

١٤- ئێمە هەر لەسەر ئیش و کاری خۆمان بەردەوام ئەبین دوای ئەوەی کە ئەو وەجبە چەکەمان دەست کەوت بەرەو بادینان ئەڕۆین کە لەو ناوچانەدا وەکوو ئاگادار کراوین چەکداری خۆمانی لێ یە "بەیت و الشباب و ئولودەرە".

١٥- ئێمە کە تووشی تەسادم بووین لەگەڵ جاشەکان زیاتر لە ٥٠٠- ٧٥٠ عەشائیریان هێنابوو وە هەر بەردەوام بۆیان ئەهات ئێمەش یەک کەسی منطقە لەگەڵمان نەبوو وە کەسێکی شارەزامان نەبوو وە ٣ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو ماینەوە لە چیا و لە شەڕ، فیشەکیشمان بەرەو خەلاس بوون چوو.

١٦- ئێوە نەکەن خۆتان لەناو تورکیا بدەن ئەگەر ویستتان بەرەو بادینان بین لەسەر حدود وەرن چونکە هەموو ئەو تەقریر و دەنگوباسانەی ئەهاتن هەموو درۆیە عەشائیر بەشیوەیەکی عام لەناو تورکیا ئێستا لە دژی ئێمەن، وادیارە مەئامەرەکان ئەکری جیهازێکی تایبەتی ئیستعماری یە کە هەر ئەو جیهازە لەناو دەولەتی تورکیا تەحریضی عەشائیر و ق. م یان لە ئێمە کردووە بۆ لەناوبردنی ئێمە پارەیەکی زۆر بەسەر عەشائیردا بەش کراوە بۆ ڕێگاگرتنی ئێمە. ئەگەر بۆتان ئەکرێ لەولا لە جاشەکان بدرێ لە ناوچەی گەردی زۆر لاواز و بێ کەڵک بوون لەو ناوچانە دەریان بکەن.

١٧- تکایە چی هەبوو بەپەلە ئاگادارمان بکەن بەهۆی برادەرانی (پ. ش. م) لە ڕێگەی هەکاری یەوە.

چی هەبوو ئێمە بەکورتی بۆمان نووسین.

ئیتر بۆ پێشەوە بروەو سەرکەوتن

شێخ حسین بابە شێخ عمر عبدالله د. خالید (پاشبەندی ٣)

هەروەکوو لە نامەکەیاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، خالید سەعید و ١٧٠ پێشمەرگە بەرەو قوڵایی تورکیا دەچن و پێشمەرگەکانی پارتیش خەریکی خۆڕێکخستنەوە دەبن کە ئەم جارەیان سوپای عێراق هێرشیان دەکاتە سەر. ئەوان بۆ ئەوەی زیانیان پێ نەگات، شوێنەکەیان بەجێدەهێڵن و پاشەکشە دەکەن، بەڵام بەشێک لەو پێشمەرگانەی یەکێتیی کە پاڵیان بە پارتییەوە دابوو، ڕیزی پارتیشیان بەجێهێشت و چوون خۆیان تەسلیمی سوپای عێراق کردەوە و گەڕانەوە لای حکومەت. لەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

**- (لە کاتی شەڕەکەدا هەوا زۆر سارد بوو. سەر چیاکان بەفریان پێوەبوو. دوای تەواوبوونی شەڕ، ئەم جارە حکومەت هێرشی بۆ هێناین و توشی وەزعێکی خراپ بووین. لە بواری خۆراکیشەوە کە گوندەکان چۆلکرابوون، وەزعمان خراپ بوو. بە دیلەکانمان گوت، خۆیان بڕیار بدەن ئەوانەی دەگەڕێنەوە لای یەکێتی، یان دەچن بۆ ئێران یان تورکیا با بچن و ئەوانەش لای ئێمە وەک پێشمەرگە دەمێننەوە، با بمێننەوە. هەندێکیان چوون بۆ ئێران و هەندێکیان وەک پێشمەرگە مانەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێک حکومەت هێرشی بۆ هێناین، زۆربەی هەرە زۆریان چوونەوە لای حکومەت.)**

هەرلەم بارەیەوە حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی: **(کاک سامی عەبدولرەحمان لە سەر سنوری تورکیا بوو، بە نامە ئاگاداری کردمەوە کە هێزەکانی یەکێتی هاتوون، داخلی تورکیا بوون و دەچن بۆسەر مقەڕاتی ئێمە لە هەرکی و بێداو. نوسیبووی بەپەلە خۆم بگەیەنمە لایان، چوونکە ڕێیەکەم دوور بوو، لە**



دواڕۆژی شەڕەکەدا گەیشتمە بازێ کە بینیم یەکێتییەکان شکاون. هەندێکیان بە چیاکاندا دەهاتنە خوارێ. بەشێکیشیان خۆیان تەسلیمی پێشمەرگەکانی ئێمە کردبوو و هەندێکیشیان داخڵی عێراق ببوونەوە. حەمەی حاجی مەحمود و چەند کەسێک گەڕانەوە، من بەدوایاندا چووم، بەڵام نەگەیشتمێ و تێپەڕین. ٢٢١ کەسم لەگەڵ خۆم هێنا بۆ گوندی "گۆستا" لە ناوچەی گەردی لەنێوان لۆلان و تورکیا، سەر ڕووباری گۆستا کە ڕەوانەی لای یەکێتییان بکەمەوە. زۆرم شەرم دەکرد کە ئەوان وەک دیل بەرم، لەبەر ئەوە تۆپی "دەرزی" تفەنگەکانم دەرهێنان و تفەنگەکانم داوە بە خۆیان کە بە گوندەکاندا تێدەپەرین، خەڵکی گوندەکان بە شەڕەکە نەزانن. ئەو ٢٢١ کەسە، سی ڕۆژ لای من مانەوە. جگەلە مام جەلال و دوکتۆر مەحمود و هەروەها عەلی عەسکەریی کە لە بێداو ڕاگیرابوو، هەموو بەرپرسەکانیان لای من بوون. لە گۆستاوە شارەزایەکم لەگەڵ خستن و سێ تفەنگیشم دانێ بۆ پارێزگاریی کردن لە خۆیان. گوتم هەرکەس دەیەوێ بگەڕێتەوە لای یەکێتی یان دەچێتەوە بۆ عێراق، خۆی سەرپشکە.)



حەمید شەریف موسا لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، زانیاریی زیاترمان لەسەر پێکهاتەی ناوچەکە و شەڕی هەکاری دەداتێ و دەڵێت: (بەرلە سەرهەڵدانی شەڕی هەکاری، من بەهۆی بریندار بوونم لە ناوچەی شرناخ بووم. ڕۆژێک کاک جەوهەر نامیق، غازی زێباری ناردبوو کە بچم بۆ خزمەتی، من چووم بۆ بارەگاکەی لە چیای "کۆماتە". کاک جەوهەر لەوێ نەبوو، گوتیان چووەتە لای "ماجید بەگ". لەوێوە خەبەری ناردبوو کە بەپەلە بچمەلای. چووم، بینیم، چەند مەفرەزەی دیکەش هاتن. کاک جەوهەر گوتی: هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی هاتوون و بارەگایان لە گوندی "سەنات" داناوە.

نـاوچەی گونـدی سـەنات، سـێ وڵاتـی سـوریا، تورکیـا و عێـراق پـێکەوە دەبەسـتێتەوە و لـە نزیـک سـنوری سـوریایە. گـوتی چەکێکـی زۆر و پێشمەرگەیەکی زۆریان هێناوە کە ئێمە لە ناوچەکە پاک بکەنەوە. ئێمە پێشـمەرگەیەکی زۆرمـان نـەبوو. مـن بـەرپرسـی نـاوچەی سـەنات بـووم و کوردەکـانی تورکیـا و سـوریا هاوکـاریی منیـان دەکـرد. عەشـیرەتەکانی گۆیـان، شـرناخ، سـلوپی، ژێـرک، گەردی، قوشـیرا "قشـوری" و نـاوچەی بنیـانیش بەتێکـڕا هەڵگـری ڕێبـازی بـارزانی بـوون و لـە بـواری چەک، حاواندنەوە و بەخێوکردندا، هاوکاریی ئێمەیان دەکرد. کاک جەوهەر منی نـارد بـۆ نـاوچەی شرناخ و سلوپی. مـن بەرپرس کـرام کە ڕێگە بە هیـچ هێزێک نەدەم لە سوریاوە بێت. شـەڕەکە سـەرەتا لەنێـوان عەشـیرەتی "کەڕەوان" بە سـەرۆکایەتی "شـێخ مـیس" و یەکێتـی سـەریهەڵدا. یەکێتییەکان چەکیان لەنێوان عەشیرەتی ژێرکێ و کەڕەواندا بڵاوکردبۆوە و ویستبوویان بـۆ شـەڕ لەگەڵ قیادە موەقەت، ڕای ئەوان بـۆلای خۆیـان ڕاکێشن، کەچی لەگەڵ عەشیرەتی کەڕەوان لێیان ببوو بە شەڕ. شـەڕەکە بڵاوبۆوە و ئێمەشـی گرتەوە و وەک بزانم ٥- ٦ پێشـمەرگەی ئـێمەی تێدا شەهیدبوون کە "مەلا ئەمین بارزانی"، ئەحمەد هەرکی دوو لە سـەرکردە شەهیدەکان بوون. لە یەکێتی ژمارە پێشمەرگەیەکی زیاتر شەهیدبوون و ژمارەیەکیش خۆیان تەسلیمی عێراق و تورکیا و پـارتی کـرد. حکومەتی تورک بە شەڕەکانی زانی، بەڵام خۆی لێ نزیک نەکردەوە و زۆریان کەیف پێدەهات کە لەناو کورداندا شەڕە و یەکتر دەکوژن. ئێمەش زۆر بەو شەڕە تێکچووین و بۆمان بوو بە شەرم، بەڵام چارەمان نەبوو.)

شەڕی بازێ لە هەکاری سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. ئەگەر بە وردیی و بەبێ لایەنگریی کردن لە لایەنێک بڕوانینە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو شەڕە، بۆمـان دەردەکەوێ هەڵگیرسـانی شـەڕی هەکـاری پەیوەسـت بـوو بە کێشەکانی ١٩٦٤- ١٩٧٠ و زیاتر حاڵەتی تۆڵەسەندنەوە و خۆداسەپاندنی هەبوو، ئەگەرنا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیتوانی بەدوور لە بیری لەناوبردنی پارتی، پێکەوە لە ناوچەکەدا خەبات بکەن و بە قورساییەکی زیاترەوە لە دوژمن بدەن. ئامانج هێنانی چەک لە سوریا نەبوو، بەڵکوو بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی یەکێتی نیشتمانی کە ئامـاژەم بۆ کردن، بۆ

ئەوە بوو کە پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی لە شۆڕشی کوردستان دوور بخرێنەوە، بەڵام هەموو لێکدانەوەکانیان بەهەڵە دەرچوو. ئەو بیرە چەوتە، ڕێگای ناوچەی بادینانی لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بەست و دواتریش بەدرێژایی پترلە بیست ساڵ شەڕی براکوژیی لێکەوتەوە و پتر لە جاران پەرەی بەهەستی ناوچەگەرایی لە باشوری کوردستاندا، بەجۆرێک هەتا ئێستاش گرفتی ناوچەگەرایی لەناو دەروونی بەشێک لە سەرکردەی حیزبەکان چارەسەر نەکراوە.

بەهەر حاڵ هەروەکوو ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت: **(ئێوارە بوو، کوردەکانی تورکیا سەید کاکەیان تەسلیمی ئێمە کرد. عەلی عەسکەری و پێشمەرگەیەک و حوسێن بابا شێخ و دوکتۆر خالید بەدیل گیران و بەرپرسانی ئەوکاتەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکرات لە ناوچەکەدا، لە یەکێک لە مقەڕەکانی پارتی لە بێچەنێ، عەلی عەسکەری، حوسێن بابە شێخ و دوکتۆر خالیدیان بە تاوانباری شەڕ ناساند و بڕیاری کوشتنیان دان.)**

لەم بارەیەوە سامی عەبدولڕەحمان وەک بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە لە وتوێژێکیدا لەگەڵ بەرەی کوردستانی ئۆرگانی بەرەی کوردستان، ژمارە ١٧ لاپەڕەی ٦ شوباتی ١٩٩٠ دەڵێت:

**- (ڕەنگە من لە هەموویان زیاتر بۆ شەڕی ١٩٧٨ متاسف بم، چونکە وەکو فەرمووتان من لایەنێکی ڕاستەوخۆی ئەو شەڕە بووم. لە هەموو شەڕان زیاتر من متاسفم بۆ ئەو شەڕە، بەڵام نازانم خەڵک چی دەکا ئەگەر هێزێک سنوری سێ دەوڵەت ببڕێت و هەوڵبدا تۆ لەناو ببا. ڕەنگە هێشتا ئەو ئەزموون و تەجروبەی ساڵی ١٩٨٢ی بادینانمان نەبوو کە بە برادەرانی خۆمان بڵێین ئەگەر هاتن ڕابکەن و ئەو وەختە نەگەیشتبووینە ئەو عەقڵە کە بڵێین ئەگەر هاتن ڕابکەن. ئەوکات گوتمان ئەگەر هاتن دیفاع بکەن. بەداخەوە هاتن و زۆر هەوڵیشمان دا شەڕ نەبێ، "زیندوونە ئەوانەی لە ڕێگامان بوون" بەڵام وەڵام نەبوو. بەداخەوە دەڵێم متاسفم. ئەوان هێرشبەر و ئێمە داکۆکی کەر "مدافع". خوێن ڕژا و هەردوولا خەسارەت و میللەتی کوردیش خەسارەت بوو، دوژمنانی ئێمە قازانجیان کرد. ڕەنگە لەوکاتە خۆمان بە سەرکەوتوو حساب کردبێ، بەڵام بە**

**تێڕوانینی مێژوویی هەموومان زۆر خەسارەت بووین. ئەمەش لە هەرشتێک زیاتر دەرس و پەندی بەخودی مندا. تۆ هەرچی بێ لە شەڕی ناوخۆ و شەڕی براکوژی هەر دوڕاوی و قەت نایبەیەوە. لەبەر ئەوە باشترە ڕابکەی، ڕاکردن عەیب نییە. ئەگەر تۆ ڕابکەی تۆ سەرکەوتووی. ئەو شتانەی لەو شەڕە و پاش ئەو شەڕە ڕوویاندا حەز دەکەم دووپاتی بکەمەوە هەمووی بە کۆمەڵ بووە، هیچ شتێک بە "فردی" نەبووە و هەموو بڕیارەکان بە کۆمەڵ بوونە.)**

سیخوڕەکان لە بەردەوامیی دژایەتیی کردنیاندا لەگەڵ ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی باس لە شەڕی براکوژیی ساڵی ١٩٩٦ی باشوری کوردستان دەکەن و دەڵێن: **(ڕێبازێک کە دەست لە دەستی ئیستخباراتی حیزبی بەعس و سەدام حوسێن، ئەوە کوژیی ساڵی ١٩٩٦ی پێکهێنا و هەزاران کوردی کوشت؟ ڕێبازێک کە من باوەڕم پێی نییە و تەنانەت بە شێرپەنجەیەکی دەزانم لە بەرامبەر گەشەسەندن و ئاسایشی کورد و کوردستاندا و....)**

- سروشتییە کە ئێوە جاش قەڵەمەکان و سەرۆکەکانتان لە دەزگاکانی هەواڵگریی کۆماری ئیسلامیدا نابێ باوەڕ بە ڕێبازی بارزانی بکەن، چونکە ئەو ڕێبازە خزمەتی نەتەوەی کورد دەکات، دەبێ ئێوە ئەو بە شێرپەنجەی بزانن. ئەگەر ئێوە بە دوور لەوە بیرلە ڕێبازی کورد خوازانەی بارزانی بکەنەوە، ئەوە بۆشاییەک لەو ڕێبازەدا هەیە کە ئێوە خۆشحاڵ دەکات کە بەخۆشییەوە پێچەوانەکەی سەلمێندراوە.

بەڵام سەبارەت بە شەڕی براکوژی لە باشوری کوردستاندا، هەموو ئەوانەی بەشوێن ڕووداوەکانی کوردستانەوەن، باش دەزانن کە پێکهێنەری ئەسڵی شەڕی براکوژی لە باشوری کوردستان، هەروەکوو سەردەمی ڕژێمی پەهلەوی، کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەو بوو ڕێگەی بۆ سەدام حوسێن خۆشکرد ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ سوپاکەی بنێرێ، تا پاشەکشە بە جاش، پاسدار و سوپای ئێران لە باشوری کوردستان بکات. جێی خۆیەتی ئێوە پیاوانی کۆماری ئیسلامی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە کە ئایا هەزاران پاسدار و یەکە جۆراوجۆرەکانی سوپای ئێران بەچەکی قورس و کاتیوشا، لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا چیان دەکرد؟

ئایا ئەو هێزە مەزنە پڕچەکە بۆ داگیرکردنی خاکی عێراق هاتبوون، یان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات لە باشووری کوردستان و گەرم کردن و پەرەپێدانی شەڕی براکوژی لە نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی و هاوپەیمانانیدا؟ نفرین لەو شەڕە کە دەیان ڕۆڵەی کوردی تێدا شەهیدبوو. بە خۆشییەوە هەردوو سەرکردەی لایەنە شەڕەکان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ئەو شەڕەیان مەحکوم کرد و ڕێیان لە ئێوە گرت کە بە کوشتنی کورد خۆشحاڵ بن.

دەستدرێژی کردنی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوچەی ئازادی هێڵی ٣٦ لە باشووری کوردستاندا بە مەبەستی دوورکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەسەڵات کە خەڵک لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا دەنگی پێدابوو، شەڕێکی ناڕاستەوخۆی ئەمریکا و ناتۆی بوو دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستاندا و باشووری کوردستانی لە دەستیوەردانی ڕاستەخۆی کۆماری ئیسلامی ڕزگار کرد. بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم دەستکەوتی ئێستای نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا کە بۆتە چقڵی چاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بە بەردەوامی پیلانی بۆ دادەڕێژن بەشی هەرە زۆری بە ڕووداوی ٣١ ی ئابەوە بەستراوەتەوە. بۆ زانیاریی زیاتری خوێنەران لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوە نەخوازراوەی کورد لە ڕوانگەی جیاوازەوە، پێویستە بڵێم:

شەوی ١٦ لەسەر ١٩٩٦/٨/١٧، پارتی دیموکراتی کوردستان خەریکی پیرۆز کردنی یۆبیلی زێڕینی خۆی بوو کە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە پشتیوانی یەکەکانی تۆپخانە، کاتیوشا و خۆمپارە هاوێژەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران پەلاماری ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتییان دا. گەڵاڵە، قەسرێ و ناوچەیەکی بەرینیان لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکرات دەرهێنا و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە و خەڵکی سڤیلی ناوچەکەیان شەهید و بریندار کرد و خۆیان گەیاندە ناوچەی سیدەکان و بەرزاییەکانی "کڵاوقاسم"یان داگیر کرد. پێشمەرگەکانی یەکێتی لەژێر ئاگری تۆپخانەی سوپای ئێران لە پێشڕەویدا بوون و پێشمەرگەکانی پارتی لە پاشەکشەدا، تا سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٢٠، پێشمەرگەکانی پارتی لە دژە هێرشێکدا بۆسەر

پێشمەرگەکانی یەکێتی، بەرزاییەکانی کڵاوقاسمیان گرتەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ شەهید و بریندار کردن و ١٢ پێشمەرگەشیان بەدیل گرت.

پارتی دیموکراتی کوردستان حکومەتی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە ئاگری شەڕ لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا خۆشتر دەکا. لەم بارەیەوە لە بەیاننامەیەکدا کە لە لەندەن بڵاویکردوە، ڕایگەیاند:

**- (ئێران هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت.)**

هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە **ئێران بە ڕێگەی تۆپباران کردن پشتیوانی لە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی دەکات.**

وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕ و پێکدادانی نێوان گروپە شەڕکەرەکانی کوردستانی سەرکۆنە کرد و داوای لە سەرکردەی هەردووڵا کرد کە ئامادەی کۆنگرەیەکی ئاشتی بن کە بە سەرپەرشتی ئەمریکا لە لەندەن ساز دەکرێت. سەرچاوەیەکی ئەمەریکی ڕایگەیاند:

**- (کاربەدەستانی ئەمریکا چەند ڕاپۆرتێکی باوەڕپێکراویان بەدەست گەیشتووە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی هەیە لە ململانێی ئەو دوو گروپە کوردییەدا و کاربەدەستانی ئەمریکا بەرامبەر بەم کارەی ئێران زۆر نیگەرانە.)**

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە دەستێوەردانی ئێران لەم شەڕەدا دەربڕی.

لە چوارچێوەی بەرینبوونەوەی شەڕ لەنێوان هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستانی عێراقدا، کاربەدەستانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا ڕایانگەیاند:

**- (کە لە دووری ٢٠ کم لە سنوری ئێرانەوە چەندین بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و ناوچە و گوند تۆپباران کراون و لە ئاکامدا بەلایەنی کەمەوە ٢٥ کەس لە هێزەکانی پارتی و ٧٥ کەسی دیکەش لە پێشمەرگە و هاووڵاتیانی کوردستان بریندار بوون.)**

سەرچاوەیەک لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەم بارەیەوە گوتی: **(ئێران چەک و تفاق و ئوتۆمبیل بۆ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابین دەکات. حکومەتی ئەمریکاش نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەم کارەی ئێران دەربڕی و داواشی لە هەردوو حیزبی بەگژیەکداچوو کرد کە شەڕی نێوانیان ڕابگرن.)**

پشتریش ئەمریکا ڕایگەیاندبوو ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لە باکوری عێراقدا هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا پەرەبستێنێت. ئەم دەستێوەردانەی ئێران مەرامی حکومەتی ئێران دەسەلمێنێ سەبارەت بە داسەپاندنی نفوزی خۆی لە باکوری عێراقدا. حکومەتی ئەمریکا پێیوایە کە نابێ لە ڕێگەی ئەم شەڕەوە ڕێگە بە ئێران بدرێ پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا قایم بکا، بۆیە ئەمریکا هەوڵدەدا هەردوو حیزب بگەڕێنەوە سەر مێزی دانووستان.

شەڕ و پێکدادان لەنێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە خەستی بەردەوام بوو. پێشمەرگەکانی یەکێتی لە هەموو لایەکەوە پەلاماری ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتییان دەدا و بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکبوو پارتی بە چۆکدابێنێت. شەڕ گەیشتە کەسنەزان، زیارەت و چیای سەفین. یەکێتی لە شەوی ٢٥- ١٩٩٦/٨/٢٦ هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کەسنەزان، زیارەت، چیای سەفین، کڵاوقاسم، کەپکی حەمە ئاغا، دۆڵی ئالانە و ڕەواندز و لە ئاکامدا ژمارەیەکی تریش لە هەردوولا شەهید بوون.

ڕۆژنامەی برایەتی لە ژمارەی ٢١٧٣ی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣دا وتارێکی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بڵاوکردەوە. لە وتارەکەیدا، بارزانی ڕایگەیاند:

**- (سەرکردایەتی پارتی ئاگاداری نەخشە و پلانی یەکێتی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٨دا مەسەلەکەی بۆ ڕای گشتی ناوخۆ و جیهان ڕوونکردۆتەوە و ڕایگەیاندوە دەستێوەردانی دەرەکی لە باشوری کوردستاندا، ژێرپێنانێکی ترسناکە لە شکاندنی حورمەتی هەرێم و سەروەریی نیشتمانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلەیە بە لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ناوبژیکاریی نێوان پارتی و یەکێتی بوو و تەنانەت دەوڵەتی عێراقیشی ئاگادار کردۆتەوە.)**

بە نوسینی ڕۆژنامەی خەبات، پارتی داوای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی هاوپەیمان و حکومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان کردوە کە بە ئەرکی خۆیان هەستن و گەلی کوردستان لە

دەستێوەردانی ئیقلیمی بپارێزن. بە ڕاشکاوی و بەبێ پێچوپەنا بە هەموو لایەکانی ڕاگەیاندوە کە ئەگەر جیهان بە فریایان نەگات و بەرپرچی دەستێوەردان و ئینتهاکی ئیقلیمی نەداتەوە، ئەوا پارتی گلەیی لێ ناکرێت ئەگەر پانا بۆ هەر شێوازێک بەرێت تا بەرگری پێ لەخۆێ و گەل و ئەزموونەکەی بکات. بەنیسبەت پارتییەوە سەرکەوتنی پلانی یەکێتی بۆی مان و نەمان بوو، بەلام ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار بایەخی پێویستیان بە داواکارییەکانی پارتی نەدەدا و تەنیا ئەوەندەیان پێگوتووە کە دان بە خۆیاندا بگرن. لە کاتێکدا یەکێتی بە هاوکاریی ئێران بە بەردەوامی خەریکی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکانی دژ بە پارتی بوو، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کوردستان داوای یارمەتی لە حکومەتی عێراق کرد کە وەلامی دەستدرێژی ئێران بداتەوە. ئەوە بوو کە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات بە هاوکاریی سوپای عێراق، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ لە چەند قۆڵەوە خۆیان گەیاندەوە هەولێر و یەکێتی نیشتمانیی هەولێری و تەنانەت باشوری کوردستانی بەجێهێشت و لەگەڵ پاسدارەکان ئاودیوی بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆوە، بەلام سەرلەنوێ پێشمەرگەکانی یەکێتی بە پشتیوانی هێزەکانی سوپای پاسداران گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان و ئەم بەشەی ئێستایان خستەوە دەست خۆیان کە دواتر دوو ئیدارەی لێ دروستبوو.

ئاژانسی ڕۆیتەرز ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣، هەڵوێستی سیاسی و دیپلۆماسی ئەمریکای دەربارەی ئەو ڕووداوەی کوردستان و دەستێوەردانی ڕژێمەکانی ئێران و عێراق لە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشیوەی خوارەوە ڕاگەیاند:

**- (ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژی سێ شەممە ١٩٦٦/٩/٣ ڕایگەیاند، سەرەڕای دەستێوەردانی بەغدا کە بوو بەهۆی هێرشی مووشەکی ئەمریکا بۆسەر عێراق، ئەمریکا لە هەوڵەکانیدا بەردەوام دەبێت بۆ یەکخستنی هەردوولایەنە کوردیەکە.)**

قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نیکۆلاس بیرنس گوتی: **(واشنتۆن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی کە لە**

**لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێ، هەوڵدەدات بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد پێک بێنەوە و بە یەکەوە کار بکەن.)**

بیرنس گوتی: **(ئامۆژگاریمان بۆ کورد ئەوەیە کە ناکۆکیەکانی نێوانیان وەلا بنێن، هەرچەندە دەزانین ئەم ناکۆکیانە تاڵن و زۆر لە کۆنەوە هەن.)**
هەروەها گوتی: **(بە دۆستایەتی سەرکردەکانی ئێران و سەدام حوسێن رازی مەبن، چونکە هیچکام لەمانە نە باوەڕیان پێدەکرێ و نە بیر لە بەرژەوەندی گەلی کورد دەکەنەوە.)**

ئەوەشی گوت: **(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێرانی ئاگادار کردوەتەوە کە خۆی لە شەڕی سەرووی عێراق دوور ڕابگرێت و دیسانیش ئاگاداری دەکاتەوە و دووپاتی دەکەینەوە.)**

هەروەها گۆڤاری سڤیل لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/١ بەشێک لە بیرەوەرییەکانی حەمەی حاجی مەحمود سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی سەبارەت بە هاوکاریی یەکێتی نیشتمانی و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و چرا سەوزی ئەمریکا بە عێراق بۆ دەرکردنی ئێران لە باشوری کوردستان لە ١٩٩٦/٨/٣١دا بڵاوکردوەتەوە و دەنوسێت:

**- (٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئەو ڕۆژەیە، کە هێزەکانی حکومەتی عێراقی هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد، بۆ دەرکردنی یەکێتی لە هەولێر، دوای ئەوەی زیاتر لە مانگێك سوپای پاسدارانی ئێران پشتگیریی یەکێتی کردو هاتە نێو خاکی کوردستانی عێراقەوە و ئەم ڕووداوە زۆری لەسەر وتراوەو نوسراوە)**

سڤیل چەند لایەنێکی ئەم ڕووداوە لە بەرگی چوارەمی کتێبی (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك)ی محەمەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

**لەشکر، لەشکر رادەکێشێ:** نوسەر لەو بەشەی کە باسی ڕووداوی ٣١ی ئاب دەکات، چووەتە سەر باسی لەشکرکێشیەکەی ئێران بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لەبەشی "یادی یۆبیلی زێڕینی پارتی و مەترسیەکانی یەکێتی" دەنوسێ:

**- (سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٢٦ برادەرانی خۆمان ئاگاداریان کردم کە سەیارەیەکی زۆر بەبارەوە لە مەریوان و قەسری شیرین و لە**

**پەرویزخانەوە بەرەو سەر سنووری باشماغ و پێنجوێن و سەرسنووری پەروێزخان و بۆ سەر سنووری حاجی عمران خانە وەستان و قەرارگای حەمزە و قەرارگای ڕەمەزان و سوپای پاسدارانیان لەگەڵ دایە، رۆژی هەینیان دانابوو کە سەر سنوورەکان چۆڵە و خەڵکی کەمتر لێیە. سەعات ۱۲ی هەمان رۆژ گوتیان لۆریەکی زۆر بە بار و لاندگرۆز بە چادر داپۆشراون، تۆپ و کاتیۆشا و دۆشکا و زۆریتری لەسەرە و لە دەربەندیخانەوە بەرەو عەربەت و سلێمانی و سەید سادق گەیشتنە ناو شار و لەشەستیەکەوە بۆ معەسکەر سەلام.)**

محەمەدی حاجی مەحموود باس لەوە دەکات کە ئەو زۆری پێ ناخۆش بووە کە رۆژی پێشتر لای مام جەلال بووە، بەڵام هیچی لا باس نەکردوە و نەیگوتووە کە ئەوان هێزی ئێرانی دێنن و هەروەها ئێرانییەکانیش هیچیان پێ نەوتووە. ئەو لەشکرکێشیەی کاکە حەمە باسی دەکات، هێزەکە بریتی بووە لەسوپای پاسداران و قەرارگای حەمزەی سەیدی شوهەدا، قەرارگای رەمەزان بە قیادەی سەردار ئەحمەدی کازمی و لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە فەرەیدون عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ بەرپرسانی هێزەکەی ئێراندا بووە **(لە سەعات ٦ی سەرلەبەیانیەوە لەچیای هەیبەت سوڵتانەوە بە تۆپ و راجیمە لە بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان دا، لە جادەی تەقتەق-کۆیە درا و هێزەکانی ئێران نوێنەری یەکێتیان لەگەڵ بوو لەسەر سنوورەوە سەیارەی یەکێتی لە پێشیانەوە بوو.)**

هەڵوێستی پارتی دوای ئەوەی ئەو هێزەی ئێران لە بارەگاکانی دیموکراتی دا و دوو سێ هەزار کەسی لەژن و منداڵی دیموکرات **(بەپێی پەتی و شپرزەییەوە بەرەو هەولێر و بەردەمی UN و حەوت حزبەکەو ئەو ناوە دەڕۆیشتن. پاسداریش چووەتە ناو شاری کۆیە و کۆنترۆڵی کردووە و سەیتەرەی داناوە.)** لە گەڕانەوەدا دەیانەوێ بەسنووری ناوچەکانی پارتیدا بگەڕێنەوە، بەڵام پارتی رێیان پێدەگرێت **(لە خەلیفان پارتی رێگەی لێگرتبوون و رێگای نەدابوون لە حاجی عمرانەوە بگەڕێنەوە، لەوانەی قەرارگای رەمەزانیان دابوو، جیهازەکانیان لێ سەندبوون و قسەی زۆر و ئیهانەیان کردبوون و گەڕاندبوونیانەوە لە ڕانیە و کێلێوە**

**بـــۆ سەردەشـــت گەڕانەوە.)** ئەمە وایکـــرد، کە ئێـــران بەردەوام بێـــت لە هاوکاریکردنی یەکێتی بۆ شەڕی دژ بە پارتی.

٣١ی ئاب دوای ئەوەی لە شەوی ١٦ی ئابی ١٩٩٦ کە پارتی لە ئاهەنگی یۆبیلی زێڕینی ٥٠ ساڵەی دابوو، ئەو شەوە جەولەیەکی دیکەی شەڕ بە هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پارتی لە ناوچەی چۆمان دەستی پێکردەوە، کاکە حەمە دەنووسێ:

**- (یەکێتی وای دەزانی دوو هەنگی لە دارێکدا دۆزیوەتەوە لەگەڵ سوپای پاسداران و قەرارگـای حەمزە و رەمەزانـدا بەردەوام بـوون، تۆپخـانەی ئێـران بەخەستی بۆردومـانی هێزەکـانی پـارتی دەکـرد، بە چاوسـاغی و رەسـەدی یەکێتـی لە حـاجی عمـران و چۆمـان و دەوروبەری، بە دەیـان پێشمەرگەی پارتی بوونە قوربانی شەڕی ناوخۆ، هێزی پارتی لە پەلوپۆ کەوتبوون.)** هەروەها دەڵێ

**- (لە ٨/٢٠ هەر لەسلێمانی بووم هێزی یەکێتی بە هاوکاری تۆپخانەی سوپای پاسداران حاجی عمران و قەسرێ و خانەقا و چۆمان و گەڵاڵە و دارسەلام تا نزیکی گەرووی عومەر ئاغایان لە پارتی پاك کردەوە و پارتی شکا و خۆی دانی بە ١٠٠ کوژراو دانا، بەڵام کوژراوی زۆر هەبوو، پارتی نەیدەتوانی لە بەردەم هێـزی یەکێتـی و تۆپخانەی ئێراندا ڕاوەستێ و بەرەنگاری بکات.)**

وەك کاکە حەمە باسی دەکات، دوای ئەوەی هێرشەکانی ئێران و یەکێتی بـۆ سـەر پـارتی خەسـتتر دەبێـت و پـارتی بە بەیاننـامە و لە ڕێگـای پێوەندیەکانییەوە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات تەدەخول بکەن، هەر ئەوکاتەش پێوەندی بە حکومەتی عێراقەوە دەکات. کاکە حەمە باس لەوە دەکات کە پێش ڕۆژی ٣١ی ئاب، چەند جارێك بە کۆسرەت رەسوڵ و سەرکردایەتی یەکێتی گوتووە کە مەترسی هاتنی سوپای عێراق دەکرێ، بەڵام ئەوان گوتوویـــانە ئەمریکـــا ڕێگـــا نـــادات و ئـــێمەش ١٧ هەزار پێشمەرگەمان هەیە. دەڵێ:

**- (کاك کۆسرت گوتی تازە ئەمریکایەکانم دیوە و مام جەلالیش تەئکیدی کردوەتەوە ئەمریکا ڕێگا بەعێراق نادات و لێی دەدات و ئەوکات قازانجی خۆمانە و ئەگەر لێی بدات دەبابەکانی بەجێدەمێنێ.)**

**ئێـران دەڵێـت: عێـراق بەبـێ ڕەزامەنـدی ئەمریکـا نـایەت.** نوسـەر دەگێڕێتەوە: **(ڕۆژی ٨/٢٨ لە هەولێر لە مەکتەب سیاسی بووین وەفدێکی ئێـران هـاتبون وتیـان وەزعەکە چۆنە وا پـارتی شـکاون و زۆر شـوێنیان بەجێ هێشتووە و عێراقیش خۆی ئامادە کردوە بۆ پەلاماری هەولێر. منیش پێم وتن ڕاستە بەڵام ئێوە ڕەئیتان چییە وتیان ئەگەر عێراق بێت، دێتە هەولێر، بەڵام بەبێ ئاگاداری ئەمریکا نایەت، چونکە ئەمریکا ئاگـاداری یەکێتـی کـردوە ئەو جێگایـانەی ئەو دوو سێ ڕۆژە لە ١٧ تـا ١٨ گیـراوە چۆلی بکەن، یەکێتیش پێناچێت چۆلی بکات.)**

نوسـەر دێـتە سـەر شـەوی پـێش ڕووداوەکە کە دووبـارە چـووەتەوە لای کۆسـرەت و پێـی گوتـووە چ ئامادەکارییەکتـان کـردوە، گوتـوویەتی هێـز ئامادەیە و ئەمریکا ڕێگە نادات هیچ بکات. **(پاشـان مـن ڕۆیشتمەوە کـاك خورشیدم ناردەوە بۆ لای کاك کۆسرەت دەمویست تـێ بگەم مقـاوەمە تـا کەی دەکرێت و تا کەی دەتوانرێت و پاشان بۆ کوێ دەکشێینەوە بڕیاری وا هەیە یـان نە، بەڵام بروسـکەی مـام جەلال بۆیـان و تەئکیـدی خۆیـان ئەوەنـدە یەکێتـی دڵنیـا کردبـوو کە هەلیکـۆپتەری ئەمریکـا بێـت لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڵیان بگرێت و بیانبـات ئەگەر کـار گەیشتە ئەوەی عێراق بێتە ناو شار.)** نوسەری کتێب، بیرەوەرییەکـانی ئەو ڕۆژەی هەمـوو تۆمـار کـردوە کە چـۆن دەبابەکـانی عێـراق هـاتوونەتە نـاو شـار و هێزەکـانی یەکێتـی لە قۆڵەکـان شـکاون، وەك خـۆی دەڵـێ ئەو هەمیشـە پرسیویەتی چـی دەکەن و چـی نـاکەن، بەڵام سـەرکردایەتی یەکێتـی هەر دڵنیاییان داوە کە ئەمریکا لە سەریان بەجواب دێت. کاکە حەمە دەڵـێ:

**- (کە هێزەکانی عێراق و پارتی لەهەموو لایەك پێشڕەوییان دەکرد، کاك خورشیدم ناردەوە لای کاك کۆسرەت گەڕایەوە و وتی کاك کۆسرەت لەوێ نەبوو تەنها کاك سەعدی ئەحمەد پیرە و چەند پێشمەرگەی لەگەڵدا ماوە کـاك سـەعدی کلاشـینکۆفێکی پێبـوو. کـاك سـەعدی لەگەڵیـان چـووە بـۆ سـەربانەکان گـوتی وا دامەزراویـن... وتـم کـار گەیشـتە کـاك سـەعدی لە سـەربان بێت و دامەزرابێـت کلاشـینکۆفی پێبێـت بـۆ سـوپای عێراقـی بـا چاوەڕێ نەبین ئیتـر ئەزانـم چـی بـکەم خـۆم بڕیـار ئەدەم لە چارەنوسـی خۆمان.)** دوای ئەوە چیتر کاکە حەمە بڕوا بەوە ناکات کە ئەمریکا لەسەر یەکێتی بەجواب بێت، بۆیە خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکات.

**مەلا بەختیار:** با کاك کۆسرەت وەك کاکە حەمە بکات دوای ئەوەی هێزەکانی یەکێتی هەولێر بەجێدێڵن، دەچنە دەرەوەی هەولێر نزیك ناحیەی دارەتوو، کۆسرەت و سەعدی پیرە و مەلا بەختیار و مولازم عومەر و ئەرسەلان بایز و زۆری دیکەشیان لەگەڵ بوون، هێزەکەی کاکەحەمەش دەگاتە لای ئەوان، ئەوکاتە فوئاد مەعسوم و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن پارتیەوە دەستگیر دەکرێن، بۆیە کۆسرەت رەسوڵ دەڵێ من ئێرە بەجێناهێڵم، چونکە چۆن ئەوان دەستگیر کرابن منیش بڕۆم، بەڵام ئەندامەکانی دیکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ئەوەن کە بڕۆن، بۆیە داوا لە کاکە حەمە دەکەن قەناعەت بە کۆسرەت بکات، کاکە حەمە دەگێڕێتەوە **(کاك مەلا بەختیار وتی کاك کۆسرەت ئەوە کاکە حەمە لە هەکاری دەرچووە و دوایش بە ئازایەتی حیساب کرا و خۆشی ماوە و هێزێکی باشی دروست کردوە بۆ نموونە، ئێستاش با کاك کۆسرەت وا بکات باشە.)** دوای ئەوەی ئەو هێزە هەولێر بەجێدێڵن، دەچن بۆ لای مام جەلال، کاکە حەمە دەڵێ **(من ئەوەندەی سەرنجی مام جەلالم دا تەنها هەندێك بۆ هێرۆخان ناڕەحەت بوو، بەڵام دەری نەدەبڕی.)** دەشڵێ زۆرم پێ گوتن کە با هێزەکانیان لە بێستانە و حاجی یوسف نەمێنێتەوە، ئەوێ جێی شەڕ نییە، با بێنە هەیبەت سوڵتان بەڵام وایان نەکرد. یەکێتی وای دەزانی کە ڕێککەوتنی عێراق و پارتی بۆ هەموو کوردستانە، بەڵام ڕاستییەکەی تەنها بۆ هەولێر بوو، بەڵام پارتی غرور بوو، یەکێتیش رووخا بوو. کاکە حەمە دەڵێ **(ئەمریکا چرای سەوزی بە عێراق دا بۆ هەولێر و بۆ تەمێکردنی یەکێتی کە زۆر لەگەڵ ئێران نەڕوات.)** زیاتر دەڵێ **(یەکێتی لە غروری و گوێنەگرتن و حیسابی نادەقیق لەسەر ئەمریکا و تورکیا و ئەوانە وای دەزانی هەموو شتی کردوە لەسەر خەیاڵ ئەژیا. هێنانی پاسداران غەڵەتی یەکێتی بوو، یەکێتی سەری لە سیاسەتی ناوچەکە دەرنەدەکرد.. هەر ئەمەش یەکێتی توشی ئەو کارەساتە کرد.)** بەپێی گێڕانەوەکانی کاکە حەمە دوای شکستی یەکێتیش ئێران هەر لەسەر خەت بووە، دوای ئەوەی کاکە حەمە لەگەڵ پارتی کۆدەبێتەوە، بەرپرسانی ئێرانی لە سنە لەگەڵ کاکە حەمە دادەنیشن و ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن کە بۆچی لەگەڵ پارتی دانیشتوون، کاکە حەمە دەڵێ **(من بەراستی زۆرم پێ ناخۆش بوو وتم کاکە ئێمە خۆمان بڕیاری خۆمان**

**ئەدەین، وا ئێستاش دەگەڕێمەوە کوردستان نە دژی پارتی دەبم نە دژی یەکێتی.)** دوای ئەوە قەرارگای ڕەمەزان داوایان لێدەکەن بگەنە نەغەدە بۆ کۆبوونەوەو بەرپرسانی سنەش پێی دەڵێن **(هەر چۆنێك بووە مام جەلال ببینە.)** کە لە نەغەدە بەرپرسانی ئێرانی دەبینێ، پێی دەڵێن **(هاوکاریکردنی مام جەلال هاوکاریکردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.)** دوای ئەوە کاکە حەمە بە خەستی بەشداری شەڕی دژ بە پارتی دەکات و هێزێکی ئێرانیش بە تۆپ و ڕاجیمەوە بەشداری شەڕ دەبێت و پارتی دەشکێت تا لەنێوان دیگەڵە و کۆیە سەنگەر لەیەکتر دەگرن.

**خیانەتی پارتی یان ناشارەزایی یەکێتی؟** نووسەر باس لە ناشارەزایی یەکێتی لە سیاسەتی هەرێمی دەکات و دەنووسێ **(یەکێتی لە دوای راپەڕینی ئاداری ۱۹۹۱ەوە لە سیاسەتی ئیقلیمی سەری دەرنەدەکرد، چونکە بە دەستی ولاتانی ئیقلیمیەوە گیرۆدە ببوو.)** هەروەها دەنوسێ:

**-(لە ۱۹۹٦/۸/۳۱پارتی توانی سوپای عێراق بهێنێتە هەولێر و یەکێتی دەربکات لە کوردستان وەدەری بنێ و تا سەر سنووری ئێران یەکێتی راونا، لە ۱۹۹۷دا پارتی توانی قەناعەت بە تورکیا بکات هێز و دەبابە و فڕۆکەی ئێف ۱٦ی تورکی و جەندرمەی تورکی بهێنێتە سماقوڵی و قەناعەت بە ئەمریکا بکات دژی هاتنی سوپای تورکی نەبێت، توانی قەناعەت بە ئەمریکا بکات کە نەوەك هەر بێدەنگ بێت، لە هێنانی سوپای عێراق لەلایەن پارتیەوە بۆ هەولێر، بەڵکو چرای سەوزیشی پێشاندا کە بە ئاسانی یەکێتی دەربکات، بەلام بۆ چەند سەعاتێك جەیشی ئێرانی کۆشکی سپی و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و مەجلسی ئەمنی نێودەوڵەتی بەیانیان دەرکرد و ئینزاری ئێرانیان کرد، بە زوویی کوردستان یا خاکی عێراق چۆڵ بکات، ئەمانە یەکێتی نەیتوانی قەناعەت بەو دەوڵەتانە بکات شەڕی نەکەن، پارتی قەناعەتی کرد بەو دەوڵەتانە شەڕ بۆ پارتی بکەن دژبە یەکێتی. من ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر بەجێدێڵم، ئایا قسەی یەکێتیە و پارتی خیانەتی کردوە یاخود سەردەرنەکردنی یەکێتیە لە سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی؟ یا هێزێکی وەکو یەکێتی لە کوردستان وەدەربنرێت، کام سیاسەتە کە پارتی رازی نەبوو یەکێتی لەسەر سنوورەکانیش بێت؟ بە ئێرانی دەوت ۱۰۰**

**کیلۆمەتر لە قولایی خاکی ئێراندا نەبێت پارتی قەبووڵ ناکات بە راجیمەش لە ماڵەکانی ئۆردوگای سەیران بەنی لای بانەی ئەدا، بۆیە من ڕام وایە سەردەر نەکردنی یەکێتیە زیاتر لەوە یەکێتی بە پارتی ئەڵێت خیانەتە.)**

لە درێژەی نوسینە بێلایەنەکەیدا!!! قانعی فەرد وڕێنە دەکات و دەڵێت: **(لەم کتێبەدا بەتایبەتی ویستم دەمامک لەسەر ئەو هێزە هەڵگرم، بەڵکوو پەیامێک بخەمە نێو زەینی خنکاوی لاوانی وڵاتەکەم، تەنانەت ئەگەر تاقە فریوخواردوویەکیش بێت.)**

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەرێمی کوردستان، ڕاشکاوانە و بەبێ دەمامک بیروبۆچوونی خۆی و نەتەوەی کوردی بە گوێی داگیرکەرانی کوردستان و گەلانی جیهان دەگەیەنێت! ئێوە دەتانەوی دەمامک لەسەر دەمی ئازادیخوازانی کوردو ئێرانی دابنێن و زینی هۆشیاریان کوێر بکەنەوە و فریویان بدەن. ئێوە و هاوکارانتان هەرلەم چەند لاپەڕەیەی یەکەمی ڕەشەبای ڕووداوەکاندا، مەبەست و ئامانجی خۆتان گەیاندوە و ئاشکراتان کردوە کە تا چ ڕادەیەک دوژمنی کورد و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانین و لە ڕاستیدا لەوە تورەن کە مەسعود بارزانی باس لە ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان و دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ نەتەوەی کورد دەکات.

ئێوە بە ڕێنوێنی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران و بە پلانی داڕێژراو بە ڕواڵەت وتوویژتان لەگەڵ عیسا پژمان کردوە کە لە پلەی یەکەمدا، ئەو لە بواری ئیتلاعاتییەوە بەتاڵ بکەن و زانیارییە نەدرکاوە پێویستەکانی بۆ ئیتلاعات لێوەربگرن و دووەم، لەگەڵ پژمانی کۆنە سیخوڕ پێکەوە دژی نەتەوەی کورد وڕێنە بکەن و شەڕی دەروونی بۆ لاوان و نەوەی نوێی کورد دروست بکەن. هەروەکوو گوتم مێژووی کورد چەواشە بکەن و گەلی کورد فریو بدەنو لە ویستو دروشمی سەربەخۆییخوازانە دووری بکەنەوە. بەگشتی هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزتر دەبێتو باشوری کوردستان پتر گەشەدەستێنێت، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تورەتر و لە بەرامبەر نەتەوەی کورددا درندەتر دەبن و چەواشەکەرانیان زیاتر دژی نەتەوەی کورد و دەستکەوتەکانی درۆ هەڵدەبەستن.

دروشمی بژی چوار پارچەی کوردستان لە شار گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەورۆزی پارساڵدا، کۆماری ئیسلامی ئێرانی تەنگاو کرد، لەبەر ئەوە پەل بۆ دەزگاکان و مەئمورەکانی داوێژێت کە بە بەرنامەی داڕێژراو بەرەنگاری ئەو دروشمانە ببنەوە و هاندەری دروشمەکە بکرێتە ئامانج. ئەگەرنا کام نوسەر، ڕۆژنامەنووس و سیاسیکار لە ئێران دەتوانێ وەک قانعی فەرد بە دنیادا بگەڕێ، جاوی بە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بکەوێ، لەگەڵ تەلەڤزیۆنەکانی دژبە کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکا و پەیتا پەیتا کتێب بە دژی بارزانی بڵاوبکاتەوە؟ ئایا وەزارەتی ئیرشاد ئەو ئیزنە بە کەسێکی تر دەدات؟ بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەو مەسەلەیە بنوارنە سایتەکانی ئینتەرنێت و چاو لە شکاتی نوسەران بکەن، یان شکاتنامەکەی عەلی بلخکانلو ببینن و بزانن قانعی فەرد چۆن کتێبی وەرگێڕاوی ئەوی دزیوەو دوای دەستێوەردانی بەدژی کورد و سەرکردەکانی، بەناوی خۆی بڵاویکردۆتەوە. (پاشبەندی ٤)

قانعی فەرد لە کتێبەکەیدا زۆر بێشرمانە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەدان هەزار شەهید و ئەنفالەوە بە مافیا ناودەبات و کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەزاران تاوانەوە بە دۆست و دڵسۆزی خەڵکی کورد. ئەو باش دەزانێ کە بەو وتانەی هەستی چەندین ملیۆن کورد بریندار دەکات، بەڵام مەئموریەتەکەی چاوی کوێر کردوە و بە تاوانی خۆی سەبارەت بە نەتەوەی کورد نازانێت. ئەو دەڵێت پارتی دیموکرات، حیزبێکی عەشایرییە لە بارزان. بەڕاستی ئەگەر پارتی دیموکرات حیزبێکی عەشایرییە، ئیتر ئەو ترسەی کۆماری ئیسلامی لە چییە؟ بۆچی ئەو هەمووە بودجە و جاش قەڵەمانە بۆ داناوە کە بەرەنگاری بنەوە و جنێو و قسەی سووک بە ڕێبەرانی دەدەن؟ ئایا کۆماری ئیسلامی لە پشتگرتنی کورد لە ڕێبازی مستەفا بارزانی دەترسێ، یان لە عەشیرە بوونی حیزبەکەی؟ بۆ دەرخستنی ئەو پرسیارە سەرنج بدەن بە شکاتنامەی کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی و ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٦ لە ڕووبەرنێت دا بڵاوکرایەوە:

ژمارەیەك کەسایەتی سیاسی و رووناکبیری رۆژهەلاتی کوردستان بەیاننامەیەك دەردەکەن و تیایدا رەخنە لە ناوەرۆکی کتێبی رەشەبای رووداوەکان (تندباد حوادث)ی عیرفان قانعی فەرد دەگرن و ئەو بەبێ نرخ وەسف دەکەن. هەروەها لە بەیاننامەکەدا کە وێنەیەکی دەست رووبەرنێت کەوتووە و ئەوەی تێدا بلاوکراوەتەوە کە ٦٥ کەس لە رۆژنامەنووس، شاعیر، نووسەر، ئەندامی پێشووی پەرلەمان و کەسایەتی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان شێواندنی مێژووی کوردستان بەتایبەت مەلا مستەفا بارزانی لە کتێبەکەی قانعی فەرددا ئیدانە دەکەن. ئەو ٦٥ کەسەش داوایان لەسەرجەم ئەو کەسانە کردوە کە قانعی فەرد بۆ ئامادەکردنی چاوپێکەوتن و پێوەندی لەگەڵ کردون بەهەر شێوەیەك بێت سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکە بەیاننامەیەك بۆ رای گشتی رابگەیێنن یان داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکەن.

### دەقی بەیاننامەکە

بەم دواییانە کتێبێك بەناوی رەشەبای رووداوەکان(تندباد حوادث) لەلایەن عیرفان قانعی فەرد بە چاپ گەیشتووەو خراوەتە نێو بازارەکانی کتێبەوە. لە بەشێکی ئەو کتێبەدا مێژووی هاوچەرخی کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەم ولاتە لە زمانی عیسا پێژمان، بەرپرسی پێشووی دەزگای هەواڵگریی رژێمی پادشایی ئێران (ساواك) گێڕدراوەتەوە. ئێمە بەبێ لەبەر چاوگرتنی کینەی کەسیی قانعیفەرد و پێژمان لەو نووسینەدا، بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی بنەما ئەخلاقییەکان، دژایەتی ئاشکرای نێوەرۆکی کتێب لەگەڵ رەوتی پێکهاتنی مێژووی خەباتی سیاسی گەلی کورد، بەکاربردنی وشەگەلی نەشیاو لە بەرامبەر رێبەرانی کورد و بەتایبەتی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی، بابەتەکانی ئەو کتێبە لەرووی زانستییەوە بەبێ بنەما و بێ بەها دەزانین و رایدەگەیێنین کە رەشەبای رووداوەکان، کتێبێکی خەیاڵییە و رووداوە مێژووییەکانی کوردستان چەواشە دەکات:

١- سەرجەم بابەتەکانی ئەو کتێبە بەبێ بەڵگە نووسراون، نووسەر بە پشتبەستن بە مێژووی زارەکی و خەیاڵی کەسی، تۆمەت و قسە

هەڵبەستنی گەیاندووەتە لووتکەی بێ ئەخلاقی و هەوڵیداوە لەجیاتی ڕاستییە مێژووییەکان، قسە و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی بچەسپێنێ.

٢- ڕووداوەکان لەو کتێبەدا لە زمانی عیسا پێژمان، یەکێك لە بەرپرسانی باڵای دەزگای هەواڵگریی ڕژێمی پادشایی ئێران (ساواك) گێڕدراونەتەوە. پێویستبوو کار و کردەوەی پێژمان و دەزگای ساواك خرابووایە بەر لێکۆڵینەوە و دادوەری مێژوو و کۆمەڵگە، کەچی پێژمان بەشێوەیەکی تاك لایەنانە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، سوودمەندە. بۆیە بەپێی بنەما زانستییەکان هەر جۆرە شایەتییەکی پێژمان ناتەواو و، بێ بەها و باوەڕپێنەکراوە.

٣- بەکارهێنانی وێنەی هەندێك کەسایەتی لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا کە گوایە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لەو کتێبەدا بەشداربوون، ڕاستی و دروستی ئەو بانگەشەیە ناسەلمێنێ.

٤- لووتکەبوونی مێژووی هاوچەخی کورد لە ڕووداوەکانی شۆڕش دژی ڕژێمی پادشایی لە ئێران و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە پارچەکانی دیکەدا، لەگەڵ ئەو وێنە هاوشێوە و یەکسانەی قانعی فەرد لە (پازڵ)ی مێژووی هاوچەرخی کورد داویەتی دژ بە یەکن.

٥- بەکاربردنی دەستەواژەی نەشیاو و درۆ و تۆمەت و بوختان هەڵبستن دژی کەسایەتییە سیاسی و مێژووییەکانی کوردستان بەتایبەت مەلای مستەفای بارزانی و بڵاوکردنەوەیان لەلایەن نووسەر بەپاساوی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ بێبەهابوونی ئەخلاقی و زانستی ئەو کتێبەیە.

٦- بەکاربردنی دەستەواژەی نەشیاوگەلی وەك "عەرەبە تیمساح خۆرەکان" لەو کتێبەدا بێ ڕێزیکردنێکی ئاشکرایە بە نەتەوەی عەرەب لەسەرەتای مێژووەوە تائێستا و ئەو بێ ڕێزیە تەنانەت دەتوانێ دوایین پێغەمبەر، حەزرەتی محەممەدی مستەفا (د.خ) بگرێتەوە، هەر بۆیە ئەو کارە لەلای ئێمە کردەوەیەکی دوورە لە ڕەوشت و شیاوی سەرکۆنەکردنە.

٧- مەرامی کۆتایی نووسەری ڕەشەبای ڕووداوەکان لە بەکارهێنانی شێوەی رووکەشکردنی بابەتە گشتی و بەدیهییەکان لە نێوەڕۆك، دانانی هەندێك بابەتی گومانــاوی و کۆمەڵێك قسەی هەڵبەستراو لە وردەکارییەکانی بابەتەکان بۆ بێ بەها نیشاندانی کەسایەتییە

مێژووییەکانی کورد لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ پوچ و بێ بنەما نیشاندانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد. هەربۆیە لەو کتێبە و سەرجەم بەرهەمەکانی قانعیفەرددا هیچ کات ئاماژە بە هۆکارە سەرەکییەکانی شۆڕشەکانی گەلی کورد و هۆکاری سەرەکی ناڕەزایی هەمیشەیی تاك تاکی نەتەوەی کورد لە دەسەڵاتەکان ناکرێت.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین کە سەرجەم کەسایەتی و لایەنەکان کە بەجۆرێك راوبۆچوون یان قسەکانیان لەو کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە، بە هەر شێوەیەکی گونجاوبێت روونکردنەوەیەکی ئاشکرا بۆ رەتکردنەوە یان پاڵپشتیکردن لە نووسراوەکانی ئەم کتێبە رابگەیێنن و داوا لە سەرجەم خەڵکی کوردیش دەکەین بۆ ئەوەی لە دادگای بیر و خودیی خۆیاندا بانگەشەکانی ئەو کتێبە هەڵبسەنگێنن و بڕیاری لەسەر بدەن.

دوکتۆر رەحیم فەرەهمەند، ئەمینداری گشتی بەرەی یەکگرتووی کورد.
ئەحمەدی قازی، نووسەر.
دوکتۆر ئەسعەد ئەردەڵان، مامۆستای زانکۆ و چالاکڤانی سیاسی.
محەممەد عەلی سوڵتانی، مامۆستای زانکۆ، نووسەر.
محەممەد ساڵح ئیبراهیمی، نووسەر و وەرگێڕ.
حەسەن ئەمینی، چالاکڤانی سیاسی و ئایینی.
هادی ئەدەب، ئەندامی بەرەی یەکگرتووی کورد و چالاکڤانی سیاسی.
حوسێن شائووەیسی، چالاکڤانی سیاسی.
سەید بابەشێخ حوسێنی، توێژەر و مێژوونووس.
نەجمەدین جەباری، مامۆستای زانکۆ و نووسەر.
تاهیر سەرحەدی، مامۆستای زانکۆ و وەرگێڕ.
فەردین ئەیوبی، مامۆستای زانکۆ و نیگارکێش.
موختار زاریعی، ئەندامی بەرەی یەکگرتووی کورد و رۆژنامەڤان.
دوکتۆر جەلال جەلالی زادە، مامۆستای زانکۆ و چالاکڤانی سیاسی.
سەید مەعروف سەمەدی، مامۆستای زانکۆ.
رەحیم لوقمانی، نووسەر و شاعیر.
رەزا سۆرابی، نووسەر و رۆژنامەڤان.
مەحموود مەحموودی، شاعیر و رۆژنامەڤان.

ئـــیجلال قـــەوامی، گوتـــەبێژی ریکخـــراوی مـــافی مرۆڤـــی کوردســـتان و ڕۆژنامەڤان.
جەلال مەلەك، شاعیر و نووسەر.
فاروق بۆرەکەیی، نووسەر.
سەدیق بۆرەکەیی، نووسەر.
دوکتۆر هاشم هیدایەتی، چالاکڤانی سیاسی.
حاسلی داسە، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی ئێران.
سەید مەسعود حوسێنی، نوێنەری پێشووی پەرلەمانی ئێران.
ڕەحمان بەهمەنیش، نوێنەری پێشووی پەرلەمانی ئێران.
عەتائوڵڵا حەواری نەسەب، نووسەر.
عەبدوڵلا حەواری نەسەب، چالاکڤانی مەدەنی.
عەدنان بەرزنجی، چالاکڤانی مەدەنی.
حەمید قەوامی، فیلمساز.
بابەشێخ مودەڕیس، چالاکڤانی مەدەنی.
فەرزاد حاجی میرزایی، مامۆستای زانکۆ و نووسەر.
حامید فەرازی، چالاکڤانی سیاسی.
دوکتۆر سەلاحەدین خەدیو، نووسەر و ڕۆژنامەڤان.
دوکتـــۆر خالیـــد تـــەوەکولی، مامۆســـتای زانکـــۆ و چالاکڤـــانی سیاســـی و مەدەنی.
کەلسوم عوسمان پوور، شاعیر و نووسەر.
سیمین چایچی، شاعیر، نووسەر و چالاکڤانی مەدەنی.
ئیسماعیل موفتیزادە، چالاکڤانی سیاسی.
ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، شاعیر و توێژەر.
ئەفشین محەممەدی، شاعیر و نووسەر.
جەبار دەستباز، ڕۆژنامەڤان و چالاکی خوێندکاری.
محەممەد قوربانیان، کارناسی کۆمەڵناسی.
محەممەد شەریف عەلی ڕمایی، شاعیر و توێژەر.
بەهرام وەلەدبەگی، نووسەر.
سوهەیلا محەممەدی، نووسەر.
ئەحمەد محەممەدی، نووسەر و وەرگێڕ.

عەلی دلێری، نووسەر و وەرگێڕ.
ئەمین گردیگلانی، نووسەر و وەرگێڕ.
سەدیق ئیسلامیان، نووسەر و توێژەر.
محەممەد رەئوف تەوەکولی، نووسەر.
هاشم سەلیمی، نووسەر.
محەممەد کەمانگەر، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاوێنە.
عەتائۆڵڵا قادری، چالاکڤانی مەدەنی.
دوکتۆر فەرەیدون نووری، نووسەر و رۆژنامەڤان.
کەماڵ ئەمینی، شاعیر و رۆژنامەڤان.
محەممەد موەفەقی، شاعیر و رۆژنامەڤان.
داود قاسمی، چالاکڤان.
وەفا رەحیمی، مامۆستای زانکۆ.
ئازاد نەمەکی، چالاکڤانی سیاسی.
فەرهاد هادی، چالاکڤانی مەدەنی.
مەهدی زەندکەریمی، مامۆستای زانکۆ.
ئیبراهیم هاشمی، کۆمەڵناس.
ئیسماعیل ئەعزەمی، شاعیر.
شۆڕش سەعیدپوور، رۆژنامەڤان.
فەردین کەمانگەر، رۆژنامەڤان. (پاشبەندی ژمارە ٥)

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا "بە دوای خەرمانانی ١٩٣٠- تەموز- یولی ١٩٤١، قازی محەمەد و کۆماری مهاباد"، عیرفان قانعی فەرد و عیسا پژمان ڕاشکاوانە پەلاماری کورد و سەرۆک مستەفا بارزانی دەدەن. سیخوڕی نوێ بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ساواک و ڕوکنی دووەمی سەردەمی محەمەد ڕەزاشا، ڕووداوە تۆمارکراوەکان بە بیر سیخوڕی کۆن دەخاتەوە و دواتر بە جووتە دەکەونە جنێودان و بۆ سەلماندنی ڕادەی نۆکەرایەتیان بۆ دوژمن، سیخوڕی نوێ بەچەشنی باوکەکانی، بورهان و تاهیر، نۆکەرایەتی خۆی پتر بە بێگانە و دوژمنی کورد دەسەلمێنێت. گومان لەوەدا نییە کە ئەو هەوڵانەی ئیتلاعات و نۆکەرانیان وەک هەوڵەکانی ٣٣ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی دەبنە بڵقی سەرئاو و

ئاکامی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە. ئەگەر جنێو و قسە سوکەکانی ئەم دوو سیخوڕە بەلاوە بنێین، ئاکامەکەی هەر ئەوەیە کە قانعی فەرد لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات. بۆ نمونە لە وڕێنەی لاپەڕەی ٢٣دا هاتووە:

- سیخوڕی نوێ: **(شک لەوەدا نییە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە پروپاگەندە، مێژوویەکی ناڕاستی بۆخۆی تۆمارکردوە، لەو مێژووە دروستکراوەیەدا باس لە مستەفا بارزانی دەکەن کە گوایە شەڕی لەگەڵ ئینگلیزەکان کردوە.)**

- سیخوڕی کۆن لە وەلامیدا دەڵێت: **(هەرگیز! مستەفا بارزانی لە باکوری عێراق یاخی ببوو. بە یارمەتی بارزانییەکان ڕێی نافەرمانی گرتەبەر و دزیی و ڕێگریی پیشە کرد. چونکە سوپای عێراق توانای بەربەرەکانی نەبوو، کاروانێکی سەربازییان بۆ لەناو بردنی ناردە باکور و مستەفا نەیتوانی خۆی ڕابگرێت و ڕایکردە ئێران. لە ڕاستیدا چوونەکەی پێوەندی بە ئینگلیزەکانەوە هەبوو و لەسەر داوای ئەوان چوو بۆ ئێران و تێکەلاوی حکومەتی مهاباد بوو...)**

جێی پێکەنینە، ئایا بەهۆی ناکارامەیی و بێ توانایی سوپای عێراق، سەرئەنجام کاروانی ئینگلیز بۆ شەڕ و لێدانی بارزانییەکان ڕەوانە کراوە، یان بۆ وتووێژ لەگەڵ بارزانی و ڕەوانە کردنی بۆ مهاباد؟!!! لە ڕاستیدا کاروانی ڕەوانەکراو، سەربە سوپای عێراق بوو کە بە هاوکاریی جاشە خۆماڵییەکان چوو لە بارزانییەکان بدات، بەلام بە هۆی بێ توانایییان لە بەرامبەر بارزانییەکاندا، فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز هاوکاریی کردن و پەلاماری بارزانییەکانیاندا و ناچاریان کردن ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بکشێنەوە.

ئەوە لە کاتێکدابوو کە پێشەوا قازی محەمەد تازە بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەرگیرابوو و خەریکبوو لەگەڵ عەلی ڕیحانی، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، مەنافی کەریمی، قاسمی ئیلخانیزادە، عەبدولا قادری، هەمزاغای نەلۆسێ، نوری بەگی بەگزادە و قازی محەمەدی خدری شنۆیە، لەسەر بانگهێشتی "ئاتاکشیۆف" ئەفسەری

سیاسیی سۆڤیەت، سەردانی باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی بکات. لەبەر ئەوە حوسێن فروهەر و چەند ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و خەڵکی ناوچەکانی شنۆ و تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ پێشوازییان لە بارزانییەکان کرد. هەروەها کاتی هاتنی بارزانییەکان بۆ ناوچەکە، نە حیزبی دیموکرات دامەزرابوو و نە کۆماری کوردستان کە بارزانی بچێ و تێکەڵاوی کۆماری کوردستان بێت و هەوڵی ڕوخاندنی بدات.

- ئەم جارەیان سیخوڕی نوێ پرسیارێکی تر لە سیخوڕی کۆن دەکات و دەڵێت: **(بەڵام بت و ئەفسانەی بارزانی، ئەمڕۆ حاڵەتی پاکی و سەداقەتی بەخۆیەوە گرتووە و ئەوی گەیاندوەتە عەرشی ئەعلا، لەوە دەچێ هیچ ڕەخنەیەک کاری لێنەکات.)**

- سیخوڕی کۆن دەڵێت: **(لە ڕووی نەزانی و نەخوێندەواریی و بێئاگایی کۆمەڵگاکەیە. من بە گوێرەی مەئموریەتی ساواک بە ساڵان لێی نزیک بووم و لەلای ئەو "ناموس، باوک، دایک، شەرەف، بەڵێن و مرۆڤایەتی" واتای نەبوو. پەیکەری خەیانەت و نزمیی بوو. لە ڕاستیدا مستەفا بارزانی بەم جۆرە بوو، جا گرنگ ئەوە نییە کە لە مێژوودا تۆمار بکرێت، یان نا، بەڵام تا دەمرم لەم باوەڕەدا دەمێنمەوە.)**

ڕەشەبای ڕووداوەکان لەو چوارچێوەیەدا ئامادە کراوە و لە هەر لاپەڕەیەکیدا مرۆڤ توشی چەندان وتەی ناشایست و درۆ و ناپاکیی دەبێتەوە کە لە فەرهەنگی مەلاکانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت و زاری سیخوڕەکانی ئێرانی پێ پشکوتووە.

جێی پرسیارە کە ئایا ئەوانەی دژی نەتەوەی خۆیان سیخوڕیی بۆ دوژمن دەکەن و هەوڵی بەدناو کردنی سەرکردەکانی کورد دەدەن، کەسی بەئاگان، یان ئەوانەی پشتی نەتەوە و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیان دەگرن، خوێنی بۆ دەدەن و لە خەمی دواڕۆژی نەوەی کورددا دەسوتێن؟ لەوە ناچێ خوێنەرانی کتێبەکەتان بە قسەی چەوت و چەواشەکارانەتان هەڵخەڵەتێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، عیسا پژمان بە ساڵان لە بارزانی نزیک نەبووە، ئەو نوێنەری ساواک بوو لە بارەکای ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی و

لەوێ دژی شۆڕشــی ئەیلــول و ســەرۆکەکەی واتە مەلا مســتەفا بــارزانی خەریکی پیلانگێڕیی بوو. بەڵام بەو ناسینەی کە من لەسەر پژمان هەمە، دەتـوانم بڵـێم ئەم جنێـوانەی سـەروو، زۆربەیـان لەلایەن قـانعی فەرد و هاوکــارانی بەنــاوی ئەو لەم کتێــبەدا بڵاوکــراونەتەوە و لەو بــوارەدا ئیتلاعــاتی کۆمــاری ئیســلامی بەتیرێـک دوو نیشــانەی ئەنگــاوتووە. لە لاپەڕەی ٢٤دا سیخوڕی نوێ دەڵێت:

**- (کەسانێک دەڵـێن بـارزانی بـۆ یـارمەتی قـازی مـحەمەد هـات، بەڵام ڕەنگە بەڵگەنامەکانی ساواک و ڕوسەکان بە پێچەوانەی ئەو گوتنانە بن. ئیبـراهیم ئەحمەدیـش کە نـوێنەری قـازی مـحەمەد بـوو لە کوردسـتانی عێراق، لەوە دەدوا کە شادڕەوان قازی محەمەدیش بارزانی بە مەئمور و نێردراوی ئینگلیزەکان دەزانی.)**

- سـیخوڕی کـۆن دەڵێـت: **(ئـافەرین! بـارزانی بەبـێ ئاگـاداریی قـازی پێوەنـدی بە بەرپرسـانی سـۆڤیەت لە تەورێـز گـرت و لە ســەربازگەی تەورێز، پلەی ژەنەڕاڵی شانازییان پێبەخشی و بە مووچە و دەستکەوت گەڕایەوە بۆ مهاباد و تا ڕوخانی حکومەتی مهاباد لە ئێران مایەوە....)**

هـیچ کەس و لایەنێک جگەلە ئێـوە نـاڵێن بـارزانی بـۆ یـارمەتی کردنـی قـازی مـحەمەد چووەتە مهابـاد و تەنـانەت هەروەکوو خۆتـان ئامـاژەی بـۆ دەکەن لە بەڵگەنامەکــانی ســاواک و ڕوسەکانیشــدا شــتێکی بەم جــۆرە نەنوسراوە. لێرەشدا درۆکانتـان لەوەوە دەردەکەوێت کە ساواک هێشتا لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرابوو کە ئاماژە بۆ ئەو دیاردە ساختەیە بکات کە ئێوە دەزانـن سـاواک سـاڵ ١٩٥٦ دامەزراوە! هەروەک گـوتم بارزانییەکـان ڕۆژی ١٩٤٥/٩/١١ گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای گەڕانەوەی قـازی مـحەمەد لە بـاکۆ دامەزرا و کۆمـاری کوردسـتان لە ١٩٤٦/١/٢٢ دا. بـارزانی بەشـداریی جەژنــی ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کـرد و گەڕایەوە بـۆ شـنۆ. پێوسـت بـوونی بارزانییەکـانیش بە کۆمـاری کوردسـتان دەگەڕێـتەوە بـۆ واژۆ کردنـی پەیمانێـک لەنێـوان پێشـەوا قـازی مـحەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرت و کۆماری کوردستان.(پاشبەندی ٦)

لەو چوارچێوەی ئەو پەیمانەدا، بارزانی ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بە شێوەی ڕەسمی گەڕایەوە بۆ مهاباد. ڕوژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢١، لاپەرەی ٤، شەممو ١١ رەشەمەی ١٣٢٤، ١٩٤٦/٣/٢دا ئاماژەی بۆ ئەو ڕووداوە کردوە. (پاشبەندی ٧).

لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری کوردستان و قازی محەمەد هیچ نوێنەرێکیان لە باشوری کوردستاندا نەبووە کە ئیبراهیم ئەحمەد ببێتە نوێنەری قازی محەمەد لەو بەشەی کوردستاندا، بەڵکوو ئەوە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوو کە دوو نوێنەری لە سلێمان و هەولێر هەبووە. بەڵگەنامەی ڕۆژی ١٩٤٤/١٢/٢٣ی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە ئیمزای عەبدولڕەحمان زەبیحی مودیر بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ژ.ک ئاماژە بۆ ناوی ئەو دوو نوێنەرانە دەکات کە بریتی بوون لە: محەمەد سەعید مەلا عەلی لە هەولێر و عوسمان دانش لە سلێمانی. (پاشبەندی ٨)

لە درێژەی نوسینەکەیاندا، سیخۆڕی نوێ باس لە بەڵگەنامەکانی ڕوکنی دووەم دەکات و دەڵێت: **(ئەمڕۆ بەڵگەنامەکانی ڕوکنی دوو پێشاندەدەن کە سەفەری بارزانی بۆ تاران بووەتە هۆی گیرانی شادڕەوان قازی محەمەد)** و سیخوڕی کۆن چێشتەکەی بۆ چەورتر دەکات و دەڵێ: **(ئەوە ڕاستە، بەرلە هێرشی سوپای ئێران بۆ مهاباد، بارزانی پێوەندی بە سەرهەنگێکی سوارەوە دەگرێت و پێی دەڵێ: دەمەوێ بچم بۆ تاران و چاوم بە ڕەزمئارا بکەوێ. لە خودای دەویست، نەک هەر قازی محەمەد دەستگیر بکرێ، بەڵکوو لە داریشی بدەن. لە سوپادا هەزار و یەک درۆی بە دژی قازی محەمەد گوت. لەنێو عەشایری کوردستان و لە مهابادیش شتی وای دەگوت و قسەکانی بە گوێی قازی محەمەد دەگەیشتەوە، دواتر لە ساواک دۆسیەکەم دەخوێندەوە و زانیاریم لەسەر نزمی و ڕەزیلیی و بێ مێشک بوونی پەیداکرد. دواتر کە بینیم، چاوی لە چاوم بڕی و هەزاران سوێندی خوارد کە هەمووی ئەوانە درۆن! بەڵام کام سوێند؟ سەرهەنگ غەفاری زەمینەی دیدارەکانی پێکهێنا. بارزانی چاوی بە سەرلەشکر ڕەزمئارا، سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی وەزیری جەنگ و قەوامولستەنە سەرۆکوەزیران کەوت و پێشنیازی لەناوبردنی قازی محەمەد و هەڤاڵانی کرد و داوای کرد لەگەڵ چەکدارەکانی لە مهاباد بمێنێتەوە و بودجە و چەکی بدەنێ.**

هەستی بە شەرەف و حورمەت و مرۆڤایەتی نەکردبوو. نەیدەزانی واتای ویژدان و ئەخلاق چییە.... خۆبەزلزان بوو. لە ساویلکە بوونی ئێمەی کوردە کە هێشتا باوەڕ بە پاکیی و درۆکانی دەکەین و لە جنێوەکانی پارتی دیموکرات دەترسین! هێشتا بەتەواوی لەو باوەڕەداین کە پێشەوا قازی محەمەد بەهۆی سەفەری بارزانی بۆ تاران و درۆ و پاشملە گوتنەکانی، بەدەست ئینگلیزەکان، نەک بە فەرمانی، شا ئیعدام کرا.)

کام بەڵگەی ساواک!!! هەروەکوو گوتم ساواک ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە و کۆماری کوردستان دە ساڵ بەرلە دامەزرانی ساواک لە ١٩٤٦/١٢/١٧دا هەرەسیهێناوە و بەیانی ئەو ڕۆژە بارزانی لە مهاباد لە خزمەت پێشەوادا بوو. سەرنج بدەنە شێوازی جیابوونەوەی ئەو دوو سەرۆکانە لە یەکتر کە کاک سەعید هومایون، خوشکەزا و نوسەری تایبەتی پێشەوا لە لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبەکەی "پیشوای بیداری- پێشەوای هوشیاریی"دا ئاماژەی بۆ دەکات:

- (لە دوا دیداریدا، پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی کە لەسەر مێزی کارەکەی بوو، قەد کردو ماچی کردو دایە دەست مەلا مستەفاو گوتی: "ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت لە لای خۆت ڕابگرە. ئومێدەوارم نەهێڵی ئەم ئاڵایە بکەوێتە سەر زەوی." ژەنەڕاڵ بارزانی ئاڵاکەی لە دەست پێشەوا وەرگرت، ماچی کرد و لەسەر سەری خۆی دانا و بەڵێنیدا، نەک هەر ناهێڵێت ئاڵای کوردستان بکەوێتە سەر زەوی، بەڵکوو ڕۆژێک دێ کە بەرزی بکاتەوە.

دیمەنی ئەوکاتە مێژووییە بە ڕادەیەک دڵتەزین و لە هەمانکاتدا جێی دەستخۆشانە بوو کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژوری مەحکمە بوون، بە توندی گریان. ژەنەڕاڵ بارزانی و سەرهەنگ میرحاج و پاسەوانەکانی مەلا مستەفا و ئەفسەرە کوردە عێراقییەکان لەنێوان خەم و پەرۆشی زۆردا، یەکە یەکە دەستی قازی محەمەدیان ماچ کرد و ماڵئاواییان لێکرد. قازی محەمەد گوتی: "ژەنەڕاڵ بارزانی و هاوڕێیانی هەرچی پێویستە، بیاندرێتێ."

من شاهیدی ئەو ڕووداوە مێژووییە بووم کە دوو قارەمانی نەتەوەیی کورد لێک جیابوونەوە و تا دەمرم لەبیری ناکەم. بەیانی ڕۆژی دوایی بارزانییەکان بەرەو نەغەدە و شنۆ و عێراق بەڕێکەوتن.)

دوای جیابوونەوەی بارزانی لە پێشەوا، لەکاتێکدا سوپای ئێران خەریک بوو دەگەیشتە مهاباد، پێشەوا قازی و سەرکردەکانی کۆماری کوردستان، تا نزیک گوندی "گوێکتەپە" لە ١٢ کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی مهاباد، بە پێشوازیی سوپای ئێرانەوە چوون و هێزەکانی سوپای ئێرانیان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ "غەفاری" هێنایەوە بۆ مهاباد و سوپای ئێران دوای ساڵێک مهابادی داگیرکردەوە. هۆی ئەم پێشوازیی کردنەی پێشەوا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ڕێگە لە دێبوکرییەکان بگرێت، بەرلە هاتنی سوپا خۆیان بگەیەننەوە مهاباد و خەڵک قەتڵی عام بکەن. کە پێشەوا بەو هەنگاوەی نەیهێشت کارەساتی تەورێز لە مهاباد دووپات بێتەوە.

دوای پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ ناوچەی نەغەدە و شنۆ و گوندەکانی نزیکیان سوپای ئێران، پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و ژمارەیەک لە وەزیران و کاربەدەستانی حزبیی و حکومیی لە مهاباد، سەقز و بۆکان دەستبەسەر کرد. کاتێک پێشەوا قازی و هەڤاڵانی لە زیندانی ڕژێمدا بوون، سەرلەشکر هومایونی فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ داوای بینینی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی کرد. هومایونی و سەرگورد غەفاری بە یەکەوە لە ماڵی "قولێخان"ی نەغەدە، چاویان بە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا کەوت. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لاپەڕەی ١٧١، لەو چاوپێکەوتنەدا، هومایونی لە شێخ ئەحمەدی پرسی: **(دەتانەوێت چی بکەن؟)**

شێخ ئەحمەد گوتی: **(نامانەوێت لەگەڵ سوپای ئێران بە شەڕ بێین، تەنیا ئەوەندەمان دەوێت کە وازمان لێ بهێنن، تا دەگەینە بەهار، ئەوسا خاکی ئێران بەجێدێڵین، حکومەتی عێراق ڕازیی بێت یان نا.)** هومایونی لە وەڵامیدا گوتی: **(باشترە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران باس بکەن.)**

شێخ ئەحمەد پێشنیازی هومایونی قەبووڵکرد و بڕیاریدا مستەفا بارزانی بچێت بۆ تاران. بارزانیی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢١ بەرەو تاران کەوتەڕێ. عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد، حەمەدەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەڕنی و خالید زراری لەگەڵ خۆی برد و سەرگورد غەفاریش لەگەڵیان ڕۆیشت.

لە تاران زۆر بەڕێزەوە پێشوازییان لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد. بارزانی چاوی بە محەمەد ڕەزاشا، قەوامولسلتەنە سەرۆکوەزیران و سەرۆکی سوپای ئێران کەوت. نەجەفقوڵی پسیان کە خۆی لە نزیکەوە لەگەڵ سوپای ئێران گەیشتە مهاباد و لە نزیکەوە شاهیدی شەڕی سوپای ئێران دژ بە بارزانییەکانی بوو، لە لاپەڕەی ٤٤- ٤٦ی کتیبەکەیدا "از مهاباد خونین تا کرانەهای أرس" لە مهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس، دەڵێت:

**- (محەمەد ڕەزاشا سێ ڕێگای بۆ بارزانییەکان دانابوو:**

**١- ئەگەر بارزانییەکان بخوازن لە ئێران بمێننەوە، دەبێ چەک دابنێن و لە ناوچەی کوردستانەوە بۆ شوێنێکی تر کە دەوڵەت بۆیان دەستنیشان دەکات، بچن، دەوڵەت بۆ ماوەی ٦ مانگ یارمەتیان دەکات لە بواری ئابوورییەوە بژین و دواتر دەبێ بۆخۆیان کار بکەن و ئابووریی خۆیان دابین بکەن.**

**٢- لە نێوان بارزانییەکاندا ئەگەر کەسێک دۆسیەی حوکمدراوی لەسەر بێت، دەوڵەتی ئێران پشتی دەگرێت و ڕێی پێدەدات لە ئێران بمێنێتەوە و ئەوانی تر دەبێ بە زوویی خاکی ئێران بەجێهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق.**

**٣- ئەگەر بارزانییەکان ئەم دوو مەرجە قەبووڵ نەکەن، دەبێ دەستبەجێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان، ئێران بەجێهێڵن و بەو ڕێگایەدا دەرکەون و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان کە پێیدا هاتوون.)**

بارزانیی لە بەرامبەر ئەو داخوازەی شا دا دەڵێت: **(من ناتوانم بڕیار بدەم، تا نەچمەوە بۆ لای شێخ ئەحمەد کە ئەو دەسەڵاتدارە.)**

حکومەتی ئێران دەیویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، مستەفا بارزانی بە بارمتە بگرێت، بۆ ئەوەی کە شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانی پێ تەسلیم بکات. بەو مەبەستە لیژنەیەکی نارد بۆ لای شێخ ئەحمەد. لیژنەکە پێی ڕاگەیاند: **(یان بە پەلە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، یان چەک بن و ئامادەی گواستنەوە بن بۆ هەمەدان، ئەگەرنا مەلا مستەفا بارزانی ناگەڕێتەوە.)** وەڵامی شێخ ئەحمەد ئەوە بوو کە دوای کەوتنی سەرما و توانەوەی بەفر، لە بەهاردا ئێران بەجێدێڵین. دەربارەی مستەفا بارزانییش، گوتی: **(ئێمە سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین، هەر یەکێک لە بارزانییەکان مستەفایەکن.)** حکومەتی ئێران بە بیستنی هەڵوێستی شێخ ئەحمەد، ناچاربوو ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٩ بارزانی و هەڤاڵانی بگەڕێنێتەوە بۆ نەغەدە.

لە درێژەی ئەم باسەدا، سیخوڕی نوێ وڕێنە دەکات و لە کەوانەی ژمارە "١٣"ی لاپەڕەی ٢٥دا دەنوسێت: **(یەحیا سادق وەزیری لەو باوەڕەدایە کە ئینگلیزەکان قازی محەمەدیان کوشت.)**

ئەو وتەیە هی هەر کەسێک بێت درۆیە و پێشەوا قازی و هەڤالانی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەدڕەزا شا لە سێدارە دران. لەم بارەیەوە سەرنج بدەنە ئەم بەڵگەنامەیەی خوارەوە و بزانن لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد بە فەرامانی کێ بووە؟ ئینگلیز یان شای تاوانبار؟:

**سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ "ڕوکنی دووەم" ژمارە ١٩١٢٥- ١٣٢٦/١/١٠ (١٩٤٧/٣/٣١) کاتژمێر ٨ ی بەیانیی ڕاگەیاندن**

**لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٠- ١٩٤١دا محەمەد قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و محەمەد حوسێن سەیفی قازی لە مهاباد دەستیان دایە زنجیرەیەک هەڵخەڵەتاندن و چالاکیی دژی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە و بەرە بەرە کاری پیاوکوژانەی خۆیان پەرەپێدا کە هەندێک ڕووداوی داخهێنەری وەک هێرشکردنە سەر شارەبانیی مهاباد و کوشتنی پێنج پاسەوان، تالانکردنی شارەبانیی و لەناوبردنی بەڵگە و دەستهاوێژیی و پیاوکوژییەکانی خۆیان، کوشتنی "مەحمودیان" بازرگانی مهاباد و "قازی زادە" بەڕێوەبەری ئیدارەی ئامار کە هەموویان بوون بە قوربانیی زیادەخوازیی ئەوان. هەروەها تالانکردنی گوندەکان و ڕووداوی تری ناوچەکە.**

**محەمەد قازی بە هاوکاریی براکەی بە ناوی سەدری قازی کە بە ڕواڵەت نوێنەری خەڵکی مهاباد بوو لە پەرلەمانی ئێراندا، بەڵام لە ڕاستیدا ماکەی بەڕێوەبردنی سەرەکیی نەخشەی گڵاوی دابەشکردنی بەشێک لە ئێران بوو. هەروەها سەیفی قازی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی ناپیرۆز و گڵاوی خۆیان، سەرۆکی هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانیان لە مهاباد دەرکرد و لە ڕۆژی ٢٤ ی سەرماوەز (١٥ ی دیسێمبەری ١٩٤٥) دا ئالای سێ ڕەنگی شێر و هەتاوی ئێرانیان لەسەر بینا حکومەتییەکان داگرت و ئالایەکیان بە ناوی ئالای کوردستان لە جێی هەڵکرد.**

**محەمەد قازی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ١٩٤٦/١/٢٢دا خۆی وەک سەرۆک کۆماری کوردستان ڕاگەیاند و کۆمەڵێک خیانەتکاری ڕابوردوو**

خراپی بە ناوی وەزیری حکومەتی خودموختاری کوردستان لەسەر ئیشوکار دانا کە هەموویان هاوکاری نزیکی خۆی بوون، ئینجا بۆ بەربەرەکانیی کردنی هێزەکانی دەوڵەت، تاقمێکی چەکدار لە خەڵکی مهاباد و بارزانییەکانی پێکهێنا و ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی لە ناو دانیشتووان و خێڵەکاندا دابەشکرد و ناردنی بۆ سەقز و سەردەشت. ئەوەش بوو بە هۆی زۆر ڕووداوی خوێناوی. هەرچەندە هێزی دەوڵەت چەند جارێک لە کوردستان داوای فەرمانبەرداریی لێیان کرد، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو. هەروەها بەڕێوبەرانی خاوەن ڕێزی دەوڵەت لە تاران گەلێک هەوڵیاندا لەو بیرە نابەجێیە دوریانبخەنەوە، بەڵام سودی نەبوو، هەمان ڕێبازی خۆیان درێژە پێدا. دانیشتووانی شار و خێڵەکانیان هاندا کە بەربەرەکانی هێزەکانی حکومەت بکەن و بە نوسینیش فەرمانی هێرشبردنە سەر هێزە سەربازییەکانی سوپایان دەدا، بەڵام بە خۆشییەوە بە بیری گڵاوی ئەوانیان زانی و گوێیان نەدانێ. ئینجا هێزە سەربازییەکان پێشڕەوییان کرد و هەموو پلانی خیانەتکارانیان پوچەڵ کردەوە. لە ئەنجامدا ئەم خیانەتکارانە دەستبەسەر کران و کەوتنە بەر دەستی داد. دۆسییەیان ڕەوانەی "دادگای سەربازیی سەردەمی شەڕ" کرا و هەر سێکیان بە لەسێدارەدان سزادران، دادگای پێداچوونەوە، هەروەها خاوەنشکۆ شاهەنشا حوکمەکەیانی پەسەند کرد و لە کاتژمێری ٦ ی بەیانیی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوە (٣١ مارس) سزاکە جێبەجێکرا.

فەرماندەی لەشکری چوارەم و هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان
**سەرلەشکر هومایونی** (پاشبەندی ٩)

دواتر سەبارەت بە ڕێڕەوە پڕلە شانازییەکەی بارزانییەکان و پەڕینەوەیان لە ئاراس سیخوڕی نوێ وڕێنە دەکات: **(هەتا ئێستاش باس لە ئەفسانەی پەڕینەوە لە روبای ئاراس دەکەن کە نزیکەی ٣٠ مەتر و هەندێک جاریش ٢٠٠ مەتر پان و چوار مەتریش قوڵایەتی، لە حاڵێکدا بە ئۆتومبیلی سوپا گەیشتنە ئەوێ و لە ڕوبارەکە پەڕینەوە، چونکە بە دەستی بەتاڵ و بەبێ دەرەتان، ڕەنگە پەڕینەوە زۆر نابەجێ و دوور لە باوەڕ بێت.)**

لە بەرامبەریدا سیخوڕی کۆن دەڵێت: **(شا فەرمانیدا نابێ بەهیچ شێوەیەک ڕێ بدەن بارزانییەکان لە خاکی ئێران دەرکەون، بەڵام سوپای بەتوانای ئێران بەهۆی ترسێک کە لە قەتڵی عام و تیرۆریی بارزانی هەیانبوو، جادەیان بۆ کردەوە کە پێیدا بڕوات و ئەو مەلایە لە خاکی ئێران ون بێت.)**

زۆر لە کارەکانی بارزانی جێی باوەڕ نەبوون، بەڵام ئەو سەرکەوتوانە بەڕێوەی دەبردن. یەکێک لەوانە حەماسەی ڕێڕەوی بارزانییەکان بوو بەنێو سوپا و جاشە بەکرێگیراوەکانی سێ دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، تورکیا و ئێراندا و پەڕینەوەیان لە ڕوباری ئاراس کە بارزانییەکان لەودا پشتی سوپای شاهەنشایان شکاند و ئابڕوی محەمەد ڕەزایان برد. دەیان یەکەی پڕچەکی سوپای ئێران بە پشتیوانی زرێپۆش، تۆپخانەی کێوی و فرۆکە، نەیانتوانی لە بەرامبەر ٥٠٠ پێشمەرگەی کوردستاندا بوەستن. بەڵگەیەکی ئەوکاتە، وتەکانی قانعی فەرد و فێرکراوانی و عیسا پژمانی تاوانبار بە تەواوی پوچەڵ دەکاتەوە. سەرەتا محەمەد عەلی پەیدا یەکێک لەو کەسانەی لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجاندا بۆ خوێندن ڕەوانەی باکۆ کرابوو. ناوبراو لە زیندانی "بەرازجان" هاوبەندیی ڕەوانشاد غەنی بلوریان بووە. بلوریان لە کتێبی "ئاڵەکۆک"دا ئاماژە بە وتەکانی پەیدا، سەبارەت کۆڕەوی بارزانییەکان و هەستی مرۆڤدۆستی و کەسایەتی مەلا مستەفا بارزانی دەکا و دەڵێت:

**- (کاتێک بارزانییەکان لە ڕوباری ئاراس پەرینەوە، هیچکامیان پێڵاویان لەپێدا نەبوو. قاچ و لەشیان زامدار و نەخۆش و برسی بوون و ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو. کاتێک مرۆڤ لە نزیکەوە دەیبینین، مووی لەشی ڕاست دەبۆوە و هەموو لەشی دەلەرزی. ئێمە لە لایەن حکومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە جلوبەرگ و پێڵاومان بۆ بردن. جووتە پێڵاوێکی ڕەختە و باشمان دایە دەست مەلا مستەفا بارزانی، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد، بە توڕەییەوە پێڵاوەکەی بۆ هاویشتین و گوتی "یان لە هی پێشمەرگەکانم بۆ بێنن، یان دەبێ هی ئەوانیش لەمە بێت." ئەوە لە حاڵێکدابوو کە بارزانی و هەڤاڵانی لە جیاتی پێڵاو، ئاغابانوویان لە قاچەکانیان بەستبوو.)**

بەڵام دەربارەی چۆنیەتی چوون و پەڕینەوەیان لە ئاراس، سەرنج بدەنە ڕاپۆرتی گۆڕانکارییە سەربازییەکانی ئەرکانی سەرکردایەتی لەشکری ٤ی ئازەربایجـان و بەرەنگـار بوونەوەیـان لەگەڵ پێشـمەرگەکانی هـاوڕێی بارزانی:

ڕاپۆرتی گۆڕانکارییەکانی سەربازیی ڕۆژانی ٦ تا ١٧ ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (٤٧/٥/٢٧ تا ١٩٤٧/٦/٨)

ژمارە ٥

دۆخ و ڕووداوی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ کیشوەری شاهەنشاهی

مێژوو ١٣٢٦/٣/٦ (١٩٤٧/٥/٢٧) لەسەر نەخشە ١- ٢٥٢٠٠٠

کـاتژمێر حەوتـی ڕۆژی ٢٦/٣/٦ سـەرکردایەتی لەشـکری ورمـێ ئاگـادار کرایەوە کە ژمارەیەک لە بارزانییەکان کاتژمێر دووی ئەو ڕۆژە هاتوونەتە "جرمـێ" و بیسـت سـەر مەڕیـان بە تـاڵان بـردوە. لەلایەن ئەمیـر هێـزی عێراقییەکانیشەوە ئاگادار کراین کە بارزانییەکان ڕایانکردوەتە تورکیا و ڕەنـگە بێـنەوە نـاو خـاکی ئێـران. کـاتژمێر ١٣:٠٠، کوڕەکـانی نـوری بەگ هـاتنی بارزانییەکانیان لە شەش کیلۆمەتری باشوری "ئەنبە" پشتڕاست کردەوە و کاتژمێر ١٤:٠٠ ئاگاداریان کردینەوە کە بارزانییەکان خەریکی پێشـڕەوین. لەو ڕاپۆرتـانە دەردەکەوێـت کە بارزانییەکـان لە سـنوری تورکیاوە بە "بەردەسورچاپی"دا خزاونەتە ناو خاکی ئێران و ژمارەیان نـزیکەی ٤٠٠ کەسـە. دەسـتبەجێ داوا لە سـەروان "عەدل زەڕابـی" و ڕەشیدبەگ کرا، بێنە سەرکردایەتی لەشکر و فەرمانیان پێدرا لەگەڵ ١٠٠ چەکدار بچن بۆ "مەوانا". ناوبراو کـاتژمێر ١٨:٠٠ ی ئەو ڕۆژە لە ورمێوە وەڕێکەوت و کاتژمێر ٢٢:٠٠ لە "لەرنـێ" و کـاتژمێر ٠٥:٣٠ لە کەلـی "گردە بلیج" دابەزی و هەر ئەوکاتە کاروانێکی پێکهاتوو لە دوو گوردانی پیادە "گوردانی ئیسفەهان و گوردانی دووی ئازەرپاد"، چوار زرێپۆشی جەنگی، دەستەیەکی تۆپخانە بە دەزگایەکی بێتەل، بە فەرمانـدەیی سـەرهەنگ "سەردادوەر" مەئمور کرا کاتژمێر ٤:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٧ ئامادە بێت."

کاتژمێر١٤:٠٠ی ڕۆژی ٣/٦/ هەڵفرینێکی شناسایی بەسەر بەرزاییەکانی سنور و گوندەکانی ناوچەکەدا ئەنجامی گرت، بەڵام بەهۆی بوونی هەوری زۆر، شناساییەکە نەرێنی بوو. ئەو کاروانە کاتژمێر چواری بەیانیی ڕۆژی

٢٦/٣/٧ بە هەژدە بارهەڵگر بەرەو "لەرنی" چوو و تا کاتژمێر ١٧:٣٠ لە لەرنی جێگیر بوو. کاتژمێر ٠٥:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٨ بەرەو مەوانا چوون و ناوچەکەیان گرت. ئەو کاروانە بە زوویی دەچێتە "بزنیان" و ڕێگا لە بارزانییەکان دەگرێت کە بەرەو باکور نەچن.
کاتژمێر ١٢:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/٧، نوری بەگ هاتە تێلگرافخانە و کاغەزێکی مەلا مستەفای پێبوو. داوای کردبوو لەنێوان ئەو و دەوڵەتدا ناوبژیوانی بکات. هەروەها نامەیەکی هاوشێوەی مەلا مستەفا گەیشتە سەرکردایەتی لەشکر و وەڵامی درایەوە بەبێ مەرج بچێتە ورمێ و خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام لە نامەکەی دەرکەوت ئامانجی مەلا مستەفا خافڵاندن و کات کوشتنە. لەبەر ئەوە بۆ فەرماندەی کاروانەکە دووپات کرایەوە کە بەپەلە بچێتە مەوانا و پێوەندیی پێوە بکەن، تا بەڵکوو ئاکام ببەخشێت.
لە دوا هەڵفرینی شناساییدا کە ڕۆژی ٢٦/٣/٦ لە نێوان "تلوع و ئەنبە" ئەنجامی گرت، نزیکەی پازدە سەربەزێو لە بەرزاییەکان لەناو سەنگەردا بیندران کە خۆیان حەشاردابوو، بەڵام بە کۆمەڵ نەبوون و هەرچەندە فڕۆکەکە بە مەودایەکی کەم بەسەر زەویدا دەفری، تەقەیان لێ نەکرد.
دوا زانیاریی لەو کاروانە، لە کاتژمێر ٢١:٠٠دا ئەوە بوو کە مەلا مستەفا کاتژمێر ٢٠:٠٠ی ڕۆژی ٣/٧/ ئەنبەی بەجێهێشتووە و چووەتە "خانەگێ-خانەقا" و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی ڕەوانەی "نازلو چایی" کردوە. بەم جۆرە بۆ لەشکر ڕوون بووەوە کە ئامانجی بارزانییەکان چوون بەرەو باکور و پێکهێنانی هاودەنگیی لەگەڵ عەشایرە جیاوازەکانی باکور و ڕۆژئاوای ورمێیە.
بەیانی ڕۆژی ٢٦/٣/٨ کاروانی ڕەوانەکراوی تەرگەوڕە کە لە "مەوانا" جێگیر بوو، ڕایگەیاند مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ کاروان ناردووە و دەیەوێت خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام دەبێ ئەفسەرێک و سەرۆک عەشیرەتێک بۆ پێوەندیی دیارییبکرێن. بە جوانی ڕوونە کە ئامانجی مەلا مستەفا کوشتنی کات و خۆدزینەوە بووە و دەیانەوێت بەرەو باکور بچن کە تا کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٨ هەموو بارزانییەکان لە "نازلوچای"یەوە بەرەو باکور چوون. هەواڵی گەیشتو لە کاتژمێر ٠٩:٣٠ ی ئەو ڕۆژە، باس لەوە دەکات کە بارزانییەکان چوونە "سێروێ و سێرۆک". ئەو هەواڵە لە لایەن کاروانی تەرگەوەڕەوە گەیشت و سەرگورد "سوڵح جو" سەرپەرەستی

شـکاکە سـوارەکان پشتڕاسـت کـراوە. هـەروەهـا گوتـویـەتـی بـارزانییـەکـان دەیانـەوێـت لـە سـێرویوە بچـن بـۆ "هۆسـین". ئـەو هـەواڵانـە بـە کاروانـەکـانـی جێگیـر لـە مـاکۆ، قـەرەزیـائـەدین، خـۆی، قوتـور، سیـەچشـمـە و شـاپور و سـەرهـەنگ "فولادوەند" ڕاگـەینرا و هۆشیـار کرانـەوە.

کـاتژمێر ۰۸:۰۰ ڕۆژی ۱۳۲٦/۳/۹ گـوردانـی ۲ی سـەرهـەنگ بـەهـادور و دەستـەیەکی تۆپخـانـەی ۷۵ میلم لـە "خۆی"ەوە بـەرەو قوتور چوون و مـەئمـور کـران لـەگـەڵ گوردانـەکـانـی ۳ی هـەنگـی ۱۰ی قوتـور، ڕێگاکـانـی هـاتوچۆی شیوەکانی قوتور بگرن. هـەروەها بـەزوویی یـەکـەی بـەهێزکردنیان پێدەگات.

کاتژمێر ۱۲:۰۰ ی ڕۆژی ۳/۹ گوردانـی ۲ی هـەنگـی ۳۲ لـە شنۆوە گـەیشتـە ورمـێ و کاتژمێر ۱٦:۰۰ ی ئـەو ڕۆژە چوو بۆ شاپور. بـارزانییـەکـان ڕۆژی ۳/۹ دەسـتیـان بـەسـەر بـەرزاییـەکـانـی "گـۆلـی شـێخـان" و "کـەرتـەش" و گونـدی "سێروێ"دا گـرت و ژمارەیـەکیشیـان ڕەوانـەی گونـدی "سینا" کـرد. هـەروەهـا لـەو ڕۆژەدا بـە ژمـارەیـەک چـەکـدار بـە سـەرپـەرسـتیـی ئـەسـعـەد، دەسـتیـان بـەسـەر بـەرزاییـەکـانـی "گـولـی جبیـان"دا گرتـووە کـە بـۆ پاشـەکشـە کردنیـان گرنگـایـەتـی هـەبـووە. لـە ڕەوتـی ڕووداوەکـانـی ئـەو سـێ ڕۆژەدا، بـەیـانیـی و ئێـواران هـەڵفرینـی شناسـایی کـراوە و زۆربـەیـان بـەهـۆی خـراپـی کـەش، ئاکامیـان نـەبـووە و لـە کـەشـی باشیشـدا چـونکـە بـارزانییـەکـان بـە شـەو پێشڕەوی دەکـەن و لێهاتوویی تـەواویان لـەخۆ حـەشارداندا هـەیـە، فڕۆکـەکان بـە زۆریـی نـەیـانتوانیوە بیانـدۆزنـەوە. بـەگشـتـی بـەو زانیـارییـانـەی کـە تـا کـاتژمێر ۲۲:۰۰ی ڕۆژی ۲٦/۳/۹ گـەیشـتـوەتـە دەسـتـمـان، ئـاشـکـرایـە کـە ئـامـانجی بـارزانییـەکـان چـوونـە بـۆ سنوری بـاکـور و نـاو چیاکـانـی مـاکۆ بـۆ فریودان و کوشتنی کات.

بـارزانییـەکـان ڕۆژی ۹ ی مانـگ لـە "سـێروێ" و "بـەردوک"ەوە چـوون دەستیـان بـەسـەر "بـەردوکی خواروودا گرت و بـەرەو بـەردوکی سـەروو دەچـن. لـە بـەرزاییـەکـانـی ڕۆژئـاوا و بـاکوری گونـدی "ئـاخچـەگۆل" بـۆ مـاوەی دوو کاتژمێر لـەنێوان بـارزانییـەکان و شکاکـەکانـی ژێـر ئـەمـری سـەرگورد "سولـح جو" تێکهـەڵچوون ڕوویدا. شناسایی هـەوایی کاتژمێر ۹:۳۰ تـا ۱۲:۰۰ی ڕۆژی ۳/۱۰، بـاس لـە چالاکیی سوارەکانـی عـەشـایریی لـە بـەرزاییـەکـانـی بـاکور و ڕۆژئـاوای "گونبـەد" دەکات، بـەڵام شوێنـەوارێک لـە بـارزانییـەکـان نـەبینـدرا. فـەرمانـدەی سوپا کاتژمێر ۱۸:۰۰ ی ڕۆژی ۳/۹، دوای لێکـۆڵینـەوەی دۆخـەکـە،

پلانێکـــی بەشـــێوەی خـــوارەوە دارِشـــت و دوای ئەوەی کە بە پێشـــگای خاوەنشکۆ گەیشت، پلانە پێشنیازکراوەکە و بریاری لەشکر لە کاتژمێر ۲٤:۰۰ ی رۆژی ۲٦/۳/۹ بەهەموو یەکەکانی سوپا راگەینرا و بەرێوەچوو.

۱- بەستنی رێگەی بارزانییەکان لە شیوی خۆی، قوتور و سنور، بەهۆی کاروانێکی پێکهاتوو لە: چوار گوردانی پیادە، گوردانەکانی ۳ی هەنگی ۱۰، گوردانی ۲ی بەهادور، گوردانی ۲ی هەنگی ۳۲، گوردانی ئاسن، یەکەیەکی تۆپخانەی ۷۵ میلم کێوی، چوار زرێپۆشی جەنگی و دەزگایەکی بێتەل.

۲- راونانی بارزانییەکان لە لایەن کاروانی تەرگەوەر کە پێکهاتووە لە: گوردانەکانی ئیسفەهان و ۲ی ئازەرپاد، دەستەیەکی تۆپخانەی ۷۵ میلیمی کێوی، دوو زرێپۆشی جەنگی و دەزگایەکی بێتەل بە فەرماندەیی سەرهەنگ "سەردادوەر". سەرتیپ بێگلەریی جێگری لەشکر، فەرماندەیی ئەو دوو کاروانانەی لە ئەستۆیە. سەرهەنگ "قزلْیاغ" لەگەڵ ئەندامی پێویست بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی ئەرکانی ئەو کاروانە دیارییکراوە.

۳- هەنگی سوارەی فەوزیە جگەلە یەکەیەکی سوارە کە بە دۆشکە بەهێز کراوە، لە شاپور جێگیرکراوە و دەزگایەکی بێتەلی گەرۆکیان لە شاپور پێیە و مەئمورن جگەلە چاودێریی گشتیی ناوچەکە و شکاکەکان، بە گوێرەی پێویست بۆ عەمەلیات ئامادەبن.

٤- کاروانی ماکۆ پێکهاتوو لە گوردانەکانی هەنگی ۱۲ی کرماشان و گوردانی ۲ی هەنگی ۲۷، لەگەڵ دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژی ئیسفەهان، یەکەیەکی تۆپخانەی ۷۵ میلیمی کرماشان و دەزگایەکی بێتەل، بە فەرماندەیی سرهەنگ "موزەفەری"، مەئمور کراوە چاودێریی بەسەر ناوچەی پلدەشت و سنوری بازرگان بکەن کە پێشتر شناساییان کراوە.

٥- لە سیەچشمە، گوردانێک لە هەنگی بەهادور و دەزگایەکی بێتەل دانراوە. لە قەرەزیائەدین گوردانی ۲ ی هەنگی ۱۲ و هەنگی سوارەی کوردستان جگەلە یەکەیەکی گەرۆکی سوارە، بە ئیحتیات لە خۆی جێگیر

کراوە. سەرتیپ زەنگەنە فەرماندەی تیپ، فەرماندەیی کاروانەکانی ٣ و ٤ی لە ئەستۆیە و سەرگوردی ئەرکان بەهادور لەگەڵ ئەندامی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکانی ئەو کاروانانە دیاریی کراوە. گوردانی سرگورد "زرەپوش" کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٠ بە بارهەڵگر ڕەوانەی خۆی کرا و چوار زرێپۆشی جەنگی نێردرایە قوتور. بەهەموو ئەو یەکەیانە و فەرماندەکانیان ڕاگەینرا لە کاتژمێر ١٢:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١ وە کار لەسەر ئەو پلانە بکەن.- لە گۆشەیەکی پلانەکەدا نوسراوە، بە داخەوە مەلا مستەفا سەبری نەکرد- سەرتیپ بێگلەریی و سەرهەنگ "نەیساری" ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٠ بەرەو مەئموریەتی دیارییکراو چوون و سەرتیپ زەنگەنەش کاتژمێر ١١:٠٠ ی بەیانی ورمێی بەجێهێشت.

فەرمانی تەواوکەریی دوایی، پەیوەست دەبێت بە جێگیربوون لە هێڵی قوتور و بەهێز کردنی گوردانی سەرگورد زرەپوش بۆ سێ گوردان. بارزانییەکان کاتژمێر ٠٣:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/١٢ تا کاتژمێر ١٤:٠٠ی ئەو ڕۆژە هاتنە "هەبلۆران" و لەوێوە بەرەو "ئەشنەک" و "بەشخوران" دەچن.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٣، لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی هەتاو هاتنە "ڕاویان" و لەوێ چەند کەسێکیان لە خەڵکی ناوچەکە دەستگیر کرد کە لەلایەن کاروانەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ ڕەوانە کرابوون و چەند ئەسپ و هەندێک خواردنیان لەو گوندانە کۆکردەوە و بەرەو "حەبەشی خواروو" و "موخین" بەڕێکەوتن و دواتر ڕوویان لە "کەڵت" کرد. ڕۆژی ٢٦/٣/١٥ گەیشتنە "سەگمەن ئاوا" و لەو ڕۆژەدا هەرچەندە یەکە جێگیرکراوەکان لە هێڵی قوتور بە شوێنیان کەوتن، بەڵام نەیاندۆزینەوە و ئاکامیان وەرنەگرت. لەبەر ئەوە، گوردانەکانی ٢ و٣ی ئازەرپاد و گوردانی "کسر خدمت"ی هەنگی ٩ کە ڕۆژی ٢٦/٣/١٢ ڕەوانەی خۆی کرابوون، بردرانە "شوت" کە لەوێ پێش بە بارزانییەکان بگرن.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٥ تیمسار فەرماندەی سوپا لە لەشکری ورمێوە بەرەو ماکۆ هات و بە سەرهەنگی ئەرکان غەفاریی ڕاگەینرا لە شنۆوە بێتە ورمێ. کاتژمێر ١٨:٠٠ ڕۆژی ٢٦/٣/١٦ گەیشتە ورمێ و دەستبەجێ بەرەو ماکۆ

ڕەوانە کرا و لە هەمان ڕۆژدا سەرۆکایەتی ئەرکانی عەمەلیاتی ماکۆی پێسپێردرا.
ڕۆژی ٢٦/٣/١٦ کاروانی قەرەزیائەدین کە بریتی بوو لە: یەکەی سوارە و دەستەیەک دۆشکە لە هەنگی سوارەی کوردستان، بە فەرماندەیی فەرهادخان، بەرەو چیای "سەگار" چوون و بە کاروانی سیەچشمەش فەرماندرا دەستەی پێشقەڕاوڵی خۆی بۆ دامەزراندنی پێوەندیی، بنێرێتەوە پێشەوە. یەکەکانی هێڵی قوتور و گوردانی سەرگورد زرەپوش بە بارهەڵگران ڕەوانەی ماکۆ کران و گوردانی ٢ی بەهادور و گوردانی ٣ی ئاسن بە فەرماندەیی سەرهەنگ فولادوەند مەئموری ڕاونانی بارزانییەکان کران. گوردانەکانی ئیسفەهان، گوردانی ٢ی کرماشان و گوردانی ٢ی هەنگی ٢٧ ڕەوانەی "ساری باشکەند"، "کەشمەکەش تەپە"، "موسا ئاقبلاغ"، "خەندەرو" و "قزلداغ" بران کە لەو ناوچانە جێگیربن و دەستەی پێشقەڕاوڵی خۆیان بۆ دامەزراندنی پێوەندیی، بنێرنەوە پێشەوە.
لەو ڕۆژەدا سەرتیپ زەنگەنە چاوی بە فەرماندەی تیپی بایزید "مەبەستی تیپێکی تورکیایە- نوسەر" لە بازرگان کەوت و کێشەی بارزانییەکانی پێڕاگەیاند. بارزانییەکان کە بە ڕۆژ لە بەرزاییەکاندا خۆیان حەشار دەدا و شەوانە بە دوندی چیاکاندا دەڕۆیشتن، چوونە "بلەسوری گەورە و بچوک و سێرپاگڵ" و لەوێوە بە "یەک ماڵە"دا کە لە سێ کیلۆمەتری "تاوەر" بە باشوری شێخ "مەملو"دا گەیشتنە محاڵی سیەچشمە. سەرهەنگ زەلتاش لەگەڵ چەند پلەداران، بە ١٥٠ تفەنگ و ژمارەیەک فیشەک چوو کە چەک بدات بە تایفەی میلانی و چەکداریان بکات.
ڕۆژی ٢٦/٣/١٧ بارزانییەکان بە شەو چوونە دەوروبەری "قەرەدەرە" و چونکە گومان دەکرا بەرەو "کەرەلەڕ" بچن، بە ناچار دەبێت بە هێڵی بازرگان- ماکۆ، خەندور، قزلداغ دا بڕۆن و کاروانەکان بەو شێوەیەی خوارەوە هێڵەکەیان گرتوە.
بەپێی بڕیار سەرهەنگ نەیساری لەگەڵ دوو گوردانی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم، یەکەیەکی سوارە و دەستەیەکی دۆشکەی سەحرایی لە "کولتێ"ی سەروو، خەریکی کارەکانیانن. سەرهەنگ "لەشکری" لەگەڵ گوردانێک و یەکەیەکی سوارە و دوو زرێپۆشی جەنگی لە

بەرزاییەکانی سەگار. گوردانێکی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلیم، دوو زرێپۆش لە سیەچشمە. گوردانێکی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم، دوو زرێپۆشی جەنگی لە هێڵی "ساری ئوجاق" و "کشمش تەپە". گوردانێک لە بەرزاییەکانی سەنگەر. گوردانێک و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلمی کێوی لە خەندوەر. دوو گوردانی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم، یەکەیەکی سوارە، سێ زرێپۆشی جەنگی لەگەڵ سەرهەنگ "سەردادوەر" لە شوت. فەرماندەیی سەبارەت بەو بڕیارە و هێزە جێگیرکراوەکان، بیری لەوە کردوەتەوە کە بەرلە دەرچوونی بارزانییەکان، ئەگەر لەو هێڵەدا بیندران، سەرکوتیان بکەن، ئەگەرنا لە ناوچەی "کەرەلەڕ" گەمارۆیان بدەن. بەهۆی دوریی ناوچەی عەمەلیات لە ورمێ، سەرکردایەتی عەمەلیات لە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٦وە لە ماکۆ داندرا و بڕیار و فەرمانەکان لەوێوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە یەکەکان دەگات و ڕووداوەکانی عەمەلیات ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرکردایەتی سوپا دەکرێن.

سەرۆکی سەرکردایەتی لەشکری ٤ی ئازەربایجان
سەرهەنگی ئەرکان فیوزی (پاشبەندی ١٠)

ئەو هەموو چەکدارانە لە بەرامبەر ٥٠٠ پێشمەرگەدا، چیان کرد و تا چ ڕادەیەک لە ئەرکەکەیاندا سەرکەوتن؟ بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان سەرنج بدەنە ئەم بەڵگەنامەیەی وەزارەتی بەرگریی سوپای شاهەنشاهی ئێران!!! و بزانن شای ئێران چۆن هەڵوێستە دەکات:

**وەزارەتی بەرگری**
**نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا**
**ژمارە ٢/٢٠٤٣ مێژوو ١٣٢٦/٣/٢١- ١٩٤٧/٦/١٢)**
**تیمسار سپەهبود شابەختی**
**بە ئەمری شاهەنشا بە ئیوە ڕادەگەیەنین، هەر وەک ئاگادارن بارزانییەکان ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٦- ١٩٤٧/٥/٢٨ خزاونەتە ناو خاکی ئێران و بە ڕاگەیاندنی پەیتا پەیتامان بە لەشکری چوار بۆ ڕاونان و سەرکوت کردنیان، لەشکر تەنیا توانی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠ توشی سەربزێوەکان بێت. ژمارەی ئەندامانی لەشکر دە بەرامبەری ژمارەی**

سەربزێوەکان بووە و چەکی هەمەجۆرە و ئۆتومبیل و شتی تریان پێبووە و بارزانییەکان بەتێکرا پیادە بوون و هیچ چەشنە ئامێر و کەرەسەیەکی گواستنەوەیان پێنەبووە. خاوەنشکۆ شاهەنشا کە بەو کارەساتەی زانی، فەرمووی: (دەبێ لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا کۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنرێت.). ویستی بەڕێزیان هەرگیز بەجێنەگەیشت و تەنانەت ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠سەربزێوەکان لە ناوچەی "شوت" توشی لەشکر دەبن و لە تێکهەڵچوونێکدا کە لەشکر ڕایگەیاندوە، ٣١ کەسی لێ کوژراوە و ٣٥ کەسیشی بریندار بووە و بارزانییەکانیش توانیویانە بەرەو باکور درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن. چونکە ئەو مەسەلەیە گەلێک گرنگ و سەرنجڕاکێشە، شاهەنشا ئەمری فەرموو کە کۆمیسیۆنێک بە سەرۆکایەتی ئێوە و ئەندامەتی سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزەن، سەرتیپ وسوق پێکبێت و بچنە ناوچەکە و لەوێ بە وردی لە هەموو ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و روون بکرێتەوە:

١- بۆچی لەشکر لەکاتی خۆیدا فەرمانەکەی بەجێنەگەیاندووە؟

٢- بۆچی کاروانەکان بەو هەموو چەک و کەرەستانەیانەوە، سەرنەکەوتوون؟

٣- کێ لەو عەمەلیاتەدا کەمتەرخەمی کردووە؟

٤- هۆی دوا عەمەلیات چی بووە و کێ کەمتەرخەمیی لە بەڕێوەبردنیدا کردوە؟

ئەو ڕووداوە ئابرو و کەڕامەت و پلە و پایەی سوپای ئێرانی لەلای دراوسێکان و تەنانەت لەلای عەشایری ناوچەکەش دابەزاند و دەریخست سوپای ئێران تا چ ڕادەیەک لاواز و بێدەسەڵاتە. زۆر زوو ئاکامی لێکۆڵینەوەکەتان ڕابگەیەنن تا بە خزمەت شاهەنشا بگات.

سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران

سەرلەشکر ڕەزمئارا (پاشبەندی ١١)

لە درێژەی ورێنەکانیاندا، نۆرە ورێنەی قانعی فەرد دێت و بە ڕوونی و بە بەرنامە هەوڵی بەتاڵکردنی زانیارییەکانی پژمان دەدات و لە لاپەڕەی ٣٥دا دەڵێت: **(ئەگەر دەکرێ باس لە ساواک بکەین، واتە لە سەردەمی دامەزرانییەوە، چونکە هێشتا هەندێک خاڵی تاریک و پڕلە گومان**

**دەربارەی ساواک هەیە و زۆربەی ئەندامانی یان مردوون، یان مۆری بێدەنگیان لە زاری خۆیان داوە.)**

بە خستنەڕووی ئەم باسە، سیخوڕی نوێ بەشوێن ئەو زانیارییانە دەکەوێت کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بۆی دیارییکردوە و پژمانیش لەو بارەیەوە بە وردی زانیارییەکانی خۆی سەبارەت بەکار و تێکۆشان و مەئموریەتەکانی ساواک دەداتێ. دواتر باس لە حیزبی تودە دەکەن و وڕێنەکەیان شێوەی لێپێچینەوە پرسیاری کورت و وەلامی درێژ بەخۆوە دەگرێت و سەرئەنجام دەگەڕێنەوە سەر ڕووداوەکانی کوردستان و تاوانبار کردنی مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان و سەرلەنوێ باس لە پێوەندی بارزانی بە تاران و بەگرتدانی پێشەوا قازی محەمەد لە لایەن بارزانییەوە دەکەن کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ڕەنگە پێویست بە دووپات کردنەوەی ڕووداوی دەستگیرکردنی پێشەوا نەکات. ئەم جارە لە پلانی زۆر نهێنی ساواک بۆ تێکشکاندنی حکومەتی قاسم و گەڕاندنەوەی عێراق بۆ سیستمی پاشایەتی دەدوێن و پژمان دەڵێت:

- **(لە دادگای کەرکوک چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت)** و لە لاپەڕەی ٩٧ دا باس لە هاوکاریی عەبدولڕەحمان زەبیحی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و نوێنەری پارتی لە بەغدا دەکەن و پژمان دەڵێت:

- **(زەبیحی بەرپرسی پارتی دیموکرت یەکێک لەو کەسانە بوو کە دەرگای هاتوچۆ و دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکرات بۆ کردمەوە و توانیم لەو دەرگایەوە بچمە ناو گۆڕەپانەکەوە. زۆری یارمەتیدام و ئەگەر بۆچوونی ڕێک و هاوکاریی و ئاشنایەتی پێشومان نەبووایە، دژوار بوو کە خۆم بگەیەنمە ئەو جێیە.)**

سەبارەت بە دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکرات، لە زمانی حەسەن پاکڕەوان سەرۆکی ئەوکاتی ساواکەوە دەڵێت، پاکڕەوان گوتی:

- **(چۆن خاوەن شکۆ سەبارەت بە پشتیوانیی و سەرئەنجام یارمەتی کردنی مەلا مستەفا هاودەنگی دەکات؟ بارزانی و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٣٢٥- ١٩٤٦دا کە سوپا ڕەوانەی کوردستان کرا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕیوەکان، بارزانی ژمارەیەک ئەفسەر، پلەدار و سەربازی ئێرانی**

**کوشت و پەنای بۆ ڕوسەکان برد و لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە سزای ئیعدام بەسەر بارزانیدا سەپا!....)**

بەو وتەیەی پاکڕەوان ساواک لە پێوەندیی کردن بە بارزانی خۆی دەپاراست و بەشیوێن بەدیلێکی تردا دەگەڕا کە ئەویش ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی دیموکرات بوو کە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پارتی لەگەڵ بارزانی کێشەی هەبوو.
لە لاپەڕەی ١١٣- ١١٤ دا پژمان دەڵێت: **(جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٦١ کە عەبدولکەریم قاسم سەرۆکوەزیری عێراق و عەباس ئارام سەفیری ئێران بوو لە عێراق، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئاشنا بووم و ئەو ئێستا ٥٠ ساڵە پێوەندی بە ئێرانەوە هەیە و جگەلە ڕاستی و سەداقەت، کارێکی ناشایستی لە بەرامبەر ئێراندا نەکردوە. مام جەلال لەگەڵ جەماعەتێک هاتە سەفارەتی ئێران و بۆ یەکەم جار لەوێ من چاوم پێی کەوت و دواتر ئەو بانگهێشتی کردین. واتە جەژنی نەورۆز بوو کە سەفیر و کۆنسوڵی ئێمەی لە بەغدا بانگهێشتکرد. ئەوکاتە پارتی لە بەغدا بە ئازادی خەباتی دەکرد و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و نوسینگەی هەبوو. پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی جەلال تاڵەبانییەوە جەژنێکی بەشکۆی لە یەکێک لە هۆڵەکانی بەغدا پێکهێنابوو......)**
دواتر هەردوو سیخوڕ بەجووتە پەنا بۆ کۆمەڵێک درۆ دەبەن کە بەڕاستی بۆ گێڕانەوە نابن. پژمان دەڵێت: **(بە کوشتنی پۆلیسێک لە سلێمانی لەلایەن ئەندامانی پارتییەوە، من شۆڕشی ئەیلولم هەڵگیرساند.)** و بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو سیخوڕ ڕاپۆرت و بەڵگەنامەکانی ساواک بەشاهید دەگرن کە زۆر جێی پێکەنین و گاڵتە پێکردنە.

لە لاپەڕەی ١٣٨دا سیخوڕی نوێ دەڵێ: **(بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوی بزاڤی چەکدارانەی کوردەکان، مستەفا بارزانی بۆ ڕاکێشانی ڕای شا چی کرد؟)**
- سیخوڕی کۆن: **(لە مەلا مستەفا بارزانیم ویست بۆ دڵنیا بوون و باوەڕهێنانی شاهەنشای ئێران و بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران، باشترە لە پشت بەرگی قورئان شتێکی وەک سوێندی ئەمەکناسی و خۆشەویستی و**

**سەداقەتی خۆت سەبارەت بە درێژەدانی هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بنوسێ و ئیمزای بکات. سەرەتا خۆی تووڕە کرد و گوتی: "من پیاوم و بەڵێنی من لە سەدان بەڵگە بەهێزترە، بەڵام ئەگەر کارێکی وا پێویستە، قسەیەکم نییە." بەڵام لە سەرت گەڕێم! کام پیاوەتی و کام بەڵێن و بڕیار؟! چونکە بارزانی هەرگیز نە ئیمانی بەخۆی هەبوو نە بەهیچ کەسێکی تر و نە بۆ کورد و کوردستان. ئەوەی لەبەر چاوی بوو، تەنیا کەڵکلێوەرگرتنی ئابووریی بوو.)**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، پژمان تەنیا یەک دوو جار و ئەویش لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣و نزیکەی دە مانگ بە دوای دامەزرانی پێوەندیی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ ئێران چاوی بەبارزانی کەوتووە. هۆی ئەو چاوپێکەوتنەی دەگەڕایەوە بۆ قەبووڵکردنی ئاگربەس لەلایەن بارزانیی لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف.

لە تشرینی دووەم "نۆڤێمبەر"ی ساڵی ١٩٦٣دا عەبدولسەلام کودەتای لە بەعسییەکان کرد. دوای سەرکەوتنی کودەتاکە داوای لە بارزانی کرد شەڕ ڕابگرێت کە بارزانی قەبووڵی کرد. ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی دژی ڕاگرتنی شەڕ بوون. لەبەر ئەوە بارزانی بڕیاریدا کۆنگرەیەکی بەرفرەوان لە کۆیە پێک بێت و سەبارەت بە ئاگربەس و وتوویژ کردن لەگەڵ حکومەت، لەو کۆنگرەیەدا بڕیار بدرێت. کۆنگرەی بەرفرەوانی کۆیە چل ڕۆژ دوای کودەتای بەعس لە ١٩٦٣/٣/١٨ بە بەشداریی نزیکەی دوو هەزار کەس لەسەر ئەرکی ڕەوانشاد ساڵح بەگی میران پێکهات. بەشدارانی کۆنگرەکە پرۆژەیەکی داواکاریی نەتەوەیی کوردیان ئامادەکرد. بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا، بارزانی لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامەتی گروپێکی چوارده کەسیی وەک: ساڵح یوسف، مەسعود محەمەد، حسێن خەنەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز، فوئاد عارف و ...تد، بە گەڵاڵەکەوە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٣٠ ڕەوانەی بەغدا کرد کە وتوویژ لەگەڵ حکومەت بکەن. ڕژێمی ئێران ڕاگرتنی ئاگربەسی بە زیانی خۆی دەزانی لەبەر ئەوە، فەرمانیدا بە پژمان کە

بچێ و چاوی بە بارزانی بکەوێ و داواکاریی ئێرانی پێڕابگەیەنێت. لەم بارەیەوە پژمان خۆی لە لاپەڕەی ١٤٧ی ڕەشەبای ڕووداوەکاندا دەڵێت:

**- (.... بەیاننامەی ئاگربەس لەنێوان ڕاپەڕیوەکانی باکور لەگەڵ سوپای عێراق لە ڕادیۆ بەغدا خوێندرایەوە و زۆربەی ڕۆژنامەکانیش وتاریان لەسەر نوسی و هێرشیان کردە سەر ئێران. ... دەستبەجێ بانگ کرامەوە بۆ تاران و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لە پێوەندیی نهێنیی عێراق کرا و گوتیان بچم بۆلای مەلا مستەفا. بەرلە چوونم، لە بارەگای حیزبدا چاوم بە سەرکردەکان و بەرپرسانی حیزب کەوت و هۆی ئاگربەسەکەم لێ پرسین، گوتم بۆچی بەبێ بەرژەوەندیی ئێران و بەبێ ئیزنی ئێران و تەنانەت ئاگادارکردنی دەوڵەتی ئێران، ئاگربەستان کردوە؟ هەموویان گوتیان ئێمە لەو وتووێژانە ئاگادار نین. تەنانەت ئیبراهیم ئەحمەدیش دژی ئاگربەس و وتووێژ ڕاوەستا و بڕیار درا کێشەکە لە کۆمیتەی ناوەندیدا بخرێتە بەرباس و بڕیاری بۆ وەرگرن، بەڵام مستەفا لە پێکهێنانی کۆبوونەوە و وەرگرتنی ڕای ئەوان خۆی پاراست. ناچار بووم بچمە ئەو ناوچەیەی کە بارزانی لێبوو. گوتی: "ئێمە کارێکمان بە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران نەکردوە. لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بە دژی ئێران ڕێکنەکەوتووین. عەبدولسەلام و بەرپرسانی دەوڵەت کە هەندێکیان دۆست و لایەنگری ئێمە کوردەکانن، ویستیان سەبارەت بە داواکارییەکانمان، وتووێژیان لەگەڵ بکەین. ئامانجی ئێمە گەیشتن بە داخوازەکانمانە!")**

هەروەک دەبین لەو دیمانەیەیدا، پژمان بەبێ دەسکەوت لەلای بارزانی، بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. لە لایەکی تردا چونکە بەهۆی نزیکایەتی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و نەرمبوونی ئەوان لە بەرامبەر ئێراندا، ببوو بە لایەنێکی کێشەی نێوان گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی، ئیتر ڕێی دوژمنایەتی کردنی لەگەڵ بارزانی گرتەبەر و لەگەڵ سیخوڕیی کردنەکانیدا، هەوڵیدەدا دژی بارزانی درۆ و هەواڵی ناڕاست و ناڕەوا بڵاوبکاتەوە کە دوای ساڵێک ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کە ڕایانکردە ئێران، پێوندەییەکانی ئێران لەگەڵ گروپی ئیبراهم ئەحمەد بۆ شۆڕش گواسترایەوە، ڕژێمی ئێران عیسا پژمانی لە

ئەرکەکەی خست و سەرهەنگ عەلی مودەرسی لە جێ ئەو دانا و ئیتر عیسا پژمان چاوی بە بارزانی نەکەوتەوە.

- سیخوڕی نوێ لە لاپەڕەی ١٣٩دا ورێنە دەکات: **(بە ڕاستی پرسیارێکی جیددی هەیە کە بۆچی کەسێکی ئاوا کرا بە سەرۆکی پارتی و بۆچی ساواک پشتی گرت؟)**

- سیخوڕی کۆن: **(دواتر لە ساڵی ١٩٥٩ پرسیارم لە جەلال تاڵەبانی کرد کە ئایا ڕاستە ئێوە ڕازی بوون بارزانی وەک سەرۆکی پارتی بگەڕێتەوە بۆ عێراق؟ گوتی: "دەمویست لە بوون و پەیکەری ئەو کەڵکوەرگرین و ئامانجەکانی حیزبی خۆمانی پێ جێبەجێ بکەین." بە ڕای من ئەوە یەکەم هەڵە و یەکەم هەنگاوی لاریی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە ئەویان بە پەیکەری خەیانەت، نەزانیی و بەڵاهێنەریی وەک ڕزگارکەری خۆیان هەڵبژارد بوو. لەو ئیمامە، ڕەستگاریی بەدی نایەت، چونکە بارزانی نە خوێندەواریی هەبوو، نە ئابروو، نە شەرەف و نە باوەڕ و بەگشتی وەک ژنێکی .... بڕیارەکانی تێکدەدا.)**

خوێنەری بەڕێز، ورێنەی ئەو دوو سیخورە بە ڕادەیەک ناحەز و شەرمهێنەرە کە نوسینەوەی وتەکانیان دژوارە. بێگومان هەمووی ئەوانە لە فەرهەنگی مەلا دەسەڵاتدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە و ئەو فەرهەنگە دەرخواردی خوێنەری فارس زمان دەدەن و نەوەی نوێی پێ پەروەردە دەکەن. گومانم لەوەدا نییە کە ئەو وتە ناحەزانە لەلایەن قانعی فەرد و هاوکارەکانیەوە بەناوی عیسا پژمان تۆمار کراون، چونکە پژمان لە کتێبەکانی پێشوویدا کە خۆی چاپی کردون، بەو ڕادەیە لە پرنسیپی قەڵەم لای نەداوە.

پژمان لە لاپەڕەی ١١٣- ١١٤دا دەڵێت: **(بۆ یەکەم جار لە نەورۆزی ١٩٦١دا لەگەڵ مام جەلال ئاشنا بووم)** و لە لاپەڕەی ٤٩٣ی کتێبەکەدا لە وەڵامی ئەم پرسیارەی حەبیب لاجوێردی دا کە لێی دەپرسێ **(لە چ ساڵێکەوە لە عێراق بووی؟)** دەڵێت: **(من لە ساڵی ١٩٦٠وە تا ساڵی ١٩٦٥**

**لە عێراق بووم، بە دروستی دوو ساڵ دوای شۆڕشی ١٩٥٨ من چووم بۆ عێراق.)**

کەوابوو چۆن ناوبراو لە ١٩٥٩دا سەبارەت بە بارزانی پرسیاری لە مام جەلال کردوە؟ ئایا ئەمە واتای ئەوە نادات کە ئەم کتێبانەی بەناوی قانعی فەردەوە بڵاودەکرێنەوە، پڕن لە درۆ و چەواشەکاریی و لەلایەن چەند کەسی جیاوازەوە ئامادە دەکرێن؟

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لایەک ئاگادارین کە شۆڕشی ئەیلول ڕۆژی ١٩٦٢/٩/١١ هەڵگیرساوە و عیسا پژمان بە وتەی خۆی لە جەژنی نەورۆزی ١٩٦١ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئاشنا بووە. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

**- (.... منیان کرد بە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی ساواک لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەو پێنج وڵاتانەی کوردیان لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا بووم بە جێگری سەرۆکی بەستراوەی سەربازی "وابستە نظامی" لە بەغدا کە بەرلەمن کوردێکی سنەیی بەرپرسی بوو. دوای ٦-٧ مانگ لە ساڵی ١٩٦٠دا ئەویان گۆڕی و منیان لەجێی ئەو دانا. دوای ڕەزامەندی شا، من گەڕامەوە بۆ بەغدا. لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری قسەم کرد و گوتم دەتوانن قەولی شەرافەت "بڵێنی شەرەف" بەمن بدەن کە ئەگەر من کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم لە بەرامبەر شادا شەرمەزار نەبم؟ گوتیان: بەڵێ. گوتم داوام لە شا کردوە تا شەش مانگ یارمەتی بە ئێوە بدات و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێوە بە وتەی ئێمە جووڵانەوە، ئەوە یارمەتیتان پێدەکەین، ئەگەرنا ئێمە یارمەتییەکانمان دەبڕین. گوتیان: باشە، ١٠٠% هیچ گرفتێک نیە. گوتم دوو کەس بنێرن بۆ ئێران و پێشنیاز دەکەم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بێن، گوتیان: ناتوانین و باشترە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بێن. ئەو دوو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆ سەردەشت و لەوێ ماڵێکم هەبوو، ئەوانم لە ماڵی خۆم دانا. لەگەڵ سەرۆکی ساواک و بەرپرسانی ئەمنیەتی سەردەشت گفتوگۆیان کرد و قەولی شەڕەفیاندا کە بە گوێی ئێمە بکەن و منیش ئەو پێداویستیانەم بە نهێنی و بە ڕێگای مەریوان و پێنجوێن دا برد بۆ سلێمانی و تەحویلی**

**ئەوانمدا. جەلال تالەبانی داوای کرد چەک و تەقەمەنییەکان بەرم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.)**

هەمــوو ئەو وتە و نوســراوانە لەو ڕاســتییە دەدوێــن کە پژمــان بە دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـول، لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٦٢دا توانیـویەتی بە دوور لە چـاوی بـارزانی لەگەڵ گروپـی ئیبـراهیم ئەحـمەد پێوەنـدیی دامەزرێنێـت. دوای دامەزرانـدنی ئەو پێوەنـدییە، بنکەیەکیـان لە گونـدی "شابادین" لە ناوچەی بانە داناوە کە بەرپرسی بنکەکە "عەبدولرەحمانە ڕوتە"ی ئامۆزای کەمال محەیەدین بوو. ئەو پێوەندییە لە ١٩٦٤ و بە دوای ڕاکردنی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئێران، لەلایەن سەرلەشکر پاکرەوان و سـەرتیپ مەنسورپوورەوە گواستراوەتەوە بـۆ شۆڕشـی کوردسـتان، بـنکەی شـابادینیان هەڵگرتـووە و لە نـاوچەی حـاجی ئـۆمەران بنکەیەکـی نوێیـان کـردۆتەوە. سـەرهەنگ عەلـی مودەرسـی سـەرۆکی ڕۆکنـی دووەمـی سـوپای سێی مهاباد کە کورد و خەڵکی سنە بوو، لە جیاتی سەرگورد عیسا پژمان کراوەتە نوێنەری ساواک لە لای شۆڕش و بارزانی. ئیتر عیسا پژمان هیچ ڕۆڵێکی لە دامەزراندنی پێوەندیی ئێران لەگەڵ بارزانی نەبووە کە پشت بەرگی قورئان بە بارزانی ئیمزا بکات و هەروەک گوتم ئەو تەنیا یەک یان دوو جار لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا چاوی بە بارزانی کەوتووە!

بـارزانی دیپلۆماتکـارێکی بە ئەزمـوون بـوو. لە ژیـانی سیاسـیی خۆیـدا زۆری هەوڵدا کێشەی کورد و حکومەتی عێراق بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەر بکـات، لەگەڵ ئەوەشـدا خوازیـاری پێوەنـدیی لەگەڵ هەمـوو دەوڵەتـانی جیهـان بـوو، بەڵام هەرگیـز بـاوەڕی بە شـا ئێـران و ڕژێمەکەی نەکرد. لە ڕاستیدا ئیمـزا کردنـی پشـتی بەرگـی قورئـان یەکێک بـوو لە نەریتەکـانی دەسەڵاتدارانی ئێران کە خۆیان بـۆ فریـودانی سـەرکردە کوردەکـان و لەداو خسـتنیان، پشـتی بەرگـی قورئانیـان بـۆ ئیمـزا دەکـردن. نمـونەی ئەو فێڵبازییە لە فریودانی هەمزاغای مەنگوڕدا ببینن کە چۆن پشتی بەرگـی قورئانیان بۆ ئیمزاکرد و بە فێڵ هێنایان بۆ مهاباد و کوشتیان.

لە لاپەڕەکانی ١٧٦ و ١٩٢دا، سیخوڕەکان خۆ لە ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤ دەدزنەوە و بەبێ ئەوەی کە باس لەو ساڵانە بکەن کە مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا دەسکەوتی مێژووی بەدەست خست، دەپەڕنە سەر باسی ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان شای خایین و سەدام حوسێنی تاوانباردا. لەبەر ئەوە، بەپێویستی دەزانم هەرچەندە بە کورتیش بێت، بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز لە شۆڕشی ئەیلول و بۆ ئەوەی کە نەوەی نوێ لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول تا کۆتایی ئاشنا بێت، ئاماژە بۆ ڕووداوە باس نەکراوەکانی شۆڕشی ئەیلول لەنێوان ساڵە هێڵ بەسەردا کێشراوەکان لە کتێبە نوسراوەکانی بەناو قانعی فەرددا بکەم.

دوای گەڕانەوەی گروپی جەلال تاڵەبانی لە هەمەدانەوە بۆ باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ و خۆبەدەستەوەدانیان بە ڕژێمی بەعس لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ و چەک هەڵگرتنیان بە دژی پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوڕێ دێرینەکانیان، شۆڕشی ئەیلول لە دووبەرەکی و خەیانەت پاک بۆوە، ڕیزی خەباتکاران و دوژمن و لایەنگرانیان بە تەواوی ئاشکرابوو. لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٦- ١٩٧٠دا شۆڕشی ئەیلول بە سەرکەوتوویی گەشەی سەند و سەرئەنجام بە چەکی پێشمەرگە و سیاسەت و دیپلۆماسی بەهێزی سەرۆک مستەفا بارزانی، ڕژێمی بەعس ناچار بوو مل بۆ مافە بە حەقەکانی کورد ڕاکێشێت و لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکرات ڕێکبکەوێت و ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١، ئوتۆنۆمی کوردستان لە ناو خاکی عێراقدا بەڕەسمی بناسێت.

بە ڕەسمی ناسینی ئوتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە باشوری کوردستان، وەک پەیمانێک لەنێوان بارزانی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرکۆماری عێراق مۆرکرا. ئەو ڕێککەوتنە لە مێژووی کورد و عێراقدا بە ڕێککەوتنی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ دەناسرێت. پەسەندکردنی ئوتۆنۆمی بۆ کوردی ژێردەستی عێراق و بڵاوبوونەوەی هەواڵی، محەمەدڕەزا پەهلەوی و کاربەدەستانی ئێرانی بەتەواوی تاساند.

بەم بۆنەیەوە شا دەستبەجێ داوای کرد چاوی بە بارزانی بکەوێت. لەو چوارچیوەیەدا شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگەڕایەوە، هەڵگری نامەیەکی شا بوو بۆ بارزانی. لەو نامەیەدا شا ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندبوو بەو مەرجەی بارزانی واز لە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی بەعس بهێنێ و ڕێککەوتنەکە واژۆ نەکات، ئەو ئامادەیە شۆڕش هەر یارمەتییەک بخوازی، پێشکەشی بکات. هەروەها داوای لێکردبوو، سەردانێکی تاران بکات.

بارزانی و شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٥ بەرەو تاران چوون و ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٦ لەلایەن شای ئێرانەوە پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەیدا، شا بە بارزانی گوت ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی حیزبی بەعس و یەکێتی سۆڤیەت دایە و بەناوی خۆی و بەناوی کاربەدەستانی ئەمریکاوە بەڵێنی بە بارزانیدا کە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە قەبووڵ نەکات، هەموو جۆرە یارمەتییەک دەدا بەشۆڕش، تەنانەت ئەگەر لە رووی سەربازییشەوە بێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٣٥-٣٦ی کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بۆ وەڵامی بارزانی بە شا دەکات و دەنوسێت:

**- (ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە. جا ئەگەر بەعسی حوکمڕان دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و من ئەوم نەوێت و بیدەمە دواوە، هەڵوێستم چی دەبێت لە ئاست پارتی دیموکرات و میللەتی کورد لە عێراق و لە ئاست هەموو نەتەوەی کورددا؟ من ناتوانم ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکەم، ئەگەر ئیمزای نەکەم، بەوە گەورەترین قازانج بە حزبی بەعسی حوکمڕان دەگەیەنم و لەبەر چاوی ڕای گشتیدا ئەو بە داکۆکیکەر لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئێمەش بە خائین و بایەخ نەدەر بەو مافانە دەردەکەوتن.)**

ئەوە هەڵسوکەوتی بارزانی بوو لە بەرامبەر شای ئێراندا کە ئەویش هەر بەم بۆنەیەوە دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام لە جەزائیر، تۆڵەی

خۆی لە بارزانی و نەتەوەی کورد کردەوە و لە دیداری ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١١یدا لەگەڵ بارزانی پێی گوت: **(ڕێککەوتنم لەگەڵ سەدام لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا بوو، هەروەکوو مۆرکردنی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە بەرژەوەندیی ئێوەدا بوو.)**

ڕژێمی عێراق ماوەی چوار ساڵی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار دانابوو. ئەو ماوەیە هەلی بۆ ڕەخساند کە ستراتیژ و تاکتیکی خۆی بگۆڕێت و لە بەڵێنەکانی پاشگەز بێتەوە و پەیمانەکە هەڵبوەشێنێتەوە. لەو چوارچێوەیەدا ڕژێمی عێراق دوو جار هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیدا، بەڵام سەرنەکەوت. جاری یەکەم، ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩، بەهۆی وەفدێکی پێکهاتوو لە مەلایان کە دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی محەمەد شەریف هۆستانی و سەلیم زوبێر بارزانی شەهیدبوون و ١٤ پێشمەرگەش بریندار بوون. جاری دووەم ویستیان بە هۆی کوردێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بەناوی ئیبراهیم گاباری کە لە سوریاوە هاتبوو و لە بەغدا دەژیا. گاباری بڕیاربوو بە هەگبەیەکی پڕلە TNT بچێتە لای بارزانی و ئەگەر کرا بارزانی و ئەگەرنا کاک ئیدریس یان کاک مەسعود بکوژێت، بەڵام ئەو خۆی پیلانەکەی ئاشکرا کرد. جگەلەوە بۆ جارێکی تریش لە ١٩٧٠/١٢/٦ دا هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانیاندا کە بەخۆشییەوە لەویشدا سەرنەکەوتن.

بەهەر حاڵ، شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ئەوەدا کە توانی گەورەترین دەستکەوتی یاسایی و مێژوویی بۆ نەتەوەکەمان مسۆگەر بکات، بە خیانەتی شا و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دەستێوەردانی دەوڵەتە زلهێزەکان ئەمریکا و ڕوسیا لە ساڵی ١٩٧٥دا بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاوەستا، بەڵام هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد هێشتا ساڵێک بەسەر ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا تێنەپەڕی بوو کە مەسعود بارزانی و چەند لە هەڤاڵانی بە ئەمری بارزانی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتیان ڕێکخستەوە و بە دیارییکردنی سەرکردایەتییەکی کاتیی (قیادەی موەقەت) لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦دا شۆڕشی گوڵانی ڕاگەیاند.

هەروەها ڕاپەرینی گەلانی ئێران بە دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا زەمینەی بۆ پارتی دیموکرات و خەباتکارانی

باشوری کوردستان ڕەخساند کە شێلگێرانەتر هەوڵی دامەزراوەکانیان بدەن و بە گەشەسەندنی بزوتنەوە لە ئێران، بزوتنەوەی کوردیش لە باشوری کوردستان گەشەی سەندەوە.

بەهەر حاڵ، سیخوڕی کۆن لە لاپەڕەی ١٧٦ دا، دەڵێت: **(ڕێککەوتنی ١٩٧٥ی جەزائیر کاریگەریی زۆری لەسەر ئێران هەبوو)** و... لە کۆتایی ئەو بەشەدا و لە لاپەڕەی ١٩٢ دا دەڵێت: **(شای ئێران لە هەستیارترین و گرنگترین کاتەکاندا توانی لە هەل کەڵکوەرگرێت و ڕێبەرانی عێراق ناچار بکات لە بەرامبەر ئاوات و داخوازەکانی ئێراندا کۆتا بێن و سەرئەنجام لە ١٩٧٥ دا بە ڕێککەوتنێک بگات کە بە پەیمانی جەزائیر ناسراوە و ئاکامی درەوشێنەری بۆ دەوڵەتی ئێران بەدەستهێنا. ئەو ڕووداوە نەک هەر شانازی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ئەوی لە مێژوودا تۆمار کرد، بەڵکوو هەموو بەرپرسان و هەڵسوڕاوانی ئەو پلانە گەورەیە کە من بە پلانی سەرکەوتن و شانازی خۆمی دەزانم و لە ویژدانمدا بە غرور و سەربەرزیی و خزمەت بە ماف و ڕاستیی بۆ نیشتمان و نەتەوەی گەورەی خۆمی دەزانم.)**

هەروەها لە لاپەڕەی ٤٧٧دا و لە وەڵامی پرسیاری سیخوڕی نوێدا کە دەپرسێ دەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ ئێران؟ سیخۆڕی کۆن دەڵێت: **(من عاشقی ئێرانم و ئاو و خاکی خۆم خۆشدەوێت و هەرکاتێک بڕیار بدەم، دەگەڕێمەوە بۆ ئێران. بە ڕەواڵەت من کەسێکی مەترسیدارم بۆ ئەمنیەتی ئێران و شایستەی وەرگرتنی موچەی خانەنشینیی نیم و هیچ کەسیش نازانێت بۆچی؟ بەڵام من خزمەتم بە ئەمنیەتی وڵات کردوە! لەم چەند ساڵەدا داوای موچەی خانەنشینیم کرد و ڕێکخراوی ئیتلاعات و ئەمنیەت وەڵامی دایەوە کە بە وتەی بەرپرسانی پێوەندیدار، عیسا پژمان مەترسی بۆ ئەمنیەتی نەتەوەیی ئێران هەیە و موچەی خانەنشینی پێنادرێت و منیش نامەکەم لە ڕۆژنامەی خۆمدا "نیما" بڵاوکردەوە. منیان بەبێ بڕیاری دادگا مەحکوم کردوە و بە تاوانباریان ناسیوم. من کە عومرێک بۆ ئەمنیەتی ئێران زەحمەتم کێشاوە، ئایا ئێستا مرۆڤێکی دژ بە ئەمنیەتم؟)**

ئەم قسەیەی پژمان ئامـاژەیەکە بۆ چوونی بەر ڕکێفی کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەوانیش لاریان لەسەر بە نۆکەر وەرگرتنەوەی نیە! بەڵام سەبارەت بە وڕێنەکانی، پێوەندیم بە کاک ناسر ئیبراهیمی وەرگێڕی کتێبی "نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی جەزائیر" گرت و هۆی وەرگێڕانی کتێبەکەم لێپرسی، گوتی:




**- (مەبەستم لە وەرگێڕانی کتێبی "نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی جەزائیر" بۆ زمانی کوردی ئەوە بوو کە هاونیشتمانەکانم ئاگادار بن کە چۆن دوژمنانی کورد و کوردستان پیلاندەگێڕن و ئێستاش بەردەوامن لە قەلاچۆ کردنی نەتەوەکەمان، چۆن بە بەردەوامی هەوڵی پەرتەوازبوون و یەکنەگرتنی گەڵەکەمان دەدەن و پارتە سیاسییەکان و کورد، دەکەنە گۆپاڵی دەستیان، بۆ لێدانی کورد. چۆن سەرکردەی ڕوحیی نەتەوەیی کورد، مستەفا بارزانیی نەمر دەکەنە ئامانجی پیلانە شوومەکانیان و سووکایەتی بە نەتەوەکەمان دەکەن.)**

لە بەشی کۆتایی کتێبی ڕەشەبای ڕووداوەکاندا، سێ وتووێژی عیسا پژمان لەگەڵ حەبیبوڵا لاجوێردی، ئەکبەر ئیعتماد و فەزڵوڵا هومایونیی و هەروەها کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بڵاوکراوەتەوە کە وەک هەمیشە وتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بووەتە خۆراکی دەمی دوژمن و بۆ سوک کردنی کورد و بنەماڵەی بارزانی کەڵکی لێوەردەگرن.

بەهەر حاڵ دوای بڵاوبوونەوەی ڕەشەبای ڕووداوەکان لە ساڵی ٢٠١٢، بەشیوین ئەم پرسیارانە کەوتم کە بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە لە مێشکمدا زەق ببوونەوە. بەم مەبەستە ڕۆژی ٢٠١٢/٧/١٢ لەگەڵ فەرەیدون میتران، سمکۆ موکری و کاوە گەوهەری چووم بۆ پاریس و ئەم وتووێژەی خوارەوەم لەگەڵ پژمان کرد:

عیسا پژمان کوڕی میرزا عەبدوڵاخانی خانەخراپ، ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سنە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤١ چۆتە خوێندنگەی سەربازی "دەبیرستانی نیزام" لە کرماشان. دوای ساڵێک ئەو خوێندنگەیە لە کرماشانەوە گواستراوەتەوە بۆ تاران و ناوبراو بۆ درێژەدان بەخوێندن چۆتە تاران و لەوێش ساڵێکی خوێندوە و چۆتە زانکۆی ئەفسەری. ساڵی ١٩٤٦ بە پلەی ستوان دووەمی گەیشتوە و گواستراوەتەوە تیپی تۆپخانەی تاران. لەوێوە لەسەر داوای خۆی و قەبوولکردنی سەرهەنگ "موبەسیر" و سەرهەنگ "ئەخەوی" کە لە ڕوکنی دووەمی سوپا و فەرمانداریی سەربازییدا بوون، نەقڵی فەرمانداریی سەربازیی کراوە و ئەرکی پشکنین و لێپێچینەوەیان لە خەڵک پێسپاردوە. دوای دامەزرانی دەزگای هەواڵگریی ئێران ساواک لە ساڵی ١٩٥٦، سەرتیپ "حەسەن پاکرەوان" یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو دەزگایە، ناوبراوی گواستۆتەوە بۆ ساواک و بەرپرسایەتی دۆسیەی کورد و کوردستان و بەرپرسایەتی لێکۆڵینەوەی لە کوردەکانی ئێران، عێراق، سوریا، توکیا و سۆڤیەتی پێشوی لە بەشی ئەمنیەتی دەرەوەی ئێران پێسپاردوە. بۆ ئاشنابوونی لەگەڵ کوردی ئەو هەرێمانە سەرەتا ڕەوانەی باشوری و دواتریش ڕۆژئاوا و باکوری کوردستانی دەکەن، بەڵام لە ناردنی بۆ سۆڤیەت خۆدەپارێزن. پژمان لە سەرەتای چوونی بۆ باشوری کوردستان لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد ئاشنا دەبێت. ناوبراو لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە: شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق چۆن پێوەندییەکی بە شا و ساواکەوە هەبووە و بۆچی شا دژی شۆڕش عێراق ڕاوەستا؟ گوتی:



**- (کاتێک ڕژێمی نوێ لە عێراق هاتە سەرکار، دەستبەجێ ڕێگای دوژمنایەتیان لەگەڵ ئێران گرتەبەر. بە بەردەوامی لە ڕادیۆ، لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا بەدژی ئێران پروپاگەندەیان دەکرد. بەتایبەتی ئێران لە سەردەمی ڕەزاشادا کە عێراق لەژێر چاودێریی ئینگلیزدا بوو، دەیانویست کەنداوی عەرەب کە نیوەی هی عێراق و نیوەکەی تری هی**

**ئێـران بـوو، لـە ئێـران بسـتێنن و بیـدەن بـە عێـراق. لـەبەر ئـەوە ئـێمـە پلانێکمان هـەبوو لـەژێر ناوی "تـەرحـی سـەوز" کە بتـوانین بـە کودەتـایـەک ڕژێمی پاشایـەتی بگـەڕێتـەوە بۆ عێراق.)**

پرسـیار: ئایـا کێشـەکە هـەر ئـەوە بـوو یـان شـا لـەوە دەترسـا پێـی ڕوسـیا بگاتـە هـەرێمـەکە و دواتریش بـە گوێرەی ماددەی سێی بـەیاننـامـەی شۆڕش، کـەریـم قاسـم کـورد بـەشـدار بکـات لـە دەسـەڵاتی عێراقـدا و بـەرژەوەنـدیی ئێران لـە مـەترسی کـەوێت؟

**وەڵام: بۆچی نا، ئـەوکاتـەی من لـە عێراق بووم کێشـەیـەکی مـەترسیهێنـەر لـە کایـەدا بوو لـە هاتنی ڕوسیا بۆ عێراق و بـەتایبـەتی مـەسـەلـەی ماددەی سـێ کە لـە بـەیاننـامـەی شۆڕشـدا گوترابـوو عـەرەب و کـورد لـە عێراقـدا هاوبـەشـن. دیـارە کوردەکـان داوای ئـەو یـەکسـان بوونـەیـان دەکـرد، بـەڵام کـەریـم قاسـم دواتـر وەڵامـی نـەدانـەوە، کاتێـک مـەلا مسـتـەفا بـارزانی لـە ڕوسـیا گـەڕایـەوە بـۆ عێـراق، مـن لـە بـەغـدا بـووم. سـاڵی ١٩٥٩ ڕاپـۆرتێکم نوسـی و گـوتم وەزعـی عێـراق زۆر دژوارە. لـە ڕاسـتیدا قاسـم دەیـەوێ لـە کوردەکـان بـدات و هێزەکـانی لـە سنوری ئێـران نزیـک بکـاتـەوە و وەزعـی ئێران تێک بدات. شا لـە وەڵامدا فـەرمانیدا ڕاپۆرتێکی وردتری بۆ بنوسم کـە نوسیم. گوتم من لـەگـەڵ کوردەکان قسـەم کردوە و پێشنیاز دەکـەم ئـێمـە بـۆ ڕێگـەگـرتن لـەو پـلانـەی قاسـم یـارمـەتی بـە کوردەکـان بـدەین کـە ئـەوان نـەهێڵن هێزەکانی کـەریم قاسم لـە سنوری ئێمـە نزیک بنـەوە، چونکـە ئـەگـەر قاسم هێزەکانی لـە سنوری ئێران نزیک بکاتـەوە، کوردەکان ١٠٠% ڕێگـەی پێدەگرن و نـاهێڵن مـەترسی بۆ ئێران بخولقێنێت.)**

پرسیار: تۆ لـە وتووێژێکتدا لـەگـەڵ حـەبیبولا لاجوێردی دەڵێت: ساڵی ١٩٦٠ چوویتـە بـەغدا، چۆنـە دەڵێی کاتێ بـارزانی لـە ڕوسیا هـاتـەوە تـۆ لـە بـەغـدا بـووی و سـاڵی ١٩٥٩ ڕاپۆرتـت بـۆ شـا نوسـیوە. لـەکاتێکـدا تـۆ لـە نـەورۆزی ساڵی ١٩٦١ لـەگـەڵ جـەلال تاڵـەبانی ئاشنابووی؟

**وەڵام: (ڕەنـگـە لـە مێـژووی ڕووداوەکانـدا هـەڵـەم بـکـەم، ڕاسـتـە لـە سـاڵی ١٩٦١دا ڕاپۆرتم بۆ شا نوسی.)**

پرسیار: ئەو کوردانە کێ بوون کە تۆ قسەت لەگەڵ کردبوون و ئاکامی هەوڵەکەت بەکوێ گەیشت؟

وەڵام: (لەگەڵ ئەو سەرکردانەی لە بەغدا بوون وەک ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و عەبدولرەحمان زەبیحی کە لە بەغدا بوون و پێشتر من ناوی ئەوانم لە ئێرانەوە دەزانی. هەروەها پێشتر لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوتبوو. جەلال تاڵەبانی گوتی: "ئێمە تەنانەت دەمانچەیەکمان نییە کە بتوانیین پۆلیسێکی پێبکوژین." لە وەڵامیدا گوتم باشە و شتێکی ترم نەگوت. کاتێک گەڕامەوە بۆ ئێران و ڕاپۆرتەکەم نوسی، شا گوتی: "ڕێگەچارەی ئەو کێشەیە چییە؟" نوسیم تەنیا ڕێگە ئەوەیە، ئەو کوردانە ئێستا گرفتارن و ئەوان بە ڕەگەز ئێرانین. ناوچەکەیان لە جەنگی چاڵدیران لە ئێران جیاکراوەتەوە و داویانە بەو ڕژێمانە، بەڵام ئەوان لە هەر کوێی دنیا بن، هەر ئێرانی ماون و خۆیان بە ئێرانی دەزانن و ئێمە دەبێ یارمەتیان بدەین کە نەهێڵن هێزەکانی کەریم قاسم بگەنە سنوری ئێمە. شا داوای بینینی منی کرد و گوتی: "ئەوە چییە نوسیوتە، بۆم ڕوون بکەوە؟" مەسەلەکەم بۆ ڕوون کردەوە و گوتم پێویستە پارە و چەک و تەقەمەنیان پێبدەین. شا کاردانەوەیەکی توندی لەخۆی پێشانداو گوتی: "من جارێکیتر پارە بدەم بە مستەفا بارزانی کە لەگەڵ جەماعەتی دیموکرات بێن ئەفسەر و پلەدار و سەربازی من بکوژن؟". (مەبەستی شا لە شەڕی بارزانییەکان بووە بە دژی سوپای ئێران لە ساڵانی ١٩٤٦- ١٩٤٧ لە قاراوا، مەلقەرەنی، نەلۆسە، شنۆ، و پردی ماکۆ- نوسەر) گوتم ئەوکاتە بارودۆخەکە لەگەڵ ئەمڕۆ جیاواز بوو، ئەوکات سەرۆکایەتی مهابادیان دەکرد و مستەفا بارزانی لە مهاباد بوو، ناتوانین ئەوکات لەگەڵ ئێستا بەراورد بکەین و ئێمە ئەمڕۆ لە بارودۆخێکداین کە پێویستە ئەم کارە بکەین و بیر لەمڕۆ و دواڕۆژمان بکەینەوە. هەندێک بیری کردوە و گوتی: "پێشنیازەکانت بنوسە و بڵێ چێیان پێبدەین؟" گوتم هەزار تفەنگ، زیاتر لە ٢٠٠ دۆشکە، یەک میلیۆن فیشەک و یەک میلیۆن تمەن. گوتی: "باشە." بە دوای ئەو پێوەندییەدا دەستبەجێ منیان کرد بە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی ساواک لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەو پێنج وڵاتانەی کوردیان لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا بووم بە جێگری سەرۆکی بەستراوەی سەربازی

"وابستە نظامی" لە بەغدا کە بەرلەمن کوردێکی سنەیی بەرپرسی بوو. دوای ٦-٧ مانگ لە ساڵی ١٩٦٠دا ئەویان گۆڕی و منیان لەجێی ئەو دانا. دوای ڕەزامەندی شا، من گەڕامەوە بۆ بەغدا. لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری قسەم کرد و گوتم دەتوانن قەولی شەرەف بەمن بدەن کە ئەگەر من کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم لە بەرامبەر شادا شەرمەزار نەبم؟ گوتیان: "بەڵێ." گوتم داوام لە شا کردوە تا شەش مانگ یارمەتی بە ئێوە بدات و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێوە بە وتەی ئێمە جوڵانەوە، ئەوە یارمەتیتان پێدەکەین، ئەگەرنا ئێمە یارمەتییەکانمان دەبڕین. گوتیان: "باشە، ١٠٠% هیچ گرفتێک نیە." گوتم دوو کەس بنێرن بۆ ئێرانو پێشنیاز دەکەم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بێن، گوتیان: "ناتوانین و باشترە عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری بێن." ئەو دوو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆ سەردەشت، لەوێ ماڵێکم هەبوو و ئەوانم لە ماڵی خۆم دانا. لەگەڵ سەرۆکی ساواک و بەرپرسانی ئەمنیەتی سەردەشت گفتوگۆیان کرد و قەولی شەرەفیاندا کە بەگوێ ئێمە بکەن و منیش ئەو پێداویستیانەم بە نهێنی و بە ڕێگای مەریوان و پێنجوێن دا برد بۆ سلێمانی و تەحویلی ئەوانمدا. جەلال تاڵەبانی داوای کرد چەک و تەقەمەنییەکان بەرم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.)




پرسیار: تۆ لە چ ساڵێکدا چووی بۆلای مەلا مستەفا بارزانی و ئەو چی گوت؟

وەڵام: (وابزانم دوای کودەتای عەبدولسەلام عارف و ئاگربەس و ساڵی ١٩٦٣ بوو کە چووم بۆ لای مەلا مستەفا و ڕاپۆرتی کارەکانم پێشکەش کرد. ڕێزێکی زۆری لێم گرت. یارمەتییەکی زۆری

**تەندروستی و پزیشک و دەرمانمان بۆ ناردن و سەرتیپ مەنسورپور و پلەدارێکم برد لەوێ بمێننەوە. مەنسورپور ئەفسەرێکی کوردی سنەیی و مەئموری پێوەندییەکانی ئەندازیاریی ساواک و پلەدارەکە بەرپرسی پێوەندی بە بێتێل بوو. ئیتر بە دوای ئەوەدا کوردەکان لەمپەرێکی بەهێز بوون لەبەرامبەر هێزەکانی کەریم قاسم دا و ئەو نەیدەتوانی بەرەو سنوری ئێران بێتە پێشەوە و تەنانەت لەشکری دووی کەرکوکیان نارد.)**

پرسیار: تۆ پێشتر گوتت یەکەم جار پێوەندیت لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دامەزراندوە و چەک و تەقەمەنیت بە مەریوان و پێنجوێندا بۆ گەیاندونە سلێمان و ئەوان بنکەیان لە ماوەت بووە، ئەی چۆنە تۆ چووی بۆ لای بارزانی و ئەوان بۆخۆیان نەچوون کە باس لە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئێران بکەن و ئێوەیان نارد؟

**وەڵام: (ڕاستە یەکەم جار من و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری چووین و دواتریش جەلال لەگەڵ بیست سوار هات. ئەوکاتە کێشەیەک لەنێوان ئەواندا نەبوو، بەڵام من لە دەرەوە بیستم کە مەلا مستەفا لەگەڵ ئەوانە هاودەنگ نییە.)**

پرسیار: لە کتێبەکانتدا زۆرجار وشەی ناشیرینت سەبارەت مەلا مستەفا بارزانی بەکار هێناوە، دەکرێ هۆیەکەی ڕوون بکەیەوە؟

**وەڵام: (ساواک پێیڕاگەیاندم جەماعەتێک لە حیزبی دیموکرات و کۆمونیست لە ئێران و لە مهابادەوە دەردەچن و دەچنە لای مەلا مستەفا و ئەویش پەنایان دەدات. گوتیان بچۆوە لای مەلا مستەفا و پێی بڵێ ئەگەر ئەو ئێمەی گەرەکە، ئەو جەماعەتە کورد و غەیرە کوردەی کە دێنەلای، تەحویلی ئێمەی بداتەوە. من چووم و پێشنیازەکەم پێکرد. گوتی: "تۆ ئەگەر خۆت لەجێی من بیت، ئەوکارە دەکەی؟" گوتم نا. گوتی: "ئەی ئەو بێشەرەفانە چۆن وەها چاوەڕوانییەکیان لەمن هەیە؟" گوتم ئەهانت مەکە و ئەو قسانە لەتۆ ناوەشێتەوە. گەڕامەوە و بە فەرماندەکانم گوت، مەلا مستەفا حازر نییە، ئەوانە بداتەوە.)**

پرسیار: بۆچی بارزانی داوای گۆڕینی تۆی کرد و ساواک مەنسورپوری لەجێی تۆ دانا؟

**وەڵام: (نا. بە فەرمانی شا منیان گواستەوە بۆ شارەبانی و پۆستی سەرۆکی ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەبانی هەموو ئێرانیان پێسپاردم و فەرمانیان پێدام کە پلانی کوشتنی تەیمور بەختیار لە عێراق دابڕێژم و ڕاپۆرتی کارەکانم بەشیوەی ڕاستەوخۆ بدەم بە هاشمی نژاد سەرۆکی نوسینگەی شا و نەقڵ بوونی من بۆ شارەبانی پێوەندی بە مەلا مستەفاوە نەبوو. لە تارانیش ئەو دەنگۆیە هەبوو کە گۆڕانم بەدەست مەلا مستەفا بوو، بەڵام ئەوە ڕاست نییە و نەسیری منی گۆڕی.)**

پرسیار: باس لەوە دەکەێت کە دەستت لە پەیماننامەی جەزائیردا هەبووە، دەکرێ هەندێک بە ڕوونی باس لەو بەشداربوونەت بکەێت؟

**وەڵام: (ئەمریکا بەو ئاکامە گەیشتبوو کە سۆڤیەت توانایەکی زۆری لە عێراق پەیداکردوە و تەنانەت فڕۆکەکانی میک ٢١ی سۆڤیەت ئاسمانی ناوچەکەی داگرتووە. بەبێ ئەوەی کە من بزانم ئەمریکا پارەیەکی زۆری دەدا بە ساواک کە بۆ کەمکردنەوەی نفوزی سۆڤیەت خەرجی بکات و سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتن کە ڕەنگە نفوزی سۆڤیەت لە عێراق پەرەبستێنێ و زیان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیەنێت، ئەوە بوو کیسنجەر بە شای گوت لەگەڵ سەدام حوسێن قسەم کردوە و ئێوە ئاگربەسی لەگەڵ ڕابگەیەنن. هەروەها گوتبووی بە سەدام حوسێنم گوتوە کە نیوەی شەتولعەرەب کە ئینگلیزەکان لە ئێوەیان وەرگرتوە، بگەڕێننەوە بۆ ئێوە و پێیگوتبوو من چووم چاوم بە "بۆمەدێن" کەوتووە و تۆ کە دەچی بۆ جەزائیر بەشداریی کۆبوونەوەی ئۆپێک بکەێت، سەدام حوسێن ببینە و کێشەکەتان چارەسەر بکەن. شا چوو و چاوی بە سەدام و بۆمەدێن کەوت و بەیاننامەی ئاگربەسیان ڕاگەیاند.)**

پرسیار: کام دەوڵەتی تر لەگەڵ پەیمانی جەزائیر بوون و شا دوای مۆرکردنی پەیمانی جەزائیر چی گوت؟

**وەڵام: (یەکەمیان ئەمریکا، چونکە لە ڕاستیدا شا ژنی ئەمریکا بوو. دوای گەڕانەوەی، شا بەهۆی نەسیرییەوە منی ویست و من چوومە خزمەتی، گوتی: "بچۆ لای مەلا مستەفا و بڵێ بێتە ئێرە." من چووم و لەگەڵ مەلا مستەفا گەڕامەوە. شا پێیگوت: "ئەوەی تا ئەمڕۆ کردومانە ئیتر ناتوانین یارمەتیتان بکەین." مەلا مستەفا گوتی: من چۆن دەتوانم بەو خەڵکە بڵێم ١٣ ساڵە زەحمەت دەکێشن بۆ خودموختاری، هەستن بچنەوە ماڵەکانتان، ئەی بەڵێنەکانی تۆ چییان بەسەر دێت؟ شا گوتی: "من هیچ بەڵێنێکم بە ئێوە نەداوە. پژمان هاتووەتە لای من و گوتویەتی ئێوە لە بەدبەختی ڕزگار بکەین و ئێستاش ئەوانەی لەگەڵ ئێوە بوون، دەتوانن بێن بۆ ئێران و ئێمە ڕایاندەگرین و کێشەی خودموختاری ئێوەش هیچ پێوەندی بەمنەوە نییە.)**

پرسیار: عیسا پژمان ئەفسەری ساواک و خزمەتکاری ڕاستەقینەی شا و عیرفان قانعی فەرد مەئمور و خزمەتکاری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران چۆن بوو ئێوە یەکترتان گرتەوە و پێکەوە کتێبی "تندباد حوادث"تان ئامادە کرد؟

**وەڵام: (من قانعی فەردم نەدەناسی، ئەو تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی: "دایکم لەگەڵ دایکی تۆ خزمایەتی هەیە." گوتم من نازانم، تۆ چیت دەوێ. گوتی: "من لە ئەمریکا خوێندکارم و دەمەوێ وتوویژێکت لەگەڵ بکەم." گوتم من نەخۆشم و ئێستا توانای وتوویژ کردنم نییە. لە ڕاستیدا چونکە نەمدەناسی باوەڕم پێنەکرد. دوای ئەوە جەمشید ئەمانی کە سەردەمێک جێگری من بوو لە ساواکدا و ئێستا لە ئەمریکا دەژی، تەلەفۆنی بۆم کرد کە وتوویژ لەگەڵ قانعی فەرد بکەم کە دیسانیش قەبووڵم نەکرد. عیرفان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی وتوویژی کردبوو و دوای وتوویژەکەی کەسێک بەناوی "بارزان فەرەج" نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پاریس تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی: "هەڵگری پەیامێکم لەلایەن جەلال تاڵەبانییە بۆ ئێوە." گوتم وەرە و ئەو هاتە لام. گوتی: "قانعی فەرد دەیەوێ وتوویژێکت لەگەڵ بکات، ئێستا لێرەیە و مام جەلال گوتویەتی پیاوێکی**

باشە و من داومە ژیاننامەی من بنوسێ و تۆ باوەڕی پێبکە." گوتم باشە. بارزان فەرەج و عیرفان قانعی فەرد پێکەوە هاتنە ماڵەکەم و من وتووێژم لەگەڵ کرد. ئەو ڕۆیشت و دوای ماوەیەک لە ئەمریکاوە تەلەفۆنی کردەوە و گوتی وتووێژەکەم ئامادە کردوە و داوای کرد شتێکی بۆ بنوسم کە چاپی بکات و منیش نوسیم.)

پرسیار: دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەتان کۆماری ئیسلامی پێوەندی بەتۆوە گرت؟

وەڵام: (بەڵی! کاتێک کتێبی تندباد حوادث "ڕەشەبای ڕووداوەکان" چاپ و بڵاوکرایەوە، کەسێک تەلەفۆنی کرد و گوتی: "من مەحمود ئەحمەدی توانا جێگری شورای ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیم. کتێبەکەتم خوێندەوە و ئێستا بەهۆی قانعی فەردەوە سەبارەت بەتۆ زۆرشت دەزانم و دۆسیەکەشتم بینیوە و تەنانەت دەربارەی بڕینی موچەی خانەنیشینەکەشت دەزانم و گرفتەکانت چارەسەر دەبن، ئەوانە لەبیر بکە و لە ئێستاوە دەتوانی بگەڕییەوە بۆ ئێران." گۆتم بە چ مەبەستێک؟ گوتی: "بۆ ئەوەی کە لەهەموو ئەزمون و زانیارییەکانی تۆ ئەوپەڕی کەڵکوەربگیردرێت و تۆ ئێرانیی." گوتم بەڕێز ڕاستە من ئێرانیم و کوردم و گیانم بۆ ئێران و کوردەکانە، بەڵام ئێستا لە نینۆکی پێمەوە تا دەکاتە قژی سەرم نەخۆشم و دوو دوکتۆرم هەیە کە ئیزن بەمن نادەن دور بکەومەوە. گوتی: "بۆچی؟" گوتم پرۆتستادم هەیە، دڵم عەمەلیات کردوە، بەڵام بەڵێنی شەرەفت پێدەدەم کە ئەگەر باردوۆخم باش بێت دەگەڕێمەوە. تەلەفۆنەکەت بدە بەمن کە زەنگ بۆ لێبدەم.)

پرسیار: تا چ ڕادەیەک خۆت بە کورد، یان ئێرانی دەزانی؟

وەڵام: (من ١٠٠% کوردم و ئێرانیم و کورد لە هەر جێیەکی ئەم دنیایە بێت ئێرانییە. کوردەکان یەکەم کەسانێک بوون کە حکومەتی پاشایەتیان لە ئێران پێکهێنا.)

پرسیار: ئەی بۆچی کورد کە لە کوردستانی عێراق هەوڵی خودموختاریی دەدا، یان دەیەوێت بە شێوەی فیدراڵی بژی، یان سەربەخۆ بێت، تۆ و قانعی فەرد دژایەتی دەکەن؟

**وەڵام: (هەرگیز من دژایەتیم نەکردوە. من لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لەلایەک خزمایەتیم هەیە و لەلایەکی تردا زیاتر لە چل ساڵە پێکەوەین. لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدیش بووم. سەربەخۆ بوونی کورد پێوەندی بەمنەوە نییە، بەڵام دەتوانم پێتڕابگەیەنم هەرلە سەردەمی مادەکانەوە تا ئێستا هیچ حکومەتێک بیرلە دانی خودموختای بە کورد ناکاتەوە تا چ بگات بە سەربەخۆیی. ئەو پێنج دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە ئەگەر لەسەر هەموو شتێک پێکەوە کێشەیان هەبێت، لەسەر کورد پێکەوە ڕێکن و هیچ گرفتیان پێکەوە نییە و ئامادە نین بچوکترین ماف بە کورد بدەن.)**

پرسیار: دوای ئەو هەموو ساڵەی کە بارزانیت ناسیوە، ئێستا بۆچوونت لەسەر بارزانی چییە؟

**وەڵام: (من دژی بارزانی نیم و هێچ دوژمنایەتیم لەگەڵی نەکردوە، بەڵام لەوەش نارەحەتم کە دەڵێن شا و عیسا پژمان خیانەتیان بە کورد کرد و کوردیان بە ئەمریکا و عێراق فرۆشت.)**

پرسیار: بۆچی دژی پێوەندی بارزانی لەگەڵ میسر بووی؟

**وەڵام: (مەلا مستەفا، هەژاری شاعیری ڕەوانەی سەفارەتی میسر لە بەغدا کردبوو کە چاوی بە سەفیری میسر بکەوێ و پێیان ڕابگەیەنێت مەلا مستەفا ئامادەیە ئەگەر یارمەتی ئابوری و چەک تەقەمەنی و فڕۆکەی پێبکەن، دەتوانێ لە ئێران کودەتا بکات و شا لەناو بەرێت، بەڵام ناسر قەبووڵی نەکردبوو. ناسر دوژمنی ئێران بوو و ئێمە نەماندەتوانی قەبووڵی تەنانەت دۆستایەتی بارزانی لەگەڵ ناسر بکەین.)**

پرسیار: چۆنە تۆ زۆر باسی دۆستایەتی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەکەی، بەڵام لەگەڵ بارزانی بەپێچەوانەوە؟

وەڵام: (بارزانی نە شەڕکەر بوو، نە سیاسی. هەموو پلانەکانی شەڕ دژی عێراق لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییەوە لە ماوەت دادەڕێژران کە ئەوە بە سودی ئێمە بوو و من لە نزیکەوە لەگەڵ ئەوانە بووم. تەنانەت چووم لە ئەڵمانیاوە وێستگەیەکی ڕادیۆم هێنا بۆ ماوەت کە بە دژی عێراق کەڵکیلێوەربگرن و ڕۆژانە سێ چوار کاتژمێر کەڵکیان لێوەردەگرت.)

دواپرسیار: چۆن بە یەک دیدار لەگەڵ تۆ، قانعی فەرد کتێبێکی ٦٠٠ لاپەڕەیی لەسەر تۆ نوسی، ئایا بەر لە چاپی، نوسراوەکانت خوێندەوە؟
وەڵام: (لە ئەمریکاوە تەلەفۆنی کرد و گوتی کتێبەکەت ئامادەیە و شتێکم بۆ بنوسە تا لەگەڵ کتێبەکەت چاپی بکەم. من بۆم نوسی، بەڵام دواتر بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی بەرلە چاپکردنی، من کتێبەکەم نەخوێندۆتەوە و بڕیارمدا لەمەوبەدوا کاری وانەکەم.)

- لە یوتوب وەرگیراوە.
٢- پاڤێل دێمچێنکۆ Pavel Dymchenko ڕۆژنامەنوس لە فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەودا
٣- بێرنادر دۆرین Bernard Dorin بالیۆزی فەرەنسە، لە فیلمی دیکۆمێنتی "لەبەر ئەوەی ئێمە کوردین".
٤- کریس کۆچیرا نوسەر و ڕۆژنامەنوسی فەرەنسی، هەمان سەرچاوە.
٥- عیسا پژمان مەئموری "ساواک" لە عێراق، فیلمی دیکۆمێنتی "لەبەر ئەوەی ئێمە کوردین"


# کتێبی دووەم

# سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نوسینی: پرۆفیسۆر نادر ئێنتسار

وەرگێڕانی: عیرفان قانعی فەرد

## سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست


Kurdish Politics in the Middle East

Nadar Entessar

Stockholms universitetsbibliotek

LEXINGTON BOOKS
A division of
ROWMAN & LITTLEFIELD PUBLISHERS, INC.
Lanham • Boulder • New York • Toronto • Plymouth, UK

لە هەوڵێکی تریدا، وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، کتێبی تریان بە هاوکاریی عیرفان قانعی فەرد و هاوکارەکانی بڵاوکردەوە کە وەرگێڕانی کتێبی"سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"ە Kurdish Politisa in the Middle east . سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر "نادر ئنتسار" کە بە زمانی ئینگلیزیی نوسیویەتی و لە ژانویەی ساڵی ٢٠١٠، لە "ئالاباما"ی باکوریی لە ئەمریکا بڵاویکردۆتەوە. عیرفان قانعی فەرد لەژێر چاودێریی ئیتلاعاتی ئێراندا وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و ساڵی ٢٠١١ لە "بڵاوکراوەی عەلی" لە تاران چاپو بڵاوکراوەتەوە. لە کتێبە وەرگێڕاوەکەدا سەرەڕای پێچەوانە پێشاندانی چەندان ڕووداو، بێحورمەتی کردن بە سەرۆکە کوردەکان، بەتایبەتی مەلا مستەفا بارزانی، پێنج ڕووداوی گرنگی مێژووی بزوتنەوەی کورد بەشێوەی خوارەوە شێوێندراوە:

١- دژایەتی کردن و یارمەتی نەکردنی بارزانی بە بزوتنەوەی کورد لە بەشەکانی‌تری کوردستاندا.

٢- شەهیدبوونی "سەعید ئاڵچی" سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی توركیا و کوژرانی سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" لەلایەن دادگای شۆڕشی ئەیلول لە باشوری کوردستان.

٣- شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریفزادە و عەبدوڵا موعینی.

٤- شەهیدبوونی سلێمان موعینی.
٥- تیرۆری دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو.

ئەو ڕووداوانەی سەروو لەو وەرگێڕانەی ئەم کتێبەدا بە تەواوی شێواندراون و پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە کە بە شاهید و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، ڕوونیان دەکەمەوە، بەڵام سەرەتا چەند سەرنجێک لەسەر دەقە ئینگلیزی و وەرگێڕاوە فارسییەکە.

دەقە ئینگلیزییەکەی "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، ٢٦٥ لاپەڕەیە. پرۆفیسۆر نارد ئنتسار بە ڕادەی توانا و زانیاریی خۆی، بەشێوەی زانستیی، باس لە مێژوو، جوغرافیا، زمان و ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات، باکور و باشوری کوردستان دەکات. بێگومان بەشێک لە نوسینەکانی ناتوانێت جێی ڕەزامەندیی هەموو خوێنەرانی بێت، بەڵام بەگشتی کتێبێکی بە نرخە و دەکرێت بەشە ناڕاستەکانی بۆ ڕاست بکرێتەوە. ناوبراو هیچ وێنە، یادداشت و هاوپێچێکی لەگەڵ کتێبەکەی نەخستووە، بەڵام لە دەقە فارسییەکەدا بە زیادکردنی ٧٨ وێنە لە ٤٤ لاپەڕەی هاوپێچ و ٥٥ لاپەڕە یادداشت و... تد، کتێبەکەی کردوە بە ٤٤٥ لاپەڕە، واتا ١٨٠ لاپەڕەی بە دەقە فارسییەکە زیاد کردوە. ئەو لاپەڕە زیادانەش بۆ ئەوەیە کە ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسدرانی کۆماری ئیسلامی، هێما نەتەوەییەکانی کوردی پێ ناشیرین و مێژووی بزوتنەوەکانی کوردستانی پێ چەواشە بکەن.

بەرلەوەی کە پرۆفیسۆر نادر ئنتسار کتێبی "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بڵاوبکاتەوە، ساڵی ٢٠٠٤، کتێبێکی بڵاوکردەوە کە ناوی "ناسیۆنالیزمی قەومی کورد" Kurdish Ethnonationalism بوو. ئنتسار لە ڕوانگەی وڵاتانی سەرمایەدارییەوە، دەڕوانیەتە قەوم و نەتەوە. ئەو نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قەوم ناودەبات، بەڵام چوونکە کورد لە باشوری کوردستاندا خۆی وڵاتەکەی خۆی بەڕێوەدەبات، بە نەتەوەی دەناسێنێ. واتە هیچ قەومێک تا بە دەسەڵات نەگات، ناوی نەتەوەی لێ نادرێ. لەو ڕوانگەیەوە ناوی ناسیۆنالیزمی قەومی کوردی لەسەر کتێبەکەی داناوە. عەلی بلخکانلو "ئازاد ماکۆیی" کوردی خەڵکی

مــاکۆ ئەو کتێــبەی وەرگێــڕاوەتەوە ســەر زمــانی فارســی و دەربــارەی وەرگێــڕانەکەی و دزینــی دەستنوســەکەی لەلایەن قــانعی فەردەوە، لــە ســکاڵایەکدا کــە ڕۆژی ١٣٨٧/٨/٣٠- ٢٠٠٨/١١/٢٠ لە ســایتی کوردســتان میدیادا بڵاوکرایەوە، دەڵێت:

**- (ساڵی ١٣٧٨- ٢٠٠٩ من خوێندکاری ساڵی کۆتایی بەشی ئەدەبیاتی فەرەنسا لە زانکۆ تەوریز بووم. چەند کتێبم لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی کە یەکێک لەوانە کتێبی "ناسیۆنالیزمی ڕەگەزیی کورد" هی بەڕێز نادر ئنتسار بوو. لەو سەردەمەدا بڵاوکراوەی "نگاه سبز" لە زەمینەی کوردییدا چالاک بوو. لەوێ بۆ یەکەم جار چاوم بە بەڕێز عیرفان قانعی فەرد کەوت. وەرگێڕاوە تایپ کراوەکەم ئاراستە کردن تا لە لایەن بڵاوکراوەی "روند"ەوە ئیزنی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ وەرگرن. دواتر من بۆ خزمەتی سەربازیی چووم و چەندان جار پێوەندییم بە بەرپرسانی بڵاوکراوەکەوە گرت، گوتیان وەزارەتی "ئیرشادی ئیسلامی"ی ئیزنی چاپی کتێبەکەمی نەداوە. من هەرگیز پێوەندییم بە قانعی فەردەوە نەگرت و بە شوێن کتێبەکەشمدا نەچووم، تا بە هەڵکەوت چاوم بە کتێبەکەم کەوت کە بە ناوی قانعی فەردەوە بڵاوبۆوە و وشەی "مافیای دەسەڵات"ی بە ناوی کتێبەکەوە زیاد کردبوو. من ویستم شکات لە قانعی فەرد بکەم، بەڵام بە پاڕانەوی عیرفان و هەوڵی دۆستانم لە شکات کردنی پەشیمان بوومەوە و ئێستاش چەند پرسیارم لە قانعی فەرد هەیە با خوێنەران داوەریی بکەن و....)**

لە بەشێکی تری نامەکەیدا، بلخکانلو دەنوسێت: **(ڕەوانشاد محەمەد قازی کتێبی "ژیانی گەل"ی وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی، بەڵام دواتر عیرفان قانعی فەرد ئەوی بە ناوی خۆی بڵاوکردەوە.)**

هەروەها ئاماژە بۆ سەفەرەکانی قانعی فەرد بۆ وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا دەکات و بە لاتاو دەنوسێت: **(بۆ جاری دووەم تۆم لە بەرگی کەسێکدا بینی کە بۆ خزمەت بە کوردان هەر ڕۆژەی بەرەو وڵاتێک هەڵدەفڕی، بەڵام هێشتا زمان و نوسینی کوردی باش نازانی و بە "نانی شەرەفەتمەندانە" بلیتی ملیۆنیی دەکری!)** (پاشبەندی ٤)

دەقی نوسینەکەی بلخکانلو لە پاشکۆی ئەم بەشەدا بە زمانی فارسی بخوێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڵێم من کتێبی "ناسیۆنالیزمی قەومی کوردی"م نەبینیوە، بەڵام گۆڕینی ناوەکەی لەلایەن عیرفان قانعی فەردەوە بۆ "مافیای دەسەڵات"، ئەم فکرە لە مێشکی خوێنەراندا دەوروژێنێت کە مەبەستی هاندەرانییەتی لە ناساندنی دەسەڵاتی کوردیی بە مافیا کە زەینییەتی خوێنەران بەرەو بیرێک بەرێت کە لە ئاکار و کردەوەی مافیاکان لە مەکسیک، ئیتالیا، ڕوسیا، کۆلۆمبیا و شوێنەکانی تری جیهاندا هەیانە، یان هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان بەبیر خوێنەر بێنێتەوە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتەکەیان دەکەن، خافڵ لەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاوانەکاندا، پلەی یەکەمی لەنێو مافیاکانی جیهاندا هەیە.

دواتر بە لێکۆڵینەوە تێگەیشتم کە کاک حەسەن ماوەڕانی کتێبی مافیای دەسەڵاتی خوێندوەتەوە و لە وتارێکیدا ڕەخنەی لە دەقە وەرگێڕاوەکەی گرتووە. بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە شێواندنی ئەو کتێبە و شێوازی کاریی لێکۆڵەرانی سەربە ڕێکخراوە جاسوسییەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئیران، سەرنج بدەنە بەشێک لە نوسینەکەی کاک حەسەن:

**- (بە وتارێکی هێندێک درێژی "نقدی بر مافیای قدرت- ڕەخنەیەک لەسەر مافیای دەستەڵات"، تێڕوانین و بۆچوونی خۆم لەسەر وەرگێڕ نووسی و لە بەشەکانیتردا لەسەر ناوەڕۆک و نوسەر. دیارە لەوکاتدا کتێبەکەم بە زمانی ئینگلیزی دەست نەکەوت، ئەگەرنا دەکرا گەلێک چەواشەکاریی لەو کتێبەدا بخرێنە بەرباس کە لە تێکستە فارسیەکەیدا بە مەبەستی خەوشدار کردنی بزوتنەوەی کورد نوسراون. پاش خوێندنەوەی کتێبەکە، لەسەر بنەمای هێندێ زانیاری کە لە شێوازی کاری لێکۆڵەرانی دەزگاکانی سەربە ڕێکخراوە جاسوسییەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئیران هەمبوو، گومانم لەوە نەکرد کە وەرگێڕی ئەو کتێبە، ئەگەر وەرگێڕانەکەی خۆی بێت، یان لە کەسێکیتری دزیبێت و دواتر شێواندبێی، بۆ ئەو دەزگایانە کار دەکات و مەئمورە. کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی شەستەکانەوە "مەبەست لە ساڵانی ١٣٦٠ هەتاوییە- نوسەر)" بە کەڵکوەرگرتن لە سیاسییە تۆبەکارەکان لە**

زینداندا، بەهۆی ژمارەیەکی زۆر جاش نوسەر دەستیکردوە بە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە دوو شێوە کەڵک لەو لێکۆڵینەوانە وەردەگرێت. ئەوانەی بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی خۆی بەسودن، لە بۆڵتەنە نهێنییەکانیدا دەیانخاتە بەردەست کاربەدەستان و ئەوانەش کە بۆ چەواشەکاری و شێواندنی مێژوو و دانی زانیاری بەدرۆ دەبن، لەژێر ناوی کاری ئەکادیمی و کتێبی سەربەخۆ دەرخواردی خەڵکیان دەدات و لەلایەن ڕێکخراوی "ساواما"وە دەیاخاتە ناو بازاری کتێبەوە. بە کورتی من لە خوێندنەوەی کتێبەکە، بەبێ ناسینی وەرگێڕەکەی، تەنیا لە ڕووی کارەکەی بەم بۆچوونانە گەیشتم کە لە بەشی سەرەتایی ڕەخنەکەمدا نوسیوم:

بە چاوخشاندنێکی سەرپێی بە وەرگێڕانی وشە تایبەتیەکانی زانستی و ئەو هاوتایانەی کە لە زمانی فارسیەوە وەرگێڕ داینـاون، دەردەکەوێت، وەرگێڕ ڕقێکی بێهەوتای لە نەتەوەی کورد هەیە، یان بەپێی فەرمانی یەکێک لە دەزگاکانی هەواڵگریی ئیران کە هەوساری دەستەڵاتی بەدەستە، دەستیکردوە بە شێواندن و ئاوەژو کردنەوەی وشەکان و چەواشەی ڕاستیەکان.

ناوی کتێبی بەڕێز ئنتسار، KURDISH ETHNONATIONALISM ە کە بە فارسی دەبێتە "ناسیۆنالیزمی قەومی کورد." ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە سەردێڕی "مافیای دەستەڵات"ەوە نییە کە قانعی فەرد لە وەرگێڕانەکەدا بوی داناوە و پەیوەندی بە "ناسیۆنالیزمی ڕەگەزی"یشەوە نییە کە لە دێڕی دووهەمی پاش ناوی کتێبەکە هێنراوە.

مەبەستی سەرەکی نوسەر گێڕانەوەیخەباتی کوردەکانو لێکدانەوەیەکی ڕۆژنامەنوسانە بووە بەلایەنی حقوقی سیاسییەوە. بە وتەی خودی نادر ئنتسار، مەبەستی سەرەکی ئەو لە نوسینی کتێبەکەی ڕەتکردنەوەی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیەکە بەدەست نەتەوەی خاوەن دەستەڵات، واتا ڕەتکردنەوەی **Assimilation**. لە ڕاستیدا ئەو کتێبە نە پەیوەندی بە "مافیای دەستەڵاتەوە" هەیە و نە بە بەرهەمی کۆمەڵناسی- مێژوویی "کە بۆ فریودان لە پشت بەرگی کتێبەکە دانراوە."

مەبەستی وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی سەردێڕی "مافیای دەستەڵات" بۆ کتێبەکە ناتوانێ شتێکی جیاواز بێت لەمە کە بە ئانقەست خەباتکارە

**لەخۆبردووەکانی کورد بە مافیا بناسێنێت. ئەمەش سیاسەتێکی دەغەڵکارانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە و لە کلکی کەڵەشێر دەچیت کە لەژێر عەبای مەلا دەردەکەوێت و ڕوو ڕەشیان بۆ دەهێڵێتەوە.**
**داتاشینی دەستەواژەی "ناسیۆنالیزم ڕەگەزی کوردیش هەرلەو شاکارە ئاخوندکارانەی تری وەرگێڕە. ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی بە دەستەواژەیەکی دژی زانست ناسراوە و لەوە ناچێت دوکتۆر نادر ئێنتسار کە مامۆستای زانکۆی حقوقی سیاسییە، ئەم چەشنە وشانە لە کاری زانستیدا بەکار بهێنێت. وشەکانی Nation و Nationalis واتای "نەتەوە و نەتەوەخوازی" دەدەن و ناکرێ لەگەڵ Race و Racism کە بەواتای ڕەگەز و ڕەگەزپەرستییە لێکبدرێنەوە و لەگەڵ دەستەواژە باوەکانی ئەدەبیاتی فاشیستی، جێگۆڕکیان پێ بکرێت. هاومانا دانانی Assimilation و Integration لەگەل بەراوردە فارسییەکانی "یەکپارچە سازی- یەکپارچە کردن" و "هەمگون سازی- یەکچەشن کردن"ی نەتەوە یان قەوم و دانانی دەستەواژەی "سیاست کشی- کوشتنی سیاست" لە لایەن قانعی فەردەوە، دەغەڵکارییە لە کاری وەرگێڕاندا.)**

هەروەها عەلی بلخکانلو وەرگێڕی ئەسڵیی کتێبە، لە بەشێکی نامەکەیدا نوسیویەتی، ژمارەیەک وێنە و هاوپێچ بە وەرگێڕانەکەیەوە زیادکراوە کە ئەوەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە وەرگێڕانی کتێبی ناسیۆنالیزمی قەومی کوردیش وەک کتێبی "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دا لەسەر حیسابی نادر ئێنتسار، بە دژی نەتەوەی کورد شێوێندراوە.

بەهەر حاڵ هەروەکوو گوتم ١٨٠ لاپەڕە بە وەرگێڕانی کتێبی "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" زیادکراوە. جگە لەو زیادکردنەی، لە میانەی نوسینەکانی نادر ئێنتساردا، دوو هێڵ دانراوە و لە نێوانیاندا، وشەی ناشایست و دورلە ڕاستیی و قێزێنەر نوسراوە، یان بە دانانی ژمارە لەپێش وشەکاندا، لەژێر کتێبەکەدا، مێژووی ڕووداوەکان شێواندراوە و سوکایەتی بە شەهیدانی کوردستان کراوە.

هەروەها لەژێر وێنەکانیشدا بە چەند دێڕ، ڕووداوەکانیان پێچەوانە کردۆتەوە. تەنیا سەرچاوەی ئەو شێواندنانەش وتەکانی ئیبراهیم

ئەحمەدە و ساواکییەکانی سەرەمی محەمەدڕەزا پەهلەوییە. سەیر ئەوەیە کە دوکتۆر نادر ئنتسار، بەرلەوەی کە قانعی فەرد، کتێبەکەی وەرگێڕێتەوە بۆ سەر زمانی فارسی، لە سەرەتای کتێبەکەیدا سوپاسی قانعی فەردی کردوە و نوسیویەتی زانیاریی بەکەڵکی دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان داوەتێ.

بە کورتی بە ڕادەیەکی زۆر وەرگێڕانە فارسییەکە دەستکاریی کراوە و نوسینی لاوەکی و تێکدەرانەی لێ زیادکراوە. زۆربەی لاپەڕەکانی لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەی جیاوازە و بە دانانی وێنە و یادداشت و هاوپێچ، کتێبەکەیان لە کتێبێکی مێژوویی و زانستییەوە، کردوە بە کتێبێکی سیاسیی و لایەنگرانەی دژبە ژمارەیەک سەرکردە و ڕێکخراوەکانیان.

بۆ زانیاریی خوێنەران، سەرەتا چەند نمونەیەکی جیاواز لەنێوان دەقە ئینگلیزیی و وەرگێڕانە فارسییەکەدا: نادر ئنتسار لە لاپەڕەی ٢٥ ی کتێبەکەیدا بە زمانی ئینگلیزیی باس لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکات لە ١٩٤٦/١/٢٢ دا و دەنوسێت:

**- (قازی محەمەد بە بەشداریی مەلا مستەفا بارزانی کە سەرکردەیەکی مەزن و بە ئەزموونی کوردبوو، کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.)**

کەچی لە وەرگێڕانە فارسییەکەیدا نوسراوە: **(لە ١٩٤٦/١/٢٢ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەینرا.)** و لەژێر کتێبەکەشدا ئەم دێڕەی بۆ مەلا مستەفا بارزانی بە وەرگێڕانەکە زیادکراوە:

**- (زۆربەی مێژوونوسان لەو باوەڕەدان کە بە فەرمانی ئینگلیزەکان و بۆ تێکدانی بەساتی قازی محەمەد و پلانی ڕوسەکان ڕەوانە کراوە.)**

پێشتر لە بەشی "ڕەشەبای ڕووداوەکان"دا وەڵامی ئەو وتە بێبایەخەم دایەوە کە هێشتا حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان دانەمەزرابوون کە مەلا مستەفا بارزانیی و بارزانییەکان بە دوای شەڕێکی خوێناویدا، لەگەڵ سوپای عێراق و جاشە خۆماڵییەکان و لەژێر بۆمببارانی فڕۆکەکانی ئینگلیز، ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ پاشەکشەیان کرد بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوکتۆر نادر ئنتسار لە لاپەڕەی ٣٣ ی کتێبەکەیدا بە زمانی ئینگلیزیی باس لە: (**ڕاپەرینی سەرەتایی کوردەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانیی جەنگاوەر و بە ئەزموون دەکات**)، کەچی لە لاپەڕەی ٦٢ ی وەرگێڕانە فارسییەکەدا نوسراوە:

- **(ڕاپەرینی سەرەتایی جەنگاوەرانی بە ئەزموون "بە ڕواڵەت" مستەفا بارزانیی ڕابەر.)** و لەژێر نوسی ئەو لاپەڕەیەشدا بە ژمارەی (١) هاتووە: **(بەڵام لە ناوەڕۆکدا بزوتنەوەکە ساواک و سوپای ئێران ڕێبەرایەتیان دەکرد و بارزانی بەتەنیا کەرەستەیەک بوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی ئەوان.)**

لەو پێوەندییەدا پێشتر لە بەشی "ڕەشەبای ڕووداوەکان"دا وەڵامی ئەو وتە هەڵبەستراوەم دایەوەو گوتم شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١ هەڵگیرسا و پێوەندیی ساواک و گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا بەبێ ئاگاداریی بارزانی دەستی پێکرد و ئەو پێوەندییە دوای ڕاکردنی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ناوچەی ئالان و گواستنەوەیان بۆ هەمەدان لە ساڵی ١٩٦٤دا گواسترایەوە بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و بارزانی. بەڵام دەربارەی ئازایەتی و جەنگاوەریی بارزانی و هەڤاڵانی سەرنج بدەنە ئەم کەسانە کە لە نزیکەوە شاهیدی ئازایەتی بارزانی و هەڤاڵانی بوون. یەکێک لەوانە سەرلەشکر ڕەزمئارا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێرانە کە ڕەوانشاد غەنی بلوریان لە کتێبەکەیدا "ئاڵەکۆک" ئاماژەی بۆ دەکات:

- **(لەبیرمە کاتێک کۆماری کوردستان ڕوخا، بارزانییەکان لە زستانی سەخت و دژواری کوردستاندا لە چیاکان مانەوە و لە بەرامبەر هێزی تەیارکراوی ئەرتەشی ئێراندا ڕاوەستان و سەرئەنجام مەردانە لوتکەی چیاکانیان بڕی و لە ئاگریی و ئارارات تێپەرین و سەری دەوڵەتی ئێرانیان شۆڕ کرد. ڕۆژنامەکانی تاران بەتایبەتی ڕۆژنامەی "ئاتەش" بە تەشەر لێدان لە ژەنەڕاڵ "ڕەزمئارا" وێنەی تەختە شکاوەکەی "بروجرد"ی لە لاپەڕەی یەکەمیدا چاپ کردبوو و لە ژێری نوسیبوو"دەسکەوتی ئەرتەشی پاشای ئێران لە بارزانییەکان، ئەو تەختەی بروجردە کە هی بارزانیی بوو و ئەو لەسەری دەخەوت." ڕەزمئارا کە ئەوکاتە سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران بوو، نەیتوانی لە بەرامبەر گوتنی ڕۆژنامەکاندا خۆی ڕاگرێ و لەگەڵ چەند ڕۆژنامان وتووێژی کرد و گوتی: "ئەوانەی لە پشت مێز**

دادەنیشن و دیشلەمە هەڵدەلوشن، نازانن بارزانی چۆن جانەوەرێکە. هەتا ئەمڕۆ لە تەمەنی ئەرتەشی ئێراندا، ئێمە قەت جەنگاوەری بەم جۆرەمان نەبینیوە."

تەفریشیان ئەفسەرێکی سازمانی نیزامی حیزبی تودە بوو کە لەلایەن حیزبی تودەوە نێردرابوو بۆ نێو کۆماری ئازەربایجان. پاش شکانی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان، لەگەڵ بارزانییەکان کەوتبوو. ناوبراو کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە ئێران زیندانی بوو، لە باسکردنی بارزانییەکاندا دەیگوت: "ئەوانە گورگی چیا و بەندەن و کوێستان بوون و کردەوەکانیان بە زار ناگێڕدرێتەوە.[1])

هەرلەو لاپەڕەیەدا، نادر ئنتسار بە زمانی ئینگلیزیی نوسیویەتی: (شا بە دروستی لێکیدابۆوە کە بە یارمەتی کردن بە بارزانی دەتوانێت ناوبراو ناچار بکات، یارمەتیی کوردەکانی ئێران نەکات و تەنانەت کەڵکی لێوەرگرێت کە پێش بە تێکۆشانی ئەوان لە خاکی ئێراندا بگرێت.) لە بەرامبەر ئەو دەقەدا، قانعی فەرد لە ژێرنوسی هەمان لاپەڕەی ٦٢دا دەڵێت: (هەرگیز بارزانی یارمەتی بە گشەسەندنی گروپە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران نەکرد و تەنانەت ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ خزمەتکردن بە ساواک، تیرۆر کرد و جەنازەکەی دانەوە بە ئێران و هەرگیز بارزانی نەیهێشت قازی محەمەد سەرکەوێت و تا ساڵی ١٩٧٥، پاشماوەکانی حیزبی دیموکرات لە عێراق دەستکەوتێک بەدەست بهێنن و بە دوای مردنیشیدا ئیدریس لە سەردەمی شۆڕشدا پێشی بە شکڵ گرتنی حیزبی دیموکرات گرت.)

ئیتلاعاتی سوپای پاسداران و جاش قەڵەمەکانی، مستەفا بارزانی چۆن دەبینن و بە سەرۆک و ڕێبەری گەلی کوردی دەزانێ، یان نا، ئەوە کێشەی خۆیانە و هیچ شتێک لە سەرۆکایەتی و مێژووی خەبات و تێکۆشان و خزمەتەکانی مستەفا بارزانیی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو بە گەلی کورد کەم ناکاتەوە و ئەو گوتنانەش جێی سەرسوڕمان نین. بەپێچەوانەوە مرۆڤ دەبێ لەوە سەری سوڕ بمێنێت و بترسێت کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی تاریفی سەرکردەیەکی کورد بکەن و پێی هەڵبڵێن. سەبارەت بە

هاوکاریی کردنی بارزانی و هەڤاڵانی بە پێشەوا قازی و کۆماری کوردستان، ڕوونکردنەوەی پێویستم ئاراستە کردوە.

لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی دوو بابەتی تر کە دەڵێت: **(بارزانی یارمەتی بە گەشەکردنی گروپە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران نەکرد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی بۆ خزمەتکردن بە ساواک، تیرۆر کردوە و تا ساڵی ١٩٧٥ نەیهێشتوە پاشماوەکانی حیزبی دیموکرات لە عێراق دەستکەوتێک بەدەست بهێنن و بە دوای مردنیشیدا ئیدریس بارزانی لە سەردەمی شۆڕشدا پێشی بە شکڵ گرتنی حیزبی دیموکرات گرتوە)**، ناچارم پەنجە بۆ چەند سەرچاوە ڕاکێشم.

دواتر دوکتۆر نادر ئنتسار لە لاپەڕەی ٤٧ ی کتێبەکەیدا بە زمانی ئینگلیزیی باس لە شەهیدکرانی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵا قادری ئازەر و فازل ڕەسوڵ دەکات کە لەکاتی وتووێژکردنیان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤیەن، لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کران، بەڵام لە لاپەڕەی ٨٦ ی وەرگێڕانە فارسییەکەدا چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان نوسیویانە:

**- (دووبەرەکی لەناو حیزبی دیموکراتدا، ئێرەیی کردن، دەسەڵاتخوازیی، لایەنگریی کردنو جنایەتخوازیی گروپێک لەناو حیزبدا، ئەوی بەکوشتدا.)**

لە لاپەڕەی ٣٨٠، هاوپێچە زیادکراوەکانیشدا لەژێر وێنەی دوکتۆر قاسملوو نوسراوە:

**- (دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، چالاکی سیاسیی چەپ و سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، خوێندکاری پاریس و پراک، دوکتۆرا لە زانستی ئابووریی، ئەندامی پێشوی حیزبی تودە، سەرپەرەستی ڕۆژنامەی کوردستان، ماوەیەک لە عێراق بە یارمەتی ئیستخباراتی عێراق، لە ساڵانی ١٣٥٠- ١٣٦٨ (١٩٧١- ١٩٨٩) بە دەسەڵات گەیشت و سکرتێری حیزبی دیموکرات بوو، ڕۆژی ١٣٦٨/٤/٢٢ (١٩٨٩/٧/١٣)، لەلایەن گروپێکی نەناسراوەوە لە ڤیەن پایتەختی ئوتریش تیرۆرکرا. هەرئەو گروپە بەو شەهیدکردنەی، سیمای مەزلومەیەتیان لێ دروستکرد. ئەو لە**

**هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگاندا سەرکەوت و دواتر لە پەنای حیزبی بەعسدا دژی هێزەکانی ئێران ڕاوەستا. لەو دوایانەدا نائومێدی ڕووی تێکردبوو، باوەڕی بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان بە ڕێگای سەربازیی نەمابوو. دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئێران. براکەی هاوکاریی ساواکی دەکرد.)**

ئەوە یەکەم جار نییە کە ئەو وتانە سەبارەت بە تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو و هەڤاڵانی بڵاودەکرێنەوە، بەرلە بڵاوکردنەوەیان لە هاوپێچە زیادکراوەکانی وەرگێڕاوە فارسییەکەی کتێبی دوکتۆر ئێنتساردا، دەزگا هەواڵگرییەکانی کۆماری ئیسلامیی چەندان جار، ئاماژەیان بەو وتە هەڵبەستراوانەی خۆیان کردەوە. بەڵام هەروەکو دوکتۆر ئێنتسار بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ کات و دادگای ڤیەن سەلماندویەتی و نوسەرانی خۆیی و بێگانە وەک کریس کۆچێرا مێژوو نوسی فەرەنسی و هەروەها خاتوو کارۆڵ پرونهوبێری ئیسپانیایی لە کتێبەکەی خۆیدا کە لەژێر ناوی The Passion and Deah of Ghassemlou, ahe Kurd دا ئاماژەیان بۆ کردوە، دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، عەبدوڵا قادری ئازەر و دوکتۆر فازل ڕەسوڵ لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لە کاتی وتووێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کراوە، نەک گروپێکی نەناس کە قانعی فەرد و هاوکارانی لە وەرگێڕاوە فارسییەکەدا ئاماژەی بۆ دەکەن.

دوکتۆر نادر ئێنتسار لە لاپەڕەی ٨١ ی کتێبەکەیدا بە زمانی ئینگلیزیی دەڵێت: **(ساڵی ١٩٦٠، کەریم قاسم کە تێگەیشت مەلا مستەفا بەرەو بەهێز بوون دەچێت، ویستی لە هێزی ئەو کەم بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی بە نەیاری بارزانی کرد، بەڵام بارزانی توانی نەیاری خۆی لە عەشیرەتی زێباری بکوژێت. بارزانی لە مارسی ١٩٦١دا چوو بۆ سۆڤیەت کە یارمەتی لە کریملین وەرگرێت، بەڵام یارمەتیان نەکرد.)** لە لاپەڕەی ١٢٩- ١٣٠ی و لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا، دەنوسێت:

**- (بارزانی مەحمود خانی زێباریی کوشت و بۆ ئارام کردنەوەی دۆخەکە، حەمایل خانی کچی مەحمودخانی بە هاوسەریی وەرگرت کە مەسعود**

**بـارزانی بەرهەمـی ئەو هاوسـەرگیرییەیە و هوشـیار زێبـاری خـاڵی مەسعودە.)**

دوکتۆر ئنتسار لە نوسینەکەیدا، ئاماژەی بۆ ناوی هیچ کەسێک نەکردوە. لە ڕاستیدا هەروەکوو حەسەن ئەرفەع لە کتێبی "کوردەکان"دا دەڵێت: **(عەبدولکەریم قاسم بۆ لێدانی بارزانی، کەڵکی لە عەشیرەتی لۆلان بە سەرۆکایەتی شێخ ڕەشید، عەشیرەتی هەرکی برایەتی بە سەرۆکایەتی فەتاح بەگ، تایفەی برادۆست بە سەرۆکایەتی مەحمود خەلیفە، عەشیرەتی زێباری، ڕێکانی و بەرواریی وەرگرت. دوای شکانی سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٦٢ دا، ئەوانەش شکان و پەنایان بۆ ئێران و تورکیا برد[٢].)**

ئەوە بەو واتایەیە کە ئەگەر لە ڕووبەڕوو بوونەوەی جاشەکان لەگەڵ پێشمەرگە، کەسێکیان لێ کوژرابێت، نەیارێکی شۆڕشی کوردستان کوژراوە. هەروەها مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٤٦ لە مهاباد و لەژێر ئاڵای کوردستاندا لە دایکبووە، نەک لە ساڵی ١٩٦١ دا کە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا باسی لێدەکرێت. مەسعود بارزانی ١٥ ساڵ بەرلەو مێژوویەی لەدایک بووە .

دوکتۆر نادر ئنتسار لە لاپەڕەی ٩٦ ی کتێبەکەیدا بە زمانی ئینگلیزیی باس لە شەهیدبوونی ئیدریس بارزانی لە مانگی ٧ی ١٩٨٧ دەکات و دەنوسێت: **(کاتی شەهید بوونی ئیدریس بارزانی لە ژوئیەی ١٩٨٧دا، پارتی کێشەی هەبوو. ئێران یارمەتی دا کە کێشەکەی چارەسەر بکات، چونکە لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، پارتی یارمەتی ئێرانی دابوو.)**

لە لاپەڕەی ١٥٤ی دەقە فارسییەکەدا نوسراوە: **(مسعود و ئیدریس بارزانی و دەیان هەزار کوردی عێراقی کە دوای شکانی مەئموریەتی بارزانی لە ئێران پەنابەر بوون، بە ڕوخانی ڕژێمی شا و هاتنەسەر کاری ئایەتوڵا خومەینی لە فیبرواری ١٩٧٩دا، دەرەتانێکی چاوەروان نەکراو بەدەست دەهێنن. بە دوای ئەوەدا کە لەگەڵ شادا بوون، دەستبەجێ ئازادیی کردەوەیان بەدەستهێنا و جارێکی تریش ئێران بۆیان بوو بە**

**پێگەی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پەیمانی ڕاستییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی هەبوو.)**

پێشتر گوتم دوای خیانەتی شای ئێران بە گەلی کورد و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، مەسعود بارزانی بە هاوکاریی چەند لە هەڤاڵانی، بە ئەمری مەلا مستەفا بارزانی، بەنهێنی و بەدور لە چاوی ساواک، ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای کەمتر لە ساڵێک ڕێکخستەوە و لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦دا شۆڕشی گوڵانیان وەک درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلول ڕاگەیاند. پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات، بەدور لە چاوی ساواک و دەزگاکانیتری هەواڵگریی ئێران، دەستیان کردەوە بە چالاکیی دژی حکومەتی بەعس لە باشوری کوردستاندا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا هیچ خۆپێشاندانێک لە ئێراندا بەدژی ڕژێمی پەهلەوی بەڕێوە نەچووبوو. هەروەکوو گوتم شۆڕش لە گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦دا سەریهەڵدا، نەک ساڵی ١٩٧٩. سەرنج بدەن بە دوو مێژووی ١٩٧٦ دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان و ١٩٧٩ شۆڕشی ئێران، تا درۆ و چەواشەکارییەکانی قانعی فەرد و هاوکارەکانیتان بۆ دەربکەوێت.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران کە هێشتا خومەینیو لایەنگرانی نەیانتوانیبوو، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئێران و بەتایبەتی بەسەر کوردستاندا بسەپێنن، پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبوونی ٣٢٥ ئەندام، ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٤ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنگرەی نۆیەمی خۆی پێکهێنا(٣).

لەم کۆنگرەیەدا بە پێچەوانەی پروپاگەندەی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران کە مستەفا بارزانیی و ئیدریس بارزانی نەیانهێشتووە، حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) شکڵ بگرێت، بڕیاردرا پارتی دیموکرات ڕۆڵی ناوبژیوان ببینێت لەنێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) و کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە سەرەرای هەوڵێکی زۆر ئەم هەوڵەی بێئەنجام بوو(٤).

هەروەها بەپێچەوانەی وتەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی، پارتی دیموکرات توانی لە ١٩٨٠/١١/٢٨دا، بەرەی نیشتمانی عێراقی "جود" لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی

سوسیالیستی کورد پێکبێنێت. ئەوانە هەموویان لە سەردەمی ئیدریس بارزانیی نەمردا ئەنجامیان گرت، نەک بە دوای ئەودا.

یەکێک لەو چوار ڕووداوانەی کە ئاماژەم بۆ کردن و گوتم پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە، شەهیدکرانی سەعید ئاڵچی سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیایە لەلایەن سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" و کوژرانی دوکتۆر شوانە لەلایەن دادگای شۆڕشەوە کە دوکتۆر نادر ئنتسار لە لاپەڕەی ١١٩ ی کتێبەکەیدا بە زمانی ئینگلیزیی ئاماژە بۆ کوژرانی سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" و سەعید ئاڵچی سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دەکات و دەنوسێت:

**- (کێشەی دوکتۆر شوان و ئاڵچی لە تورکیاوە دەستی پێکردبوو و لە عێراقیش درێژەی پەیداکرد و نەزانرا کێ ئەوانەی کوشت. وەک دەڵێن شوان، ئاڵچی کوشتوە و بە تۆڵەی ئەو، مەلا مستەفا گوتویەتی شوان دەبێ بە سزا بگات و بکوژرێت. تیۆرییەکی تر ئەوەیە کە دەڵێن دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" شوان و ئاڵچی کوشتوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت کوشتنی ئەو دوانە بزوتنەوەی کوردی لاواز کرد.)**

لە بەرامبەر ئەو نوسینەی دوکتۆر نادر ئنتساردا، لە لاپەڕەی ١٨٠ی وەرگێڕانە فارسییەکەدا نوسراوە:

**- (مەلا مستەفا بە فەرمانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" شوان و ئاڵچی کوشت و ئەو خزمەتەی لە ساڵی ١٩٧٦دا لەلایەن تورکیاوە قەرەبوو کرایەوە بە تیرۆر کردنی لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی لەناو خاکی تورکیادا. بارزانی نەیدەویست بزاڤی کوردیی لە تورکیا و ئێران شکل بگرێت.)**

١- ئایا ئەوەی دوژمن دەیڵێت سەبارەت بە یارمەتی نەدانی بارزانی بە بزوتنەوەی کورد لە کوردستاندا ڕاستە؟! هەرچەندە پێشتر لە کتێبی "تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد"دا ئاماژەم بۆ هاوکاریی و یارمەتیەکانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانیی بە بزوتنەوەی کورد لە باکور، باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمود حەفید و کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا

قازی محەمەد کردوە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی دوایی پێوستە بڵێم ساڵی ١٣٣٨- ١٩٥٩ ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی ئێران "ساواک" ئاشکرابوون و نزیکەی ١٢٠ ئەندامی سەرکردایەتی و کادیرانی حیزبی دیموکرات گیران.

عەبدوڵا ئیسحاقی، سلێمان موعینی، یوسف ڕیزوانی، قادر شەریف و ژمارەیەکی تر نەکەوتنە دەست ساواکو ڕوویان لە باشوری کوردستان کرد. دوای ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بۆ ناوچەی ئالان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گواستنەوەیان بۆ هەمەدان، ئەحمەد تۆفیق بە هاوکاریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆ و یارمەتی سەرۆک مستەفا بارزانیدا، ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی بوژاندەوە و دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکراتدا، لەگەڵ سلێمان موعینی "فایق"، سەدیقی هەنجیری ئازەر، مەلا ڕەشید حوسێنی، مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد"، نەحۆ "باپیر شکاک، عەبدوڵا موعینی، ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی"، مەلا قادری لاچینی، سەید ڕەسوڵی دێهقان "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە" و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی ١٣٤٣/٨/٢٨- ١٩٦٤/١١/١٩ لە گوندی "سونێ"ی ناوچەی پشدەر کۆنگرەی دووەمی حیزبیان لەژێر دروشمی: یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی لەپیناوی خەبات بۆ ئازادیی و ڕزگاریی کورد و کوردستان پێکهێنا(٥).

کۆنگرەی دووەم بە زانیاریی لە کردەوەی تێکدەرانەی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کە دژایەتی ئەحمەد تۆفیق و ئەندامانی لایەنگریی بارزانی بوون لە حیزبی دیموکراتدا، لە بڕیاری ژمارە دووەمیدا خۆیدا پشتگیریی لە سیاسەتی مستەفا بارزانی لە بەرامبەر ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کرد. پێشتر ئامازەم بەو کێشەیە کرد کە بەدەستێوەردانی ساواک ئیبراهیم ئەحمەدو گروپەکەی بەدژی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول هەڵیانگیرساند و لە کۆنفرانسی ماوەت، بارزانیان لە پارتی دەرکردبوو. لە بەندی دووەمی بڕیاری کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە:

**بەندی دووەم- کۆنگرەی بەدەنگی گشتی تاییدی شەشەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بڕیاراتی ئەو کۆنگرەیەی سەبارەت بە دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کرد(٦).**

بۆ جاری دووەم حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات"دا بەهۆی ناکۆکیی و کێشە لەنێوان ئەندامانیدا ببوو بە سێ کوتلە. کوتلەیەک لەگەڵ شۆڕش ئەیلول بە سەرۆکایەتی بارزانی بوو، کوتلەی دووەم لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە بەکرەجۆ و کوتلەی سێیەم کە زۆربەیان کەسانی بێلایەن بوون، لە سەنگەسەر، قەڵادزێ و سلێمانی بڵاببوونەوە. دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئەمیر قازی، مامۆستا هێمن، کەریم حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، مەلا حەسەن ڕەستگار، یوسف ڕیزوانی و مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە بە هاوکاریی پارتی دیموکرات و مستەفا بارزانیی، دووبارە حیزبی دیموکراتیان بەپێکهێنانی کۆنفرانسی سێیەم لە ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢١ دا بوژاندەوە. هەروەها سەرۆک بارزانیی لە بواری ئابووریدا، مانگانەی بۆ حیزبی دیموکرات بڕیبۆوە و تەنانەت کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕیش، تا ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، حیزبی دیموکرات بۆ دابینکردنی خەرجیی بنکەی پێشمەرگەکانی لە "هیران و نازەنین" و دواتر لە بناری قەندیل لە گوندی "ئاشقوڵکە"، یارمەتی ئابووری لە پارتی دیموکرات وەردەگرت. مەلا ڕەسوڵ پێشنماز بەرپرسی بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لەو سەردەمدا، سەبارەت بەو مەسەلەیە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢ گوتی:

**- (هەموو مانگێک من خۆم بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات، پارەی دابینکردنی پێویستییەکانی بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبم لە پارتی وەرگرتووە(٧).)**

بەرلە پێکهاتنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٧١/٦/٢١دا، کەریم حیسامی و دوکتۆر قاسملوو لەسەر ڕاسپاردەی حیزبی تودە، چەندجار "بولغارستان" و "چێکۆسلۆاکی"وە گەڕانەوە بەغدا.

لە دوا سەفەریدا بۆ بەغدا، دوکتۆر قاسملوو سەردانی سەرۆک بارزانی کرد و ئیزنی لێوەرگرت کە یارمەتی بکات لە بوژاندنەوەی حیزبی دیموکرات و ئەو حیزبە لەژێر چەتری شۆڕشی ئەیلولدا کۆبکاتەوە کە بارزانی خۆشحاڵیی خۆی دەربری. بۆ ئەو مەبەستە دوکتۆر قاسملوو چەند جار لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات و ئەو ئەندامانە کۆبۆوە کە لە قەڵادزێ و بەکرەجۆ لە لای ئیبراهیم ئەحمەد و هێزەکانی عیراق بوون و سەرئەنجام دوای ئەو دیدارانەی ئەم نامەیەی خوارەوە بۆ کەریم حیسامی دەنوسێت:

**- (چوومە لای مەلا مستەفا، ئەمیر قازی و هێمن و چەند کەسێک لەوێ بوون. دوکتۆر مەحمود عوسمان زۆر ئیسراری هەبوو کە یەک بگرینەوە. ئێمەش لەبەر قسەی ئەوان لەگەڵیان دانیشتین. پاش گلەیی و دمەتەقە بە تایبەت لەگەڵ حەمەدەمینی سیراجی، بڕیارماندا هەتا کۆنفراسێکی حیزبی هەشت کەس بە ناوی "کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان" دیاری بکەین. ئەم ٨ کەسە ئەمانەن: "قاسملو، ئەمیری قازی، هێمن، سیراجی، حەسەن ڕەستگار، عەولای حەیاکی، یوسف ڕیزوانی و کەریم حیسامی.[(٨)])**

ئەمیر قازی لەم بارەیەوە لە کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەڵێت: **(جومعەی دیاریکراو سەعات ٢ی پاشنیوەڕۆ گەیشتمە حاجی ئۆمەران شوێنی میوانخانەی بارزانی. شەهید سابیر بارزانی بەتەنێ لەبەر میوانخانە دانیشتبوو. سڵاوم کرد، لەبەرم هەستام گوتم کاک سابیر، بارزانی ئەمری کردوە بچمە خزمەتی. فەرمووی لێ کردم. چوومە ژوورەوە و سڵاوم کرد. دەگەڵ سڵاو، بارزانی نەمر بەپێی شەخسیەتی بەرز و بەڕێزی خۆی، یەک پێ لەبەرم هەستا و بەخێرهاتنی کردم. هاوکات جەماعەتی عەرەبی میوانیش، چوار پێنج کەسێک، بە پەیڕەوی لە بارزانی، هەستانە سەرپێ. بارزانی نەمرم بە پێوە ڕانەگرت و بەپەلە هەر لەبەر دەرگاکە دانیشتم. ئەگەر لەبیرم مابێ، دوکتۆر مەحمود عوسمانیش لەوێ بوو و لە خوار بارزانییەوە دانیشتبوو.**

**بارزانی نەمر ڕووی کردە یەکێک لە عەرەبەکان کە لە سەرووی خۆی دانابوو و پاشتر دیاری دا ئەو کەسایەتییە "عەبدولخالق سامەڕایی"**

دووەم کەسی دەسەڵاتدارە لە حکومەتی ئێراقدا و پێی فەرموو: "ئەو شەخسە نێوی ئەمیر قازییە، کەسایەتییەکی بەرپرسە لە حیزبی دیموکراتی بەشی ئێراندا. خەڵکی ئەو حیزبە ماوەیەکی دورودرێژە لێرەن، لە لای من، دەگەڵ ئێمە بوون و خزمەتی شۆڕشی ئێمەیان کردوە. ئێستاش کە ئێمە پێکەوە سازاوین، جێی خۆیەتی ئێوە چاوتان لێیان بێ، پێوەندیتان دەگەڵیان هەبێ، یاریدە و یارمەتیان بدەن بۆ کوردەکانی ئەو دیو."

بارزانی کە ئەوەی گوت، عەبدولخالق سامەڕایی لەجێی خۆی هەستا و بەرەو من هات، بە گەرمی دەستی دەگەڵ لێدامەوە و باوەشی تێ وەرهێنام. هەر بە پێوە ڕووی لە بارزانی نەمر کرد و گوتی: "بەسەر چاو جەنابی بارزانی. ئێمە ئامادەین لە خزمەتیاندا بین." ئەو جا ئاماژەی کردە یەکێک لە دەگەڵبوونی خۆی و گوتی: "ئەو شەخسە نێوی عەبدولحەلیمە، محافیزی هەولێرە، کارێکی وابکە بێی بۆ هەولێر، عەبدولحەلیم تەرتیبی هاتنی تۆ دەدا بۆ بەغدا. لەوێ قسەی خۆمان دەکەین. ئێمە بۆ هاوکاریی دەگەڵ ئێوە ئامادەین."(٩)

ڕێزدا خاتوو ئایجان بوزئەرسەلان "شەرمین" سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، خەڵکی شاری "سێرت" لە باکوری کوردستان دەڵێت:

- (بنەماڵەی من لە کۆنەوە تێکەڵاوی خەباتی سیاسیی و مەدەنیین. من هەرگیز لە ژیانمدا، شتێکی بەم جۆرەم لە بنەماڵە و خەڵک و سیاسییکارەکان نەبیستوە کە بارزانی ئاستەنگ بێت لە بەردەم کوردی باکور و ڕۆژئاوا و کوردی هەرجێیەکی تر لە دنیادا. ئەو هەردەم یارمەتی ڕێکخستنەکانی داوە.(١٠))

ئیسماعیل کامل خەڵکی شاری "عامود" لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەندامی پەرلەمانی سوید لەسەر لیستی پارتی گەلی لیبراڵ، ماوەی ٣٥ ساڵە ڕۆژئاوای کوردستانی بەجێهێشتووە و لە سوید دەژی. خۆی وەکوو کوردێکی کوردستانیی دەناسێنێت دەڵێت:

**- (نەمر مستەفا بارزانی قەت ڕێگەی لە تەڤگەری هیچ پارچەیەکی کوردستان نەگرتووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەموو ئیمکاناتی خۆی داناوە ژبۆ ناسکردنا پرسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و پشتیوانی تەواوی کردوە لە گەلی کورد و تەڤگەری گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان.[11])**

٢- دەربارەی شەهیدبوونی سەعید ئالچی و کوژرانی سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" کە لە لاپەڕەی ١٨٠ی وەرگێڕانە فارسییەکەدا دەگوترێت: **(مەلا مستەفا بە فەرمانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" شوان و ئالچی کوشتوە و ئەو خزمەتەی لە ساڵی ١٩٧٦دا لەلایەن تورکیاوە قەرەبوو کرایەوە بە تیرۆرکردنی لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی لەناو خاکی تورکیادا.)**

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوە شێوێنراوە لەلایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، سەرەڕای پێوەندیی گرتنم بە کۆمەڵێک سیاسییکاری باکور و باشوری کوردستان و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا، پێویستە بڵێم پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٦، لەسەر بنەمای حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا و پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیاش ساڵی ١٩٦٥ لەسەر بنەمای پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. سەرکردەکانی ئەو سێ پارتە و پارتی دیموکراتی سوریا کە ئەویش ساڵی ١٩٥٥ لەسەر بنەمای پارتی دیموکراتی کورد دامەزراوە، پێوەندییەکی برایانەیان لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلول هەبوو.

لە ئوکتۆبەری ١٩٦٩دا، پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا، شەش ئەندامی خۆی نارد بۆ باشوری کوردستان کە لە بواری سیاسیی و پێشمەرگایەتییەوە پەروەردە بکرێن. سەعید ئالچی سکرتێری پارتی، بەرپرسایەتی نێردراوەکانی بە دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" سپارد. سەرکردایەتی شۆڕش، بنکەیەکی لە نزیک گوندی "دێشیش"ێ لە ناوچەی زاخۆ بۆ ئەو ژمارە پێشمەرگەیە دانا.

لە ڕەوتی کارەکانیدا، دوکتۆر شوان بەبێ پرسکردن بە سەرکردە و ئەندامانی پارتی دیموکراتەوە، خۆی پارتییەکی نوێ بە ئایدەلۆژی چەپ لەناو دڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دامەزراندو ناوی "پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات" DDKD"ی لەسەر دادنا.

ڕۆژی ١٩٧١/٣/١٢ لە تورکیا کودەتای سەربازی کرا. سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی، لە تورکیا ڕایکرد و خۆی گەیاندە سوریا. لەوێ کەسێک لە بنەماڵەی حاجۆ، بەناوی مەجید حاجۆ یارمەتی کرد و ئەوی گەیاندە موسڵ. سەعید ئاڵچی لە موسڵەوە دەچێت بۆ زاخۆ کە بچێتە لای دوکتۆر شوان، بەڵام ڕۆژی ١٩٧١/٥/٢٥ شوان دوو پێشمەرگە بەناوەکانی حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" و "بروسک" دەنێرێتە زاخۆ کە سەعید ئاڵچی بگرن. ئەوان سەعید ئاڵچی و کەسێکی هاوڕێی بە ناوی محەمەد بەگ دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بۆ لای دوکتۆر شوان.

ڕۆژی ١٩٧١/٦/١، دوکتۆر شوان، سەعید ئاڵچی و محەمەد بەگ دەکوژێت. دوای چەند ڕۆژ مەلایەک بە ناوی "مەلا عەبدوللەتیف" دەچێتە لای دوکتۆر شوان و لە سەعید ئاڵچی دەپرسێ. کاتێک دوکتۆر شوان تێدەگات، مەلا لەتیف بەهاتنی سەعید ئاڵچی بۆ بنکەکەی دەزانێت، دوکتۆر شوان، مەلا عەبدوللەتیفیش دەکوژێت. دیارە بەرلە کوشتنی ئەو سێ کەسە، هەر سێیان زیندانی دەکاتو بەکێشکچییەکان دەڵێت: ئەوانە جاسوسی تورکیان و ئێمە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین. کێشکچییەکان بریتی بوون لە: سەلیم فەلکی "ڕێوی"، حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" و مەحمود حەسەن کایا. سەعید ئالچی و هەڤاڵانی حەوتوویەک لە زینداندا ڕادەگیرین و دواتر دەیانبەن لە دەرەوەی بنکەکەیان دەیانکوژن و تەرمەکانیان لە زەویدا دەشارنەوە.

هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات کە لە تورکیاوە رایان کردبوو، بەشێکیان لە سوریا دەمێننەوە و دەروێش سەعدۆ، شەرەفەدین ئاڵچی، شاکر ئوپۆزدەمیر و مەلا یونس دەچن بۆ زاخۆ و سۆراخی سەعید ئاڵچی لە دوکتۆر شوان دەکەن. دوکتۆر شوان دەڵێت:

**- (هات و دوای دوو سێ شەو گەڕایەوە بۆ تورکیا.)**

هەڤاڵانی ئاڵچی گومان لەو وتەیەی شوان دەکەن و تێدەگەن سەعید ئاڵچی نەماوە. چونکە تورکیا حوکمی سەربازیی هەبوو، سەعید ئاڵچی و

کوردە خەباتکارەکان توانای گەڕانەویان بۆ تورکیا نەبوو. بەو حاڵەش، بۆ دڵنیا بوونیان لە لایەنگرانیان لە کوردستانی تورکیا دەپرسن، وەڵام دەدەنەوە کە ئالچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی تورکیا. بەو زانیاریانەی بەردەستیان، هەڤالانی سەعید ئالچی بەنهێنی لەگەڵ کێشکچییەکان دەدوێن و کاتێک کێشکچییەکان بەوە دەزانن سەعید ئالچی سکرتێری حیزبەکەیان بووە، نەک جاسوس و سیخوڕی تورکیا، تێدەگەن دوکتۆر شوان خیانەتی کردوەو پێیانڕادەگەیەنن سەعید ئالچی و دوو کەسی تریان کوشتوە و تەرمەکانیان لە فلان جێ شاردۆەتەوە.

هەڤالانی سەعید ئالچی دەچن بۆ لای بارزانی لە گەلاڵە و مەسەلەکەی پێڕادەگەیەنن. بە فەرمانی بارزانی، پێشمەرگە دەچن دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک دەهێنن و پرسی سەعید ئالچی یان لێدەکەن. دەبێژن، هاتووەتە لای ئێمە و گەڕاونەتەوە بۆ تورکیا. چونکە پێشمەرگەکان بە ڕووداوەکە دەزانن، دوکتۆر شوان و بروسک و چەکۆ دەبەن و تەرمی سەعید ئالچی و هەڤالانی لەژێر خاک دەهێننەدەر. بە دوای ئەوەدا دوکتۆر شوان قەبووڵ دەکات کە سەعید ئالچی کوشتوە و لە وەڵامی دادگادا دەڵێت:

- **(من خیانەتەم کردوە.)** دواتر دەڵێت: **(هەوڵمداوە ڕێبازی پارتی دیموکرات بگوڕم بۆ پارتێکی خاوەن ئایدیۆلۆژی کۆمونسیتی.)** هەڤالانی سەعید ئالچی داوا دەکەن، لە چەند کوردی مافناسی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا دادگایەک پێکبێت و موحاکمەی دوکتۆر شوان و هەڤالانی بکەن.

لە ئەنجامی مەحکەمەدا بڕیاردرا دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک بە تاوانی خیانەت و کوشتنی سێ لە هەڤالانیان بکوژن و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦، ئەو سێ کەسیان کوشت.

بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ڕووداوەکە و چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، داوام لە دوکتۆر حەمید ئەحمەد، لێپرسراوی مەلەفی پێوەندییە کوردستانییەکانی مەکتەبی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد کە یارمەتیم بدات لە دۆزینەوەی دەروێشی سەعدۆ، شەرەفەدین ئالچی و شاکر ئوپوزدەمیر کە لە ژیاندان. بە تەلەفۆن پێوەندیم بە دەروێشی سەعدۆ سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانی باکورەوە گرت و لە نزیکەوەش چاوم بە شاکر ئوپوزدەمیر کەوت، بەڵام شەرەفەدین ئالچی بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی نەیتوانی قسەم لەگەڵ بکات.



**دەروێشی سەعدۆ:** ساڵی ١٩٣٤ لە پارێزگای سیرت لە باکوری کوردستان لەدایک بووە. یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٥دا لە وتوویژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا بە تەلەفۆن کە دەنگی لای من پارێزراوە. دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧١ لەگەڵ شاکری ئوپوزدەمیر و مەلا یونس کایا چووین بۆ سوریا کە سەعید ئاڵچی سەرۆکی پارتی دیموکرات ببینین. لەوێ ئاگادار بووین کە سەعید ئاڵچی چووە بۆ باشوری کوردستان و هەندێک هەواڵی ناخۆشمان سەبارەت بەو بیست. لەبەر ئەوە ڕۆژی ٢٠ حوزەیران لە سوریاوە چووین بۆ گوندی "تاوس" و لەوێوە بۆ تەلعەفەر و خۆمان بە لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناساند. ئەوان ئێمەیان بە سەیارە نارد بۆ موسڵ. لەوێ شاکر و مەلا یونس گوتیان بچین بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان، من قەبووڵم نەکرد و گوتم هەندێک مەعلومات هەنە کە پێویستە بە سەرۆک بارزانی بگەیەنم. ئەوان چوون بۆلای شوان و من چووم بۆ "ناوپردان" کە بارەگای پارتی دیموکراتی لێبوو. لەوێ چاوم بە دوکتۆر مەحمود عوسمان کەوت و گوتم هەڤاڵی ئێمە سەعید ئاڵچی هاتووەتە کوردستانی باشور و ئێمە نازانین چی بەسەر هاتووە. دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ عوسمان قازی قایمقامی زاخۆ نارد و نوسی: ئەگەر سەعید ئاڵچی هاتووەتە زاخۆ، پێیڕابگەیەنن، بێتە مەکتەبی سیاسی. عوسمان قازی وەڵامی دایەوە کە سەعید ئاڵچی ڕۆژی ٢٣ تا ١٩٧١/٥/٢٥ لێرە بووە و چونکە بەڵگەی هاتوچۆ "عدم تعرض"ی پێنەبوو، لەگەڵ دوکتۆر شوان و حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" چوو بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان.

دوای گەیشتنی ئەو بروسکەیە، دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ ئەسعەد خۆشەوی ئامر هێزی ناوچەی بادینان نارد، تا هەواڵی ئاڵچی لە شوان بپرسێ. شوان گوتبووی ئاڵچی هاتۆتە لای ئێمە و چونکە نەمانتوانیوە ڕایەکانمان بکەینە یەک، ئەو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور. ئەسعەد

خۆشەوی ئەو وەڵامەی بە دوکتۆر مەحمود دایەوە. من لە وەڵامیدا گوتم ئەوە ڕاست نییە و ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور.


دوکتۆر مەحمود منی نارد بۆلای کاک ئیدریسی ڕەحمەتی. ڕای خۆم سەبارەت بە سەعید ئاڵچی پێڕاگەیاند. گوتی سەبەینێ وەرە قسە لەگەڵ سەرۆک بارزانی بکە. ڕۆژی ١٠ تەموزی ١٩٧١، کاتژمێر ٨ی ئێوارە بە خزمەت بارزانی گەیشتم و باسی ڕووداوەکەم کرد. گوتم دوکتۆر شوان دەڵێ سەعید ئاڵچی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور، بەڵام ئەو نەگەڕاوەتەوە و دیار نییە چی بەسەر هاتووە. سەرۆک بارزانی بە کاک ئیدریسی گوت بروسکەیەک بۆ ئەسعەد خۆشەوی بکە و پێیڕابگەیەنە کە ئەگەر سەعید ئاڵچی لە ناوچەکەیە، ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی بکەن، ئەگەرنا دوکتۆر شوان بنێرن.

ڕۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٧١ لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکرات چووم بۆ هەولێر و لە ماڵی عەبدولوەهاب ئەتروشی نانمان خوارد و منیان بە سەیارەیەک نارد بۆ موسڵ. کاک عەلی سنجاری بەرپرسی لقی یەکی پارتی بوو. لەوێ لەگەڵ کاک فازل میرانی چووین بۆ بامەڕنی و چاومان بە ئەسعەد خۆشەوی کەوت. ڕۆژی دوایی هەموو بەرپرسانی پێشمەرگەیان ئاگادار کردەوە، وەڵام ئەوە بوو کە سەعید ئاڵچی هاتووەتە ناوچەکە و چووەتە مقەڕی دوکتۆر شوان و نەگەڕاوەتەوە. شۆفیری ئەو سەیارەیەیان هێنا کە سەعید ئاڵچی بردبوو بۆلای دوکتۆر شوان. گوتی بەڵی من بردومە. سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەریخست کە ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە و دوکتۆر شوان و چەکۆ، سەعید ئاڵچیان کوشتوە.

ئەسعەد خۆشەوی دوو پێشمەرگەی نارد بۆلای دوکتۆر شوان کە پێیڕابگەیەنن کوڕی ئەسعەد نەخۆشە و داوای لێکرد بێت، تەداوی کوڕەکەی بکات. ئێوارە بوو کە دوکتۆر شوان لەگەڵ چەکۆ هاتن بۆ بامەڕنی. لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا و سەرئەنجام دەرکەوت کە شوان و چەکۆ، سەعید ئاڵچیان کوشتوە. هەردوویان دانیان بە تاوانەکە نا. لەبەر ئەوە بردیانن بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ زیندانییان کردن. منیش گەڕامەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و باسی کارەساتەکەم بۆ کرد. زۆر ناڕەحەت بوو. گوتی بچۆ هەڤاڵانی خۆتان بێنە و لێرە بڕیاری لەسەر بدەن.

چووم بۆ زاخۆ و لەوێوە شەرەفەدین ئاڵچم ئاگادار کردەوە. ئەو و هەڤاڵێکی تر هاتن و پێکەوە گەڕاینەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و داوامان لێکرد دوکتۆر شوان و حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" بە تاوانی خیانەت بکوژن. بارزانی گوتی پێویستە محکەمە بڕیار لەسەر ئەوانە بدات.

دوکتۆر شوان و چەکۆ بۆ ماوەی شەش مانگ لە زینداندا ڕاگیران تا محکەمە بڕیاری کوشتنیدان و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ بە تاوانی کوشتنی سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و محەمەد بەگ و مەلا عەبدوللەتیف کوشتیانن، بەڵام ڕۆژنامەکانی تورکیا بۆ شکاندنی سومعەی پارتی دیموکرات و بارزانی پێچەوانەی ڕووداوەکەیان بڵاوکردەوە و هەندێک ڕۆژنامە و "ئیسماعیل ئەڕار" وەزیری تورکیا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە گوتی: مستەفا بارزانی ژمارەیەک پەروەردە دەکات کە لە تورکیا ئاژاوە بنێنەوە.)



**شاکر ئوپوزدەمیر** : ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی منار لە ناوچەی بایق سەربە سێرت لە باکوری کوردستان لەدایک بووە و ئەندامی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان تورکیا بووە. لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە. دەڵێت:

- (لە ساڵی ١٩٥٨وە تێکەڵاوی خەباتی سیاسی بووم و ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ سەعید ئاڵچی، شەرەفەدین ئاڵچی، دەروێشی سەعدۆ و ئەمەر تورهان، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیامان دامەزراند. دوای مانگێک "فایق بوجاق"یش هاتە ڕیزی ئێمەوە و ئێمە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکرات بووین بە شەش کەس. سەعید ئاڵچی کە لەلایەن ئێمەوە بە سەرۆکی پارتی دیاریی کرابوو، بە هاتنی فایق بوجاق، بەرپرسایەتی خۆی بەو سپارد و خۆی پۆستی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا وەرگرت. دوای شەهید بوونی فایق

بوجاق، سەعید ئاڵچی دووەم شەهید پارتی ئێمە بوو کە بە شێوەیەکی گوماناوی شەهید کرا.) شاکر لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:

- (جگەلە شەرەفەدین ئاڵچی کە عەسکەر بوو، ئێمە چوار ئەندامی پارتی دیموکرات بۆ ماوەی ١٣ مانگ لە ئانتالیا زیندانی بووین. سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان"یش لەگەڵ ئێمە زیندانی بوو. لەوێ سەعید ئاڵچی بەهۆی فەقێ حوسێنەوە لەگەڵ دوکتۆر شوان ئاشنا دەبێت و شوان سەرنجی ئەو بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و بەبێ ئاگاداریی ئێمە بە ئەندامی پارتی وەردەگرێ. ئێمە و دوکتۆر شوان لە مانگی دەی ساڵی ١٩٦٩ لە زیندان دەرکەوتین. ئاڵچی بەڵێنی بە دوکتۆر شوان دابوو کە بە دوای ئازادبوونی، ئەو ڕەوانەی کوردستانی باشور بکات کە لەوێ ئەندام بۆ پارتی پەروەردە بکات. بڕیارەکە بەم جۆرە بوو کە سی "٣٠" کەس ڕەوانە بکەن، بیست کەس لە ئێمە و دە کەسیش لە هەڤاڵانی شوان، بەڵام لەو سی کەسە تەنیا شەش کەس بەم ناوانە چوون: دوکتۆر شوان، ئەندازیار حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ"، دوکتۆر فایق سەواش، محەمەد نوری "ڕونی"، ڕەشۆ زیلان و نازم بلقاز "سورۆ". شوان ئەوانەی بەناوی دوکتۆر و موهندیس لە کوردستانی باشور بڵاوکردەوە و لە ڕەوتی کارەکانیدا "پارتی دیموکراتی کورد لە تورکیا"ی وەک حیزبێکی چەکدار دامەزراند.

بە دوای ئەوەدا کە دوکتۆر شوان ئەو پارتەی لە جیاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دامەزراند، سەعید ئاڵچی و فەقێ حوسێن کە دەستیان هەبوو لە ڕەوانە کردنی دوکتۆر شوان بۆ کوردستانی باشور، پێوەندی لەگەڵ دەگرن و ئەویش پێیان دەڵێت: "ئێوە دەتوانن بێن لە پارتی ئێمەوە." لێرەوە سەعید ئاڵچی بە هەڵەی خۆی زانی و ئێمە لە دیاربەکر کۆبووینەوە کە ئەو گرفتە چارەسەر بکەین. لە ئەساسدا ئاڵچی بەهۆی فەقێ حوسێنەوە لەگەڵ شوان ئاشنا ببوو. لەو کۆبوونەوەیەدا سەعید ئاڵچی گوتی: "من چووم بۆلای دوکتۆر شوان، بەڵام نەمتوانی ئەو بهێنمەوە سەرڕێ." ئێمە پێشنیازمان کرد دەست لە دوکتۆر شوان هەڵگرین و خۆمان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین. سەعید ئاڵچی وازی لێنەدەهێنا و دەیگوت دوکتۆر شوان بەڵێنی بەمن داوە و پێویستە بەڵێنەکەی بەجێبگەیەنێت.

ساڵی ۱۹۷۱ لەژێر ناوی "باڵوێز حەرەکەتی"دا کودەتای سەربازی لە تورکیا کرا و ژمارەیەکی زۆریان گرت. بۆ ئەوەی کە من خۆم لە گرتن ڕزگار بکەم، چووم بۆ ئەدانا، دەروێشی سەعدۆش لەوێ بوو، چووین بۆ ماڵی سەعید ئالچی، خانمەکەی گوتی: "سەعید دەربازی سوریا بووە." دەروێشی سەعدۆ بە بیستنی ئەو گوتنە، کێچ لە قەلبی کەوت و گوتی: "پێویستە ئێمەش بچین." بۆ ئەوەی لە ڕێگادا بە کۆمەڵ نەگیرێین، من و مەلا یونس کایا پێکەوە چووین بۆ جەزیر و دەروێشی سەعدۆش بە تەنیا. لە جەزیر چووم بۆ ماڵی شەرەفەدین ئالچی. لەوێوە نورەدین کە گوندەکەی لە ڕۆخی ئاوێ دیجلەیە منی دەرباز کرد و چووم بۆ گوندی مەزرێ لە کوردستانی ڕۆژئاوا و لەوێ لەگەڵ دەرێشی سەعدۆ یەکترمان گرتەوە. حەمیدی حاجی دەروێش، جگەرخوێن و ڕەشید حەمۆش لەوێ بوون. دەروێشی سەعدۆ ڕۆژێک بەرلە ئێمە گەیشتبوو و ئەوانەی کۆکردبۆوە. لەوێ بیستبووی کە ۱۵ ڕۆژە سەعید ئالچی ونبووە. گوتمان شەرەفەدین ئالچیش بێت تا پێکەوە بڕیارێک بدەین. ڕەشید حەمۆ پیاوێکی نارد و هەر ئەو ڕۆژە شەرەفەدین ئالچی هات و بڕیارماندا من و دەروێشی سەعدۆ بچین لە ڕووداوەکە بکۆڵینەوە. بەرلە چوونمان، مەلا یونسمان نارد بۆ موسڵ تا ئاسانکاریمان بۆ بکات، لەوێ گوتبوویان: "سەعید ئالچی هاتۆتە ئێرە و سێ ڕۆژ لێرە بووە و دواتر لەگەڵ چەکۆ و بروسک چووە بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان و ئیتر نەگەڕاوەتەوە." ئێمە بە تەلعەفەردا چووین بۆ موسڵ. دەروێشی سەعدۆ چوو بۆ گەلاڵە و منیش چووم بۆ زاخۆ و چاوم بە عوسمان قازی بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستانی باشور کەوت. لەوێ تێگەیشتم کە دوکتۆر شوان بە تەواوی خۆی لە عیسا سوار و بەرپرسانی پارتی دیموکرات نزیک کردۆتەوە. لەوێوە چووم بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان، ئەو چووبوو بۆ گەلاڵە و دوای دوو ڕۆژ گەڕایەوە. بە بینینی من تورە بوو و گوتی: "هەر ڕۆژەی لینگتان لە جێیەکە و لەچی دەگەڕێن؟" گوتم سکرتێری ئێمە ونبووە و پێویستە لێی بگەڕێین. مەگەر عەیبە کە مرۆڤ لە سکرتێری خۆی بگەڕێ؟ چەند کتێبی دامی و گوتی: "۱۰- ۱۵ ڕۆژ لێرە ئەم کتێبانە بخوێنەوە تا هەڤاڵانی ئێمە دێن و بڕیاری گەڕان بە دوای سەعید ئالچیدا دەدەین." هەڤاڵانی دوکتۆر شوان هاتن و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کۆنفرانس و کۆبوونەوەیان پێکهێنا و

بڵاوبوونەوە. شەوێک سەعات یەک، هەموو نوستبوون، پێشمەرگەیەک هاتەلام و گوتی دوکتۆر شوان گازی تۆ دەکات. من چووم، لەگەڵ عومەر چەتین، نازم بلقاز "سورۆ"، چەکۆ و مەلا عەبدولکەریم جەیهان لە هۆدەیەکی بچووکدا بوون. گوتی: "ئێمە پێشنیازێکمان هەیە، هەڤاڵانی من دەخوازن تۆ لە سێرت و بدلیس هاوکاریی ئێمە بکەی و پێمخۆشە بزانم تۆ دەتوانی چۆن کارێک بکەی؟" گوتم سکرتێری من ونبووە و من هاتووم بیدۆزمەوە و ئێستا لە جیاتی دۆزینەوەی، ئەگەر من هاریکاریی تۆ بکەم، خەڵک چ بەمن دەڵێت؟ گوتی: ڕاستە. مەلا عەبدولکەریم جەیهان گوتی: "نا ئێمە هەواڵێکمان لێی نییە." گوتم تۆ لە زاخۆ بووی کە ئەسعەد خۆشەوی گوتی سەعید ئاڵچی لەگەڵ چەکۆ هاتووەتە لای ئێوە، گوتم مەگەر سەعید ئاڵچی پشیلەیە ون بێت؟ سورۆ گوتی: "عەبدولکەریم، بە ڕاستی ئەسعەد گوتوویەتی سەعید ئاڵچی هاتووە بۆ مقەڕی ئێمە؟" گوتی بەڵێ! گوتی: "کەوابوو ئێمە دەبێ لێرە نوقتەیەک دابنێین." بە دوکتۆر شوانم گوت چەکۆ، سەعید ئاڵچی هێناوەتە لای تۆ و بێگومان تۆ دەزانی سەعید لە کوێیە! ڕوی لە چەکۆ کرد و بە زمانی تورکی گوتی: "مادام بوقەدەر ئیسرار ئێلیور، ئۆنی سەعیدن یاننە گوترەرەم- مادام ئەوەندە پێدادەگرێ، دەینێرمە لای سەعید." چەکۆش بە سەر وتەکەی سەلماند. من خۆشحاڵ بووم. گوتی: "سبەینێ چەکۆ و زیا دەچن بۆ موسڵ ئازوقە دێنن، دوای گەڕانەوەیان تۆ دەنێرم بۆلای سەعید ئاڵچی."

گەڕامەوە بۆ ئەو هۆدەیەی کە بۆیان دیاریی کردبووم. بە مەلا یونسم گوت بە خۆشییەوە سەعید ئاڵچی ساخە و تا چەند ڕۆژی تر دەچینە لای. بەیانی ڕۆژی دوایی، دوکتۆر شوان هاتە لای ئێمە و گوتی: "شاکر پێتخۆشە پێکەوە پیاسەیەک بکەین." لە پیاسەکردندا تێگەیشتم دەیەوێ شتێک بەمن بڵێ. باسی کاری حیزبیمان کرد و گوتم حیزب ئامانج نییە کە ئێمە کێشەی لەسەر بکەین و وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. گوتی: "ڕاستە، بەڵام سەعید لەوە نەگەیشت و چوو!" کەوتمە فکر کردنەوە و گوتم مەگەر سەعید ئاڵچی شتێکی بەسەر هاتووە؟ گوتی: "نا!"

لەوکاتەدا پێشمەرگەیەک هات و گوتی دوکتۆر میوانت بۆ هاتووە. ئێمە گەڕاینەوە، ئەسعەد خۆشەوی نامەیەکی ناردبوو کە نەوەکەی نەخۆشە و داوای کردبوو دوکتۆر شوان بەپەلە خۆی بگەیەنێتە لای. شوان سواری

ئێسترێک بوو و چوو. ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ عەبدولکەریم جەیهان ناردبوو و نوسیبووی: "تورکان جێی ئێمەیان کەشف کردوە و ئێوە وەرن بۆ بامەڕنی." ئێمە چووین و شەو نزیکەی ٢٠ کەس لە دیوەخانی شێخی بامەڕنی نوستین. ڕۆژی دوایی مەلا حەمدی جێگری ئەسعەد خۆشەوی هات و منی ویست و پێکەوە چووینەدەر، بەمنی گوت: "دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک، سەعید ئاڵچیان بردۆتە چیای پشتی قومری و کوشتویانە." باسی جۆری کوشتنەکەمان دەکرد کە پێشمەرگەیەک هات و گوتی ئەسعەد خۆشەوی تۆی دەوێ. من چووم، گوتی: "دوکتۆر شوان دەڵێ، سەعید ئاڵچی جاسوس بووە و ئێمە کوشتومانە." گوتم ئاڵچی جاسوس نەبووە و شوان بۆ دەسەڵات ئەوی کوشتوە، نەک بەتاوانی جاسوسی.

خۆشەوی گوتی دوکتۆر شوان دەنێرم بۆ گەلاڵە و پێمخۆشە تۆش بچی و وەک کەسێکی بێلایەن ڕاپۆرتی خۆت بە سەرۆک بارزانی بگەیەنی. ئەوان دوکتۆر شوان و چەکۆیان دەستبەسەر کردبوو. شوان گوتبووی من و چەکۆ، سەعید ئاڵچیمان کوشتوە و ئەوانیش چووبون تەرمەکەیان لە چاڵ دەرهێنابوو. ئەسعەد گوتی: "دوکتۆر شوان دەیەوێ تۆ ببینێ، لەگەڵ سەلیم بچۆ بۆلای." من چووم و سڵاوم کرد. دوکتۆر شوان، چەکۆ، بروسک، عومەر چەتین، زێدۆ، سورۆ و کوردۆ لە ژورێک لەسەر دۆشک دانیشتبوون. سڵاوم کرد و لەلایان دانیشتم. شوان بە زمانی تورکی گوتی: "تۆ زۆر ڕەخنە لەمن دەگری." گوتم تۆ بەدەستی خۆت فەرمانی مردنی خۆت ئیمزا کرد. هەر ئەوەت نەکرد، بەڵکوو دوو حەرەکەتی سیاسیشت لەناو برد. گوتی: "من تۆم نەویستوە کە پێت بسەلمێنم، ویستم بەتۆ بڵێم کە من هەڵە بووم و دان بە هەڵەی خۆم دەنێم و هەندێک شت هەیە کە پێتیڕابگەیەنم. دەبێ بزانی سەعید ئاڵچی هات کە ئێمە لەوێ دەربکات، من بە پلانەکەیم زانی و لەگەڵ چەکۆ و بروسک چووین بۆ زاخۆ، بەڵام من خۆم پێشان نەدا تا سواری ئوتۆمبیل بووین. من زۆرم هەوڵدا کە سەعید ڕازی بکەم لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بێتەوە، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد. لەبەر ئەوە من و چەکۆ کە جێگری منە، بەگوێرەی پڕۆگرامی حیزب بڕیاری کوشتنیمان دا." گوتی: "ئەگەر باوکی خۆشم لە جیاتی سەعید ئاڵچی بووایە، دەمکوشت."

دوکتۆر شوانیان برد بۆ گەلاڵە تا دادگا چارەنوسی دیاریی بکات، لەوێ زیندانی بوو کە من گەڕامەوە بۆ کوردستانی باکور. سەرئەنجام بیستم کە دادگا بڕیاری کوشتنی شوان و چەکۆی داوە و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ حکومەکەی بەڕێوەبردوە. ڕۆژنامەکانی تورکیا بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە، زۆر شتی درۆیان بڵاوکردەوە.)



محەمەد عەلی یونس تۆوی بامەڕنی ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی "تۆوی" لە ناوچەی هەکاری لە باکوری کوردستان لەدایک بووە. خوێندنی ناوەندی لە زاخۆ و دواناوەندی لە دهۆک تەواو کردوە. ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ١٩٦١/١/٢٩ لە زاخۆ گیراوە و ڕەوانەی زیندانی بەغدا کراوەو دوای چوار مانگ گواستراوەتەوە بۆ زیندانی موسڵ و تا ١٩٦٤/٧/٢٣ لە زینداندا بووە. دوای ئازادبوونی گەڕاوەتەوە ناو شۆڕشی ئەیلول. نوسەر و کارگێڕی ئیداریی لەشکری یەکی هێزی ئامێدیی بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی بووە و بەهۆی بەرپرسایەتییەکەیەوە تێکەڵاوی ڕووداوی کوژرانی سەعید ئاڵچی و دوو لە هاوڕێیانی بووە لەلایەن سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان"ەوە. ناوبراو دەربارەی چۆنیەتی ڕووداوەکە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٧١ کە مقەڕی دوکتۆر شوان لە نزیک گوندی "دێشیش" بوو، من لە مقەڕی لەشکری یەکی هێزی ئامێدی لە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان نوسەر بووم. ڕۆژێک دەروێشی سەعدۆ هات و باسی ونبوونی سەعید ئاڵچی کرد و دەیویست بیدۆزێتەوە. من سەعید ئاڵچیم نەبینیبوو، بەڵام بەناو دەمناسی. ساڵی ١٩٧١ مقەڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی عەلی شەنگاری لە موسڵ بوو. لەو ساڵەدا قایمقامی شەنگار کە عەرەب بوو، بە شێوەیەکی نادیار کوژرا. بۆ

بەدواداچوونی ئەو قەتڵە، عەلی شەنگاری هاتوچۆی ئوتۆمبیلی لە نێوان موسڵ و زاخۆ قەدەغە کرد. لەو سەردەمەدا، سەعید ئالْچی لە سوریاوە دەێتە زاخۆ و میوانی عیسا سوار دەبێ. ئەوکاتە جادە نەبوو کە خەڵک بە ئوتۆمبیل لە چۆمان و گەلاڵەوە یەکسەر بێنە زاخۆ و دەبووایە بەشێکی ڕێیەکە بەپێ ببڕن. چونکە ئەو تاقەتی بەپێ ڕۆیشتنی ئەو ڕێگایەی نەبوو، دەبووایە بمێنێتەوە کە ڕێگای زاخۆ بۆ موسڵ بکرێتەوە و بە موسڵدا بچێتە هەولێر و بە شەقلاوەدا بچێت بۆ گەلاڵە. لەبەر ئەوە چووبوو بۆلای عوسمان قازی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی زاخۆ و گوتبووی حەزدەکەم بچم شوان ببینم. عوسمان بە بروسکە شوان ئاگادار دەکات کە برادەری ئێوە هاتوو، ئایا ئیزن دەدەن بێتە لاتان؟ شوان دوو برادەری خۆیان دەنێرێ بۆ زاخۆ و بە ئوتۆمبیلی لیژنە ناوچەی پارتی لە زاخۆ سەعید ئالْچی دەبەن بۆ مقەڕی شوان لە دێشیش لە ناوچەی بەرواری. نزیکەی ٢٠ ڕۆژ دواتر، بروسکەیەک بەناوی مەلا مستەفا بارزانییەوە بۆ ئەسعەد خۆشەوی هات، نوسرابوو سەعید ئالْچی هاتووە بۆ کوردستان و ویستویەتی بێتەلای ئێمە، بەڵام بزر بووە، دەمەوێ لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا مەسیری ئەو بزانن. ئەسعەد پێوەندی بە عیسا سوارەوە گرت و ئەو گوتی چووەتە لای عوسمان قازی و لەسەر داخوازی خۆی چووەتە لای دوکتۆر شوان. ڕۆژی دوایی ئەسعەد سۆراخی سەعید ئالْچی لە شوان کرد. گوتی ئالْچی نەهاتووەتە لای ئێمە.

دوای چەند ڕۆژ دەروێشی سەعدۆ لەگەڵ شەرەفەدین ئالْچی هاتنەلای ئەسعەد و هەمان پرسیاریان لە ئەسعەد کرد. ئەویش لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد و سەرئەنجام شوان گوتی هاتووە و بە ڕێگای عەشیرەتی "گولی"دا گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. دوو کەس بە ناوەکانی یوسف و ئەحمەد بە تاوانی قەتڵ لە تورکیاوە ڕایانکردبوو بۆ سوریا و چوونکە نەیانتوانیبوو لەوێ بمێننەوە، هاتبوون بۆلای حوسێن حاجۆ خەڵکی کوردستانی سوریا کە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە هەبوو. یوسف و ئەحمەد لەلای ئەو دەمانەوە. دوای بەیانی ١١ی ئازار حوسێن چوو بۆ ناوچەی گەلاڵە، بەڵام ئەو دوو کەسە لەوێ مانەوە و بوون بە پاسەوانی کارگەیەکی دروستکردنی نارنجۆک کە "ئەحمەد جەغسی" بەرپرسی بوو. کارگەکە لە نزیکی مقەڕی دوکتۆر شوان و نزیک گوندی دێشیش بوو. ئەسعەد ئەو دوو

کەسەی هێنا و لێپێچینەوەی لەگەڵ کردن و دەرکەوت کە یوسف و ئەحمەد بە فەرمانی دوکتۆر شوان، سەعید ئاڵچی و دوو کەسی تریان بە ناوەکانی عەبدول لەتیف ساواش و محەمەد بەگ کوشتوە. گوتیان ئێمە واتێگەیشتووین کە بە ئەمری شۆڕش دەبێ ئەوانە بکوژین. بەو زانیارییە، ئەسعەد لێپێچینەوە لەگەڵ شوان و چەکۆ کرد کە ئەوانیش دانیان بە تاوانەکەیان هێنا. ئەسعەد زۆر بەڕێزەوە دوکتۆر شوان و چەکۆی لەگەڵ کوڕەکەی خۆی "سەلیم" و چەند پێشمەرگەی تر، بە سەیارەی خۆی ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی کرد.)

**زەینەلعابدین زنار**: زەینەلعابدین زنار نوسەر و ڕۆژنامەنوس ساڵی ١٩٥٣ لە "باتمان" لە دایکبوو و لە ساڵی ١٩٦٨وە چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا. بەشی مامۆستایی تەواو کردوە و بۆ ماوەیەک لە تورکیا مامۆستا بووە. لە ساڵی ١٩٨٢، کوردستانی بەجێهێشتووە و ماوەی ٣٠ ساڵە لە سوید دەژی. ناوبراوە دەربارەی شەهیدکرانی سەعید ئاڵچی و کوژرانی سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" گوتی:



- (پارتی دیموکرات کوردستان- تورکیا، ساڵی ١٩٦٥ دامەزرا. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، بە توندی گەشەی کرد و ژمارەیەکی زۆر ئەندام و لایەنگری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. حکومەتی تورکیا دژی ئەو پارتە ڕاوەستا و لە ساڵی ١٩٦٨دا کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی لە کوردستان و تورکیادا گرت و گیراوەکانی لە شاری "ئانتالیا" زیندانی کرد.

ڕۆژی ١٩٦٩/١/٢٩، ڕژێمی تورکیا زۆربەی گیراوەکانی ئازادکرد، بەڵام دادگایی کردنەکەیانی هێشتەوە بۆ کاتێکی تر. یەکیک لەو کەسانەی ڕژێمی تورکیا لەگەڵ گیراوەکانی پارتی دیموکرات ئازادی کرد، دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک بوو. ناوبراو خاوەنی بیری چەپ و هەڵگری

ئایدیۆلۆژی کۆمونیزم بوو. دوای ئازادبوونی لە زیندان، قرمزی تۆپراک لایەنگریی لە پارتی دیموکرات کرد و پارتی بە ئەندامی وەرگرت.

لە ئوکتۆبەری ١٩٦٩ دا، پارتی دیموکراتی کورد- تورکیا، شەش ئەندامی خۆی نارد بۆ باشووری کوردستان کە لە بواری سیاسیی و پێشمەرگایەتییەوە پەروەردە بکرێن. بەرپرسایەتی نێردراوەکانی بە دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک سپارد. پارتی دیموکراتی کوردستان لە نزیک گوندی "دێشیشێ" لە ناوچەی زاخۆ بنکەیەکی بۆ دوکتۆر شوان و هەڤاڵانی دانا.

ڕۆژی ١٩٧١/٣/١٢ لە تورکیا کودەتای سەربازی کرا. سەعید ئالْچی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تورکیا ڕایکرد و خۆی گەیاندە سوریا. لەوێ بە یارمەتی کەسێک لە بنەماڵەی حاجۆ، بەناوی مەجید حاجۆ چوو بۆ موسڵ. لە موسڵەوە چوو بۆ زاخۆ و کە بچێتە لای دوکتۆر شوان، بەڵام شوان ڕۆژی ١٩٧١/٥/٢٥ دوو لە پێشمەرگەکانی بەناوەکانی "چەکۆ" و "بروسک" دەنێرێتە زاخۆ کە سەعید ئالْچی بگرن. ئەوان سەعید ئالْچی و کەسێکی هاوڕێی بە ناوی محەمەد بەگ دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بۆ لای دوکتۆر شوان.

ڕۆژی ١٩٧١/٦/١، دوکتۆر شوان، سەعید ئالْچی و محەمەد بەگ دەکوژێت. دوای چەند ڕۆژ مەلایەک بە ناوی "مەلا عەبدوللەتیف" دەچێتە لای دوکتۆر شوان و لە سەعید ئالْچی دەپرسێ. کاتێک دوکتۆر شوان تێدەگات، مەلا لەتیف بەهاتنی سەعید ئالْچی بۆ بنکەکەیان دەزانێ، دوکتۆر شوان، مەلا عەبدوللەتیفیش دەکوژێت. دیارە بەرلە کوشتنی ئەو سێ کەسە، هەر سێیان زیندانی دەکات و بە کێشکچییەکان دەڵێت: ئەوانە جاسوسی تورکیان و ئێمە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین.

کێشکچییەکان بریتی بوون لە: سەلیم فەلکی "ڕێوی"، چەکۆ و مەحمود حەسەن کایا. سەعید ئالْچی و هەڤاڵانی حەوتوویەک لە زینداندا ڕادەگیرین و دواتر دەیانبەن و لە دەرەوەی بنکەکەیان دەیانکوژن و تەرمەکانیان لە زەویدا دەشارنەوە.

هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات کە لە تورکیاوە رایان کردبوو، بەشێکیان لە سوریا دەمێننەوە و دەرویش سەعدۆ، شەرەفەدین ئالْچی، شاکر ئوپۆزدەمیر و مەلا یونس دەچن بۆ زاخۆ و سۆراخی سەعید

ئاڵچی لە دوکتۆر شوان دەکەن. دوکتۆر شوان دەڵێت: "هات و دوای دوو سێ شەو گەڕایەوە بۆ تورکیا." هەڤاڵانی ئاڵچی گومان لەو وتەیەی دوکتۆر شوان دەکەن و تێدەگەن سەعید ئاڵچی نەماوە. چونکە تورکیا حکومی سەربازیی هەبوو و سەعید ئاڵچی و کوردە خەباتکارەکان توانای گەڕانەویان بۆ تورکیا نەبوو. بەو حاڵەش، بۆ دڵنیا بوونیان لە لایەنگرانیان لە کوردستانی تورکیا دەپرسن، وەڵام دەدەنەوە کە ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی تورکیا.

ئەم جارە هەڤاڵانی سەعیدئاڵچی بەنهێنی لەگەڵ کێشکچییەکان دەدوێن و کاتێک کێشکچییەکان بەوە دەزانن کە سەعید ئاڵچی سکرتێری حیزبەکەیان بووە، نەک جاسوس و سیخوڕی تورکیا، تێدەگەن دوکتۆر شوان خیانەتی کردوە و پێیانڕادەگەیەنن کە سەعید ئاڵچی و دوو کەسی تریان کوشتوە و تەرمەکانیان لە فلان جێ شاردوەتەوە.

هەڤاڵانی سەعید ئاڵچی بەو زانیارییە دەچن بۆلای سەرۆک مستەفا بارزانی و مەسەلەکەی پێڕادەگەیەنن. بە فەرمانی بارزانی، پێشمەرگە دەچن دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک دەهێنن و پرسی سەعید ئاڵچی یان لێدەکەن. دەبێژن، هاتووەتە لای ئێمە و گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. پێشمەرگە دوکتۆر شوان و بروسک و چەکۆ دەبەن و تەرمی سەعید ئاڵچی و هەڤاڵانی لەژێر خاک دەهێننەدەر.

بەم جۆرە دوکتۆر شوان قەبووڵ دەکات کە سەعید ئاڵچی کوشتوە و لە وەڵامی دادگادا دەڵێت: (من خیانەتەم کردوە.) دواتر دەڵێت: (هەوڵمداوە ڕێبازی پارتی دیموکرات بگۆڕم بۆ پارتێکی خاوەن ئایدیۆلۆژی کۆمونسیتی.) هەڤاڵانی سەعید ئاڵچی داوا دەکەن، لە چەند کوردی مافناسی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا دادگایەک پێکبێت و موحاکمەی دوکتۆر شوان و هەڤاڵانی بکەن.

لە ئەنجامی محکەمەدا کە کوردی هەرچوار بەشی کوردستان بەشدار دەبێت تێیدا، بڕیاردرا دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک بە تاوانی خیانەت بکوژن. ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦، ئەو سێ کەسیان کوشت. بۆ زانیاریی پتر، دوکتۆر شەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" و سەعید ئاڵچی هەردوو کوردی زازا و خەڵکی بینگۆڵ بوون[١٢].

تێبینی: زەینەلعابدین زنار دەقی ئەم وتانەی لە لاپەڕەی ١٥٨ی کتێبی "ژینەواری دەرویش سەعدۆ" لەژێر ناوی "کوشتنی سەرۆکی پارتی دیموکراتی تورکیا" بە زاراوەی کرمانجی سەروو بڵاوکردۆتەوە.)

دەربارەی ڕووداوی کوشتنی سەعید ئالْچی و دادگایی کردن و ئیعدامی دوکتۆر شوان، موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(من دوکتۆر شوانم دەناسی، بەڵام سەعید ئالْچیم نەدەناسی. دەمزانی لێپرسراوی پارتی دیموکراتە لە کوردستانی تورکیا. دوکتۆر شوان لە ناوچەی زاخۆ بوو. سەعید ئالْچی چووبوو بۆ مقەڕەکەی و دوکتۆر شوان ئەوی کوشتبوو. دادگایان بۆ دانا و دادگا کە تاوانەکەی بۆ ڕوون بۆوە، حوکمی کوشتنی دوکتۆر شوانی دابوو. من لە چۆمان بووم. لەوانەی لەگەڵ دوکتۆر شوان بوون، هەندێکیان هاتن بۆلای من و ئەوانیش هەمان قسەیان کرد و گوتیان ئەوە ڕاستە کە شوان، ئالْچی کوشت و دادگاش حوکمی کوشتنیدا.)**

لە لایەکی تردا، دوکتۆر عومەر شێخموس مامۆستای زانکۆ و یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کوژرانی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەن میتی تورکیا و هەروەها کوژرانی سەعید ئالْچی و سەعید قرمزی تۆپراک بە دەست بارزانی بەدرۆ دەخاتەوە و لە وتووێژێکی تایبەتدا بە تەلەفۆن کە دەنگی لای من پارێزراو، دەڵێت:

**- (کاتی خۆی ئەوە ڕوون بۆوە کە سەعید قرمزی تۆپراک، سەعید ئالْچی کوشت. هەر بەم بۆنەیەوە، دادگایی کرا و چونکە خۆی ددانی بە کوشتنی ئەودا هێنا. ئەویان کوشت. هەروەها دەبێ بڵێم کە لەو ساڵانە و دوای ئەویش هیچ ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تیرۆر نەکراوە.)**

هەروەها دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(من لە نامیلکەیەکدا کە لەسەر شۆڕشی ئەیلول بە زمانی عەرەبی نوسیومە، ئاماژەم بۆ چۆنیەتی ڕووداوی کوژرانی**

سەعید ئاڵچی و دوکتۆر شوان کردوە و ئێستاش بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە. دوکتۆر شوان پزیشک بوو، ماوەیەک لەلای ئێمە لە نەخۆشخانەی ناوپردان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کاری سیاسیشی دەکرد. دوای ماوەیەک ئێمە ناردمان بۆلای ئەسعەد خۆشەوی کە لە ناوچەی بادینان و زاخۆ بێت. لەوێ نەخۆشخانەیەکمان هەبوو. لە بواری سیاسییەوە ئیشیان بۆ باکوری کوردستان دەکرد، بەڵام چەپێکی توندڕەو بوو. سەعید ئاڵچی و ئەوانی تری بە ڕاسترەو دەناسی. کێشەکەیان گەیشتە لای ئێمە، مەلا مستەفا نەیدەویست تەدەخول لە کاری ئەواندا بکات، دەیزانی کارەکانیان زیاتر کێشەیە. داوامان لێکرد بانگیان بکات، تا بەڵکوو کێشەکەیان چارەسەر بکەن. ناردمان، گوتیان سەعید ئاڵچی بزر بووە و دواتر دەرکەوت کە مەحکمەیەکی حیزبیان بۆ داناوە و کوشتویانە. سەعید قرمزی تۆپراک و برادەرێکیان بەناوی حکمەت هاتن بۆلای ئێمە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا و دەرکەوت بە قەرارێکی حیزبی ئاڵچیان کوشتوە. ئەوکاتە کاری حیزبایەتی زۆر بەرتەسک بوو، بەتایبەتی لەناو ئەوانەدا کە زۆر خۆیان بە چەپ و شۆڕشگێڕ دەزانی. لەوناوەدا خەڵکێکی زۆر کوژران. سەرکردایەتی شۆڕش شوان و حکمەتی دادگایی کرد هەردوویانی بە تاوانی کوشتنی سەعید ئاڵچی و دوو لە هەڤاڵانی ئیعدام کرد. ئێمەش لەو ناوەدا بووین بە مەسئول. لەلای باکور بڵاویان کردەوە کە ئێمە کوشتومانن، بەڵام لە ڕاستیدا دوکتۆر شوان سەعید ئاڵچی کوشت و مەحکەمەی شۆڕشیش شوان و حکمەتی ئیعدام کرد. ئەوە ڕاستی ڕووداوەکە بوو، هەرچەند من لە دادگایی کردنەکەیاندا نەبووم، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوکتۆر شوان قاتل بوو و قەتلی کردبوو.)

٣- سەبارەت بە شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریف زادە و عەبدوڵا موعینی کە لە وەرگێڕانەوە فارسییەکەدا ئاماژەیان بۆ کردوە کە گوایە مەلا مستەفا بارزانی تیرۆری کردون، ئەم ڕوونکردنەوەیە پێویستە:

کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای پشتگیریی کردنی لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات، بڕیاری شەڕی چەکدارانەی دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشا پەسەند کرد، بەڵام کاتی دەستپێکردنی بۆ

دیاریی نەکرد و بۆ هەلومەرجێکی گونجاوی دانا. بەم مەبەستە لە بڕیاری ژمارە سێزدەیدا ڕایگەیاند:

**١٣- (کۆنگرە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانتاریزمی هەڵداشت و خەباتی شەقامی بە هەڵوێستێکی بێکەڵک و بەفیڕۆدانی هێزی خەباتی گەل لێکداوە و خەباتی شۆڕشگێڕی چەکدارانەی لەژێر دروشمی یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی کردە چرای ڕووناکی ڕێگەی تێکوشانی حیزب.)**

ماوەیەک بەدوای کۆنگرەی دووەمدا، ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهۆی سەرهەڵدانی هەلومەرجێکی نوێ لە باشوری کوردستاندا کە بە دوای گەڕانەوەی گروپی ئیبراهیم لە ئێران و چوونیان بۆ باوەشی ڕژێمی بەعس لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا، ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی کە نەبێتە داردەستی ڕژێمی بەعس و ناوچەکە پتر لەوە ئاڵۆز نەبێت، لە بڕیاری بەرپا کردنی شەڕی چەکدارانە پاشگەز بۆوە، بەڵام ژمارەیەک لاوی بەهەست لەناو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا کە بە چەپ و پێشکەوتنخواز دەناسران وەک: ئیسماعیل شەریفزادە، محەمەدئەمین سیراجی ئەقدەم، مەلا ئاوارە، سەنار مامەدیی، سەعید کاوە، مەلا عەبدوڵا عەبدوڵایی "سەرباز" و سالار حەیدەریی، ڕۆژی ١٩٦٦/٩/١٤ لە سەرووی گوندی خەلان لە باشوری کوردستان کۆبوونەوە و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند بۆ ڕێبەرایەتی کردنی شەڕی چەکدارانە.

کۆمیتەی شۆڕشگێڕ سەرەتا وەک بەدیلێک لە بەرامبەر سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتدا پێکهات و بە وتەی دامەزرێنەرانی، دەیانویست حیزب بگەڕێنێتەوە سەر هێڵی چەپ، بەڵام دواتر خۆی لەو بیرۆکەیەدا بینیەوە کە لە دژایەتی کردنی نێوان وڵاتی چین و یەکیەتی سۆڤیەت پێکهاتبوو. کۆماری چین ساڵی ١٩٦٠ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی هاوپەیمانی پچڕاند، بۆ ئەوەی کە لایەنێکی نوێ لە کومۆنیزم بە ناوی ماوییزم دابمەزرێنێت. بەرلە دامەزرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، چریکی فیدایی خەڵک بە سەرۆکایەتی بیژەنی جەزەنی و موجاهیدینی خەڵک بە سەرۆکایەتی حەنیف نژاد پێشڕەوانی ئەو بیرۆکەیە بوون لە ئێران.

هەروەها لەدوای پیلینۆمی یازدەی حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٦٤دا ئەحمەدی قاسمی و دوکتۆر غوڵامحوسێن فروتەن لەو حیزبە جیابوونەوە و لەگەڵ ژمارەیەکی تر کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەیان دامەزراند کە ڕێکخراوێکی ماویی بوو. کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەوکاتەی کوردستان و ناوچەکە، ویستی بە هەڵگیرساندنی شەڕی چەکدارانە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەوسانەوە و ژێردەستیی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی ڕزگار بکات.

کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە سەرەتادا نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگەی هەبوو. بڕیاریدا لە ناوچەکانی سەردەشت، پیرانشار و مهاباد خەباتی سیاسی و چەکدارانە بکات. لە سەرەتای دەستبەکار بوونیدا، سەنار مامەدیی، سەعید کاوە، سالار حەیدەریی و مەلا عەبدوڵا عەبدوڵایی گەڕانەوە بۆ ئێران و وازیان لە سیاسەت هێنا(١٢).

لە درێژەی چالاکییەکانی ئەو کۆمیتەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەران و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بەدەست ژاندارم و جاشەکانی ئێران شەهیدکران. بە پێچەوانەی وتەی عیرفان قانعی فەرد و هاوکارانی لە وەرگێڕاوە فارسییەکەی "سیاسەتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"دا کە دەڵێن: ئیسماعیل شەریفزادە و عەبدوڵا موعینی لەلایەن مستەفا بارزانییەوە تیرۆر کراوەن ڕووداوی شەهید بوونی ئەو دوو شەهیدانەی حیزبی دیموکرات بەم جۆرە بوو:

**ئا-** ئیسماعیل شەریفزادە ناسراو بە "مەلا عەزیز" لەگەڵ سێ پێشمەرگە بە ناوەکانی "حوسێنی ڕەحمان ڕابی"، "محەمەد ئەستی" خەڵکی ناوچەی مەنگوڕایەتی مهاباد و "عەلی عەوڵا کۆڵی" و کوردێکی خۆفرۆشی سەربە ڕژێمی حەمەڕەزاشا، بەناوی "کوێخا شەریف" کە بە ڕێنوێنی ساواک ڕەگازۆیی کردبووە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕەوە. ئەوانە شەوی ١١ لەسەر ١٢ی مانگی گوڵانی ١٣٤٧- ١٩٦٨/٥/١ لە گوندی "دارێنە" لە ناوچەی بانە دەبن. کوێخا شەریف لەو شەوەدا لە گوندی "دارێنە"، دەرفەت بەدەست دەێنێ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی فەرمانی ساواک، لە پەنجەرەی ژوورەکەوە، تەقە لە کاک ئیسماعیل دەکات و برینداری دەکات و دوای بریندارکردنی ڕادەکات و خۆی دەگەیەنێتە یەکەی ژاندارمەریی کە لە گوندی "سیاومە" بوو.

ژاندارمەریی بانە بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر جاش و ژاندارم هێرش دەکاتە سەر شەریفزادە و هاوڕێیانی و لە ئاکامدا، لە شەڕێکی توند و دژواردا، شەریفزادە و سێ پێشمەرگەکان شەهید دەکەن و تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبن و گوندی "تایەپە"ی شاری سنە بە خاکیان دەسپێرن. ڕەشید ئەحمەدی کە ئەوکاتە یەکێک بوو لە چەکدارانی ڕژێمی ئێران، دەربارەی چۆنیەتی شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریفزادە و هەڤاڵانی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا (چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم) دەنوسێت:

**- (سەرۆک جاش لە بانە ئەم کەسانە بوون: عەبدوڵڵا خانی شەهیدی، محەمەدخانی یونسی و ئەحمەدخانی ئەحمەدی. هەریەک لەم کەسانە سی چەکداریان "جاشیان" هەبوو. جاشەکان لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە پێکهاتبوون، بەڵام زۆرتر لە خزم و کەسوکاری خۆیان. هەر گرووپەی یەک ئەفسەری ژاندارمە و یەک بێسیم و بێسیمچی و چەند ژاندارمیان لەگەڵدا بوو. ..... دروست ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی بوو، دەوروبەری نیوەڕۆ بێسیم مان بۆ کرا کە لە دارێنە شەڕە و دەبێ ئێمەش بچین. نێوان ورچەک و دارێنە بە پێیان بۆ ئەو جەماعەتە زیاتر لە شەش سەعات ڕێگا بوو. ئێمە وامان کرد کە بە شەش سەعات درەنگتر بگەینە شەڕەکە لە نزیک گوندی هەڵۆ. کاتێ گەیشتینە هەڵۆ تەقەی شەڕ نەمابوو. لە هەڵۆ دەرچووین بەرەو ئەو کێوە و چۆمەی کە شەڕەکەی لێکرابوو. لە پێشمانەوە چەند وڵاغدار و ئێسترمان بینی کە بەرەوە شوێنی شەڕەکە دەڕۆیشتن. لێمان پرسین بۆ کوێ دەچن. گوتیان فەرماندەی گورهانی سیاومە داوای کردووە کوژراو و بریندار هەیە و ئێمە بچین بییانهێنینەوە بۆ ئاوایی هەڵۆ. ئەوان لەپێش ئێمەوە و ئێمەش بەدوایاندا کەوتینەڕێ هەتا نزیک بەرزایی ئەو شوێنە بووینەوە. جگەلە جاروبار تەقەی هەوایی هیچ شەڕێک نەمابوو. کات ئێوارە درەنگان بوو. شەڕەکە لە سەعات ١٠ ی بەیانییەوە دەستیپێکردبوو. گوایە بە گوتەیەک کە دواتر بیستمان شەو ئیسماعیل شەریفزادە و هاوڕێیانی دەچنە گوندی دارێنەی سەروو. کوێخا شەریفی گوندی کێلەشینی سەربە شارستانی سەقز کە پیاوی ساواک بوو، ماوەیەک بوو وەک خۆفرۆشێک لە جلی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ ئەو جەماعەتە بووە و ئەو شەوە کە دەبینێ دارێنە لە چەند کیلۆمەتری گورهانی سیاومەیە، بە دەرفەتی دەزانێ لە کاتی نۆبە پاسەوانی خۆیدا**

لە پەنجەرەکەوە تەقە لە ئیسماعیل شەریفزادە دەکا و بریندارى دەکات. ئیسماعیل بەهۆی برینەکەوەی ناتوانێ زۆر لە ناوچەکە دوور بکەوێتەوە، تەنیا ئەتوانێ لە نزیک دارێنەی سەروو لەگەڵ هاوڕێکانی لەنێو دۆڵ و چۆمەکەدا بچنە نێو بیشە وشاخێکەوە و لەوێدا سەنگەر دەگرن. کوێخا شەریفیش هەر ئەوکاتە هەڵدێ بەرەو گورهانی سیاومە و خۆی تەحویل دەدا. گورهانی سیاومەش هەر ئەو شەوە بێسیم دەکات بۆ گورهانی ژاندارمری بانە. ئەوانیش گورهانی کۆخان، سەربە ژاندارمری بانە و هەروەها هەنگی سەقز ئاگادار دەکەن. گورهانی کۆخان ئەتوانن بەهۆی ماشینەوە لە یەکەم کاتەکانی دەستپێکی شەڕدا بگەنە شوێنی شەڕەکە. فەرماندەی هەنگی سەقزیش بە جەماعەتێک ژاندارمەوە دێن بۆ شوێنی شەڕەکە. جەماعەتی جاشەکانی عەبدوڵلا خانی شەهیدی لە سیاومەوە ماشینیان بۆ دەچێت و لەگەڵ جەماعەتی حەمەخانی یونسی لەگەڵ گورهانی بانە دەگەنە شوێنی شەڕەکە. سەرجەم ژاندارمە و جاش، جەماعەیان زیاتر لە سێ سەد چەکدار بووە. ئەم هێزە دەکەونە پشکنینی ئەو کێو و بێشە و چۆمەی دارێنە و تەقە لە هەر شۆێنێک کە گومانیان لێی هەبووە دەکەن. دەوروبەری نیوەڕۆ هەست دەکەن کە جەماعەت لەو بێشە و شاخەدا سەنگەریان گرتووە. ئەوجا بەهەموو جۆرە چەکێک تەقە لەو شوێنە و دەوروبەری دەکەن. دەکرێت بڵێم ئەو دەوروبەرە بە ئاگری گوللەی چەند جۆر چەکەوە شوێن نەمابوو گوللەی بەرنەکەوتبێت. ئیتر دڵنیا دەبن کە ئەوەی لەوێدایە هەموویان کوژراون. کاتێ ئێمە گەیشتینە بەرزایی پشتی ئەو شوێنە ژاندارم و جاش تەقەیان لە ئێمە کرد کە پێیان وابوو پێشمەرگەین چونکە ئێمە جلوبەرگی کوردیمان لەبەردابوو. هاوارمان کرد تەقەمان لێ نەکەن. لە لایەکیش ئەفسەرەکەی بەرپرسی گروپی ئێمە کە بێسیمی دەستی پێبوو ئاگاداری کردن و تەقەکە ڕاوەستا. لە جەماعەتی ئێمە جاشێک سەرچیغ گوللەیەکی لێدرا، بەڵام برینەکەی شتێکی وانەبوو. بە دوای یەکتر ناسین ئیتر تەقە بەتەواوی بێدەنگ بوو. جەماعەتی جاش و ژاندارم هەموویان لە چۆمەکە پەڕینەوە. هەموو هاتن بۆ بەری گوندی هەڵۆ. کاتێ کە ژاندارمەکان هاتن بۆلای ئێمە جەنازەی شەهید شەریفزادە و هاوڕێکانیان بە ئێسترەکانەوە بوون. بەم شێوەیە شەڕەکە تەواو بووبوو کە جەماعەتی ئێمە تێیدا بەشدار نەبووین.(١٣)

هەر لەو بارەیەوە عەبدولا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە شەهید بوونی ئیسماعیل شەریفزادە و عەبدولا موعینی و هاوڕێیانیان دەڵێت:

**- (لە ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٦٧- ١٩٦٨ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شتی وا هاتۆتە پێش کە هەموو دڵسۆزێک ئارەزوو دەکا لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا ڕووی نەدابایە. بەڵام نیسبەت دانی شەهید کردنی کاک سمایلی شەریفزادە و کاک عەبدوڵڵای موعینی بە مەرحوومی مەلا مستەفا یان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناهەقییەکە کە دەرهەقی ئەوانیش و ڕاستییە مێژوویەکانیش دەکرێ. چونکە دەزانین کە شەهید سمایلی شەریفزادە لە چەمی دارێنەی بانە دەگەڵ سێ تێکۆشەری دیکە بەناوەکانی: حوسێنی ڕەحمان ڕابی، موحەممەدی ئەستییە مەنگوڕ و عەلیی عەولاکۆڵی بەدەستی کوردە کوردفرۆشەکانی سەربەڕێژیمی حەمەڕەزاشا شەهیدکراون و نەمر عەبدوڵڵای موعینییش دەگەڵ پێشمەرگەی قارەمان مینەشەم لە نیزیک گوندی قالوێ عەولاغای سەربە شارستانی مەهاباد لە شەڕ دژی جاش و ژاندارمەکانی ئەو ڕێژیمەدا شەهیدبوون.[١٤])**

**ب-** لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٦٨دا عەبدوڵڵا موعینی و مینە شەم و حەسەن خوڕخوڕەیی لە گوندی قالوێ عەولاغای سەربە شاری مەهاباد کە ئەمڕۆ بە قالوێی موعینیش دەناسرێت، لە موچەی "ئەحمەد کەوازەرد" بەدەست ژاندارمەکانی محەمەد ڕەزاشا شەهید بوون. عەبدوڵڵا موعینی و مینەشەم دوای شەڕێکی قارەمانانە شەهیدکران و حەسەن خوڕخوڕەیی بە برینداریی کەوتە دەست دوژمن و لە مهاباد بە پشتی ئوتۆمبیلێکی سەربازییەوە گێڕایان و سەرئەنجام لە بەیانییەکی زوودا لەبەرچاوی بەشێک لە خەڵکی شاری مهاباد و ژمارەیەک لە ئەندامانی سوپا، گوللەبارانیان کرد. حەسەن خوڕخوڕەیی ڕێگەی نەدا بە دوژمن کە چاوی ببەستن و بە چاوی کراوەوە لە بەرامبەر گوللەی دوژمن ڕاوەستا[١٥].

٤- سلێمان موعینی "فایەق"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم بوو. ناوبراو لە

سەرەتادا لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەکەوت، بەڵام دواتر کە عەبدوڵڵا ئیسحاقیی "ئەحمەد تۆفیق" سکرتێری حیزب کەوتە بەر هەڕەشەی ساواک و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پارێزگاریی کردن لە گیانی، ئەوەی بۆ "کونە ماسی" گواستەوە، موعینی لەگەڵ ئەو کۆمیتەیە کەوت و لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری "ڕۆژ"دا کە بەناوی لقی سێی حیزبی دیموکراتەوە بڵاودەکرایەوە، بە توندیی لایەنگریی لە ڕێبازی ماوتسی تۆنگ کرد و چووە پاڵ ئەو کۆمیتەیەوە.

دۆست و هەڤاڵانی و لایەنگرانی شۆڕشی ئەیلول و تەنانەت مەلا مستەفا بارزانیی زۆریان هەوڵدا کە سلێمان موعینی لەو هەڵوێستەی پاشگەز بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی. لەم بارەیەوە ئەمیر قازی لە کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەنوسێت:

**- (بارزانیی گلەیی زۆری لە کاک فایق هەبوو، دەیگوت من ئەویشم هەروەک کوڕی خۆم حیساب کردبوو. چاوەڕوان نەبووم بە قسە و مەسڵحەتی ئەملا و ئەولا، بێوەفایی دەگەڵ من بکات. پرسی پێوەندیتان پێکەوە هەیە؟ عەرزم کرد تا ئێستا نەخێر چ پێوەندییەکمان نەبووە، بەڵان ئەگەر جەنابت ئەمر بکەی پێوەندی پێوە دەکەم، تا بەڵکە خراپتر نەبووە و زەرەری زیاتر نەکەوتووە، بگەڕێتەوە بۆ ناو شۆڕش و گوتم لەو باوەڕەدام ئەگەر جەنابت بیانپارێزی و شەخسی خۆت بێی لە کێشەکەوە، کاک فایق دەگەڕێتەوە، ئینجا بفەرموون با بەنهێنی بگەڕێتەوە و لە شوێنێک لە دەوروبەری زاخۆ بمێنێتەوە تا هەل و مەجالێکی باشتر دێتەپێش. بۆ ئەو پێشنیارە، فەمووی: "پێم خراپ نییە، با بێتەوە، ئەگەر پێی خۆش بوو با بە قسەمان بکا، بەڵان با منیش پرسیارێک لە تۆ و لە ئەحمەد و سلێمان بکەم و جوابیشم بدەنەوە." عەرزم کرد بەڵێ فەرموو. گوتی: "بە باوەڕی ئێوە ئەگەر ئەتۆ و ئەحمەد و سلێمان، مستۆشتان لەگەڵ- بارزانی لە هێنانی نێوی خۆیدا لە جیاتی مەلا مستەفا، وشەی مستۆی بەکار دەهێنا- ئەو شۆڕشەی ئێستا کە لێرە بە دەستمانەوەیە، بەجێ بێڵین و بچین لەودیو دەست بە شۆڕشێکی دیکە بکەین، لەوەی لێرە هەمانە باشترمان بۆ دەکرێ؟ ئەگەر پێتان وایە، دەکرێ قانیعم بکەن، تا**

**لێرە لاچین و روو دەوێ بکەین، ئەگەرنا با بە هەمووانمان هەوڵ بدەین ئەوەی لێرە هەمانە بیگەیەنینە بەرهەم، جا چاو لە لایەکی دیکە بکەین[١٦].)**

نەگەڕانەوەی سلێمان موعینی بۆ لای شۆڕش بوو بە هۆی خوڵقانی ڕووداوێکی دڵتەزێن کە جێی ڕەزامەندیی هیچ خەباتکارێکی کورد نەبوو. پارتی دیموکراتی کوردستان، سلێمان موعینی بە تاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کە لە ساڵی ١٩٦٦وە تا ١٩٧٠ بە دژی شۆڕشی ئەیلول، چەکی ڕژێمی بەعسیان هەڵگرتبوو، گوللەباران کرد و تەرمەکەی دایەوە بە ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران. مەسعود بارزانیی سەبارەت بە گوللەبارانکردنی سلێمانی موعینی دەڵێت:

**- (شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٧ ناچاربوو لە کردەوەیەکی خەمباردا سلێمان موعینی کە جێنشینی ئەحمەد تۆفیق بوو، لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ بوو و دژی شۆڕشی کورد هاوکاریی ڕژێمی عێراقی دەکرد، بیکوژێت و تەرمەکەی بداتەوە بە ئێران. نابێ لە ڕوانگەی حیزبایەتییەوە بنواڕینە چارەنوسی سلێمان موعینی، چونکە ئەو لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ بوو، واتە دژی شۆڕش بوو. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ سەیری بکرێت و ئێمە خوازیاری ئەو چارەنوسەی نەبووین. [١٧].)**



دەربارەی ئەو کۆمەڵە شێواندن و چەواشەکارییەی کە لە کتێبی سیاسەتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کراوە، سەرەتا بە ئیمەیل و دواتر بە تەلەفۆن پەیوەنیم بە پرۆڤیسۆر نادر ئنتسارەوە گرت و ئەم وتوویژەی خوارەوەم لەگەڵ پێکهێنا:

پرۆفیسۆر نادر ئنتسار ساڵی ١٣٢٧-١٩٤٨ لە تاران چاوی بەژین

کـردوەتەوە. لە بـنەچەی دایکییـەوە دەگـاتەوە بـۆ کـوردە دورخراوەکـانی جەلالیـی کوردسـتان بـۆ "خۆراسـان". بە ڕادەیەکـی کەم کـوردیی دەزانێـت و دەتوانێ بە زمانی فارسیی قسە بکـات، بەڵام توانـای نوسـینی کەمە. ساڵی ١٩٦٥ بۆ خوێندن ئێرانی بەجێهێشتوە و نزیکەی ٤٨ ساڵە لە دەرەوەی ئێران دژی و ئێستا مامۆستا و سەرۆکی بەشـی هەیئـەت مودیرەی گروپـی زانستە سیاسییەکان و بەشی عەدالەتی تاوانەکانە لە زانکۆی ئالاباماى باکور لە ولاتەیەکگرتووەکـانی ئەمریکـا. لە وتـوێژێکی تەلەفـۆنیی ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٢ مدا لەگەڵ ناوبراو سەبارەت بە کتێبی "سیاسـەتی کوردەکـان لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت" و جیـاوازیی نێـوان دەقە ئینگلیزیـی و وەرگێـڕاوە فارسـییەکەی، گوتی:

**- (مـن تـا ئێسـتا دەقە فارسـییەکەم نەبینیـوە. مـن کتێـبەکەم بە زمـانی ئینگلیـزی نوسـیوە و کتێبێکـی زانسـتیی مێـژووییە و لە پێشـەکییەکەیدا نوسیومە کە پێوەندیی بە هیچ کەس و گروپ و حیزبێکی سیاسییەوە نیە. مـن هەتـا ئێسـتا ٤- ٥ کتێـبم بە زمـانی ئینگلیزیـی نوسـیوە و نـاتوانم بە زمـانی فارسـی بنوسـم. لە پێوەنـدیی لەگەڵ وەرگێڕانـی کتێبـی سیاسـەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بۆ زمانی فارسی، چەند کەس داوای وەرگێڕانیـان لێمکـرد و منـیش گـوتم ئەگەر ئێـران ئیزنـی چـاپ کردنتـان پێبدات، لەلایەن منەوە کێشەیەک نییە و ئازادن لە وەرگێڕانیدا.**

**قانعی فەرد یەکێک لەو کەسانە بوو کە ویستی کتێبەکەم وەرگێڕێتەوە بۆسەر زمانی فارسی. سەرەتا گوتی ئیزنی چاپکردنی نادەن، گوتم تۆ خۆت دەزانـی. دوای دوو سـاڵ پێیڕاگەیانـدم کە ئیزنـی چاپکردنیـان داوەتـێ. داوایکرد سوپاسی لێبکەم بۆ وەرگێڕانـی کە مـن سوپاسـم کـرد. هەروەکوو گوتم مـن کتێبەکەم بە ئینگلیزیـی نوسـیوە و نـاتوانم بە فارسـیی بنوسـم. بەڵام وەرگێڕانی کتێب دەبێ وەک خۆی بێت و نە لێی زیاد و نە لێی کەم بکرێت. ئەگەرنا پێی ناڵێن وەرگێڕان.)**

پرسـیار: سـەبارەت بە دەسـتیوەردانی کتێـبەکەت لە کتێبێکـی زانسـتیی مێـــژووییەوە بـــۆ کتێبێکـــی مێژوویـــی و سیاســـیی و شـــێواندنی بە دژی ڕێکخراوێکی دیار، دەڵێی چی؟ گوتی:

**- (من تەنیا بەرپرسایەتی دەقە ئەسڵییەکەم قەبووڵە و بەرپرس نیم لە جۆر و شیوازی وەرگێڕانەکەی، چونکە ئامانجی من لە نوسینی ئەو کتێبە، مێژووی کوردەکانی ئێران، تورکیا و عێراق بووە لە بواری زانستییەوە و ئامانجی من ئەوە نەبووە کە دژی کەسێک، گروپێک یان حیزبێکی سیاسیی و شێواندنی مێژووی کورد بنوسم. من ڕێزی تەواوم هەیە بۆ خەباتکارانی کورد و مێژووی کوردان و لە بەرامبەریاندا ئەو کەسانەشدا سەری نەوازیش دادەنوێنم کە ڕۆژێک خزمەتی بزوتنەوەی کوردیان کردبێت. بۆ دروست تێگەیشتن لە کتێبەکەشم پێویستە تەماشای دەقە ئەسڵییەکەی بکەن کە بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە.)**

جگە لەو وتانەی بە زمانی فارسیی، دوکتۆر ئێنتسار پێیخۆشبوو ڕوونکردنەوەیەکیش بە زمانی کوردیی بۆ خوێنەرانی کتێبەکەی بدات، بەڵام ڕەنگە لە کوردیی گوتنەکەمدا هەڵە ڕووبدات و ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوەی بە زمانی ئینگلیزیی ئاراستە کرد:

**بۆ حامید گەوهەری**
**مێژوو ۱۲ ی ئاپریلی ۲۰۱۲**
**کاتژمێر ۱۸:۵۹**
**سڵاو**

**لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز حامید گەوهەری سەبارەت بەم کتێبەی دوایم "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"دا پێویستە ڕابگەیەنم، ئەم کتێبە وەک هەموو نوسراوەکانی پێشوی من کتێبێکی زانستییە و بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە بە ئامانجی ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کوردستان، بۆ خوێندکارانی زانکۆکان. ئامانجی من وەک هەمیشە لە لێکۆڵینەوەکەمدا بێلایەنی زانستیم لەبەرچاو گرتووە. کتێبەکەم دورە لە هێرش بردن بۆ سەر کەسێک، گروپێک، یان حیزبێکی سیاسی. چونکە کتێب و نوسراوەکانی من بە زمان و ڕەنگە بە شێوازی جۆراوجۆر وەربگێڕدرێنەوە، ئەگەر کەسێک گومانی لە وەرگێڕاوەکان هەبوو و ویستی ڕاستیی نوسینەکەی منی بۆ دەرکەوێت، داوا دەکەم تەماشای دەقە ئەسڵییەکەی بە زمانی ئینگلیزیی بکات. من دەتوانم بەرپرسایەتی نوسراوەکانی خۆم بەتەنیا لە نوسراوە ئەسڵییە ئینگلیزییەکان بخەمە سەر شانی خۆم. تکایە سەرنج بدەن، من تەنیا بە زمانی ئینگلیزیی**

**دەنوسم. دیسانیش من لە ناخی دڵمەوە ڕێز لە مێژوو و فەرهەنگی کوردان دەگرم و ستایشی ئەو کەسانە دەکەم کە هەوڵدەدەن بۆ ڕاگرتن و گەشەپێدانی و لە ڕەوتی خەباتدا بۆ دەستەبەرکردنی مافی کوردان ئازاریان بینیوە.**

**بە ئاواتێکی هەرە شایستە**

**دوکتۆر پرۆفیسۆر نادر ئنتسار**

**مامۆستا و سەرۆکی بەشی هەیئەت مودیرەی گروپی زانستە سیاسییەکان و بەشی تاوانەکان لە زانکۆی ئالاباما ی باکور**

**لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا(١٨)** (پاشبەندی ١٢)

بۆ دەرخستنی پتری ڕاستییەکان و بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەو کتێبانەی کە بەناوی عیرفان قانعی فەردەوە بڵاودەکرێنەوە، پترلە کاری تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە نەتەوەی کورد بگەن، پێوەندیم بە چەند پسپۆر و سیاسەتوانەوە گرت تا لە تەڤگەری ڕێکخستنەکانی باشور، باکور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بدوێن و ڕۆڵی دەزگاکانی هەوڵگریی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شێواندنی مێژووی کوردستان و ناشیرین کردنی سیمای سەرکردەکانمان ڕوون بکەنەوە.

# ڕای سیاسەتوانان و پسپۆڕان سەبارت بە چەواشەکەرییەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران لەو کتێبانەدا کە بەناوی قانعی فەردەوە بڵاودەکرێتەوە

## عەزیز محەمەد



عەزیــز مــحەمەد ســکرتێری پێشــووی حیزبــی شــیوعی عێــراق، خوێنــدکاری خوێنـــدنگەی حیزبیـــی لە یەکێتـــی سۆڤیەتی پێشوو، خاوەن میداڵیای لێنین و دیمترۆڤ لەلایەن حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت و میداڵیای دۆستایەتی لەنێــوان میللەتەکــان "ســەداق بــین شعوب" لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: بە دوای ســاڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمـــی ســەدام ڕوخا، کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر لە مزگەوتەکانەوە بگرە تا دەگاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جێی تریش هەوڵی چەواشە کردنی مێژووی کوردستان دەدەن و ڕێبەرانمان لە بەرامبەر نەوەی نوێدا ناشیرین دەکەن و بە چڕی هێرش دەکەنە سەر ئەزموونی باشوری کوردستان و بەتایبەتی سەرۆک مەسعود بارزانی و پەرلەمانی کوردستان، هۆیەکەی چییە و بۆچی کۆماری ئیسلامی وادەکات؟

**وەڵام: (من تەعەجوب دەکەم ئەگەر ئەوە نەکات، مولاحزە دەکەی، ئەو شوێنانەی کە قەزیەی ئێمەی تێدانەبێ، ڕەنگە بەو چاوە تەماشامان نەکات، بۆ؟ چونکە ئەوە ڕەفتاریانە لەگەڵ کوردی ئەودیو، کە بیرلە خواستێکی وا نەکەنەوە. دووەم ئەوانە لە کۆنەوە دژی میللەتی کوردن، نەک هەر میللەتی کورد، بەڵکوو هەموو میللەتەکانیتر کە لە چوارچێوەی ئێراندان. بەناوی ئیسلام و ئیسلامیزم و چی و چی تا ئاخر، دژی ڕێبەرانی ئێمەشن، دیسان دەڵێم ئەوان نایانەوێ لێرە نەمامێک شین ببێت. ئەوانیش و ئیتریش و ئیتریش، ئەگەر ئێستا لەگەڵ ئەمریکی واقع هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوە شەقی زەمانەیە و بە ناچارییە و پێی خۆشحال نین، بەڵام ناچارن هەڵیدەسەنگێنن کە داخوا لەو قۆناخەدا باشتر نیە کە**

ئێمە ئاوا بکەین. بۆ نمونە ئایا تورکیا لەگەڵ ئێمەیە، با پێش ئەوەی لەگەڵ ئێمە بێت، لەگەڵ کوردی تورکیا بێت، ئیرانی شا ئەگەر یارمەتی دەداین، ئەوە یارمەتی ئێمەی دەدا، نەخێر دەبا یارمەتی کوردی ئێرانی دابا، ئێرەش هەروا، ئەوانە ئێمەیان ناوێ و ئێمە پارچە پارچە کراوین و ئەوانە لەگەڵ ئێمە ڕاست ناکەن و من تەعەجوب دەکەم ئەگەر نەیکەن. لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ مەسەلەکە باش هەڵسەنگێنین و بزانین چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین.)

## دوکتۆر مەحمود عوسمان



دوکتۆر مەحمود عوسمان پزیشک لە کۆلیجی بەغدا. لە شەستەکاندا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ خوالێخۆشبووان: ڕەسوڵ مامەند، قادری وەلی عالی، ساڵح یوسفی سەرپەرشتکاری دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بووە. دوای نەمانی پارتی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٩٢، کاری ڕێکخستنی نەکردوە و بە شێوەی سەربەخۆ درێژەی بە خەبات داوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەندامی ئەنجومەنی حوکم و ئەنجومەنی نیشتمانیی بووە و ئێستا وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ، لەسەر لیستی کوردستانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراقە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە هاوکات لەگەڵ کتێبەکەی مام جەلال سێ کتێبی تریش لەسەر کورد دەرچوو. دوو لەو کتێبانە هی پرۆفیسۆر نادر ئنتسارە کە لە ئالابامای ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی نوسیویەتی و گوایە قانعی فەرد وریگێڕاوەنەتەوە سەر زمانی فارسی و کتێبێکیش وتووێژی هاوبەشی قانعی فەردو عیسا پژمانە. لەو کتێبانەدا بەگشتی سوکایەتی بە پێشەوا قازی محەمەد، بارزانی و دوکتۆر قاسملوو دەکەن. مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە نوسینی ئەو کتێبانە و چەواشەکردنی مێژووی کورد و سوکایەتی کردن بە سەرۆکەکانی کورد چییە؟ گوتی:

**وەڵام: (ئێران، تورکیا، سوریا و بەغداش لە سەردەمی سەدام زیاتر دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانن. ئەوان کوردستانیان لەنێو خۆیاندا بەشکردوە و هەمیشە کێشەی کورد بە مەترسی بۆسەر خۆیان دەزانن.**

مەبەستی ئەوانە لاوازکردنی کێشەی کوردە. ئەگەر لە دیوێکی کوردستاندا مەرحەبایان کردبێت، هانیانداوە بچێ بەگژ دیوەکەی تردا و توانیویشیانە زۆر شەڕ لەنێوان کورددا دروست بکەن. چونکە یەکێک لە سیاسەتەکانیان ئەوە بووە کورد سوک بکەن، لاوازی بکەن و بە دژی سەرکردەکانیان قسە بکەن، بەڵام ئەوانەی ئەو شتانەیان نوسیوە خەڵک دەیانناسێ کە پیاوی دەزگاکانی ساواک و تورکیا و سوریا و سەدام بوون و لەو باوەڕەدانیم کە کەس بڕوایان پێ بکا، چونکە پیاو و بەردەستی ئەو حکومەتانە بوون و بە ویستی ئەوان ئەو کارانەیان کردوە و ئەوە لە پلە و خۆشەویستی سەرکردە کوردەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتری دەکا.)

هەروەها دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە ئەگەر شتێکی زیاترت هەیە فەرموو؟ گوتی:

وەڵام: (دەستخۆشیت لێدەکەم. ئەو شتانەی تۆ تا ئێستا نوسیوتن، ڕێکوپێکن و من زۆربەیانم دیوە. حەز دەکەم ئەمەی ئێستا دەینوسی، جگە لەو قسانەی ئێمە دەیکەین، ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵک کە جوانتر تێبگات و ڕاستییەکەیان وەک هەیە بڵاوبکرێنەوە. هەوڵبدەن تەقەلای ئەو دەوڵەتانە دەدیدەن لە کۆن و ئێستاشدا بۆ زیان گەیاندن بە کورد، بەتایبەتی دەوڵەتی ئێران کە بۆ لاواز کردنی کورد و شێواندنی مێژووی کورد دەیدا، زۆر چاک ڕوون بکەنەوە کە خەڵک باشتریان بناسێ. ئومێدەوارم و دڵنیاشم هەر ئەوە دەکەی.)

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە



عەبدوڵڵا حەسەن زادە ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسێر سەربە شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە ژین کردوەتەوە. ساڵی ١٩٥٥ چووەتە ڕێزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی ئاشکرابوونی بۆ ساواک و ڕژێمی پەهلەوی، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتوە و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بووە. یەکێک بووە لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانسی دووەم و کۆنفرانسی سێیە و کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات و بووژاندنەوەی خەباتی حیزبی دیموکرات لە ساڵانی ١٩٧٠دا. لە کۆنگرەی سێیەمەوە تا کۆنگرەی دوازدە جگە لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بووە. پۆستی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و سکرتێریی ئەو حیزبەی هەبووە. لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیموکراتدا وازی لە بەرپرسایەتیی باڵای حیزب هێناوە و وەک ئەندامی حیزب، هاوکاریی حیزب دەکات. نووسەر و وەرگێڕ و خاوەن نەزەرە لە بوارەکانی سیاسی، فەهەنگی، زمانەوانی و خەباتی مەدەنیدا. لانیکەم ١٥ کتێبی چاپکراوی هەیە و کەسایەتییەکی ناسراوی نەتەوەیی کوردە لە کوردستان و ئێران و دەرەوەی وڵات. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: قانعی فەرد کتێبی "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا" لە نوسینی دوکتۆر نادر ئینتساری لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لە پاشکۆی کتێبەکەدا کۆمەڵێکی وێنە بڵاوکردوەتەوە کە یەکێک لە وێنەکان هی شەهید ئیسماعیل شەریفزادە و یەکێکی تریان عەبدوڵڵا موعینیيە. لە ژێر ئەو وێنانەدا نوسیوێتی مستەفا بارزانی ئەوانەی تیرۆر کردوە، ئایا ئەوە ڕاستە کە بارزانی ئەوانەی تیرۆر کردبێت؟

وەڵام: (لە ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٦٧و ١٩٦٨ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شتی وا هاتۆتە پێش کە هەموو دڵسۆزێک ئارەزوو دەکا لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا ڕووی نەدابایە. بەڵام نیسبەت دانی شەهیدکردنی کاک سمایلی شەریفزادە و کاک عەبدوڵڵای موعینی بە مەرحوومی مەلا مستەفا یان پێشمەرگەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان ناهەقییەکە کە دەرهەقی ئەوانیش و ڕاستییە مێژووییەکانیش دەکرێ. چونکە دەزانین کە شەهید سمایلی شەریفزادە لە چەمی دارێنەی بانە دەگەڵ سێ تێکۆشەری دیکە بەناوەکانی: حوسێنی ڕەحمان ڕابی، موحەممەدی ئەستی‌یە مەنگوڕ و عەلیی عەولاکۆڵی بەدەستی کوردە کوردفرۆشەکانی سەربەڕێژیمی حەمەڕەزاشا شەهیدکراون و نەمر عەبدوڵڵای موعینییش دەگەڵ پێشمەرگەی قارەمان مینەشەم لە نیزیک گوندی قالوێ عەولاغای سەر بە شارستانی مەهاباد لە شەڕ دژی جاش و ژاندارمەکانی ئەو ڕێژیمەدا شەهیدبوون.)

پرسیار: لە جێیەکی تردا لەژێر وێنەی دوکتۆر قاسملوو نووسیوێتی "گروپێک دوکتۆر قاسملووی تیرۆر کرد و ویستی شەهیدی لێ دروست بکات" سەبارەت بە تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندییش خۆی لە گێلی دەدات و وا دەنوێنێت کە قاتڵەکەی نادیارە. لەم بارەیەوە دەڵێی چی، بەو هەموو بەڵگەیە چۆن دەتوانن تیرۆر کردنی ئەم دوو سەرکردەیە چەواشە بکەن؟

وەڵام: (ئەمن بەشبەحاڵی خۆم ئەو کتێبەم نەدیوە و لە قسەکانی ئێوەشڕا تێدەگەم کە ئەو قسانە هی نووسەر نین و لە ڕاستیدا کاکی وەرگێر بۆ بەدەستهێنانی دڵی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و جۆرێک پاکانە بۆ کردنیان بێموناسەبەت ئەو شتانەی زیاد کردوە. جا کاتێک مەبەست و ئامانج لە جیاتی دۆزینەوەی ڕاستییەکان گۆڕینیان و لەجیاتی خزمەت بە گەل و بزووتنەوە هەقخوازانەکەی خزمەت بە مافخۆران و دوژمنانی ئازادی بێ، ئەوکات نووسەرێک ئەوەندە باکی نیە کە نووسینەکەی چەندە ڕاستییەکان دەپێکێ. جگەلەوە، ئەوجۆرە نووسینانە خوێنەری خۆیان هەیە و مەبەستیش ڕازیکردن یان باشتر بڵێم بەلاڕێدابردنی ئەو بەشە لە خوێنەرانە کە لە کۆماری ئیسلامیدا ناوی "أمت حزب‌الله"و "أمت همیشە

درصحنه"و "ذوبشدگان در ولایت"یان لەسەر دانراوە و بەچاوبەستراوی هەرچی لەپێشیان دانان قبووڵی دەکەن.

ئەگینا دیارە ئەو هەوڵە ناشەریفانە هەرگیز ناتوانن بیرو زەینی شارەزایانی مێژووی تازەی کوردستان و وێژدانە بێدارەکان بە لاڕێدا بەرن. ئەگەرچی دەوڵەتی ئوتریش بۆ قازانجی نارەوای ئابووەی و لەبەر ترسەنۆکیی سیاسی ڕێگای نەدا دۆسیەی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو و عبدالله قادر آذر و دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ ڕەوتی سروشتی و قانوونیی خۆی ببڕێ، بەڵام هەرکاربەدەستانی ئەو وڵاتە زۆرجار بەراشکاوی دانیان بەوەدا دەنا کە گومانیان نیە تێرۆری ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ کاری کۆماری ئیسلامییە. تاوانباریی ڕێژیمی ئێران لە تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی و کاک فەتاحی عەبدولی و کاک هومایوونی ئەردەلان و کاک نووریی دێهکوردییشدا لە دادگایەکی موعتەبەری ئەڵمانیدا سابیت بوو و جێگایەکی بۆ شکوگومان نەهێشتەوە. قسەی خۆمان بێ، وادیارە لەپێوەندی دەگەڵ تێرۆری دوکتۆر قاسملوودا زیرەکانەش جووڵاوەتەوە. چونکە ئەوە ڕاستە کە گرووپێکی تێرۆری سەر بەدەزگای پیاوکوژیی کۆماری ئیسلامی تێرۆری کردوە و یەکێک لە گەورەترین شەهیدانی کوردیشی لێ دروست کردوە. بەو پێیە بە دیاری نەکردنی ئادرەسی ورد هەوڵی داوە هەم کۆماری ئیسلامی ڕازی بکا و هەمیش- بەجۆرێک- خوێنەرانی وشیار و ئاگادار.)

## دوکتۆر عومەر شێخموس



دوکتۆر عومەر شێخموس ساڵی ١٩٤٢ لە شاری عامود لە ڕۆژئاوای کوردستان چاوی بە ژین کردوەتەوە. ساڵی ١٩٦٢، لە تەمەنی ٢٠ ساڵییدا بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن، کوردستانی بەجێهێشتوە و لە زانکۆی لەندەن، بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی خوێندوە. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە سوید و لەوی درێژەی بە خوێندنداوە و سەرەتا ماجستر و دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ دوکتۆرای لە بەشی زانستی سیاسیی و سیاسەتی جیهانیی بەدەستهێناوە. لە ساڵانی ١٩٧٣- ١٩٧٨ و ١٩٨٥- ٢٠٠١دا مامۆستا بەشی زانستی سیاسیی بووە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم. لە مانگی ئاوگۆستی ساڵی ٢٠٠١ چووەتە ئەمریکا و سەرنوسەری بەشی کوردیی ڕادیۆ دەنگی ئەمریکا بووە و لە ساڵی ٢٠٠٥وە تا ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆکی بەشی کوردیی ڕادیۆ ئەمریکا بووە و دواتر خانەنشین کراوە. یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦دا و دواتر ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. لە ساڵی ١٩٨٦وە، وازی لە کاری ڕێکخستن هێناوە و ئێستا وەک کەسایەتییەکی ئازاد و سەربەخۆ لەگەڵ پشتیوانیی کردنی، یارمەتی دەکات بە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا: کاتێک بەڕێزتان لە ڕادیۆ ئەمریکا بوون، عیرفان هاتە لاتان کە لە ڕادیۆ کار بکات، دەکرێ بڵێت چۆن بوو قەبووڵتان نەکرد؟

**وەڵام: (ئەو کە هات بۆ ڕادیۆ، ئێمە نەماندەناسی، ڕاستەوخۆ هات و پێوەندیی پێوە کردین. کوڕێکی لەبار و لێوەشاوە دەهاتە بەرچاو، زمانی کوردیی دەزانی و فارسی و ئینگلیزیشی باش دەزانی، بەڵام ئێمە**

مەرجمان هەبوو و نەماندەتوانی هەرکەسێک بێت، بە ئاسانی وەریبگرین و لەخۆوە قەبووڵی بکەین. پێویست بوو ئیمتیحانی بکەین، تاقیکردنەوەی دەنگیی بکەین. هەروەها دەبووایە لە ئەمریکا ئیجارەی کار و مانەوەی هەبێت. ئەگەر پێویست بووایە، دەبووایە ئێمە بۆخۆمان داوای ئیجازەی کاری بۆ بکەین، بەڵام بەلای منەوە سەیر بوو کە ڕاستەوخۆ لە ئێرانەوە هاتبوو. کاتێک تەماشای پاسپۆرتەکەیم کرد، بینیم لە تارانەوە یەکسەر هاتووە، ئەوە سەرنجی منی ڕاکێشا، لێمپرسی تۆ کێ دەناسی؟

ئەو ناوی چەند کەسایەتی فەرهەنگی لە تاران دامێ، من ئەوانەی دەمناسین تەلەفۆنم بۆیان کرد، ئەوان زۆر بە وریاییەوە وەڵامیان دایەوە و گوتیان لێرە پرسیاری زۆری لەسەرە و کەس نازانێت کە چۆن ئەوکارانە دەکات و لایان سەیر بوو کە لە ئەمریکایە. داوام لێکرد کە ڕێفرێنسم بداتی و ناو و ژمارە تەلەفۆنی پرۆفیسۆرەکەمان بداتی، بەڵام ئەو بەبێ ئەوەی کە ناو و ژمارە تەلەفۆنی پرۆفیسۆرەکەی بدات، خۆی دزییەوە و دواتر بیستمان چووەتە لۆسانجلێس. ماوەیەک لەلای فارسەکانی ئەوێ مایەوە و دواتر بیستم چووتە کوردستان و ئیتر لەوێ هەندێک جموجۆڵی کرد و بڕیاریداوە کە ئەو کتێبە لەسەر ژیانی مام جەلال بنوسێ.)

پرسیار: بەڕێزتان کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بوون، چەندە ئاگاداری کوشتنی سەعید ئاڵچی و سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان"ن؟ قانعی فەرد نوسیوییەتی هەردووی ئەوانە لەلایەن مستەفا بارزانییەوە تیرۆر کراون. دەکرێت باس لە چۆنییەتی کوژرانی ئەو دوو کەسە بکەیت؟ هەروەها ئایا ئەوە ڕاستە کە دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر تیرۆر کردنی ئەو دووانە لە لایەن بارزانییەوە، چەندان لایەنگری مام جەلالی لە تورکیا تیرۆر کردبێت؟

وەڵام: (کاتی خۆی ئەوە ڕوون بووەوە کە سەعید قرمزی تۆپراک، سەعید ئاڵچی کوشت. هەر بەم بۆنەیەوە، دادگایی کرا و چونکە خۆی ددانی بە کوشتنی ئەودا هێنا. ئەویان کوشت. هەروەها دەبێ بڵێم کە لەو ساڵانە و دوای ئەویش، هیچ ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تیرۆر نەکراوە.)

## محەمەد مەلا قادر



محەمەدی مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان: لە حوجرەی فەقێیان خوێندویەتی و بە پلەی مەلایەتی گەیشتوە و دواتر لە بەغدا بەشداریی تاقیکردنەوەی مامۆستایەتی کردوە و لە کەرکوک بووەتە مامۆستای وانەی عەرەبی و دینیی. لە ساڵی ١٩٥٦دا چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و بۆ ماوەیەکیش بەرپرسایەتی قوتابیانی لە ئەستۆ بووە. ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتەوە، لە کۆنگرەی شەشەمی ئەو پارتەدا کە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ لە قەڵادزێ پێکهاتووە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ٢٠١٠ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی بووە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: بۆچی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک دژایەتی بارزانی و تەنانەت مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و بنەماڵەی بارزانی دەکات؟ گوتی:

**وەڵام: (ئێمە کە لە ئێرانیش بووین و ئەوان یارمەتیان دەداین، هەربەو جۆرە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردین. وەک دەڵێن خواردنەکەیان ژەهری تێدابوو، بە بەردەوامی هەوڵیاندەدا کە قەڵەو نەبین، پێش نەکەوین، لێ نەدەگەڕان شتێکی باش دروست بکەین و لە هەمانکاتیشدا دەیانویست بۆ مەبەستی خۆیان بەکارمان بێنن. بۆ ئەوە زۆر دژمان بوون. بەڕای من کێشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی بارزانی کە ڕێبازێکی پاکە و تەسلیمی دوژمن نابێ. ئەوان خەڵکی تریان تاقیکردوەتەوە و زۆر ئاسان فریویان داون، بەڵام بنەماڵەی بارزانی نا، دەکرێ بڵێین چونکە ڕێبازی بارزانی زۆر پاک و ئەسیل و کوردانەیە، لەسەر خۆیان بە مەترسی دەزانن. بەڕای من دژایەتییەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.)**

## دوکتۆر شەفیق قەزاز



دوکتۆر شەفیق قەزاز ساڵی ١٩٥٥ لە کۆلیجی ئەمریکی بەغدا و کولییەی بەغدا، توجارەت و ئابووریی خوێندوە. ساڵی ١٩٦٠ چوەتە ئەمریکا لە زانکۆی کەنتاک ماجستەری لە دیپلۆماسی و ئابووریدا وەرگرتوە و ساڵی ١٩٦٣ چووەتە واشنتۆن و لەوێ لە بەشی پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی دوکتۆرای وەرگرتووە. لە بەغدا تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و لەگەڵ چەند لە دۆستانی لە ئەمریکا کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی بوژاندوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٥وە بۆ ماوەی ٨ ساڵ نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بووە لە ئەمریکا. بەشداریی کردوە لە کۆنگرەی حەوتی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٥ پێکهاتوە و وەک خۆی دەڵێ لەو کۆنگرەیەوە ئەندامەتی پارتی قەبووڵ کردوە. ساڵی ١٩٧٣ لە ئەمریکاوە گەڕاوەتەوە بۆ نێو شۆڕش و ئەرکی ڕاگەیاندنی لە ئەستۆ گرتووە. ساڵی ١٩٧٤ نوێنەری شۆڕش بووە لە ئێران و بە دوای مۆرکرانی ڕێککەوتنامەی جەزائیر چوەتەوە ئەمریکا و لەسەر داوای سەرۆک مەسعود بارزانی، ساڵی ١٩٩٦ گەڕاوەتەوە کوردستان. وەزیری مرۆڤایەتی بووە لە کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لە کابینەی پێنجەمدا وازی هێناوە و خەریکی زیندوو کردنەوەی کۆڕی زانیاری و کردنی بە ئەکادیمیای کوردیی بووە و بۆ ماوەی هەشت ساڵیش سەرۆکایەتی ئەکادیمیای کوردی کردوە و دواتر وازی هێناوە، بەڵام هەتا ئێستاش وەک ئەندامی ئەنجومەنی کارای ئەکادیمیا ماوەتەوە. بە ئەمری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ خەریکی چارەسەر کردنی کێشەکانی زانکۆی هەرێمی کوردستان بووە و سەرئەنجام زانکۆکانی ڕێکخستوەتەوە و سەرۆکی تازەیان بۆ دیاری کردوە. هەروەها بە هاوکاریی

و پشتگیریی ئابووری نێچیرڤان بارزانی یانەی ئاوێزەی بۆ خێزان لە هەولێر دامەزراندوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: لە کاتی ئێستادا بۆچی کۆماری ئیسلامی هەموو دژایەتی و پروپاگەندەی خۆی بە نوسین و لە مزگەوتەکاندا لە دەوری مستەفا بارزانیو بنەماڵەی بارزانی کۆکردۆتەوە و مەبەستی لەوکارە چییە و بۆچی بە تەنیا بنەماڵەی بارزانی و باسی سەرکردەکانی تری باشوری کوردستان ناکات؟

**وەڵام: (بنەماڵەی مەلا مستەفا مێژوویەکیان هەیە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا و تۆ حەز بکەی یان حەز نەکەی، بەبێ پچڕان لەپێش پەنجاکانەوە تا ئەمڕۆ بە تایبەت خانەوادەی مەلا مستەفا سەرکردایەتی بارزانییەکانیان کردوە و لە بزاڤی کوردیدا دەتوانم بڵێم بەبێ ڕکەبەر و بەبێ مونافیس سەرکردایەتی کوردیان کردوە و لە ئێستا و ئایندەشدا کێشەی کورد بەدەست ئەوانەوە. لەبەر ئەوە ئێران یان هەرجێیەکی تر دەبینن، کەسێکی تر نییە. ئەوانەی هەن یان تازەن، یان خود ئەگەر باسی مام جەلال بکەین، مام جەلال تەمەن کاری خۆی تێداکردوە و ڕەنگە دوو ساڵ سێ ساڵی تر بڕ بکات. بە هەموو لێکۆڵێنەوەیەک ئەو توانا و زەخیرەیە لە لای بنەماڵەی بارزانییە و ئەوان ئەگەر دۆستایەتی بکەن یان دوژمنایەتی، دەبێ حیسابێک بۆ بنەماڵەی بارزانی بکەن.)**

## ئەمیر قازی



ئەمیر قازی یەکێکە لە خەباتکارە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. بەشداریی کۆنگرەکانی ٢ تا ٦ ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردوە و ئێستا لەگەڵ رێکخراوێکی سیاسییە بە ناوی پارتی سەربەخۆیی کوردستان. لە بەرهەمی ئەو خەباتەیدا بۆ ماوەی دە ساڵ لە باشوری کوردستان، لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول بووە و دواتریش لە ساڵی ٧٤ وە تا ساڵی ١٩٧٩ و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٤وە تا ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. کاک ئەمیر ئامۆزازا و زاوای پێشەوا قازی محەمەد بوو. تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی بۆمبێکی پاکەتی کە ناردبوویان بۆ پۆستی ماڵەکەی لە شاری ڤێستەرۆس لە وڵاتی سوید ساڵی ١٩٩٠، عیفەت خانمی کچی پێشەوا و هاوسەری ئەمیر قازیان شەهید کرد. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: لە کتێبی سیاسەتی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەناوی عیرفان قانعی فەرد بڵاوکراوەتەوە، دەگوترێت لە سەردەمی بارزانیدا، بارزانی پێشی بە کوردەکانی سێ پارچەی‌تری کوردستان گرتووە کە نەتوانن چالاکیی سیاسی و چەکدارانەیان هەبێت. جەنابتان ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٤ لە باشووری کوردستان بوون، ئایا بارزانی پێشی بە ئێوە گرت کە چالاکیی سیاسیتان نەبێت، یان بەڕاستی ڕێگای بۆ کردنەوە کە حیزبی دیموکرات زیندوو بکەنەوە و بتوانن چالاکیی‌تان هەبێت؟

**- وەڵام: (ئەمن بیرەوەری و خاتراتی خۆم لەو بارەیەوە نوسیوە، لەوێدا ئاماژەم بۆ بابەتانە کردوە. هەموو ئەو مەتڵەبانە هاتوون، بەڵام واقعییەت ئەوەیە با لێرەش ئەمن دووپاتی بکەمەوە کە شۆڕشی ئەیلول و شەخسی بارزانی وەکوو ڕێبەرێکی گەورەی ئەو میللەتە، ڕێبەرێکی**

گەورەی ئەو شۆڕشە مەزنە، بەکەڕات و بارها ئەمن لە خزمەتیدا بووم و دیتوومە بۆ حەللی موشکیلاتی خۆمان بۆ ئامۆژگاری وەرگرتن لێی، سەبارەت بە خەباتی سیاسی خۆمان، زۆرجار دیتوومە، لە هیچ شەڕایەتێکدا ئەوان مانیعی خەباتی سیاسی ئێمە نەبوون. بە پێچەوانەوە، پێیانخۆشبوو ئێمە لە چوارچێوەیەکی ئارامتردا، خەباتی سیاسی خۆمان بەڕێوە ببەین، بەڵام لەوێ فەلسەفەیەکی عیلمی هەبوو کە لەوڕا دەهات و ئەمڕۆش ئەوە هەر سادقەو دروستە، ئەو فەلسەفە عیلمییە ئەوە بوو، پێیوابوو کە ئێمە لە چەند جێگارا ناتوانین خەباتی ڕزگاریخوازی و ئازادیی خۆمان بەڕێوە ببەین، لە چەند جەبهەدا بۆ ئێمە نیە شەڕ بکەین، توانای ئەوەمان نیە، دەبێ هەموو تاقەتی خۆمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلول بەکار بخەین کە ئەو شۆڕشە سەربکەوێت، ئێمە ئەگەر لەوێ بە نەوایەک گەیشتین، ئەو میللەتەی ئێمە ئەو وەخت لەجێی دیکەڕا دەست پێ بکەین. ئەمن وەکوو شاهیدێکی زیندوو لەو بارەیەوە، ئەو سەداقەتەشم لە بارزانی نەمردا دیت، ئەو وەختەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا پێکهات، ئەمنی بە عێراقیەکان ناساند کە هاتبوونە خزمەتی، دەستەی وتووێژکەر بوون، بە سەرۆکایەتی عەبدولخالەق سامەڕایی، گوتی: "ئەوانە لەگەڵ ئێمەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان، تا ئەوڕۆ لەگەل ئێمە بوون لە خزمەتی ئەم شۆڕشەدا بوون، ئێمە سەرکەوتووین و لەگەل ئێوە سازاین، ئێستا نۆرەی ئێرەیە کۆمەگی ئەوان بکرێ، بۆ ئەو بەشەی دیکەی کوردستان کە ئەوانیش بتوانن بگەنە ئەو حەد و سنورەی کە ئێستا ئێمە گەیشتووینێ لەگەڵ ئێوە." من شاهیدی ئەو سەداقەتەم، شاهیدی ئەو ڕەئییەم کە وەختی خۆی بارزانی گوتی و داوایکرد کە ئێمە بە هەموو قووە و توانـاوە لە بەشێک هەوڵبدەین، بۆ سەرکەوتنی خەباتە نەتەوەییەکەمان، ئەگەر لە بەشێک سەرکەوتین، ئەو وەخت، بچینە بەشەکەی دیکە. بارزانی لە هیچ شەڕایەتێکدا ئێمەی مەنع نەکردوە کە خەباتی سیاسی نەکەین، بەڵام بە مەشوەڕەت و بە وتووێژ، بە تەوافوق لەبەیندا. هەبووە کە هەوڵبدەین بۆ سەرخستنی، کاتێک بەشێک خەباتێکی حاد وەکوو شۆڕشی ئەیلول کە ئەو سەرکەوت لە شوێنی دیکەڕا دەست پێ بکەین. یانی وەکوو موقەدیمە و بەرەبەرە بەرەو ستراتیژێکی

کوردستانی بوون. ئەوەی لە فکر و مێشکی بارزانیدا بوو، ئیجادی ئەو ستراتیژە بوو. لە فکری ئەوەدا بوو کە ئەوە پێک بێ، وابێ هەرکەسە بۆخۆی لە شوێنێکەوە دەست نەداتە "کەچک بەندییەکوو" کوتلە بەندییەکوو هەڕاکاتە وڵات و ببێتە هۆی شڵەژاندنی مەنتەقە و ناوچە و سووئیستیفادە و کەڵکدان و کەڵکوەرگرتن لە ڕژێمەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا.)

## دوکتۆر حوسێن خەلیقی



دوکتۆر حوسێن خەلیقی ساڵی ١٩٣٧ لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە ژین کردوەتەوە. لە بەشی فەلسەفەی ئیسلامیدا لە زانکۆی تاران دوکتۆرای هەیە. لە ساڵی ١٩٧١ وە تێکەڵاوی خەباتی سیاسیی بووە و لە ساڵی ١٩٨٠ دا چووەتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و لە کۆنگرەی شەشەمی ئەو حیزبە لە ١٩٨٣ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٨٤ کوردستانی بەجێهێشتوە و لە دەرەوەی وڵاتیشدا بۆ ئامانجەکانی گەلی کورد هەوڵدەدات بە نوسینی و وەرگێڕانی کتێب خزمەتی گەلەکەی دەکات و ٤٧ کتێبی چاپکراوی هەیە و ئێستا نیشتەجێ سویدە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا: دوکتۆر نادر ئەنتسار لە ئالاباما ئەمریکا، کتێبێکی بەناوی "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا" بە زمانی ئینگلیزی نوسیوە و قانعی فەرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، بەڵام لە دەیان جێدا دەستی لەو کتێبە داوە و ئەوی کردوە بە کتێبێکی دژی نەتەوەی کورد و لە پاشکۆی کتێبەکەدا ژمارەیەک وێنەی بڵاوکردوەتە کە یەکێک لەوانە هی دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو و یەکێکیتریان هی دوکتۆر سادق شەرەفکەندییە و نوسیوییەتی گروپێکی نادیار ئەوانەی کوشتوە و ویستویەتی شەهیدیان لێ دروست بکات. تۆ لەم بارەیەوە چیدەڵێیت؟


**- وەڵام: (دیارە ناوبراو بۆ چەواشەکردنی مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان، لە لایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە وەک بەکرێگیراو، دیاری کراوە و لەوانەیە هیچ کەسی نیشتمانپەروەر نەبێ کە نەیناسێ، بەڵام ئێمە چلۆن دەمی خۆی و فەرماندەکەی لە گۆ بخەین، چەند هەنگاو هەیە: یەکەم- بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لافەکانی بەرپرچ بدینەوە. دووەم- لە کۆمەڵی**

کوردەواریدا بایکۆتی بکەین و کەش و هەوایەک پێک بێنین کە نەتوانێ بە ویستی خۆی مەیدانداریی بکا.)

پرسیار: بۆچی کۆماری ئیسلامی بەهەمە چەشنەیەک دژایەتی ئەزموونی باشوری کوردستان و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و دەیەوێت مێژووی کورد بشێوێنێت؟

- وەڵام: (دیاربوونی بیری قوڵی نەتەوەیی لە مێشکی سەرۆکی کوردستاندا و ئەگەری بە ئاکام گەیشتنی چالاکیی ناوبراو لەمەڕ دروستکردنی کیانێکی نەتەوەیی، نەتەنیا کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو کۆماری نائیسلامیی تورکیە و عێراق و دەسەڵاتە لەرزۆکەکەی بەشاریشی خستووەتە لەرزەوە و دەبێ چاوەڕان بین، لە دواڕۆژدا، هەوڵبدەن، لەوە زیاتر و خراپتر، لەگەڵ ئێمەی کورد ڕەفتار بکەن.)

## عەلی قازی



عەلـــــی قــــازی "کــــوڕی ڕەش" ڕۆژی ١٩٣٣/٧/٢٧ لـە شاری مهابـاد چـاوی بـەژین کردوەتـــەوە و تـــەنیا کـوڕی پێشـــەوا قـــازی محـەمـەدە. پێشـەوا قـازی محـەمـەد جگەلـە کاک عەلی قازی، هەشت کچی هەبوو. سێ لـــە کچـــەکانی کـــۆچی دواییـــان کـــردوە و یـــەکێکی تریـــان بـــە نـــاوی عیفـــەت کـــە هاوســـەری کـــاک ئـــەمیر قـــازی بـــوو، بـــە بۆمبێکی پاکەتیی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لـە سوید شـەهید بـوو. لە ١٠ مارسـی ١٩٥٥وە لـە ئـەوروپـا دەژی و نزیکـەی ٥٥ سـاڵـە لـە ئـەڵمانیایـە.
کـــاک عـەلـــی لـە وەڵامـــی ئـەم پرســـیارەمدا کـە: دژایـەتـــی کردنـــی کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێـــران لـەگەڵ بنـەمـــاڵـەی ئێـــوە لـە کوێـــوە دێـــت و بـــۆچی ئـەوانـە هـەوڵـی نـاشیرن کردنـی پێشەوا قازی و بارزانـی دەدەن؟ گوتـی:

**وەڵام: (دیارە ئـەوانە لـەگەڵ ئـەوەشدا کە کۆمـاری کوردسـتان لـە زەمـانـی شای ئێراندا لـە مهاباد دامـەزراوە، یانـی لـە وڵاتێکی سـەڵتـەنـەتیدا کۆماری کوردستان دامـەزرا، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش دەوڵـەتـی جمهوری ئیسلامیی ئێـــران، هـەر لـە ڕۆژی ئـەوەڵـەوە کە حـــوکمی بە دەســـتـەوە گـــرت، لـەگەڵ خـــانـەوادەی ئـــێمە بە باشـــی ڕەفتـــاری نـەکـــرد. پـــاش ئـەوەی کە ئیـــنقلاب سەرکەوت، هەموو خزم و کەس و کاری ئێمەیان تەبعید کرد، ناردیانن بۆ "دامغان" و دەوروبـەری. دایکم کە عومری ٧٤ ساڵ بوو، گرتیان و بۆ ماوەی ١١ مانگیـان زینـدانی کـرد، خراپـترین شکەنجـەیاندا، تـا گـەیشتـە سنوری مردن. ئـەوجار بردیانـە نـەخۆشخانـە، دوکتۆرەکەی زینـدان گوتبـووی ئـەمـن چیدی ئـەو ژنـەم پێ موعالیجە ناکرێ، دەبێ بچێتە بیمارستانێک. ئـەوانیش پییـانگوتبوو ئـەگەر یەکێک لـە کچەکانت بێت و لـەجێـی تـۆ، لـە زینـدان بمێنێتەوە، ئێمە ئـەتـۆ دەنێرینـە نـەخۆشخانـە. داوای فـەوزیـەیـان کردبـوو، فەوزیە کـاتـی خـۆی ئـەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدیی حیزبـی دیمـوکراتی**

کوردستان بوو، ئەویش هات لە تاران خۆی تەحویلدا، ئەویان بردە زیندان و دایکیشمیان بردە نەخۆشخانە. لە پاشان یەکێک لە مەسئولان، گوتبووی چۆن شتی وادەبێ کە ئێوە لە جیاتی کەسێک، کەسێکی دیکە بگرن؟ ئەوە بوو خۆشکمیان بەردابوو و چووبوون دووبارە دایکم بگوێزنەوە زیندان، بەڵام دوکتۆرەکانی بیمارستان و پەرەستارەکان، کەوتبوونە سەر کەوشی پاسدارەکان و پێیانگوتبوون ئەو ژنە، هەر ئان مومکینە بمرێت، ها ئەلعان بمرێ یان دوو سەعاتی دی. ئیتر ئەوان ڕازی ببوون کە دایکم لە بیمارستان بمێنێتەوە.

هەرئەو شەوە کوردەکانی تاران چووبوون دایکمیان لە بیمارستان دزیبوو، بردبوویانە شەرقی ئێران، بردبوویانە دەوروبەری مەشهەد، ماوەیەکی زۆر دایکم لەوێ ماوە، پاشان ئەمن لە دەوڵەتی فەڕەنسا پەناهەندەگیم بۆ وەرگرت و هاتە فەڕەنسا. ئیستاش کە ڕۆژی دووی ڕێبەندان (ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار کوردستان- نوسەر) دەبێ و ڕۆژی دەی خاکەلێوە کە ڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوایە، ناهێڵن خەڵک بچنە سەر قەبران، ئەوان قەبرەکان دەور دەدەن. دیارە ئەوان سەرانی کورد، گەورەکانی کورد بە دوژمنی خۆیان دەزانن و دەیانەوێت سووکیان بکەن.

پرسیار: کۆماری ئیسلامی بۆچی دوژمنایەتی ئەو ئەزموونەی باشوری کوردستان دەکات؟

وەڵام: (لە هەموو ئیدارات و مەکانە ڕەسمییەکانی باشوری کوردستان ئاڵای کوردستان هەڵکراوە، ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەوەش ببێتە نموونەیەک بۆ خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئەوانیش بیانهەوێ کە وەزعێکی وەکوو باشوریان بۆ دروستببێت. لەبەر ئەوەیە ئەوان موخالیفی باشوری کوردستانن. پێیانوایە کە ڕەنگە ئەو وەزعەی باشوور ببێتە سەبەب کە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش داوای فیدراڵی بکەن یان بیانهەوێ لە ئێران جودا ببنەوە.)

## ئایجان بوزئەرسەلان



خاتوو ئایجان بوزئەرسەلان "شەرمین" پەنجاو دوو ساڵ لەمەوبەر لە شاری "سێرت" لە باکوری کوردستان چاوی بەژین کردۆتەوە لە "باتمان" بەشی مامۆستایی خوێندوە. لە تەمەنی ١٧ - ١٨ ساڵیدا کە خوێندکاری بەشی مامۆستایی بووە، لەگەڵ ژمارەیەک لە کچە هاوڕێیەکانی، ڕووی لە خەباتی سیاسیی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی کردوە. سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید. ناوبراوە لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: بنەماڵەی ئێوە و تەنانەت خۆشت لە کۆنەوە تێکەڵاوی خەباتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مەدەنین، ئایا تۆ خۆت بینیوتە، یان لە باوکت کە سەردەمێک مامۆستا بووە لە باشوری کوردستان بیستوە کە مستەفا بارزانی ڕێگەی لە ڕێکخستنەکانی باکوری کوردستان گرتبێت و لەمپەری خستبێتە بەر خەباتی سیایی ئەوانو پێشی بە گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی باکوری کوردستان گرتنێت؟

**وەڵام: (من هەرگیز لە ژیانمدا، شتێکی بەم جۆرەم نەبیستوە. ئەوکاتەی کە من خۆم خوێندکار بووم لە کوردستان و ماوەیەک بەشداریی خەبات و ژیانی کۆمەڵایەتیم کردوە، شتێکی بەم جۆرەم لە بنەماڵە و خەڵک و سیاسییکارەکان نەبیستوە کە بارزانی ئاستەنگ بێت لە بەردەم کوردی باکور و ڕۆژئاوا و کوردی هەرجێیەکی تر لە دنیادا. ئەو هەردەم یارمەتی ڕێکخستنەکانی داوە. ئەمە یەکەم جارە کە من ئەو وتەیە دەبیسم و شتێکی وا ڕاست نییە.)**

پرسیار: بۆچی بۆچی ژمارەیەک لە مەلا کوردەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی ئێران لە مینبەری مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دژی مافی ئافرەت لە باشوری کوردستان دەوەستن و مافی ئافرەت بە فەرهەنگی ئەوروپی و بەڕەڵایەتی دەزانن؟

**وەڵام: (کۆماری ئیسلامی و کەسانی سەربەو بەتەنیا لە باشوری کوردستان دژایەتی مافی ئافرەتان ناکەن، بەڵکوو لە هەموو جیهاندا دژی ماف و ئازادیی ئافرەتانن و پیاو بە سەردەست دەزانن. ئەگەر لە باشوری کوردستان دژبە مافی ئافرەت دەوەستن، لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە وەردەگرێت کە ئەوان پارێزگاری لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و دواکەوتوو دەکەن و لەو ڕوانگەوە دژی ئازادییە دیموکراتییەکان لە ئێران و لە باشوری کوردستان و هەرجێیەک دنیا کە توانایان هەبێت، دەوەستن. ئەمە ئاکار و کردەوەی خراپی ئەو مەلا کوردانەیە کە بوونەتە داردەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و ئەحمەدی نژاد. چونکە جیهانی ئێمە، جیهانی دیموکراتی، جیهانی ئاشتی و جیهانی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتانە و ئەوە نە فەرهەنگی ئەوروپایی و نە بەڕەڵایەتییە کە مرۆڤ بە ئازادی بژی. ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە مافی پیاوان هەبێت، سروشتییە کە دەبێ مافی ئافرەتانیش بپارێزێت.)**

پرسیار: تۆ وەک ژنێکی کورد، پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانیی چۆن لە مێشکتدا دەبینی؟

**وەڵام: (ئەوانە وەک سەرکردە و ڕێبەری کوردان دەبینم. چونکە ئەوان سەربەرزیی ئێمەن و سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کوردیان کردوە، ئەوان پێکەوە پێشەنگی خەباتی کوردایەتی بوون و پێکەوە خەباتیان کردوە و جێی شانازیی ئێمەن.)**

## ئیسماعیل کامل




ئیسماعیل کامل لە شاری "عامود" لە ڕۆژئاوای کوردستان چاوی بە ژین کردۆتەوە، ئەندامی پەرلەمانی سویدە لەسەر لیستی پارتی گەلی لیبراڵ، ماوەی 35 ساڵە ڕۆژئاوای کوردستانی بەجێهێشتووە و لە سوید دەژی. خۆی وەکوو کوردێکی کوردستانیی دەناسێنێ و لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە ئایا مستەفا بارزانی ڕێگەی لە تەڤگەری ڕێکخستنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان گرتووە، یان لەمپەری خستوەتە بەر خەبات و بزوتنەوەی ڕێکخستنەکان؟ گوتی:

**- وەڵام: (نەمر مستەفا بارزانی قەت ڕێگەی لە تەڤگەری هیچ پارچەکی کوردستان نەگرتووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەموو ئیمکاناتی خۆی داناوە ژبۆ ناسکردنا پرسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و پشتیوانی تەواوی کردوە لە گەلی کورد و تەڤگەری گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان.)**

پرسیار: مەبەستی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و پیاوەکانی لە شێواندنی مێژووی کوردان و ژمارەیەک لە سەرکردەکانمان چییە؟

**وەڵام: (ئەوە جاری یەکەم نییە کە دوژمنی کورد هەوڵی شکاندنی سومعەی ئەو سەرکردانە دەدات کە بوونەتە سیمبول بۆ میللەتی کورد. باوەر ناکەم کە ئەوە قەت تەئسیری هەبێت لەسەر کورد و کورد قەت باوەڕ بە قسەکانی ئەوان ناکات، بەپێچەوانە ئەوە بەمانای ئەوە دەدات کە دوژمنی کورد، هەموو هەوڵی خۆی بەکار دەهێنێت کە دژبە داخواز و مافەکانی گەلی کورد بوەستێت.)**

## حەسەن ماوەڕانی



حەسەن ماوەڕانی ساڵی ١٩٥٥ لە شاری مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. کوڕی شەهید محیەدین ماوەڕانی یەکیک لە ئەکتەرەکانی شانۆی دایکی نیشتمانە لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. کاک حەسەن خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مهاباد تەواوکردوە. لە سەردەمی خوێندنیدا، تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە. ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی شاری مهاباد، لەلایەن "ساواک"وە گیراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زیندانندا ڕاگیراوە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی کاک عەزیزی یوسفی تێکۆشەری ماندوویی نەناسی نەتەوەکەمان کە دوای ٢٥ ساڵ مانەوە لە زیندانی ئێراندا، کۆچی دوایی کرد، حەسەن ماوەڕانی بە تاوانی بەشداریی کردنی لە داڕشتنی پڕۆگرامی متینگی خۆپێشاندانی ڕۆژی ١٩٧٩/٦/١٠ لە گۆڕستانی شاری مهاباد، لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و لاوانی لایەنگری حیزبی تودە سەرلەنوێ گیرا و تا ڕۆژی ١٩٧٩/٩/١٩ لە زیندانی ورمێ ڕاگیرا.

حەسەن ماوەڕانی تا ساڵی ١٩٧٩ لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوو، بەڵام دواتر بەهۆی جیاوازی لە بۆچووندا وازی لە حیزبی دیموکرات هێنا و چوو بۆ ڕیزی حیزبی تودەی ئێران. کاتی هێرشی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران بۆسەر حیزبی تودە و دەستبەسەر کردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە، حەسەن خۆی گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان و لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی حیزبی تودە، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق لە ناوچەی لێلکان و بەردەڕەش و مسلوک بوو. پاشان کوردستانی بەجێهێشت و خۆی گەیاندە ئازەربایجانی سۆڤیەتو لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦وە لە باکۆ گیرسایەوە. لە کونفرانسی سەرانسەریی حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٨٦، بە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی

حیزبـی تـوده هەڵبژێردرا. ساڵی١٩٨٧، حیزبـی تـوده لـه بـاکۆوه ئەوی بـۆ بەڕیوەبردنی کاروباری حیزبی ڕەوانەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کرد، کەچـی لەوێ بە کـردەوە وازی لە حیزبـی تـوده هێنـا و سـەرئەنجام لە سـاڵی ١٩٩٠دا لەگەڵ ژمـارەیەک لە کوردەکـانی ئەنـدامی حیزبـی تـوده، بە بڵاوکـردنەوەی بەیاننـامەیەک، بەشێوەی ڕەسمی لـە حیزبـی تـوده جیـا بۆوە. ساڵی ١٩٨٨ هاوکاریی کۆمەڵەی خوێندکارانی کـورد، لقـی "پراگ"ی کـردەوە و لـە نوسینی دوو ژمـارە ڕۆژنامـەی "دەنگـی یـەکێتی"دا یـارمەتی ئەو ڕێکخـراوەیەی داوە و لەگەڵ ژمـارەتەک هـاوڕێی ڕۆژنـامەی "هـاواری کورد"ی لە ئەڵمانیا بڵاوکردۆتەوە. هەر لەو سەردەمـەدا بووەتـە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی "دەستەی هاواری کۆنگرەی نەتـەوەیی کـورد" و لـە ساڵی ١٩٩٦ سـەرلەنوێ گۆڤـاری وەرزنـامەی "هـاوار"ی بڵاوکردۆتـەوە. حەسـەن ماوەڕانی ئێستا نیشتەجێی ئەڵمانەو لەگەل هاوبیرانی ماڵپەری ڕاڤـەیان لەسەر تۆری ئینتەرنێت هەیە. ناوبراو لـە بـواری نوسیندا چەند کتێب و ژمـارەیەکی زۆر وتـاری جۆراوجـۆری مێژوویـی، سیاسـی و ڕەخنـەگرانەی نوسـیوە. لە وەڵامـی ئەم پرسـیارەمدا کە: ئێـوە کتێبـی "ناسـیۆنالیزمی خەڵکی کورد" نوسینی دوکتۆر نادر ئەنتسارتان خوێندۆتەوە و وتارێکیشتان لەسەر بڵاوکردۆتەوە. ئایا وەرگێڕاوە ئینگلیزیی و فارسیەکەتان پێکەوە بەراورد کردوە. ڕات لەسەر دەقە وەرگێڕاوەکەی لە لایەن عیرفان قـانعی فەردەوە چییە و ئایا تۆ خۆت قانعی فەرد دیوە؟

وەڵام: **(من لە ژیانمدا عیرفـان قـانعی فـەردم نـەدیوە، بەڵام هـەروەک دەزانـن لـە دەرەوەی وڵات مـرۆڤ تـامەزرۆی بەدەسـتهێنانی زانیـاری و هـەواڵی نوێیە لـە نیشتمان و زێدی خۆی. لەبـەر ئـەوە ئەگـەر کتێب و بڵاوکـراوەیەک لەسـەر وڵاتەکەی دەسـکەوێت بـە تـەوژمێکی تایبـەتی دەیقۆزێتەوە و دەیخوێنێتەوە. منیش لەو ڕێگایەوە قانعی فەرد دەناسم و ناسینەکەشـم بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە چەنـد سـال لەمەوبـەر کـە دەستمانکرد بـە دامەزرانـدنی ماڵپـەڕی ڕاڤـە، کتێبـی "مافیـای قـدرت-ناسیۆنالیزم نـژادی کـرد"م دەسـتکەوت کـە لەسـەری نوسـرابوو نوسـینی دوکتۆر نادر ئەنتسار و وەرگێڕانی عیرفان قانعی فەرد. پاش تێڕوانینێکی سـەرپێی، لەگـەڵ بـرادەرێکم بەنـاوی دوکتـۆر ئـازاد کـە کتێبەکـەی**

خوێندبۆوە وتووێژم کرد. ئەویش وەرگێڕ و نوسەرەکەی نەدەناسی، بەڵام ڕای وابوو زۆر ناجوانمێرانە نوسراوە و پێشنیازی پێکردم کە وتارێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر بنوسم. لەوکاتدا هێشتا قانعی فەرد بۆ خەڵک نەناسراو بوو. هاتووچۆی ڕێبەرانی حیزبە سیاسییە کوردییەکانی نەکردبوو. منیش کە کتێبەکەم خوێندەوە بەڕاستی بۆم مسۆگەر بوو کە ئەو زەلامە سەری بە کوێوە گیرە و لەکام ئاخوڕ دەلەوەڕێت.

بەرهەمی نوسینەکەم لەسەر ئەو کتێبە بوو، بە وتارێکی هێندێک درێژی "نقدی بر مافیای قدرت- ڕەخنەیەک لەسەر مافیای دەستەڵات"، تێڕوانین و بۆچوونی خۆم لەسەر وەرگێڕ نوسی و لە بەشەکانیتردا لەسەر ناوەڕۆک و نوسەر. دیارە لەوکاتدا کتێبەکەم بە زمانی ئینگلیزی دەست نەکەوت ئەگەرنا دەکرا گەلێک چەواشەکاریی لەو کتێبەدا بخرێنە بەرباس کە لە تێکستە فارسیەکەیدا بە مەبەستی خەوشدار کردنی بزوتنەوەی کورد نوسراون. پاش خوێندنەوەی کتێبەکە، لەسەر بنەمای هێندێ زانیاری کە لە شێوازی کاری لێکۆلەرانی دەزگاکانی سەربە ڕێکخراوە جاسوسییەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئیران هەمبوو، گومانم لەوە نەکرد کە وەرگێڕی ئەو کتێبە، ئەگەر وەرگێڕانەکەی خۆی بێت، یان لە کەسێکیتری دزیبێت و دواتر شێواندبێی، بۆ ئەو دەزگایانە کار دەکات و مەئمورە. کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی شەستەکانەوە بە کەڵکوەرگرتن لە تۆبەکارە سیاسییەکان لە زینداندا، بەهۆی ژمارەیەکی زۆر جاش نوسەر دەستیکردوە بە کۆمەلیک لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە دوو شێوە کەڵک لەو لێکۆڵینەوانە وەردەگرێت. ئەوانەی دەکرێ بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی خۆی بەسود بن، لە بۆڵتەنە نهێنییەکانیدا دەیانخاتە بەردەست کاربەدەستان و ئەوانەش کە بۆ چەواشەکاری و شێواندنی مێژوو و دانی زانیاری بەدرۆ دەبن، لەژێر ناوی کاری ئاکادێمی و کتێبی سەربەخۆ دەرخواردی خەڵکیان دەدات و لەلایەن ڕێکخراوی "ساواما"وە دەیاخاتە ناو بازاری کتێبەوە.

بەکورتی من لە خوێندنەوەی کتێبەکە لە بارەی وەرگێڕەوە بەبێ ناسینی ئەوکەسە تەنیا لە ڕووی کارەکەی بەم بۆچوونانە گەیشتم کە لە بەشی سەرەتایی ڕەخنەکارییەکەمدا نوسیوم: بە چاوخشاندنێکی سەرپێی بە وەرگێڕانی وشە تایبەتیەکانی زانستی و ئەو هاوتایانەی کە لە زمانی

فارسیەوە وەرگێڕ داینـاون، دەردەکـەوێت، وەرگێڕ ڕقێکـی بێهەوتـای لـە نەتـەوەی کـورد هەیە، یـان بـەپێی فەرمـانی یـەکێک لـە دەزگاکـانی هەواڵگریـی ئێـران کە هەوسـاری دەسـتەڵاتی بەدەسـتە، دەسـتیکردوە بە شێواندن و ئاوەژو کردنەوەی وشەکان و چەواشەی ڕاستیەکان.

ناوی کتێبی بەڕێز ئنتسار، KURDISH ETHNONATIONALISM ە کە بە فارسی دەبێتـە "ناسیونالیزم مـردم کـرد- ناسیۆنالیزمی خـەڵکی کـورد." ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە سەردێڕی "مافیای دەستەڵات"ەوە نییە کە قانعی فەرد لە وەرگێڕانەکە بوی دانـاوە و پەیوەنـدی بـە "ناسیۆنالیزمی ڕەگەزی"یشەوە نییە کە لە دێڕی دووهەمی پاش ناوی کتێبەکە هێنراوە.

مەبەسـتی سـەرەکی نوسـەر گێڕانـەوەی خـەباتی کوردەکـان و لێکدانـەوەیـەکی ڕۆژنامەنوسانە بووە بـەلایەنی حقـوقی سیاسییەوە. بـە وتەی خودی نادر ئنتسار، مەبەستی سەرەکی ئەو لـە نوسینی کتێبەکـەی ڕەتکردنـەوەی سیاسـەتی تواندنـەوەی نەتەوەیـەکە بەدەسـت نەتەوەی خاوەن دەستەڵات، واتا ڕەتکردنەوەی Assimilation. لە ڕاستیدا ئەو کتێبە نـە پەیوەنـدی بـە "مافیـای دەسـتەڵاتەوە" هەیـە و نـە بە بەرهـەمی کۆمەڵناسی- مێژوویی "کە بۆ فریودان لە پشت بەرگی کتێبەکە دانراوە." مەبەسـتی وەرگێـڕ لـە هەڵبژاردنـی سـەردێڕی "مافیـای دەسـتەڵات" بـۆ کتێبەکە نـاتوانێ شتێکی جیاواز بێت لەمە کە بەئانقەست خـەباتکارە لـەخۆبووردوەکانی کـورد بـە مافیـا بناسـێنێت. ئـەمـەش سیاسـەتێکی دەغەڵکـارانەی کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسلامییە و لە کلکی کەڵەشێر دەچیت کە لەژێر عەبای مەلا دەردەکەوێت و ڕوو ڕەشیان بۆ دەهێڵێتەوە.

داتاشینی دەستەواژەی "ناسیۆنالیزم ڕەگـەزی کـوردیش هەرلـەو شـاکارە ئاخوندکارانەی تری وەرگێڕە. ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی بە دەستەواژەیەکی دژی زانست ناسراوە و لـەوە ناچێت دوکتـۆر نـادر ئنتسـار کـە مامۆسـتای زانکۆی حقوقی سیاسییە، ئـەم چەشـنە وشـانە لـە کـاری زانسـتیدا بـەکار بهێنێت. وشەکانی Nation و Nationalis واتـای "نەتـەوە و نەتـەوەخواز" دەدەن و نـاکرێ لەگـەل Race و Racism کـە بەواتـای ڕەگـەز و ڕەگەزپەرسـت لێکبـدرێنەوە و لەگەڵ دەسـتەواژە باوەکـانی ئـەدەبیاتی فاشیستی، جێگۆڕکیـان پـێ بکرێت. هاومانـا دانـانی Assimilation و Integration لەگـەل بـەراوردە فارسییەکانی "یەکپارچـە سـازی- یـەکپار

چەکردن" و "هەمگون سازی-یەکچەشن کردن"ی نەتەوە یان قەوم و دانانی دەستەواژەی "سیاست کشی-کوشتنی سیاست" لە لایەن قانعی فەردەوە، دەغەڵکارییە لە کاری وەرگێڕاندا.

سەرەڕای زانینی ئەو ڕاستییە کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە ئاست نەتەوەی کورددا لەسەر بنچینەی تواندنەوەی نەتەوەی کورد داندراوە، بە داتاشینی وشەی "سیاست کشی" دەیانەوێت بە خوێنەران بڵێن لە ئێراندا "نسل کشی و نەتەوە کوژی" ڕووی نەداوە و بەو جۆرە تاوانی پاشاکانی ئێران لە سەفەوییەوە تا پەهلەوی و خومەینی و ئاخوندە دڕندەکانی ئیستا داپۆشن. هەر دەڵێی نوسینی وشەی "نەتەوە" چوزەی مارە لە نوکی خامەکەیان سەردەرێنێ و پێتانەوە دەدات. ئاسیمیلاسیون سیاسەتێکە کە لەسەر بروا بە فەوتاندنی فیزیکی نەتەوەیەک داڕێژراوە بە شێوازەکانی ڕاگواستن، کوشتن و ستەمە جوراوجۆرەکانی ئابووری و فەرهەنگی و هەوڵدەدات نەتەوەیەک لەناو نەتەوەی دەستەڵاتداردا بیتوێنێتەوە. ئەمانەش هەموویان تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامین لە بەرامبەر نەتەوەی کورد و نەتەوەکانیتردا، بەڵام ئینتگراشیۆن، ڕەوشێکی سیاسییە کە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا بۆ هاوئاهەنگ کردن و پێکەوەژیانی کۆمەڵانی بچوکی کۆچەر کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە کەلتوری ئەو کۆمەڵە بچوکانە ڕەچاو دەکرێت. بۆ نمونە ئینتگراشیۆنی کۆمەلگای تورکەکانی نیشتەجێی ئەڵمانیا لەو وڵاتەدا، یان ئینتگراشیۆنی پەنابەرە کورد و فارسەکان لە سوید و ...تد.


لە هێچ شوێنێکی جیهاندا ناکرێ باسی ئینتگراشیۆنی نەتەوەیەک لەناو نەتەوەیەکیتردا بکرێت. نەتەوە کۆمەڵێکی ئیتنیکیە کە بە زمانی هاوبەشەوە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیاندا و بە کەلتور و داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان بە هاوبەشی دەژین. نەتەوەکانی کورد، بلوچ، تورکمان، عەرەب و ئاذەری لە ئێراندا، نە فارسن و نە کۆچەر لەسەر خاکی فارساندا و ناکرێ لەناو نەتەوەی فارسدا.)

پرسیار: مەبەستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چەواشەکردنی مێژووی کورد و بێحورمەتی کردن بە سەرکردەکانی مێژوویی کورد چییە؟

وەڵام: (بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆر باو کە گوایە مەلاکانی ئیران کەمزان و تێنەگەیشتوون، دەبێ بڵێم توێژی مەلای ئێران، لە پیلانگێڕانی سیاسیدا خاوەنی ئەزمونێکی کۆنن. ئەوان لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمەکانی پاشایەتیدا، یەکێک بوون لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتن و داسەپاندنی ملهۆڕی و زۆرداری پاشاکان و لە بەروبۆی چەوساندنەوەی خەڵک بەدەست پاشاکان و دەرەبەگەکاندا وەک زەرو خوێنی خەڵکیان مژتووەو بە ئایات و ڕەوایات و حەدیس و هەزاران فرۆفێل خەڵکیان لە بندەستیدا ڕاگرتووە و بە وادەی پاشەڕۆژی ڕووناکی پاش مردن، بەرەو ملکەجی و بێدەنگی و ژێردەستی ڕایانگرتوون. واتا مەلاکان هەمیشە لە مێژوودا شەریکی دەسەڵات بوون و لە زۆر قۆناخی مێژوودا تەنانەت پاشاکانیش لە لایەن ئەوانەوە دیاریکراون. بەتایبەتی مەلا شیعەکان و ڕەوتی تێکەڵاویان نەک تەنیا لەگەل دەستەڵاتەکانی ئێران، بەڵکوو لەگەڵ ئاغاکانی ئیستیعمارگەری ئەو ڕژیمانەش لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ هەمەوە گەیشتە ڕادەیەکی زۆر مەترسیدارەوە. لەو سەردەمەدا، دەرباری بریتانیا بەهۆی باپیرە گەورەی چرچیل و جاسوسی بە ناوبانگی خۆی، سەید جەمال‌الدینی ئەسەد ئابادی بۆ دابەزاندنی سیاسەتە ئیستیعماریی بریتانیا، یەکێتی ئیسلامیان لە ئەستەمبوڵ پێکهێنا و لە پاڵ ئەودا لقێکیان بۆ ئاخوندە شیعەکان دامەزراند و بریتانیا بەشە زەوییەکی لەژێر چاودێریی بانکی ئینگلیزدا وقفی ئەو لقە کرد کە هەتا ئیستاش داهاتەکەی دەخرێتە دەست مەرجعی شیعەوە. تێکەڵاویی ڕێکخراوە جاسوسییەکانی بریتانیا و مەلا شیعەکان کە بەتایبەت بۆ دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی ئیران پێکهاتوە، بەرهەمەکەی بۆ ئینگلیز هەم لە سەردەمی قەجەرەکاندا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی شا گوێ لەمستەکانی ئیران و هەم لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتەدا بۆ قوتکردنەوەی ئایەتوڵا فەزلوڵا نوری بۆ داکوکی کردن لە ئیستیبداد و پاشان لە ساڵەکانی ١٩٥٣ بە دژایەتی کردنی ڕاشکاوانەی ئایەتوڵا کاشانی لە دەستەڵاتی لیبراڵی دوکتۆر محەمەد موسەدیق و دژایەتی کردنی خومەینی لەگەل دابەشکردنی زەوی لە ساڵانی ١٩٦٢ پڕلە پیت و خێر و بۆ گەلانی ئیران پڕلە نەهامەتی و نەکبەت بوو، هەتا ئەم سناریۆیە بە بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی، ڕۆژ ڕەشی گەلانی ئیران گەیشت. لەو ماوە دوورودرێژەدا مەلاکان و ڕژێمە گەندەڵەکانیان بوون بە

ماموٚستای پیلانگێڕیی و فیتنە نانەوە. کاتێک کۆماری ئیسلامی لە ئیران دامەزرا ئەم خێڵە مشەخۆرە بە خورجینێکی پڕلە ئەزمونی پیلانگێڕی بەرەوڕووی مەسەلەی کورد و مافە دیموکراتیەکانی گەلانی ئیران بوونەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی گڵاویان لە هیچ کردەیەکی ڕژد نەپرینگانەوە. هەرلە سەرەتای بەدەستەڵات گەیشتنیان ڕوویان لە داڕشتنەوەی دەزگا جاسوسیەکانی ڕژێمی پێشوو کرد. بۆ ئەو مەبەستە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران وەک هەموو وەزارەتخانەکانیان بەشی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دامەزراند، یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ئەو بەشە لێکدانەوەی شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێم بوو بە دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە شێوازێکی دڕندانەتر لە ڕژێمی پێشوو کە تیرۆری دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، دوکتۆر سادق شەرەفکندی و پترلە ٧٠٠ خەباتکاری کوردی سەربە ڕێکخراوە جیاوازەکان لێکەوتەوە، لەگەڵ یارمەتیدان و ڕەخنەکردن لە ناو ڕێکخراوە کوردستانیەکان لە بەشەکانی تری کوردستان، پەروەردە کردنی جاسوسی تایبەتی بۆ خۆتێخزاندن لە ریزی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، دانانی دەزگایەکی تایبەت بۆ خەوشدار کردنی مێژووی کورد بە کەڵکوەرگرتن لە جاشە قەڵەم بەدەستەکانی وەک قانعی فەرد و زۆری تر بە گشتی لەسەر ئامۆژگاریەکانی ئەو ناوەندە لێکۆڵینەوەیە دەکرێ. مەبەستی ڕژێم لەو کارەی ئەوەیە کە بە ڕادەی توانا ناکۆکی بخاتە ناو کوردەکان و ڕێگای پڕلە شانازی قارەمانەکان و دڵسۆزانی کورد لەبەر چاوی ئەو نەوە نوێیەی کورد بخات. بە وردبوونەوە لەو کتێبانەی کە بڵاویان دەکەنەوە، دەردەکەوێ کە ناوی نوسەرەکان تەنیا دیکۆڕە و کارەکە و بەرهەمە ناپیرۆزەکە، بە شێوەی هەرەوەزی دەکرێ. بەکورتی مەبەستیان بێهەستکردنی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە ئاست بزوتنەوەی نەتەوایەتی و شکاندنی کاریسمای سەرکردە دێرینەکان لە ناو ئەو گەنجانە و سازدانی شەڕی براکوژییە لە باشوری کوردستان بۆ لەناوبردنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان.)

## دوکتۆر گوڵموراد موورادی



دوکتۆر گوڵموراد مورادی ساڵی ۱۹٤۱ لە گوندی "تەپە کەچەڵ" لە ناوچەی زوهاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە ژین کردوەتەوە. لە قەسری شیرین شاگرد بەرگدرو بووە و دواتر بووەتە پلەداری سوپا. ساڵی ۱۹٦٤ بۆ بەشدارییکردن لە خولێک، لەلایەن سوپاوە ڕەوانەی ئەمریکا کراوە و دوای ساڵێک گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و ساڵی ۱۹٦۸ دەستی لە کارکردن لە سوپادا کێشاوەتەوە و ساڵی ۱۹٦۹ ئێرانی بەجێهێشتووە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە. خاوەن دوکتۆرایە لە زانستی سیایی و کۆمەڵناسی لە زانکۆی "هایدبۆرگ"ی ئەڵمانیا. ساڵی ۱۹۹۹ کتێبێکی دەربارەی پرۆفیسۆریی خۆی بڵاوکردوەتەوە. بە ساڵان لە زانکۆکانی هایدبۆرگ، هامبورگ و بریمەن مێژووی بزوتنەوەکانی کورد و زمانەکانی کوردیی و فارسیی بە وانە گوتووەتەوە. نزیکەی ٤۳ ساڵە لە شاری هایدبۆرگی ئەڵمانیا دەژی و لە ساڵی ۱۹۷۱وە تێکەڵاوی خەباتی خوێندکاریی و سیاسیی بووە و لە ساڵی ۱۹۸۸وە سەدان وتار و چەند کتێبی بە زمانەکانی ئەڵمانیی و فارسی و کوردی نوسیوە. یەکێکە لە چالاکانی مافی مرۆڤە و ساڵانە چەند جار لەلایەن ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان و لایەنگرانی مافی نەتەوە و ئایینە کەمایەتییەکانەوە بانگهێشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێت و بەشداریی کۆبوونەوەکانی ۱٦، ۱۷، ۱۸، ۱۹ ی مافی مرۆڤی کردوە و هاوکات وتەبێژی کۆمەڵگای فەرهەنگیی یارسان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بزوتنەوەی دیموکراتی یارسانە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: دوکتۆر نادر ئنتسار لە ئالابامای ئەمریکا، کتێبێکی بەناوی "سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا" بە زمانی ئینگلیزی نوسیوە و قانعی فەرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، بەڵام لە دەیان جێدا دەستی لەو کتێبە

داوە و ئەوی کردوە بە کتێبێکی دژبە نەتەوەی کوردو لە پاشکۆی کتێبەکەدا ژمارەیەک وێنەی بڵاوکردوەتە کە یەکێک لەوانە هی دوکتۆر قاسملوو و ئەویتریان هی دوکتۆر شەرەفکەندییە و نوسیوێتی گروپێکی نادیار ئەوانەی کوشتوە و ویستویەتی شەهیدیان لێ دروست بکات. تۆ لەم بارەیەوە چیدەڵێت؟

**وەڵام: (بە شەرەفی ئینسانی و بە ڕاستی و دروستی، ئەمن لە پێشدا ئەم پرسیارەم نەخوێندبووەوە کە نووسیوم: دەیانساڵی دیکە، نۆرەی خەراپ کردنی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی دێت. ئەگەر لە سەردەمانی زوودا ژیابایین، زۆر لە هاونیشتمانانی من پێیانوادەبوو کە ئەمن غەیبزانم و چاوم کراوەتەوە!! لە کاتێکدا ئەمن باوەڕم بە ئەفسانەی غەیبزانین نیە و خۆم پێ ئینسانێکی بچوکە و هەر دەبێ واش بێت بۆ کەسێکی کە تێدەکۆشێ پێش بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بگرێ و لە قاویان بدات.**

**بڕوانە سیاسەتی ئەمریکا و ئینگلیز لە سەردەمی شەڕی سارددا لەگەڵ ئەمڕۆ، زوی تا ئاسمان جیاوازە، بەڵام بەداخەوە دیسانیش کەسانێک هەن کە بەپێی باوەڕ بە شەڕی سارد، قەڵەم دەگێڕن و بەرژەوەندیی کاریی خۆیان و مامۆستایەتیان لە وڵاتی خۆیاندا پێ لە هەموو شت گرنگترە. تا ئێستا من شانازیی ناسینی ئاغای دوکتۆر نادری ئنتسارم نەبووە، تا ئێستاش بابەتێکم لێی نەخوێندۆتەوە، بەڵام گوێم لە وتووێژەکی لەگەڵ ڕادیۆ "کوردانە" بووە. وەڵامەکانی تا ڕادیەک سوکنایی بەخشن، بەڵام عیلمی نین. وێدەچێ مانای وشەگەلی سیاسی باش نەزانێ، یان لەسەر ڕادیۆ هەروا بە پەلە وەڵامیان داوەتەوە کە سەرنجی نەداوەتە ماناکەیان.**

**ئەمن لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە سەفەرەکەم بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەشداری لە نۆزدەهەمین کۆبوونەوەی مافی مرۆڤ نوسیم و لە زۆر ڕۆژنامانىدا بڵاو کراوەتەوە، ئامـاژەم بۆ تیرۆری دوکتۆر قاسملوو کردووە و قسەکانی سەرکۆماری ئۆتریشم بە نموونە هێناوەتەوە کە ددان بەوە دادێنێ کە نەدەبوو دەوڵەتی ئوتریش قاتڵەکانی دوکتۆر قاسملووی کە گرتبوونی، بەربدات. ئەمن ئاوام هێناوە: دوکتۆر قاسملوو تەنانەت حازر بوو لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەی کورد لەسەر مێزی وتووێژ دابنیشێ لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەی کوردەکان چارەسەر بکات، بەڵام**

ئەوان بە چەک و کوشتن وەڵامی ئەویان دایەوە. لە دیدارێکمدا لە ٧٥مین کۆنگرەی جیهانی ئەنجوومەنی قەڵەم لەگەڵ دوکتۆر" فیشێر" سەرکۆماری ئۆتریش هەمبوو، هەلم بە دەرفەت زانی و مەسەلەی تیرۆری دوکتۆر قاسملووم لەگەڵ هێنایە بەرباس. دوکتۆر فیشێر لە حوزوری پۆلێک ڕۆژنامەنووسدا گوتی کە دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش، هەڵەیەکی گەورەی کردوە کە قاتڵەکانی دوکتۆر قاسملووی ئازاد کردوە. ئەو بەڵێنیدا کە ئەو خاڵە گرینگەی وەبیر دەوڵەتی ئوتریش بێنێتەوەو دۆسییەی ئەو قەتڵە وەگەڕ بخەنەوە. بەداخەوە ماوەیەک لەو دیدارە تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا دۆسییەی قەتڵی دوکتۆر قاسملوو وەگەڕ نەخراوەتەوە.

دەڵێن مەسەلەکە هێندە ئاشکرایە کە خواجەی شیرازیش دەیزانێ. ئاغای قانعی فەرد بە هێنانە گۆڕی ئەو مەسەلەیە، ئەگەر تا ئێستا تۆزێک ئابڕوی بۆ مابێتەوە ئەویشی لەکیس چووە. ئەو دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کورت خەڵکی ساویلەکە هەڵخەڵەتێنێ، بەڵام نەک بۆ درێژخایەن. بەڵگەکانی دەوڵەتی ئوتریش و ئاڵمان نیشاندەدەن کە قاتڵەکانی دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان، مەئموری دەوڵەتی ئێران بوون. ئێستا ئەگەر چاوپۆشی لەو هەموو بەڵگانەش بکەین، ئەوەندە بەسە کە سەرنج بدەینە ددانپێداهێنانەکەی "سەعیدی ئیمامی". ئەو دەڵی: " لەسەر ئێعدامی کەسانی وەک شاپور بەختیار، عەبدولرەحمان قاسملوو، سادق شەرەفکەندی و دژبەرانی دیکە، کاری ئێمە لە وەزارەتی ئیتلاعات، بەڕێوەبردنی وەستایانە و خێرای ئەو حوکمانە بوو کە پێمان ڕادەگەیەندرا. "ئەو باسە لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی بیرەوەرییەکانی ئایەتوڵلا مونتەزیریدا بەتەواوی یەکدەگرێتەوە." ڕوی ئەو کەسە ڕەش بێت کە جگەلەوە، باوەڕ بە شتێکیتر دەکات.)

پرسیار: ئایا کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە نەتەوەی کورد، تا چ ڕادەیەک لەگەڵ جارنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و مافی مرۆڤ یەکدەگرێتەوە؟

وەڵام: (بڕوانە، ئێمە بۆ زۆر دوربکەوینەوە، دوژمنایەتی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کورد، دەکرێ لە بەکارهێنانی تاقە وشەیەکدا

ببینینەوە کە ئێمە لە سێبەری ڕژێمی شاشدا تاقیمان کردۆتەوە و لە سیتمی کۆماری ئیسلامییشدا زۆر سەیر نیە. وشەی ناکۆکی، "میللەتی ئێران" بۆ ئێرانێکی فرە نەتەوە. ئێوە قەت وشەی میللەتانی ئێران لە زمان سیاستمەدارێکی کۆماری ئیسلامیی نابیسن. کەوابوو سیاسەتمەدارانی کۆماری ئیسلامی هەرئەو کارە دەکەن کە ناسیۆنالیستە بێ ئاگایەکانی نیشتەجێی هەندەران دەیانەوێ. لە هەموو ئەوانەش کە تێپەڕین، کۆماری ئیسلامی کەمترین سەرنج بە یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ نادات. ئاغای سەرکۆماری ئیسلامی بە ڕوهەڵمالاوی دەڵێ: "ئێران ئازادترین وڵاتی دنیایە". هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەو ئاغایە، "ئاغایساڵحی" و بەرپرسی ستادی مافی مرۆڤی ئەو " ئاغای محەمەد جەوادی لاریجانی" بە ئاشکرا لە پشت سەکۆی وتاردانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان درۆ دەکەن و باس لە پارێزگاریی لە بوونی مافی مرۆڤ لە ئێران دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە "عەبدولفەتاح سوڵتانی" کە پارێزەرە، لەسەر پارێزگاریکردن لە تۆهمەت لێدراوێک، ١٨ ساڵیان زیندان بۆ بڕیوەتەوە. چەندین ساڵە" محەمەد سەدیقی کەبوودوەند" بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە زیندانەدایە و تەنانەت کوڕەکەشی ئیزنی دیتنی باوکی نیە. بۆخۆت لێکیدەوە، هیچکام لە نوێنەرانی پێشووی خەڵکی کوردستان کە لە دەورەی پێشوو، لە مەجلیس بوون، بۆ دەورەی دوایی ڕێیان پێنەدرا خۆیان بپاڵێون. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هیچکام لەوانە هیچ جورمێکیان لەسەر نیە و هەرکامیان لانیکەم بۆ ماوەی چوار ساڵ نوێنەری بەشێک لە خەڵکی کوردستان بوون. بەو پێیە کۆماری ئیسلامی سەرەتایترین مافی مرۆڤ کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕەچاو کردنی کارێکی سروشتییە، بەڕێوە نابا.)

---

١- ئاڵەکۆک، نوسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری، لاپەڕەکانی ٤٩- ٥٠، چاپی ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٢- کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی، نوسینی ژەنەراڵ حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢١٢، چاپی دووەم، هەولێر دەزگای وەرگێڕان ٢٠٠٧.

٣- بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی ٩ ی پارتی دیموکرات، مێژووی کۆنگرەکانی پارتی دیموکرات، ئامادەکردنی ڕەسوڵ ڕەزگەیی و هەروەها کتێبی خەباتنامە، نوسینی محەمەد مەلا قادر.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٦- هەمان سەرچاوە.

٧- وتووێژی تایبەت و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا، نوسینی حامید گەوهەری، لاپەڕی ٢٨٨، چاپی هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١١.

٨- لە بیرەوەرییەکانم، کەریم حیسامی، بەرگی سێیەم، لاپەڕەی ١٨٨، چاپی ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨.

٩- لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ئەمیر قازی، لاپەرەکانی ٢٠٨- ٢٠٩، ستۆکهۆڵم، گوڵانی ٢٠١٠.

١٠- وتووێژ لەگەڵ ئایجان بوزئەرسەلان، لە کۆتایی ئەم بەشەدا، درێژەی وتووێژەکە بخوێننەوە.

١١- وتووێژ لەگەڵ ئیسماعیل کامیل، لە کۆتایی ئەم بەشەدا، درێژەی وتووێژەکە بخوێننەوە.

١٢- وتووێژ لەگەڵ زەینەلعابدین زنار، لە کۆتایی ئەم بەشەدا درێژەی وتووێژەکە بخوێننەوە. هەروەها ژینەواری دەروێش سەعدۆ، زەینەلعابدین زنار، لاپەڕەی ١٥٨، بە زمانی کرمانجی سەروو.

١٣- چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم، بەرگی یەکەم، ڕەشید ئەحمەدی، لاپەڕەی ١٦٠- ١٦٢، کتێبفرۆشی ئەرزان، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٩.

١٤- وتووێژ لەگەڵ عەبدوڵا حەسەن زادە، لە بەشی بیروڕای ڕۆشنبیران، لە کتێبی تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد دا درێژەی وتووێژەکە بخوێننەوە.

١٥- بەڵگەنامەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٦- لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ئەمیر قازی، لاپەرەکانی ١٧٣- ١٧٤، ستۆکهۆڵم، گوڵانی ٢٠١٠.

١٧- مەسعود بارزانی، بارزانیی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورد، بەرگی ٣، شۆڕشی ئەیلول، لاپەڕەی ٣٦٢، بە زمانی عەربیی، ساڵی ٢٠٠٢.

١٨- وتووێژی ڕاستەوخۆ بە تەلەفۆن لەگەڵ پرۆفیسۆر نادر ئنتسار.

# کتێبی سێیەم

# بیرەوەریەکانم
## لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧ دا

نوسینی: زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی

وەرگێڕانی: عیرفان قانعی فەرد

## بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧ دا




لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەمدا بووم کە چاوم بەکتێبی "بیرەوەریەکانم - لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧"ی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی کەوت. لە سایەتە فارسییەکانی سەربە ڕژێمی ئێراندا خوێندمەوە عیرفان قانعی فەرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و بەناوی مێژووی سەردمی کوردستان و "شەڕی من دژی شەیتان" بڵاویکردۆتەوە. لەبەر ئەوە بڕیارمدا وەک سێیەم کتێب لەو زنجیرە کتێبانەی کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە زمانی فارسیی بڵاویکردۆتەوە، دەقەکەی بە کورتی بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەمەوە. من کتێبە وەرگێڕاوەکەم بە زمانی فارسی دەست نەکەوت، بەڵام کتێبە کوردییەکەم خوێندەوە. بێگومان مەبەستی کۆماری ئیسلامیی لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەش بەزمانی فارسی، وەک کتێبەکانی تر، شێواندنی مێژووی کورد، تێکدانی ڕیزی کورد، سوکایەتی کردن بە نەتەوەی کورد، سەرۆک مستەفا بارزانیی، پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانییە و دەیەوێ خەڵک لە پارتی دیموکرات و سەرۆکی کوردستان دوور بکاتەوە و پارتی دیموکرات لاواز بکات کە نەتوانێت بڕیار و پرۆژەکانی سەبارەت بە کورد و کوردستان جێبەجێ بکات! لەبەر ئەوە ئاماژە کردنم بەو کتێبە هەرچەندە بە کورتیش بێت، پێویستە.




زرار سلێمان بەگی دەرگەڵەیی ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی ماویلیان سەربە قەزای ڕەواندز لەدایکبووە. بە وتەی خۆی، بۆ ئەوەی کە بە سەرباز نەگیرێ، مێژووی لەدایکبوونەکەی کردوە بە ١٩٢٤. باوکی ٥- ٦ گوندی هەبووە و وەک هەموو کوڕە ئاغایەکی کوردستان سەردەمی منداڵیی و مێرمنداڵی بە تێروتەسەلی تێپەڕاندوە. ساڵی ١٩٤٣ بە سەرباز گیراوەو لە مانگی چواری ساڵی ١٩٤٦ لە سەربازیی ڕایکردوە و لەگەڵ ٤- ٥ کەسی تر لە عەشیرەتەکەیان چوەتە مهاباد و لەگەڵ سلێمان بەگی باوکی خزمەتی کۆماری کوردستانی کردوە. وەک خۆی دەڵێت: **"بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لەلایەن عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو مەشقی سەربازیی پێکراوە و بووەتە ئەفسەر لە کۆماری کوردستاندا"**، بەڵام لەگەڵ بارزانییەکان نەکەوتووە و بەهۆی بارزانی نەبوونی، ڕیزی خۆی لە بارزانییەکان جودا کردۆتەوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ئامادە نەبووە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و لەگەڵ باوکی تێکەڵی هێزەکانی بارزانی بووە و چوەتە سۆڤیەت. لە لاپەڕەی ١٤٩ی کتێبەکەیەوە بە وردی باس لە ڕەوە پڕلە شانازییەکەی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دەکات و ڕووداوەکان بە مێژوو بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە.

لەو ژمارە هاوڕێییانەی بارزانی کە بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە بۆ عێراق و لە ڕوباری گادەرەوە لەگەڵ بارزانی کەوتن و چوون بۆ سۆڤیت، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، ٣٨ کەسیان لە حاڵی ژیاندا بوون. بۆ ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێک کە بە بەردەوامی بۆ ناشیرین کردنی سیمای مەلا مستەفا بارزانی لەلایەن دوژمنانەوە بڵاودەکرێتەوە و هەندێک کەسیش بە مەبەستی سیاسیی، دووپاتی دەکەنەوە، چووم لە نزیکەوە ئەو ٣٨ کەسە و ژمارەیەکی زۆر لە خێزانو منداڵەکانی ئەو پێشڕەوانەم بینیو لەگەڵ هەموویان وتووێژم کرد.

هەر ٣٨ کەسیان لە زانکۆکانی سۆڤیەتی پێشوو، لە بەشی ئەندازیاریی نەوت، ڕێگاوبان، کشتوکاڵ، میکانیک و مێژوو، خاوەن شەهادەی بەرزن. یەکێک لەوانە خودی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەییە کە بەشی مێژووی خوێندوە و من ڕۆژی ٢٠١٢/٦/١٦ لە ماڵی خۆی لە سۆران سەردانیم کرد. ناوبراو سەربارەت بە ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆی لە مهابادو سۆڤیەت و گەڕانەوەیدا بۆ عێراق، گوتی:

**- (دوای پەڕینەوەی لە ئاراس، بۆ ماوەی نزیک بە مانگێک لەژێر چاودێریی پزیشکدا بووین و حکومەتی ئازەربایجان، بریندارەکانی کە ٦-٧ کەس بوون، گواستەوە بۆ نەخۆشخانە و مەلا مستەفاشیان لەگەڵ خۆیان برد. دوای ئەو مانگە، ئەسعەد خۆشەوی و ژمارەیەکیان برد بۆ لاچین کە ناوچەیەکی کوردنشین بوو. مەلا مستەفا، شێخ سلێمان، زیاد و سەعیدیان بردە شاری "شوشی" کە تێکەڵاوێک بوو لە کورد و تورک و ئێمەشیان گواستەوە بۆ "ئاخدەم" و لەویش ئێمەیان بەسەر گوندەکاندا بەشکرد. دواتر لەسەر داوای مەلا مستەفا ئێمەیان بردە باکۆ و بەرگی سەربازییان لەبەدر کردین. پیر و گەنجەکانیان لێک جودا کردەوە و بۆ ماوەی ٧-٨ مانگ مەشقی سەربازییان پێکردین. دواتر نێوانی مەلا مستەفا و کاربەدەستانی ئازەربایجان تێکچوو. سواری شەمەنەفەرێکیان کردین و ١٤ شەو و ڕۆژ لە ڕێگەدا بووین تا ئێمەیان بردە ئۆزبەکستان و لە تاشکەند دایاننناین و لەویش ماوەیەک ماینەوە و دواتر ناکۆکی پەیدا بوو. مەلا مستەفایان برد کە بە تەیارە بیبەن بۆ مۆسکۆ کەچی بردیانە دورترین شوێن و لە "قەرەقەرپاکستان"یان دانا کە شوێنێکی زۆر پیسە و حوکمی زاتی لەنێو کۆماری ئۆزبەکستان هەبوو، ئێمەشیان لەناو گوندەکاندا بڵاوکردەوە، من لە گوندی سەلخۆزی ژمارەی ٩ بووم. لەوێ ئیشم دەکرد و شەوانە دەمخوێند. دواتر چووم بۆ تاشکەند و بۆ ماوەی دوو ساڵ زمانی ڕوسیم خوێند و لە زانکۆ، بەشی مێژوو وەرگیرام. دیارە منیش وەک ئەو ژمارەیەی کە لە مۆسکۆ خوێندیان بۆ خوێندن لە مۆسکۆ دەرچووم، بەڵام بارزانی نەیهێشت، بچم لەوێ بخوێنم.)**

چەند پرسیاری ترم ئاراستەی کاک زرار کرد، بەڵام ئەو نەیویست وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، تەنیا ئەوەی درکاند کە لە بواری بیر و فکرەوە لەگەڵ بارزانی نەبووە و لە دەسەڵاتیشی ناڕازی بووە.

لە کتێبەکەیدا کە ٤٤ ساڵ بە دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣، بە یارمەتی جەلال دەباغ لە چاپخانەی ڕەهەند لە سلێمانی بڵاویکردۆتەوە، دژایەتی خۆی لەگەڵ بارزانی ئاشکرا دەکات و لە لاپەڕەی ١٩٤- ١٩٥ی بیرەوەرییەکانی و لە بەشی دەنگی شادی و پەرۆشی دا دەنوسێت:

**- (لە پرێکا دەنگ و باسێک ڕاگەیەندرا کەوا بڕیارێکی زۆر گرنگ لە سەرکردایەتی سۆڤیەت دەرکراوە. بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت و حیزبی کۆمونیست و ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤیەت بە دانانی ئەنجومەنێک بۆ کوردە پەنابەرەکان لە شێوی حکومەتێکی کاتی لە دەرەوەی کوردستان. بڕیاری ناوبراو بوو بە مایەی خۆشی و شادی هەموومان، بێگومان ئەو بڕیارە ئاوات و مەڕامی گشت کوردێکی شۆڕشگێڕ و ماندووی ڕێگای ئازادی بوو، ئەو هەواڵە هەواڵێکی بەرز بوو بە ئێمە گەیشت، بۆمان هەبوو بە سەربەرزیەوە بڵێین ماندووبوون و خەباتمان بەلاش نەڕۆیشتوە و بە ئاوات گەیشتین، بەڵام ئەوە جێگای نیگەرانیەکی زۆر و پەرۆشی بوو، ئەو هەواڵە بەرز و بە نرخە زوو بێدەنگ کرا و بە تەواوی نەگەیشتە گوێی جەماوەرە ئاوات خوازەکەمان، دەنگەکە کپ کرا و بێ دەنگ بوو!!**

**ئەوەی زاندرا سەرکۆماری ئازەربایجان "باقیرۆف" بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە مەلا مستەفا و شێخ سلێمانی برازای بانگی لای خۆی کردبوون، لە زار گۆتەی شێخ سلێمان باقیرۆف پێشوازیەکی زۆر گەورەی لێ کردبوون، لە دواییدا پێی گوتبون "مژدەیەکی زۆر گەورەم پێیە بۆ گەلی کورد لە ڕیگای ئێوەوە پیرۆزبایی سەرکردایەتی سۆڤیەتتان پێ ڕادەگەیەنم و بەناوی خۆم و گەلی ئازەربایجانیش پیرۆزبایی لە گەلی کوردی برامان دەکەین." لە دوای ڕاگەیاندنی بڕیارەکە باقیرۆف گوتبوی "جەنابی مەلا مستەفا ئەوا حەسەنۆف ڕاسپاردراوە هەموو پێویستیەکانتان بۆ ڕێک بخات." شێخ سلێمان گوتی "لەکاتێکا دەرکەوتین**

حەسەنۆف و سەرۆک وەزیرانی ئازەیجان لەگەڵمان دەردەکەوتن داوای لە مەلا مستەفا کرد لیستی ئەوانەی لەو ئەنجومەنە بەشداردەبن ئامادە بکات بۆ ڕۆژی یەکەمین کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەن." لە گەڕانەوەماندا مەلا مستەفا لەگەڵ میرحاج خەریکی ڕێکخستنی لیستەکە بوون ئەوانەی بەشداری لە ئەنجومەن دەکەن. ئەوەی زاندرا میرحاج




بەپێی ڕێنمایەکانی مەلا مستەفا لیستەکەی ڕێکخست و شوێنی هەریەکەی لە ئەندامانی ئەنجومەنی دیار و ئامادە کردبوو، مەلا مستەفا چۆنی دانابوون ئەویش ئەوهای ڕێکخستبوون. وەک لە دوایی بەدیار کەوت پێشنیارەکانی سەرکۆمار لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی بە میرحاج نەگوتبوون پێش ڕێکخستنی لیستەکە، بۆ هەمان مەبەست میرحاج ڕاپۆرتێکی سیاسیشی ئامادە کردبوو بۆ ڕۆژی دیاریکراو، ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩ دیاری کرابوو بۆ بەستنی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی ئەنجومەنی کاتی بۆ کوردە پەنابەرەکان لە دەرەوەی کوردستان.....)

لە درێژەی نوسینەکەیدا زرار سلێمان بەگ دەڵێت: (ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩ لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا بۆ دامەزراندنی ئەنجومەن بۆ کوردە ئاوارەکان، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەنجومەنە مەلا مستەفا وەک سەرۆک، شێخ سلێمان بارزانی یاریدەدەر، میرحاج ئاکرەیی، عەلی محەمەد سەدیق بارزانی، سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، محەمەد نەجیب بەرواری، عەبدولرەحمان موفتی ئامێدی، سەید عەزیز شەمزینی، ڕەحیم قازی سابلاغی و عەلی گەلاوێژ سابلاغی دیاری کرابوون. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک کەسایەتی پایەبەرزی حکومەتی ئازەربایجانی ئێران و هەندێ لە فەرماندە پایەبەرزەکانی قەفقاز ئامادە بوون. دوای

**دەستنیشانکردنی ئەنجومەنەکە حەسەنۆف سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان پیرۆزبایی لێکردن و بەناوی سەرۆکۆماریش پیرۆزبایی ئاراستەی مەلا مستەفا و ئەنجومەنە دەستنیشانکراوەکە کرد. لە دواییدا لەگەڵ مەلا مستەفا کەوتە قسەکردن و پێی گوت: "جەناب، ئەگەر چی ئێمە دەست ناخەینە نێو ئیشوکارەکانتان، بەڵام تێبینیم ئەوەیە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی سەرۆک کۆمار لەو لیستەی کە خوێندرایەوە، ڕەنگی نەداوەتەوە.")**

مەبەستی زرار سلێمان بەگ لەو نوسینەی ئەوەیە کە گوایە یەکێتی سۆڤیەت و باقرۆف ویستویانە ئەنجومەنێک لە شکڵی حکومەتێکی کوردی لە تاراوگەدا بۆ کوردە ئاوارەکانی عێراق و ئێران دانێن و ئەندامانی ئەنجومەنەکەشیان دەستنیشان کردوە، بەڵام چونکە بارزانی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی باقرۆڤی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەنجومەنەکە پێکنەهاتووە و لە ئاکامدا باقرۆف تورە بووە و بارزانییە پەناخوازەکانی دورخستۆتەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست.

ئەوە یەکێک لە خاڵەکانی دژایەتی کردنی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەییە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانییە کە دەزگای هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی قۆستویەتەوەو دژی بارزانی بەکاریهێناوە. کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە زرار سلێمان بەگی تەمەن ٢٠- ٢١ ساڵە لەلایەن چەند کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ خوێندن ڕەوانەی ئازەربایجان کرابوون، بەرەو بیری چەپ و سیستمی سیاسیی سۆڤیەت و لایەنگریی لە باقرۆڤ دەچێت و لە بارزانییەکان دوور دەکەوێتەوە. بێئاگا لەوەی کە باقرۆڤ داوی بۆ کوردە ئاوارەکانی عێراق داناوەو دەیەوێ بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی و ئەگەر بکرێ بۆ ئاژاوەنانەوە لە ئێران کەڵکیان لێوەربگرێت، ئەگەرنا کام حکومەتی کاتی کوردیی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتدا بۆ کوردان؟

ئایا ئەو بۆچوونەی مامۆستا زرار لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ دەخوێنێتەوە کە مۆسکۆ حکومەتێکی کاتی لەنێو خاکی خۆیدا لە کۆماری ئازەربایجان بۆ

کوردەکـــانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـــاوای کوردســـتان دامەزرێنێـــت؟، بەڵام بەو هۆیەوە کە بـارزانی ئامۆژگارییەکـانی بـاقرۆفی لەبەرچـاو نەگرتـووە، لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە؟

ئەگەر مـرۆڤ هەنـدێک بە وردی بـڕوانێتە مێـژووی یەکێتـی سـۆڤیەت، ناڕاست بـوونی ئەو بۆچـوونەی بـۆ دەرکەوێت. چـونکە پێشـتر لـە سـەردەمی لێنـین دا، کـورد لـە نـاوچەی "لاچـین" ئوتۆنـۆمی هەبـوو، بەڵام سـتالین و ڕێبەرانـی سـۆڤیەت، خودموختـاریی کوردەکانیـان هەڵوەشـاندەوە. ئەگەر ڕێبەرانی سۆڤیەت و بـاقرۆف دڵیـان بـۆ کـوردی دەرەوەی سۆڤیەت دەسوتا، بـۆچی لـە دەرەوەی خـاکی سـۆڤیەت و لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ئامـادەی قەبووڵکردنـی کۆماری کوردستان نەبوون؟

بۆچی باقرۆف دەیویست ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە سەر ئازەربایجـانی ڕۆژهەڵات لە ئێران دا؟

بـــۆچی بەزەییـــان بە ژن و منـــاڵی کوردەکـــانی لێـــواری دەریـــای ڕەش و نـاوچەی "قـرم" لـە وڵاتـی خۆیانـدا نەهـات و بە دوای کۆتاییهـاتنی جەنگـی دووەم، سـەرەڕای بەشـدارییکردنی بـاوک، بـرا و مێردەکانیـان لـە جەنگـی دووەم و دانی هەزاران شـەهید، ئەوانیـان لـە وڵاتـی خۆیـان دورخسـتەوە بـۆ قەزاقستان و ئۆزبەکستان؟

مەگەر ئەو خانمە کوردانەی کە مێردیان بە بارزانییەکان کرد و ئێستاش پترلە ٤٠ کەسیان لە ژیاندان و لە کوردستان دەژین، لە کوردە دوورخراوە ئاوارەکانی سۆڤیەت نەبوون کە مێردیان بە بارزانییە ئاوارەکـان کـرد؟ خـۆ کـــاک زرار خـــۆی یەکـــێکە لەو کەســـانەی کە لەوێ هاوســـەرگیریی کـــرد، ئاگـاداری ئەو ڕووداوەیە، دەکـرێ بڵـێ هاوسـەرەکەی کـێ بـوو و لـە کوێـوە هاتبوو؟

ئەی ئەگەر باقرۆف و ستالین ڕاستیان دەکرد، بۆچی ئەنجومەنێکی لەو چەشـــنەیان بـــۆ ئـــازەرییە ئاوارەکـــانی ئازەربایجـــانی باشـــور واتە ئازەربایجـانی ئێـران دروسـت نەدەکـرد کە ژمارەیـان چەنـد قـاتی کـوردە ئاوارەکان بوو و دوای هەرەسهێنانی حکوومەتی ئازەربایجان ڕایـانکردبووە لای برا ئازەرییەکانیان لە ئازەربایجانی باشور؟ و بۆچی باقرۆف کەسێکی زاناو نیشتمانپەروەریی وەک پیشەوەری سەرۆکی ئەو ئازەرییانەی کوشت؟

بەهەر حال، ئەو ئەنجومەنەی کە مامۆستا زرار سلێمان بەگ ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: **(چونکە بارزانی رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی باقرۆڤی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەنجومەنەکە پێکنەهات)**، بەبێ ئاگاداریی بارزانییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٧، لەلایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کوردە ئاوارەکانی رۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە باکۆ پێکهاتبوو.

بەرلە رۆژی ١٩٤٨/١/١٩، ئەنجومەن بەبێ بەشدارییکردنی بارزانییەکان دوو کۆبوونەوەی پێکهێنابوو. ئەوە کۆبوونەوەی سێیەمی ئەنجومەن بوو کە رۆژی ١٩٤٨/١/١٩بە فەرمانی باقرۆڤ پێکهات و هەموو کوردەکانی باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ئازەربایجان بە روس و ئازەریی و کوردەوە بە بڕیار بەشداریان تێیداکرد.

مەبەست لەو کۆبوونەوەیە باسکردن بوو لە راگەیاندنی ئەرک و بەرپرسەکانی. لەو کۆبوونەوەیەدا بەپێچەوانەی نوسینی کاک زرار، مەلا مستەفا وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد، بەڵام لە وتارەکەیدا بە زانیاری لە پلانی باقرۆڤ و ستالین، هیچ ئاماژەیەکی بەو ئەنجومەنە نەکرد و بەپێچەوانەوە، پەنجەی بۆ مێژووی کورد و پرۆگرامی دوارۆژی خۆی و پارتی دیموکراتی کورد راکێشا.

پارتی ئازادیی کوردستان پێشتر لە مانگی فیبرواری ساڵی ١٩٤٦دا لە شاری شنۆ بەرنامەی بۆ پارتی دیموکراتی کورد دانابوو و ئەو پارتە کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٦ کۆنگرەی دامەزرێنەری خۆی لە بەغدا پێکهێنابوو. بارزانی بە خوێندنەوەی ئەو وتارەی، لەلایەک بە نەتەوەی کوردی دانیشتووی باشوری کوردستانی راگەیاند کە لە دەوری پارتی دیموکراتی کورد کۆبنەوە و لەلایەکی تردا بە باقرۆڤ و کلکەکانی گوت: **"دەست لە پیلانگێڕان بەدژی نەتەوەی کورد هەڵگرن!"**

باقرۆڤ دەیویست بە پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە سەرەڕای کۆنترۆڵ کردنی کوردە ئاوارەکان، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کردنی کوردەکانی باشوری کوردستان لە چنگ مەلا مستەفا دەربهێنێت و گروپێک لە کوردی رۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە ئەنجومەنەکەدا کاروباری کوردە ئاوارەکان لە ئەستۆ بگرن و بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی

خۆیان. مەبەست لەو کوردانە بوو کە پێشتر لە کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن ڕەوانەی ئازەربایجان کرابوون، لەگەڵ چەند کوردێکی تر کە دوای هەرەسهێنانی کۆمار خۆیان گەیاندبووە باکۆ.

ئەوە یەکەم هەنگاوی باقرۆڤ بوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی و زانیاریی پەیداکردنی زیاتر لێیان. هەروەها بۆ بە پلانکردنی سیاسەتەکانی سۆڤیەت و کۆماری ئازەربایجان لەناو بارزانییەکاندا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن چەند ئەندام لە دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنەکەدا کە هەم لەبواری زمان و هەم لەبواری دەسەلات و هەم لە بواری شارەزابوون لە یاساکانی سۆڤیەت لە بارزانییەکانیان پتر دەزانی. ئەوە بوو کە بارزانی بە زانیارییەوە تەنانەت لە یەک وشەدا ئاماژەی بەو ئەنجومەنە کارتۆنییە نەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کوردانی باکۆ ناسێنران کە بریتی بوون لەو چواردە کەسانەی خوارەوە و مستەفا بارزانییان بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە دانابوو:

١- مستەفا بارزانی سەرۆک
٢- شێخ سلێمان بارزانی
٣- عەلی محەمەد سدیق
٤- میرحاج ئەحمەد تاهر ئاکرەیی
٥- سلێمان بەگ دەرگەڵەیی
٦- عەبدولڕەحمان موفتی ئامێدی
٧- محەمەد نەجیب بەرواری
٨- ڕەحیم سەیفی قازی
٩- سەید عەزیز شەمزینی
١٠- مستەفا شەڵماشی
١١- حەسەن حیسامی
١٢- ڕەحمان گەرمیانی
١٣- سەید کەریم
١٤- موراد ڕەزمئاوەر

بەگـــوێرەی بڕیـــاری ئەو کۆبـــوونەیە دەبـــووایە ڕۆژانە بەشـــێک لە پرۆگرامەکانی ڕادیۆ باکۆ بۆ کوردەکان تەرخان بکرێت و ڕۆژنامەیەکی کوردییش بڵاوبکرێتەوە. دامەزراندنی ئەنجومەنی کورده ئاوارەکان لە باکۆ هەرچەندە بە نییەتێکی پاک دانەمەزرابوو، بەڵام کاربەدەستانی ئێرانی تووڕە کرد و بە توندی دژی ڕاوەستان.

ئەنجومەن هەرلە سەرەتای پرۆسەی کارکردنیدا توشی کێشە بوو، بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی بە دەنەدانی دەزگا ئەمنییەکانی ئازەربایجان و باقرۆڤ، کێشەکەیان مەزن کردەوە و چونکە نەیانتوانی کار لەسەر مستەفا بارزانی بکەن و بۆ حکومەت و باقرۆڤ بەکاری بهێنن، لە کارکردن لە ئەنجومەندا سارد بوونەوە و خۆیان پروپاگەندیان بە دژی کرد.

ژەنەراڵ بارزانی سەرکردەیەکی وردبین بوو، لە فێڵەکانی باقرۆڤ دەگەیشت و زانیاریی لەسەر ئەوەش هەبوو کە چۆن پیشەوەری سکرتێری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی باشوری کە هاوخوێنی خۆی بوو، بەو تاوانەوە کە ئامادە نەبوو چیتر فریوی باقرۆڤ بخوات، لە مانگی یونی ١٩٤٧، لە جادەیەکی ناوچەی ساوخۆزی "٢٨ ی ئاپریل" کوشتبوو.(١) لەبەر ئەوە پێویست بوو بارزانی بە هوشیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونەکانی باقرۆڤ بکات.

کاتێک باقرۆڤ تێگەیشت ناتوانێ دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی بەسەر بارزانیدا بسەپێنێ و بارزانی ناچێتە ژێر فەرمانی، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست و بارزانی و هەڤاڵانی وەبەر دڵڕەقی دا و ئیزنی پێنەدان کە حاڵ و وەزعی خۆیان بە ڕێکخراوە جیهانیەکان بگەیەنن و لە دیدارێکیدا هەڕەشەی لە بارزانی کرد کە باشتر وایە پێشنیازەکانی قبوڵ بکات ئەگەرنا لە پاشەڕۆژدا بەرپرسیار دەبێ. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٣٦ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨" دا، بارزانی لە وەڵامی باقرۆڤدا دەڵێت:

**- (هاوڕێ باقرۆڤ ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووینە ئێرە کە تۆ هەڕەشەمان لێ بکەی، ئەگەر ئێمە لە هەڕەشە بترسایەین تۆ منت لێرە نەدەدی. ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە یەکێتی سۆڤیەت کە دەنگی گەلی زوڵم لێکراوی**

**كوردستان بە گەلانی سۆڤیەت ڕابگەیەنین، دەمانەوێ پیاوەتی و سەربەرزیی خۆمان بپارێزین. تكات لێدەكەم ئەوەش بزانە، ئێمە گەلێكین سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین و بە هیچ بارێ نابین بە پاشكۆی هیچ گەلێك، با دۆست و براشمان بێ وەكوو گەلی ئازەربایجان، بەڵام هیچی لە ئێمە زیاتر نەبێ. ئێمە گەلێكی سەربەخۆین و پارچەیەك لە ئازەربایجان نیین و ناشمانەوێ كەسایەتیی گەلەكەمان بێتە پێشێلكردن.)**

ئەو چاوپێكەوتنەی نێوان بارزانی و باقرۆڤ و ئەو دمەقاڵە توندەی نێوانیان، كێشەی بۆ بارزانی و هەڤاڵانی دروستكرد و ئەنجومەنی كوردەكانیشی بەتەواوی لەناو برد. چونكە چەند لەو كەسە لەرزۆكە گوێ لەمستانە لە ئەنجومەنی كوردەكان كشانەوە و ئەنجومەنەكەیان هەڵوەشاند.(٢) بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز، سەرنج بدەنە دەقی وتارەكەی بارزانی كە لە كۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩دا پێشكەشی كرد:

## وتاری بارزانی لە سێیەم كۆبوونەوەی ئەنجومەنی كوردەكانی ئێران و عێراق لە باكۆ ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩

پێشەكی بە مناسەبەتی ئەوەی كە ئەمڕۆ ئێمە لێرەدا بە ناوی میللەتی كورد كۆبووینەوەو سییەمین جەلەسەی خۆمان دەكەینەوە، من پێشی هەموو شتێك تەبریكی ئێوە و میللەتی موبارزی خۆمان دەكەم.

ئێمە لەو حەرەكاتی پارتیزانییەی كە لە ئێران و عێراق و توركیا كردمان میللەتی كورد شعوور و حسیبات و ئیخلاسی نهێنی خۆی بە ئاشكرا نیشان داین كە ئەویش لەو وەختانەی كە دێهاتی و ڕەئیسە وەتەن پەروەرەكانی كورد بە ڕوحێكی زۆر پڕ ئیخلاس و برایەتی و سەمیمییەت پێشوازییان لێ كردینو بەڕێیان دەخستین، لە فرمێسكی ژنو منداڵی كورد لە وەختی بەڕێ كەوتنماندا زۆر بەئاشكرا ئیخلاسو مەحەبەتی كورد بۆمان مەعلوم دەبوو. لە هەموو ئەو ڕێگە سەخت و ناخۆشی چیاكانمان كە پێیدا تێدەپەڕین، میللەتی كورد بەبێ ئەوەی ئەهمییەتێك بداتە ترس و زوڵم و جنایەتی دوژمن، بە هەزاران دێهاتیو ڕەئیسو گەورەی وەتەنپەروەر خۆیانو ماڵ و منداڵیان لەگەڵ ئەرزاق و نان و جلوبەرگێ كە بۆیان مومكن دەبوو، بۆیان

دەهێناین و لە ئەترافی ئەو ڕێگە سەختانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبووین پێشوازییان لێ دەکردین و لەپاش ئەوەی سەلامی میللەتی کوردیان پێ دەگەیاندین‌و نان‌و ئەرزاق‌و جلوبەرگیان تەسلیم دەکرین‌و بەدەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد: (بە سلامەتی بڕۆن، ئێوە بەخودا دەسپێرین، موەفەقیەتی ئێوەمان دەوێت، لە وەختێکی زۆرنزیکدا بۆ ڕزگاریمان چاوەڕێتان دەکەین.)

براکانم ئەوەیە قسە و ئیخلاس و شعووری نهێنی کە میللەتی کورد بەرامبەر بە ئێمە هەیەتی. ئەو تەجرەبانەی کە لە موبارەزەکانماندا بەدەست کەوتووە بەئاشکرا نیشانی داین کە لە پشتمان میللەتی قارەمانی کورد هەیە کە ساحێبی ئیرادەیەکی پۆڵاییو ڕوحی موبارەزەو مفکورییەکی ئازادە. میللەتی کورد بۆ قوتاربوونی خۆی لەژێر زوڵم‌و ئیستبدادی ئیرتجاع و زنجیری ئەسارەت و حەپسخانە، وەکو هێزی ڕزگاری تەماشای ئێمە و حزبی ئێمە دەکات و ڕزگارکردنی خۆی لە ئێمە تەڵەب و چاوەڕێ دەکات. ئەگەر لەلایەن حزبی دیموکراتی ئێمەوە موبارەزەکەمان بەچاکی و مفکوری تازەوە تەنزیم و تەوجی بکرێ، هیچ شوبهەی تێدا نییە کە هیچ هێزێکی ئیرتجاعی ناتوانێ ئێمە مەغلووب بکا و لەگەڵ هەر زەحمەتێک ئێمە حەتمەن بە ئاواتی ئازادیی خۆمان دەگەین.

براکانم لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی دوژمنەکانمان کە هەمیشە لە کوردستان خەریکی کوژاندنەوەی گڕی موبارەزە و ڕوحی ئازادین، دیسان دەبینین کە لە قەلبی هەموو کوردێکدا موقابل بە دوژمنە زام و خوێن مژەکانمان، گڕی موبارەزە و ڕوحی ئازادی ڕۆژبەڕۆژ توندتر و بەهێزتر دەبێت و بە گوێرەی قانوونی ئینشکافی تەبیعەت، موبارەزەی ئێستامان کە ئیلهام لە مفکورێکی تازە وەردەگرێ، میللەتی کورد بە ئازادی حەقیقی دەگەیەنێت.

برا موباریزەکانمان ئیعتمادی خۆیان دایە ئێمە و ئێمەیان بۆ کۆمیتەی مەرکەزیی حزبی دیموکرات هەڵبژارد کە بەوەش موقەدەراتی خۆیان بە ئێمە ڕاسپارد. لە پاش ئەو موبارەزە دوور و درێژەمان، ئەو ئیعتمادەمان لە میللەتی خۆمان قازانج کرد کە زۆر بە ئیفتخارەوە دەتوانم بڵێم ئەو ئیعتیمادە مونتەهای خۆشبەختی‌و سەعادەتمانەو ڕوحی موبارەزەی ئێمەی سەدقات زیاتر بڵند کردوە. ئێمە و ئەو ڕەفیقانەی کە ئێمەیان هەڵبژاردوە بە تەجرەبە ئیسپاتمان کردوە کە ئێمە عەناسری هەرە پێشکەوتوو و

ئینقلابچی میللەتی کورد تەشکیل دەدەین و دیفاع لە مەنافعی کورد دەکەین. ئەو ڕەفیقانەمان کە عەناسری هەرە پێشکەوتوو و خوێندەوار و دێهاتیو ڕەئیس و گەورەی وەتەنپەروەری ئینقلابچیی کورد تەشکیل دەدەن لە ساڵی ١٩١٣ەوە هەتاکو ئێستا بە موبارەزە و نەبەزیی خۆیان و قوربانیدانی چەند کەسێک لە برا و کەسوکاریان و فیداکارییان، ئیحترام و تەئید و مەحەبەت و ئیخلاس و سەمیمییەتی میللەتی کوردیان قازانج کردوە و میللەتی کورد زۆر بەسەمیمییەت باوەڕیان پێ دەکا. ئەوان لە زۆر حەرەکاتی ئازادیی کوردستاندا فیعلی ئیشتراکیان کردووەو ئەوان یادگاری تاریخی میللەتی کوردن کە بە حەقیقەت تەمسیلی میللەتی کورد دەکەن.

ئەم کۆمیتەیەی ئێمەش کە هەر لەوان دروست کراوە بە حەقیقەت نمایندەی میللەتی کوردن و دەتوانن لە هەموو خسووسێکدا ڕەهبەریی میللەتی کورد بکەن. کەوابێ ئەو واجبە کە لەسەر شانی ئێمەیە هەتا بڵێین ئەهەمییەتێکی تاریخی هەیە و زەحمەت و مەشەقەتی زۆرمان لەپێشە، لەبەر ئەوە واجبی ئێمە لەوە عیبارەتە، بە ئیمانێکی سادق و بە دڵێکی ساف و هێزێکی پڕلە عەزم و ئیرادە ئەم مبارەزە زەحمەت و قەتعییەمان ببەینە سەر. بە فەعالییەتی کۆمیتەی ئێمەوە، مەسیر و مقەدەراتی یازدە ملیۆن کورد حەل دەبێ کە ئێستا زۆر بە ئومێدەوە چاوەڕێی ئەعمالی ئێمە دەکەن.

براکانم من زۆر ئومێد دەکەم کە هەر یەکێک لە ئێمە هەموو هێز و قوەت و فەعالییەتی خۆی، دەستی برایەتی و ئیخلاس و سەداقەت بدەینە دەست یەک و بەبێ ڕاوەستان و ماندووبوون شەو و ڕۆژ لە پێناوی گەیشتنی ئامانجی ئازادیی خۆمان و سەرکەوتنی دیموکراسی موبارەزە بکەین.

بۆ هەمووتان ئاشکرایە کە لە تاریخی شەرقدا، لە ٣٠٠٠ ساڵ پێش میلادەوە حاکمیەتو مەدەنیەتی میللەتی کورد دەست پێدەکات، هەرچەندە دوژمنەکانمان ویستوویانە مەدنییەتی کورد ئینکار بکەن، بەڵام نەیانتوانیەوە ئەوە ئینکار بکەن کە کورد لە جەمعییەتی زاگرۆس بە ناوی میللەتی کاردۆ وەیا کوردۆ هەبوو کە لە قسمێکی ئێران و ئەنادۆڵی شەرقی بە ناوی "ماد" و یا "ئامادا" دەوڵەتێکی زۆر گەورە و بە هەیبەتی دروست کردبوو کە لە عەسری هەشتی پێش میلادەوە هەتاکو عەسری چواری پێش

میلاد دەوامی کردووە و قسمەتی زۆری مەدەنییەتی کۆنی تاریخی ئێرانی دامەزراندووە.

کە فتووحاتی ئیسلام دەستی پێ کرد هەروەکو میللەتی شەرق کە هەموویان کەوتنە ژێر حوکمی ئیسلام، هەروەها میللەتی کوردیش تێکەڵی ئیمپراتۆریەتی ئیسلام بوو و میللەتی کورد لە مەدەنییەت و حاکمیەتی ئیسلامدا دەوری هەرە موهیمی دیاری کرد کە قارەمانی مەشهوری کورد سەلاحەدینی ئەیوبی لە ناوەڕاستی عەسری دوازدەیەمدا شاهدی قسەکەمانە، ئەو قارەمانییەی بێ نەزیر و هەمتا کە سەلاحەدین لە محارەکانی سەلیبدا پێشانی دابوو بۆ هەموو دنیا ئاشکرایە. کە ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیش زەعیف بوو، لە تازەکیەوە نەهزەتی میللەتانی شەرق دەستی پێ کرد و لەپێش هەموو ئەو میللەتانەی دەستیان بە موبارەزە کرد و حاکمیەتی خۆیان دامەزراند، میللەتی کورد بوو کە لە زۆر تاریخی موختەلیفدا حکومەتانی ئازاد و موستەقیلی خۆی دامەزراند و ئەم دەوڵەتانەی کە لە خوارەوە ناویان دەبەین قسمێکن لەو دەوڵەتانە:

١- لە عەسری هەژدەیەمدا لە کوردستانی ئێراندا دەوڵەتی کەریم خانی زەند دامەزرا.

٢- لە ساڵی ١٧٩٠دا لە عێراق دەوڵەتی بابان دامەزرا.

٣- لە ساڵی ١٨١٢دا لە تورکیا دەولەتی ئەمیر بەرخان دامەزرا.

٤- لە ساڵی ١٨٢٦دا لە عێراق میری ڕەواندز و خانزاد حاکمییەتی خۆیان دامەزراند.

٥- لە ساڵی ١٨٨٠دا لە عێراق حاکمییەتی بارزانو لە تورکیا حاکمییەتی شەمزینان بە ناوی خودموختاری دامەزران.

ئەمانە هەر هەندێ میسالن کە بۆ ئێمە و بۆ خەڵقی دنیا ئاشکرا دەکا کە میللەتی کورد لە هەموو مەناسەبەتێکدا نەفرەت و غەزەبی خۆی بەرعەلەیهی دوژمنە داگیرکەرەکان نیشان داوە و سەری بۆ ئەوان نەچەماندوە، هەمیشە ئیفتخاری بە میللییەت و زوبان و عادەتی خۆی کردووە و لە پێناوی ئازادیی خۆیدا گوێی نەداوەتە قوربانیدانی هەزاران کوڕانی قارەمانی خۆی. هەر ئەوەیە کە میللەتی کورد زۆرجار لە موقابل هێرشی بەهێزی دوژمنەکانی و لە وەختی تەنگانەی موبارەزەدا ژیانی بە

ئازادیی سەر چیا بەرزەکانی خۆی تەفزیلی سەر ژیانی پڕ نیعمەتی شار و دەشتانی کردووە و پەنای بۆ چیا بەرزەکانی خۆی بردووە.

بۆ ئەوەی هێشتا بۆتان ئاشکرا بکەم، حەز دەکەم کەمێک لە موبارەزەکانی کورد کە لە عەسری ئێمەدا رووی داوە بۆتان باس بکەم کە ئەم موبارەزەیەشمان ئیلهام و ڕووناکیی لەو موبارەزانەی پێشووی کورد وەردەگرێ و موبارەزەی قەتعیی خۆی دەوام پێ دەدات.

١- ڕهبەری خۆشەویست و قارەمانی میللەتی کورد شێخ عوبێدوڵڵای شەمزینی کە لە ساڵی ١٨٨٠دا لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی عوسمانلی دەستی بە موبارەزە کرد لە مودەتێکی کەمدا گڕی موبارەزە هەموو شەرقی ئەنادۆڵ و قسمێکی زۆر گەورەی ئێرانی داگیر کرد. لە وەختی شەڕ و موبارەزەدا کە شێخ عوبێدوڵڵای شەمزینی ئەسیر کرا بۆ عەرەبستان و حیجاز تەبعید کرا و لە ساڵی ١٨٩٣دا لە تەبعید وەفاتی کرد.

٢- ڕەهبەر و قارەمانی دووەم و خۆشەویستی میللەتی کورد شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو کە لە ساڵی ١٩١٤دا بۆ ئەوەی کوردستان لە زوڵم و فشاری دەوڵەتی عوسمانلی ڕزگار بکا دەستی بە موبارەزە کرد، لەپاش ئەوەی کە ئەم موبارەزەیە ساڵێکی تەواو دەوامی کرد، بە حیلە و دەسیسەی جنایەتکاران، شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ئێراندا ئەسیر کرا و نێردرایە مووسڵ و لە ساڵی ١٩١٥دا لە مووسڵ ئیعدام کرا.

٣- لە ساڵی ١٩٢٤دا بەرعەلەیهی زوڵم و فشاری دیکتاتۆرییەتی تورکیا، ڕەهبەر و قارەمانی خۆشەویستی کورد شێخ عەبدولقادر شەمزینی دەستی بە گەورەترین موبارەزەی خوێناوی کرد. لە مودەتێکی زۆر کەمدا گڕی ئەم موبارەزە خوێناوییە هەموو شەرقی ئەنادۆڵی گرتەوەو هەتاکو ساڵی ١٩٣٠ گڕی موبارەزە نەکوژایەوە. میللەتی کورد لەم موبارەزە گەورە و بە هەیبەت و خوێناوییەدا کە شەش ساڵ دەوامی کرد لەنیو ملیۆن زیاتر کوڕانی قارەمانی هەرە بەقیمەتی خۆی قوربانی دا. قارەمانو کوڕی مەردی کورد شێخ سەعید خەنسی لە مەنتیقەی دەرسیمدا فیداکاریی بێ نەزیری کرد و بەم جۆرە لەم موبارەزە بە هەیبەت و خوێناوییەدا ڕەهبەرانی موبارەزە شێخ عەبدولقادر شەمزینی و سەید محەمەد شەمزینی و شێخ سەعید خەنسی و دوکتۆر فوئاد و خالید بەگ و سەدان ڕەهبەرانی تر لە

بەینی ساڵی ١٩٢٤و ١٩٣٠دا لە شاری دیاربەکر هەڵواسران و ئیعدام کران. ئەو موبارەزە دوور و درێژە بە حەرەکاتی ئارارات دوایی هات کە لە ساڵی ١٩٣٠ لەژێر ڕەهبەریی کوڕی مەرد و قارەمانی کورد فرزەندە لە شکڵی پارتیزانیدا بەرعەلەیهی حوکمی دیکتاتۆریی ڕەزاشا موبارەزەکە کەوتە ئێران و بە شەهیدکرانی فرزەندە، ئەم موبارەزەیە کە بە خوێنی نیو ملیۆن زیاتر کورد تەواو بوو، دوایی هات.

٤- لە ساڵی ١٩١٨دا کە لەشکری داگیرکەری ئینگلیز بۆ داگیرکردنی کوردستان هێرشی هێنا، قارەمانی کورد شێخ ئەحمەدی بارزانی مقاوەمەتی لەشکری ئینگلیزی کرد و هەتاکو ساڵی ١٩٣٢ مەنتیقەی خۆی ئازاد و محافزە کرد. لەم ساڵەدا ئینگلیز بە لەشکرێکی زۆر گەورە دیسان هێرشی بۆ مەنتیقەی ئازادی بارزان هێناو لەژێر ڕەهبەریی شێخ ئەحمەدی بارزانیدا میللەتی کورد هەتاکو ساڵی ١٩٣٥ موبارەزەی خوێناویی لەگەڵ لەشکری بەهێزی ئینگلیز کرد. لەم ساڵەدا کە شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەسیر کرا لەگەڵ هەموو سەرۆکو ڕەهبەرانی بارزانی هەتاکو ساڵی ١٩٤٣ تەبعید کران کە بەوەش گڕی ئەم موبارەزەیەش بە موەقەتی کوژایەوە.

٥- لە ساڵی ١٩١٩دا لە عێراق لە مەنتیقەی سلێمانیدا بەرعەلەیهی ئینگلیز میللەتی کورد لەژێر ڕەهبەریی شێخ مەحمووددا دەستی بە موبارەزە کرد و لە نەتیجەی ئەم موبارەزەیەدا شێخ مەحموود ئەسیر کرا و هەتاکو ساڵی ١٩٤١ تەبعید کرا.

٦- لە ساڵی ١٩٢١دا لە ئێراندا بەرعەلەیهی زوڵم و فشاری دیکتاتۆریی ڕەزاشا، میللەتی کورد لەژێر ڕەهبەریی قارەمان و کوڕی مەردی خۆی ئیسماعیل ئاغای سمکۆدا دەستی بە موبارەزە کرد. سمکۆ بە لەشکری مەنتەزەمی خۆی هەموو کوردستانی ئێرانی داگیرکرد، لاکین دیسان بە حیلە و دەسیسەی جنایتکارانەی دەوڵەتی ئێران لە شاری شنۆ، سمکۆ شەهید کرا. لەپاش ئەوە سەرۆکەکانی ئێران لە کوردستاندا دەستیان بە جنایەتی وەحشیانە کرد کە لەم جنایەتانە تاوەکو لە ساڵی ١٩٤١دا ئۆردووی سوور، ئێرانی لە حوکمی فاشیستی ڕەزاخانی ئازاد کرد، دەوامی کرد.

٧- لە ساڵی ١٩٤٣دا ئێمە لە بارزان دەستمان بە موبارەزەی ئازادیی خۆمان کرد و بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی ئازاد و دیموکراسی مونتەزەم لە بارزان موەفەق بووین. ئەم ئازادییەمان تاوەکو ساڵی ١٩٤٥ دەوامی کرد کە لەم ساڵەدا لەشکرەکانی بەهێزی ئینگلیز و عێراق هێرشیان بۆ ئێمە هێناو لەپاش موبارەزەیەکی بەهەیبەتو خوێناوی، خۆمان و ڕەفیقەکانمان لەگەڵ هەموو ماڵ و منداڵمان هاتیبە کوردستانی ئازادی ئێران و لە کوردستانی ئێراندا ئیشتراکی حەرەکاتی ئازادیمان کرد و لەگەڵ کوردی ئێران بەیەکەوە حاکمیەتی دیموکراتیمان لە ئێران دامەزراند.

٨- لەپاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٤١دا حوکمی مەنحووسی ڕەزاشا تێکدرا، لە ساڵی ١٩٤٥دا لەژێر ڕەهبەریی قازی محەمەددا حاکمیەتی دیموکراتی کورد دامەزرا. لە دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٥ هەموو ڕەئیس و گەورەکانی کورد لەگەڵ قوای میلیشای بارزانییان کە قسمێکی کوردستانی ئێرانیان لە عەناسری فاشیست و کلکەکانی ڕەزا شا پاککردەوە، لەژێر ڕەهبەریی قازی محەمەددا حکوومەتی دیموکراتی کوردیان دامەزراند. لەپاش ئەوەی کە ساڵێک ئەم حکومەتە دیموکراتەی کورد دەوامی کرد و لە مودەتی ئەم ساڵەدا بەرعەلەیهی ئیرتجاعی تاران لەشکری ئێمە لەگەڵ لەشکری برا ئازەربایجانییەکانمان بە یەکەوە موبارەزەی سەختمان کرد.

٩- لە ١٢ دیسێمبەری ١٩٤٦دا قوامولسەڵتەنەی خائین بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و قسە شەرەفەی کە بە ئازەربایجان و کوردستانی دابوو، بە لەشکرێکی زۆر گەورەی ئیرتجاعی هێرشی بۆسەر ئازەربایجان و کورستان هێنا، لەپاش مودەتی شەش مانگی تەواوی شەڕدا کە لەشکری ئێران لە موقابل لەشکری قارەمانو نەبەزیوی ئێمەدا موغلەق بوو و خەریکی هەڵاتن بوو ئیرتجاعی بە قەبیلەی ئاغاکانیان ئنگلیز و ئەمریکاوە، لەشکری ئیرتجاعی تورکیا و عێراقیشی هێنایە مەیدانی ئێمە و جگەلەوەش وەتەن فرۆش و جاسووسەکانی ئەمریکا هەروەکو ڕەوشت و پیشەی هەمیشەییان، لە جەبهەکانی ئێمە بە فعالیەتێکی زۆر دەستیان بە خیانەت کرد.

نوقتەی هەرە زەعیفی ئێمە لەوەدا ئەوە بوو کە ژن و ماڵ و منداڵمان لەگەڵ ئێمە لە جەبهەدا لەژێر گوللەباران و بۆمبای دوژمندا بوون. ئەوە بوو کە دوژمن ئەم نوقتە زەعیفەی لە ئێمە دۆزییەوە و بەبێ ڕەحم و ئینساف بە وەحشییانە ماڵ و منداڵی ئێمەیان بۆمباردومان دەکرد و لە

نەتیجەدا قسمێکی لەشکرەکەمان لە بەینی لەشکرەکانی عێراق و تورکیادا محاسرە کران، لەپاش کوشتارێکی زۆر ئەسیر کران.

لەپاش ئەم حادیسەیە، ئێمە مقاوەمەتی مونتەزەمی خۆمان بەحەرەکاتی پارتیزانی عەوەز کرد، کەوا ئێستاش ئێمە هەر لەو موبارەزەیەدا دەوام دەکەین. لەپاش ئەوەی کە ئیرتجاعی تاران، کوردستانی ئیشغال کرد، دەستیان کردە ئەو جنایەتە وەحشیانەی کە تا لە عەسری ناوەنجیدا ئەو نەوعە جنایەتانە نەبینراون و هەتاکو ئێستاش هەرلە ئیرتکابی ئەو جنایەتانە ناکشێنەوە.

هەمووتان دەزانن کە ڕەهبەری خۆشەویست قازی محەمەد خۆیو براکانی لە ١٤ی دیسێمبەری ١٩٤٦دا لە شاریمیاندواو مقابلەی سەرکردەی خائین و جنایەتکاری ئێران هومایونییان کرد و پەیمانی ئەمانیان لە هومانی وەرگرت، بە قسەی شەرەفی هومایونیان باوەڕ کرد و تەسلیم بوون، بەڵام هومایونی کە لە شەرەف زۆر بێبەش بوو لەگەڵ وەحشی و جنایەتکارانی تری ئێران، ڕەهبەری خۆشەویست و مەحبووبی ئێمەیان لەگەڵ براکانی لە شاری مهاباد، خائینانە ئیعدامیان کردن.

١٠- میللەتی کورد لەو موبارەزانەی کە لە مودەتی ئەم نیو عەسرەی ئێمەدا کردوویەتی، لە ملیۆنێک زیاتر کوڕانی هەرە بە قیمەت و پێشکەوتووانی خۆی و سەرکردە و ڕەهبەرانی قوربانی داوە، ئەوانە هەموویان لە پێناوی ئازادیی کورد و دیفاع کردن لە خاکی کوردستان خۆیان فیدا کردووە. هەروەها دوو ملیۆن زیاتر کورد بۆ وڵاتی دوور تەبعید و نەفی کراون و لە پێنج هەزار زیاتر گوند و شاری کورد وێران و تاڵان کراون و تاکو ئێستاش میللەتی کورد بۆ گەیشتنی غایە و ئازادیی خۆی لەم موبارەزەیەدا بە سەخاوەت قوربانی دەدات.

١١- ئەم موبارەزانەی کە تا ئێستا بێ فاسیلە لە کوردستاندا ڕوویان داوە و بە موختەسەری باسمان کرد، بەشێکی تەسادوفی نەبووە و لە نەتیجەی ئیش و فکری ڕۆژێکدا نەهاتووەتە وجوود، بەڵکو ئەو هەموو ڕەهبەر و عونسرانەی کە لەو موبارەزانەدا ئیشتراکیان کردووە بۆ ئامانجی سیاسیی موعەیەنی میللی و دیموکراسی و لەژێر ڕەهبەریی ئەحزابی موختەلیفی کورددا حەرەکاتیان کردووە.

هەروەکو بۆ هەمووسان و بۆ دنیاش مەعلوومە کە لەژێر ڕەهبەریی حزبی پێشکەوتن و سەرکەوتنی "کورد"، کە لە ئەستەمبوڵ لەلایەن هەرە تێگەیشتوو و خوێندەوارانی کورد تەشکیل کرابوو، موبارەزەی بە هەیبەتی خوێناویی شێخ عەبدولقادری شەمزینی ئیدارە و تەنزیم دەکرد. هەر لە هەمان حزب بوو کە ئیدارە و تەنزیمی موبارەزەی شێخ عەبدولسەلام بارزانیی لە عێراق و موبارەزەی شێخ سەعید خەنسی لە دەرسیم دەکرد.

موبارەزەی ئیسماعیل ئاغای سمکۆش لەلایەن هەیئەتی ئستقلالی کوردستان کە لە ڕوئەسا و گەورەی وەتەنپەرەوەری کورد تەشکیل کرابوو، ئیدارە دەکرا و لەژێر ڕەهبەری حزبی "پشتیوان"ی کە لە عێراق تەشکیل کرابوو حەرەکاتی شێخ مەحموود ئیدارەو تەنزیم دەکرا و لەژێر ڕەهبەریی حزبی "یەکێتیی جەبهەی وەتەنی" لە ساڵی ١٩١٨دا موبارەزەی شێخ ئەحمەدی بارزان ئیدارە و تەنزیم دەکرا.

موبارەزەی ئێمە کە لە ساڵی ١٩٤٣دا دەستمان پێ کرد لەژێر ڕەهبەریی حزبی "ئازادی" کە لە بارزان تەشکیل کراوە و بە کۆمەک و یاریدەی حزبی "هیوا" کە لە بەغدا لەلایەن خوێندەواران و باسەوادی کورد تەشکیل کرابوو و حزبی "کۆمونیستی عێراق" ئیدارە و تەنزیم دەکرا.

نەهزەتی مهابادیش لەلایەن حزبی "ژ. ک" کە ساڵی ١٩٤١دا لە مهاباد لە لایەن جوانانی مهابادی تەشکیل کرابوو لەژێر ڕەهبەریی حزبی "دیموکراتی کوردستان"دا تا ١٢ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٦ ئیدارە و تەنزیم دەکرا و موبارەزەی ئێستاشمان دیسان لەژێر ڕەهبەریی حیزبی "دیموکراتی کوردستان"دا دەوام دەکات.

**ئیستیعمار و موبارەزەکانی کورد:**

١- میللەتی کورد لە پێناوی ئازادی و ئیستقلالییەتی خۆیدا موبارەزەی بێ نەزیری کردووە.

میللەتی کورد لە هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەنجی زیاتر بەرامبەر بە زوڵم و داگیرکەرانی بێگانە موبارەزەی کردووە و لە پێناوی نیشتمان و ئازادیی خۆیدا بە هەزاران کوڕانی قارەمانی خۆی قوربانی داوە. لاکین دوژمنە زاڵم و خوارەکانی کورد کە دوژمنی بەشەرییەت و

ئازادین هەمیشە بە گوللەو تۆپ و تەیارەو قەتڵ و عام و ئیعدامو تەبعیدو حەپس، جوابی حەرەکاتی ئازادیی کوردیان داوەتەوە.

٢- پاش شەڕی یەکەمی دنیا لە ساڵی ١٩٢٠دا ئەو شەرتی ئیستقلالییەت و ئازادییەی کە لە معاهدەی "سیڤەر"دا بە کورد درابوو، ئیمپریالیزمی ئینگلیز بەپێی سیاسەتی شووم و جنایەتکارانەی خۆی لە ساڵی ١٩٢١ لە معاهدەی "لۆزان"دا موقدەراتی میللەتی کوردی بە مقابل نەوتی کەرکووک و مووسڵ بە مستەفا کەمالی دیکتاتۆر فرۆشت. لەبەر ئەوە میللەتی کورد لە پێناوی ئازادیی خۆیدا لە ئێران و عێراق و تورکیادا دەستی بە موبارەزەی خوێناوی کرد و لە مودەتی بیست ساڵی موبارەزەی کورددا ئیمپریالیزمی ئینگلیز بۆ دوژمنەکانمان جێگەی موعەلیم و ڕەهبەری گرتووەتەوە و تەئییدی ئەو جنایەتە وەحشییانەی کردووە کە لەلایەن دوژمنەکانمانەوە کراوە، هەروەهاش مەنعی گەیشتنی دەنگی ئازادیی میللەتی کورد بە دنیای خارجی کردووە و بە تەبلیغاتی مورتەجیعانەی خۆی هەمیشە حەرەکاتی ئازادیی کوردی وەکو حەرەکاتی جەردەیی و دینی و دەرەبەگی نیشانی دنیای خارج داوە کە بەوەش ئینکاری موبارەزەکانی ئازادی کوردی کردووە.

٣- لەگەڵ ئەوەش لەشکری مونتەزەمی داگیرکەری ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٨ەوە ئازادیی کوردی بەبێ ڕەحم و ئینساف کوژاندۆتەوە و مەراکیزی ئینقلابی وێران کردووە.

٤- کە بێینە سەر معاهدەی "سەعد ئاباد" دەبینین بەرعەلەیهی ئازادیی کورد، نموونەیەکی تری سیاسەتی شووم و خائینانەی ئینگلیزە کە بەم معاهدەیە میللەتی کورد و هەرچی میللەتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناونجییە لە وڵاتی سۆڤیەت دوور خستووەتەوە و بۆ مەنع کردن و نەگەیشتنی فریادی ئەو میللەتانە بە دەوڵەتی سۆڤیەتی. هەرچەندە تەئسیری جنایەتکارانەی ئەم معاهدەیە لەپاش شەڕی گەورەی دووەمی دنیا بە ئیفلاس گەیشتبوو، لاکین لەپێش مودەتێکدا ئیمپریالیزمی ئینگلیز بۆ ژیاندنەوەی ئەو معاهدە مەنحووسە دیسان کەوتە هەوڵ و تەقەلا و هەر ئەوە بوو کە لە مانگی رفورالی "شوبات- فیبرواری" ساڵی ١٩٤٧ سەرۆک وەزیرانی عێراقو نۆکەری خاسی ئینگلیز، نووری سەعید پێشنیهادی کرد کە لەلایەن عێراق و تورکیا و ئێرانەوە لەشکرێکی تایبەتی و مونتەزەم لەژێر یەک ڕەهبەریدا تەشکیل

بکرێ کە هەموو حەرەکاتی ئازادیی کورد لەلایەن ئەو لەشکرەوە مەحو بکرێتەوە.

٥- شەڕی گەورەی دووەمی دنیا دەوڵەتێکی ئیستعمارچیی تازەی هێنایە مەیدان کە ئەویش ئیمپریالیزمی ئەمریکایە. ئەمریکای ئیستعمارچی تازە، ویستی جێگای ئینگلیزی پیرە ئیستعمارچی بگرێتەوە، چونکە ئیدی ئیمپریالیزمی ئینگلیز تاقەتی ئاغایەتی دنیای نەماوە، لەبەر ئەوە ئەمریکای ئیستعمارچی بۆ بەجێهێنانی پیلانی داگیرکردنی خۆی لە شەرقی ناوەنجیدا ئەوەڵ جار دەستی کردە مداخلە کردنی ئیشی کوردستان و ڕووی هێرشی خائینانەی قەوامولسەڵتەنەی تەوجیهی حکوومەتی دیموکراتی کوردستان کرد کە لە ١٢ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٦دا هێرشی بۆ مهاباد و برا و ئیستنادگای کورد کە حکوومەتی ئازەربایجان بوو، هێنا. ئەو دوو حکوومەتە ئازادانەی لەناو برد، ئەگەر ئیرشاد و تەزییقی ئینگیز و ئەمریکا نەبووایە لە هیچ وەختێکدا قوامولسەڵتەنەی خوێڕی و کلکەکانی جەسارەتی تێکدانی ئەو پەیمانەیان نەدەکرد کە بە میللەتی ئازرەبایجان و کوردستانی دابوو کە ئەم حەقیقەتەش زۆرجار لەلایەن دوائیری ڕەسمی ئەمریکا و ئێرانەوە ئیعترافی پێ کرا.

دیسان ئەگەر وەتەنفرۆش و هاودەستەکانی ئینگلیز و ئەمریکا لە کوردستاندا و لە جەبهەی مهاباد و ڕەزائیەدا لەناو لەشکری دیموکراتیدا بە فعالیەتیکی زۆر خیانەتیان نەکردبا و هەندێ لە عەشایریان بە دۆلار هەڵنەخەڵەتاندبا و بەئیستفادە کردنیان لە عەناسری خراپ لە مەیدانیان دەرنەهێنابان، دیسان لەشکری تریاکچیی شاهنشاهی بە چەک و سلاحی ئەمریکا، لە مقابل لەشکری قارەمانی ئێمەدا، ڕانەدەوەستا.

٦- لەشکری ئیرتجاعی ئێران لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٧دا لە هەرسێ جەبهەکاندا مقابل بە هێرشی قارەمانانەی بارزانییان، مەغلووب و تووشی خەساراتی بێ نەزیر بوو. ئاغا ئینگلیزو ئەمریکاییەکان کە دییان لەشکری ئێران وەزعی خراپ و لە هەڵاتنندایە، ئەمریان دایە عێراق و تورکیا و لەشکری نۆکەرانی تازەیان هێنایە مەیدان و بەبێ شەرم و حەیا ئەوانە لە داخڵی سنووری ئێراندا بەهجوومێکی وەحشیانە ژن و منداڵی بارزانییان بۆمباردمان کرد و لە عەینی زەماندا قواتی دیموکراتییان خستە محاسرەیەکی سیاسی و ئیقتیسادی و لە بەعزێ عەناسری خائین و وەتەن

فرۆشیان ئیستفادە کرد کە بەهۆی ئەوانەوە عەکسی تەبلیغات و پلانەکانی خۆیان بەجێ هێنا.

٧- ئەمانە تەنیا بەعزێ میسالن کە بەرعەلەیهی حەرەکاتی ئازادیی ئێمەدا تەئسیری شوومی ئیمپریالیزممان نیشان دەدات.

٨- بۆ هەموو دنیا ئاشکرایە لە بەینی میللەتی ئێران و تورک و عەرەب لە تاریخێکی زۆر دوورەوە لەسەر ئیختلافاتی ئەرازیو مەزهەبیو قەومی، دوژمنایەتییەکی زۆر بەقووەت هەیە و حەلبوونی مومکن نەبووە، بەڵام هەمیشە کە مەسەلەی کورد و ئازادیی کوردستان دێتە مەیدان، ئەم سێ دەوڵەتانە وەکو برا بەرعەلەیهی ئازادیی کورد ئیتفاقی جنایەتکارانە دەبەستن. کەوابێ سەبەبی ئەوە چییە کە ئەم سێ دەوڵەتانە کە بە درێژایی تاریخ لەبەینی خۆیان دوژمنن، بەڵام لە زەمان و ئەحواڵی موختەلیفدا بەرعەلەیهی میللەتی کورد کە هەمیشە حەزی لە دۆستایەتیی ئەوان و ئەمن و ئاسایش و ئازادی دەکا ئیتیفاق دەبەستن؟

وا بزانم هەرچەندە بەعزە ئەسبابی خسووسی و غەیرە سابتیش هەبێ، بەڵام عاملی هەرە موهیم کە لەژێر پەردەدا یاری دەکا عاملێکی ترە کە ئەویش سیاسەتی جنایەتکارانە و شوومی ئیستعمارە. ئەم سیاسەتە خائنەی ئیستعمار لە هەر بەرگ و شکڵێکدا بێت، هەیە و ئەوەی دەبێتە سەبەبی تێکدانو غەسبکردنی ئازادیو ئەسیرکردنی میللەتان هەر عەینی ئیستعمارچییە کە زۆر دەمێکە دەیناسین و لەگەڵمان ئاشنایە، لەبەر ئەوە واجبی موهیمی حزبی دیموکراتی ئێمە ئەوەیە کە هەمیشە لە هەموو موناسبەتێکدا پیلانی جنایەتکارانەی ئیستعمارچییان ئیفشا و تێک بدەین.

٩- براکانم، یەکێ لەو نیشانانەی کە ئێمە زۆرتر بە مەقسەدمان دەگەیەنێ ئەوەیە کە لەپاش شەڕی گەورەی دووەمی دنیا لە شەرق و غەرەبدا دەوڵەتانی دیموکراتی تازە هاتنە وجوود کە بە یەکێتی و پێشکەوتن و مەدەنییەتی خۆیان خەڵقی دنیایان خستە حیرەت و نەزەری ئەوانی بۆخۆ جەلب کرد. لە لایەکیترەوە دوژمنی هەرە گەورەمان کە ئیرتجاع و ئیستعمارە زەعیف بووە و خەریکی ڕووخانە. بینای پیرە ئیستعمارچیی ئینگلیز لە لەرزین و ڕووخان دایە کەوا بەرەو مردن و قەبر دەڕوا. هەروەها ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە خەریکە جێگەی ئینگلیز بگرێتەوە هەم لە تاکتیکی ئیستعماردا زەعیفە و هەم زۆر بە دوورکەوتووە

و تاخیر بووە، چونکە ئیمپریالیزمی ئەمریکا خەریکە سیاسەتی شوومی ئیستعماریی خۆی بەهۆی دۆلارەوە پێش بخات، بەڵام هەر وەڵاتێک کە تا ئێستا دۆلاری ئەمریکای داخڵ بووە لەگەڵ خۆی ئەسارەت و فەقیری و برسیەتی و ڕووتیشی داخڵ کردووە بە عەلاوەی ئەوەی بە گوێرەی قانوونی ئیکتشافی تەبیعەت ئیدی سیاسەتی ئیستعماری لە مەحوو نابوود بووندایە کە بەوەش حەلبوونی مەسلەی ئازادیی ئێمە قەتعییە و بێ شوبهەیە.

**باسێکی موختەسەر لە وەزعیەتی سیاسی و ئیقتسادی و ئیجتماعی کوردستانی ئەمرۆمان:**

١- کوردانی تورکیا کە لەژێر زوڵم و فشاری وەحشیانەی تەبەقەی حاکمی فاشیستی تورکیادا لەژێر تهدید و ترسێکی بێ نەزیر دەژین، دەتوانین ئەوانە وەکو لە حەپسخانەیەکی تاریک کە هیچ ڕووناکییان بۆناچی و لەلایەن درندەی وەحشی فاشیزم محافزە دەکرێن، حسابیان بکەین. لەناو ئەواندا هیچ نەوعە تشکیلاتێکی نهێنی و عەلەنی نییە، بەڵام ئەو جوانانەی کورد کە وەختی خۆی بۆ تورکیا و بۆ سوریا هجرەتیان کردووە و لە سوریادا حزبی "دیموکراتی کورد"یان تەشکیل داوە توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسیی خۆیان لە کوردستانی تورکیادا و بەتایبەتی لە مەنتیقەی دیاربەکردا لەبەینی خوێندەواران و ڕوئەسای کورددا بڵاوبکەنەوە.

هەروەها حزبی "ئازادی" کە لە بارزان تەشکیل کراوەو حزبی "دیموکراتی کوردستان" کە لە ئێران تەشکیل درا توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسی لەناو کوردستانی تورکیا کە نزیکی سەرحەدی کوردستانی ئێران و بارزانە بڵاوبکەنەوە. لە نەتیجەی حوکمی فاشیزمی تورکیا و ئەو جنایەتە وەحشییانەی تورکیا کە لە کوردستان کردوویەتی و بە ئیجباری هەزاران کوردیان بۆ وڵاتی دووری تورکیا تەبعید کردوون، ئێستا لە تورکیادا تەبەقەیەکی تازەی کورد لە کارگەران و خوێندەواران لەناو کوردی تورکیادا هاتووەتە وجوود کە ئەم تەبەقەیە هەمیشە لە هەمووو لەحزەیەکدا زۆر بە ئیشتیاقەوە چاوەڕێی فرسەت دەکەن کە بۆ نەهزەتی کورد تەشکیلاتی وەتەنی و دیموکراتیی خۆیان دامەزرێنن.

۲- حاڵی کوردانی عێراق تا دەرەجەیەک لە حاڵی کوردانی تورکیا و ئێران باشترە. سەبەبی ئەوەش ئەوەیە کە لەلایەکەوە ئەو ترس و تەهدیدەی کە هەمیشە حزبەکەمان بەرعەلەیهی حکومەتی عێراقی نیشان داوە و لەلایەکیتریشەوە لە نەتیجەی ئەو کۆمەک و یارمەتییەی کە ئەحزابی کۆمونیست و دیموکراتی وەتەنیی عەرەب کە لە عێراق و عەرەبستان تەشکیل کراون بۆ تەئیدی تەڵەباتی ئێمە و نەهزەت و پێشکەوتنی کورد بەرعەلەیهی ئیستعماری بێگانە. نیشانیان داوین.

لەو حزبانەی کە هەمیشە کۆمەکیان پێکردووین، دەتوانین ناوی حزبی کۆمونیستی عێراق و حزبی دیموکراتی وەتەنی و حزبی میللەت و یەکێتیی کارگەران و سائرە بێنین کە لە نەتیجەی ئەم سەبەبانە حکومەتی عێراق و ئاغا ئینگلیزەکانیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەعزێ ئینسانی سادە و بۆ ساکت کردنی ئەحزابی کورد تا دەرەجەیەکی موعەیەن تەسهیلاتیان نیشانی میللەتی کورد داوە.

جگە لەمانە لە کوردستانی عێراق ئەحزاب و تەشکیلاتی سیاسیی نهێنی و عەلەنی هەیە کە لەمانە لە تەشکیلاتی عەلەنی وەکو حزبی دیموکراتی وەتەنی و حزبی یەکێتیی کارگەران کە لە شارەکاندا تەشکیل کراوە و تەشکیلاتی خەڵقی عێراق. لە تەشکیلات و ئەحزابی نهێنی وەکو حزبی دیموکراتی ئێمە کە لەم زەمانی ئاخردا لەگەڵ حزبی کۆمونیستی کورد بوون بەیەک حزب و حزبی ڕزگاریی کورد. ئەم هەموو حزبانەش لە ئەوەڵین مەرحەلەی موبارەزەی خۆیاندا هەموویان یەک ئامانج و یەک غایەیان هەیە کە ئەویش نەهزەتی میللەتی کوردو بەرعەلەیهی ئیستعمار موبارەزە کردنە.

۳- کە بێینە سەر حاڵی کوردستانی ئێران دەبینین کە لەپاش تەواوبوونی شەڕی ئاخرمان کە زیدی ئیرتجاعی ئێران بوو ئەو جنایەتە وەحشیانە و تیرۆرەی کە دەوڵەتی ئیرتجاعی تاران لە کوردستاندا کردی و دەیکا هەتا دەرەجەیەک کوردستانی ساکت کردووە، بەڵام دەبێ زۆر چاک بزانین کە ئەو جنایەت و تیرۆر و ئیعدام و حەپس و تەبعید و تاڵانەی کە دەوڵەتی ئیرتجاعی ئێران لە کوردستاندا دەیکا و ئەو عەکسی تەبلیغاتەی کە جاسوس و خائینانی وەتەن فرۆش و بە وەسیلەی دۆلار و زەبری ئەمریکاوە دەیکەن، ڕەدی موبارەزەی کوردی ئێرانی سەدقات زیاتر کردووە و ئەو

هەموو دێهاتی و کرمانج و عالم و ڕەئیس و گەورەی وەتەپەروەری کوردی ئێران، چەک و سیلاحی خۆیان لە چیاکاندا شاردووەتەوە و زۆر بە ئیشتیاقەوە بەرعەلەیهی ئیستبدادو زوڵم و لە پێناوی نەهزە و پێشکەوتنی کورد بۆ موبارەزەیەکی قەتعی چاوەڕێی فرسەتی موبارەزە دەکەن کە ئەمجارە بۆ وەرگرتنی ئینتقامی عادلانە لەگەڵ ئیستعماری جنایەتکار و ئیرتجاع هیچ جۆرە مجامەلەیەک و ڕەحم ناکەن. بە تەبیعەت ئاشکرایە کە لە دنیادا هیچ میللەتێک نییە چەند کەسێکی وەتەنفرۆش و خائینی تێدا هەڵنەکەوێ، لە کوردستانیش ئەمساڵی عومەرخانی شکاک و نوری بەگ و مام عەزیز و عەلی ئێلخانی و محەمەد ئاغای عەباسی خائین و وەتەنفرۆش هەڵکەوتووە، بەڵام ئەمانە لە بەرامبەر کرمانج و دێهاتی و ڕەئیس و گەورەی وەتەنپەروەری کورددا حائیزی هیچ جۆرە ئەهمییەتێک نین. هەموویان دەزانن کە کوردستانی ئێستای ئێمە لەم تەبەقانەی خوارەوە تەشکیل دەبێ:

١- دێهاتی و کرمانجی کورد کە گەورەترین تەبەقەی میللەتی کورد تەشکیل دەکەن.

٢- باسەواد و خوێندەواران کە ئەمانەش لە عالمانی دین و موعەلیم و تەڵەبە و مەئموورینی گچکەی حکومەت عیبارەتن و تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

٣- کارگەرانی کورد کە لە شارە گەورەکانی کوردستاندا وەکو شاری کرماشان و دیاربەکر و وان و مووسڵ دەژین، تەبەقەیەکی کەم تەشکیل دەکەن.

٤- ساحێبی سەنعەتانی گچکە کە ئەمانەش تەبەقەیەکی زۆر کەم تەشکیل دەکەن.

٥- ئاغا و ڕەئەسای عەشایری کورد کە ئەمانەش تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

٦- توجار و بەقاڵەکان کە ئەمانەش تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

بەم جۆرە قسمێکی گەورەی کوردستانی ئێمە لە مەرحەلەی دەرەبەگ و فئۆداڵ دایەو قسمی دووەمیش لە مەرحەلەی بورژوازی دایە. بە عومومییەت میللەتی کورد حاڵی حازر بەکوللی تەعەسوب ئیحترامی ڕەئیسەکانی

خۆیان و بەتایبەتی و بە ئیخلاسەوە ئیحترام و ئیتاعەی ئەو ڕەئیسانەیان دەکەن کە لە ڕێی کوردستاندا فیداکارییان کردووە و سەریان لەبەر دوژمن نەچەماندووەتەوەو محافزەی پاکیی ئەخلاقی ژن دەکەنو ئیحترامی میوان دەگرن و زۆر بەتوندی محافزەی ناو و شەرافەتی عائیلە و قەبیلەی خۆیان دەکەنو دیفاع لێ دەکەنو عاداتو عەنعەنەی خسوسیی میللەتی کوردیش لەوە دایە کە هەمیشە دەیەوێ بە ڕوحێکی ئازاد و مەرد بژیت و لەپاش ئەوەی کە خۆی لەسەر ئیشێک بەحەق زانی، بێ حەق سەر ناچەمێنێ و بۆ ئەو قسە حەقانەی کە دەیکا و ئەو پەیمانانەی کە دەیدا هەتا مردن ئیخلاس نیشان دەدا و بەعیناد دیفاعی لێ دەکا و بەرعەلەیهی ئەو کەسانەی خائینن و مەسڵەحەتی کورد لە پێناوی مەسڵەحەتی شەخسی خۆیان لەژێر پێ دەنێن و دروزنن، نەفرەت و کراهەت نیشان دەدەن. ئەمانەن کە لە ڕوحییەتو ئەخلاقی میللەتی کورد موهیمترینن و یەکەمین جێگا دەگرنەوە کە زۆر پێویستە ملاحەزە بکرێن. میللەتی کورد بەکوللی بە تەبیعەتی خۆی مائیلی قانوونی دیموکراسییە.

**ئامانجی سیاسی**

١- لەگەڵ ئازادکردنی کوردستانی ئێران جمهوورییەتێکی دیموکراسی دامەزرێ و لەلایەن مەجلیسێکی میللی بە ئازادی و بە هەڵبژاردنی دەنگی نهێنی هەڵدەبژێرین، ئیدارە بکرێ.

٢- دەستی برایەتی و یەکێتی بدەینە دەست فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و بە یەکەوە بەرعەلەیهی ئیرتجاعی ئێران و ئیستیعماری بێگانە موبارەزە بکەین و هەتا وەکو خەڵقی ئێران بە ئازادیی حەقیقیی خۆی و قانوونی خۆی بگات موبارەزەکەمان بە یەکەوە دەوامی پێ بدەین.

٣- ئەو جمهوورییەتە کوردییەی کە لە کوردستانی ئێران تەشکیل دەبێ، دەبێتە ئیستنادگاە بۆ ئازدکردنی هەموو کوردستانی گەورە.

وە ئەم جمهوورییەتە کوردییەی کە لە عێراق و تورکیادا هەوڵی تەشکیلدانی ئەحزابی دیموکراسی دەدا و لەو جێگەیانە حەرەکاتی ئازادی بەهێز دەکات و تاوەکو هەموو کوردستان لە زنجیری ئەسارەت و نفوزی بێگانە ئازاد دەبێ، پێویستە موبارەزەی خۆی پێ دەوام بدا.

٤- حزبی ئێمە لەگەڵ هەموو ئەحزاب و تەشکیلاتی دیموکراسی و پرۆگرەسی کە لە شەرقی ناوەنجیدا تەشکیلی هەیە، وەکو دۆست و برا هەرە نزیکمان حزبی دیموکراتی ئازەربایجان و حزبی تودە و ئەحزابی دیموکراتی عەرەب و تورک، عیلاقەیەکی موحکەم پەیدا بکا و تاوەکو لە شەرقی ناونجیدا نفوزی ئیستعمار و ئیرتجاع و ڕوحی فاشیزمی مەحو و نابوود دەکا بە یەکەوە لەگەڵ ئەوان موبارەزە دەکا.
٥- بەستنی پەیمانێکی سیاسی و ئیقتسادی لەگەڵ حکومەتی میللی ئێران و حکومەتی میللی ئازەربایجان بۆ یەکێتیی جەبهەی مودافەعە بەرعەلەیهی فشاری خارجیی موتەقابل لە پەیماندا.
٦- بەستنی پەیمانێکی دۆستایەتیی سیاسیی و ئیقتسادی لەگەڵ حکومەتانی دیموکرات کە حکومەتی شورەوی لەپێش هەموویان دەبێت.
٧- بەگوێرەی وەزعی ئێستای کردستان، بۆ دەوام پێدانی حاکمیەتی موتلّەقی دیموکراتی لە کوردستاندا، پێویستە هەموو تەبەقەکانی کورد و ئەو خەڵقانەی کە لە کوردستاندا دەژین، بەبێ فەرق و جودایی بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد لە حوکمدا ئیشتراک بکا.

**ئامانجی ئیقتسادیمان**

٨- پێویستە حاڵی میللەتی کورد بەتایبەتی دێهاتی و کرمانجی کورد، چاک و خۆش و مەدەنی بکرێ.
٩- هەموو جەنگەڵەکان و ڕووبارەکان و ڕێگەکان و مەعادنی ژێر عەرد و بانکەکان و کریستاڵەکان و پاوانەکان، دەبێ موڵکی عمومی میللەت بێ.
١٠- ئەو ئەرازییانەی کوردستان کە لەلایەن دەوڵەتە ئشغالکەرەکانەوە داگیر کراوە و کراون بە خالیسە، پێویستە لەسەر کرمانج و دێهاتیی فەقیر تەوزیع بکرێ.
١١- بۆ ئەوەی لە کوردستان تەبەقەی کارگەران ئیجاد بکرێ و کوردستان لە مەرحەلەی دەرەبەگیەوە بە زوویی بچێتە مەرحەلەی بورژوا، پێویستە لە مەوادی خامی کوردستاندا ئیستفادە بکرێ و تەشجیعی سناعەت بکرێ و بەتایبەتی تەشجیعی سەنعەتی ئالات و ماشێنی زراعی بکرێ.

١٢- بۆ ئەوەی محافزەی حقووقی دێهاتی و کرمانج بکرێ، پێویستە بەپێی قانوون بەینی کرمانج و ساحیب موڵک موعەیەن بکرێ کە بەهۆی ئەو قانوونەشەوە دێهاتی و کرمانج مقابل بە زەحمەتی خۆیان قسمێکی کافیی مەحسوولەکەیان بۆخۆیان هەڵگرن. هەروەها پێویستە بۆ کارگەرانیش قانوونی کارگەر دابنرێ کە حقووقی کارگەر مقابل بە کارفەرما محافزە بکرێ و حەقی زەحمەت و مودەتی ئیشی تێدا دیار بکرێ.

١٣- پێویستە بە قەتعی لە کوردستاندا شەریکاتی ئەجنەبی و ئیستسمارچی قەدەغە بکرێو پێویستە عەناسری ئیحتکارچیو ئینحسارچی لە کوردستاندا مەحو و نابوود بکرێ و لە جیاتی ئەوان بە گوێرەی مەسڵەحەتی میللەت و لەژێر نەزارەتی حکومەتی میللی، شەریکاتی کۆپراتیڤ دروست بکرێ.

١٤- بانکێکی مەرکەزی تاسیس بکرێ بۆ ئەوەی کرمانجی کورد لە فائیزە و قەرز ڕزگار بکرێ، بانکێکی زراعیش پێویستە دروست بکرێ.

١٥- تیجارەتی داخلی و لەگەڵ دەوڵەتانی دیموکراتی تجارەتی خارجی و مەسنووعاتی وەتەنی و ئیشی کۆپراکتیڤ پێویستە تەشجیح بکرێ.

١٦- هەموو مەعادنی ژێر عەرد و بەتایبەتی مەعدەنی نەوت پێویستە ئیستحساڵ بکرێت.

١٧- دەبێ جەنگەڵەکانی کوردستانو زراعەت لە کوردستانداو بەتایبەتی زراعەتی تووتن لەسەر ڕێوشوێنی فەنیی تازە چاک بکرێ و لە پێناوی مەنافعی میللەت ئیستفادەی لێ بکرێ.

١٨- پێویستە فکر بدرێتە زۆرکردن و چاککردنی جنسی مەڕومالاتی کوردستان.

١٩- تەکالیفی دەوڵەت دەبێ لەگەڵ مەعیشەت و واریداتی میللەت موتەناسیب و عادیلانە بێت.

**ئامانجی ئیجتیماعی**

٢٠- پێویستە لە کوردستاندا تەرەقی بە عیلم و سەواد بدرێ و هەتاکو سنفی شەشەم خوێندن دەبێ ببێتە ئیجباری و بۆ تەربییەی منداڵان دەبێ باغی منداڵان بکرێتەوە و بۆ ئەوەی ژن لە حەیاتی ئیجتماعی ئیشتراک بکا، پێویستە مەکتەبی کچان بکرێتەوە و بە سەواد بکرێن. هەروەها

پێویستە لە کوردستاندا مەکتەبی عالی بکرێتەوە و بۆ خوێندن و عیلم وەرگرتن، بۆ وڵاتانی دیموکراسی زۆر تەڵەبە بنێردرێن و دەبێ خوێندن بە زمانی کوردی بێت، ئەهمیەت بدرێتە ئەدەبیاتی زمانی کوردی.

٢١- پێویستە بەرعەلەیهی ڕوحی دەرەبەگی و ئاغایەتی و عەشیرەتی و میللەتچییەتی و بەرعەلەیهی ئیختلافاتی موزیڕ وەک ئیختلافاتی مەزەبی و قەومی و دینی و سائرە موبارەزەیەکی قەتعی بکرێ.

٢٢- پێویستە لە کوردستاندا زۆر نەخۆشخانە بکرێتەوە و دەبێ لە نەخۆشخانەکاندا نەخۆش بەخۆڕایی تەداوی بکرێن و هەروەها پێویستە بۆ ئەو نەخۆشییانەی کە لە کوردستاندا زۆرن نەخۆشخانەی عالییان بۆ بکرێتەوە، بەتایبەتی بەرعەلەیهی نەخۆشی مەلاریا پێویستە زۆر موبارەزە بکرێ. —لە دیکۆمێنتەکەدا لە ژمارە ٢٢وە پەڕیوەتە ژمارەی ٢٤-

٢٤- پێویستە لەژێر نەزارەتی حزبی ئێمەدا تەشکیلاتی یەکێتیی کارگەران و یەکێتیی دێهاتی و تەشکیلاتی ئیجتماعی کە پێویست بێ، دروست بکرێ.

٢٥- پێویستە بەگوێرەی مەدەنیەتی عەسری تازە و بۆ نمونە دێهاتی مەدەنیی تازە لە کوردستاندا دروست بکرێن.

٢٦- پێویستە زمان و قەڵەم و دین و موعتەقەدات جگە لە فاشیزمی، ئازاد بێت.

٢٧- پێویستە تەشکیلاتی تەربییەی بەدەن و سینەما و تیاترۆ دروست بکرێن و تەشجیع بکرێن.

٢٨- پێویستە عەناسری ڕەشوەتخۆر و موونافیق و خۆدپەسند و ڕوحی مودافەعەی مەنافیعی خزمایەتی مەحو بکرێتەوە و موبارەزەی قەتعییان بکرێ و ئەعمالی فاحیشە و تریاک و قومار مەحو بکرێت و لە جیاتیی ئەوە تەشجیعی مەقدیرەی شەخسی بکەین و بۆ گەیشتنی مەناسیبی گەورە و پێشکەوتنی ئەوانەی کە لە پێناوی مەسڵەحەتی عومومیی میللەتدا فیداکاری و ئیخلاس نیشان دەدەن، کۆمەکیان پێ بکەین.

**ئامانجی عموومیمان**

٢٩- بۆ ئەوەی کوردستانی ئازاد مودافعە بکرێ پێویستە و فەرزە لەسەر هەموو فەردێک کە لە کوردستاندا دەژیت مودەتێکی موعەیەن تەعلیماتی عەسکەری ببینێت و خزمەتی عەسکەری بکات.

٣٠- پرۆگرام و مەناهجی حزبی ئێمە بەشەرتی محافزە کردنی ئەساسی، دیموکراسی بە گوێرەی وەزعی سیاسی و ئیقتسادی و ئیجتماعی کوردستان پێویستە بەپێی زەمان ئیسلاح و گۆڕینی مومکن بێت.

٣١- حزبی ئێمە پارێزگاری لە مەساڵحی هەموو تەبەقاتی میللەتی کورد ئەکات، بۆیە هەموو ئەسنافی ئاغایان، کرمانجان، توجاڕان، کارگەران، ڕۆشنفکران، خوردە مالکان، سەنعەتکاری بچووک ئەگرێتەوە و هەموو ئەو ئەسنافانە کۆ دەکاتەوە لەژێر یەکێتیی جەبهەی ئازادیی نیشتمان موداڤعەی مەساڵحی موشتەرەکی هەموو تەبەقات. موبارەزە لەبەینی تەبەقاتدا لە کوردستاندا لەژێر ڕەهبەریی ئەم حزبە جائز نییە.

٣٢- حزبی ئێمە حزبێکی پرۆگراسیڤە لە ماهییەتدا هەروەکو لە بەرامج و تاکتیکیا بەدەر دەکەوێت.

٣٣- لە نەتیجەی ئەم موبارەزە قەتعیەی ئێمەدا پێویستە شکلی حاکمیەتی موتڵەق دیموکراسی کە لە کوردستاندا دادەمەزرێ، لە مەناهیج و پرۆگرامی حزبی ئێمەدا نیشان بدرێ و هەر ئەوەشە ئێمە دەتوانین تەئمینی مەنافیع و ڕەغبەتی حەقیقی و ئازادی میللەتی کورد بکەن. بێجگە لەوە هەر نەوعە حاکمیەتێک لەژێر پەردەی دیموکراسی و بەناوی ئازادی کە لە نەتیجەی فکر و خەیاڵی مەنحووسی ئیمپریالیزمانەوە لە کوردستاندا دادەمەزرێ، بەرعەلەیهی مەنافعی کوردە کە زیاتر دەیەوێ میللەتی کورد لەژێر زنجیری ئەسارەتدا پان بکاتەوە. کەوابێ واجبی ئێمە ئەوەیە کە هەر نەوعە تەشکیلاتێک وەیان حاکمیەتێک کە ئیلهامی لە حزبی ئێمەوە وەرنەگرتبێ و لەسەر ئەساسی دیموکراسی لەژێر ڕەهبەریەتی حزبی دیموکراتیی ئێمە دانەمەزرێ، ئەو حاکمیەتە وەیا تەشکیلاتە پوشالییە ئیختراعی ئیمپریالیزمی مەنحووسە و بەرعەلەیهی مەنافعی کوردە، پێویستە لەسەر ئێمە موبارەزەی ئەو نەوعە تەشکیلات و حاکمیەتە پوشالییانە و هەموو پیلانەکانی تری ئیمپریالیزم بکەین.

**خۆلاسە**، ئەمە لەبابەت تاریخی کورد و ئەو عامیلانەی موهتەم کە بوونەتە مانیعی نەهزەت و مەدەنییەتی کورد و وەزعییەتی حاڵی حازری کوردستان تەنیا شتێکی موختەسەر کە لە نەتیجەی شەخسیی خۆمدا و لەو مەعلووماتانەی کە موبارەزەکانی دوور و درێژی ژیانمدا بەدەستم کەوتوو و بە خیاڵمدا هات ئێستا بۆ ئێوەم شەرح دا.

بە تەبیعەت هیچ شوبهە ناکەم کە ئێوەش هەر یەکێکتان لە نەتیجەی تەجربەی شەخسیی خۆتان موعلووماتی زۆرتان هەیە. لەبەرئەوە خواهیش دەکەم لێرەدا ئێوەش هەر ڕایەک کە هەتانە شەرحی بدەن کە ئێمە لە نەتیجەی مناقشەوە بە گوێرەی مەسڵەحەت و مەنافیعی کورد بگەینە نەتیجەیەکی معەیەن و ئاشکرا، چونکە هەر ئەوەیە کە تەعینی خەتی حەرەکەتی ئەساسیی حزبی ئێمە دەکا و لە جەلەسەی ئایندەماندا دەخرێتە دەنگدان و لەپاش قەراردان شکڵی پرۆگرام و مەناهیجی حەقیقی وەردەگرێ و عەمەلی پێ دەکرێو لە جەلەسەکانی ترماندا نیزامی داخلیش مناقشە دەکرێ و ئێمە لە خودای گەورە دوعا دەکەین کە ئێمە بۆ گەیشتنی غایەکەمان موەفەق بکا.

**ئێمە لەژێر شیعاری:** وەتەنی ئازاد و میللەتی خۆشبەخت موبارەزە دەکەین.

سڕی عەقیدەی غالب بوونمان لەوەدایە کە موبارەزەی ئێمە حەقە و بۆ مەنافعی میللەتەکەمان و ئینسانیەتە.

**پەیمانی ئێمە بۆ میللەتی کورد**

**ئەی میللەتی کوردی مەزلووم و فیداکار، ئێمە بە شەرافەتی مبادیی دیموکراسیمان و پاکیەتیی ڕوحییەتی نیشتمانپەروەریمان عەهد و پەیمان دەدەین کە شەریکی ژیان و ئاسوودەیی نەبین تاکو حقووقی داگیرکراوت بۆ ئیعادە بکەینەوە و لە ڕێگەی نەجاتبوونت لە زوڵم و سەرگەردانیی ئەسارەتی حوکمی بێگانان لە نفووزی شوومی ئیستیعمار و سەرنەکەوتنی کۆنەپەرەستی لە هێز و هیممەتمان خەرج بکەین. وەعد و پەیمان بێت کە قازانجی مەسڵەحەتی شەخسیی خۆمان بکەینە قوربانی مەسڵەحەتی عمومیی تۆ و هەموو حەز و مەیل و ڕەغبەتی خۆمان بکوژین بۆ دەرخستن و**

**بووژاندنەوەی مەقسوود و ئامانجی بەرزی تۆ بۆ تەقوییەتی یەکێتیی ناوخۆیی و پێشخستنی نەهزەتی میللی نەتەوەی کورد.**

هەروەکو تا ئێستا نیشانمان داوە لە مەیدانی موبارەزەی میللیدا هەموو بەرنامە و تەعەهوداتی ئێمە کار و تێکۆشین و خەدەماتی فیعلی بووە و هەمیشە ئێمە دوور بووین لە گوتەی بێ سەمەری پروپاگەندەیی نەزەری. نەتایجی خەدەمات و فیداکاریی ئێمە لەژێر شەرایتی گران و ئینجازی سەختدا لە تاریخی موبارەزەی دوورو نزیکی ئێمە بۆ هەموو کەس مەعلووم بووە لە کوردستاندا. چاندنی ڕەگی نیشتمانپەروەری و داگیرساندنی پڕشنگی ئازادیخواهی لەناو هەموو تەبەقاتی میللەتی کورد یەکێکە لەو نەتایجانە و ئەگەر لە شاخ و داخ و دەشت و جەنگەڵەکانی کوردستان بگەڕێین، لە هەموو جێگەیەک ئاساری موبارەزە و مودافەعە و حەرەکاتی شۆڕش و ئازادیمان دەبینین وەکو سەنگەر و خەندەق و قەبرستانی شەهیدانمان، لەمە زیاتر چی هەیە کە ئیسپاتی ڕاستیی پەیمانمان بکات؟
ئەمە هەر واجبی خۆمانە مەوتنی شیعاری ئێمە لێرەدایە: نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار.

**ئەی ڕوحی شەهیدانی پاک و بێ گوناه، سوێندتان بۆ دەخوێن کە ئەو موبارەزەیەی ئێوە بە قارەمانی دەستتان پێکرد و لەو ڕێگەیەدا خۆتان فیدا کرد، ئێمە تەواوی بکەین و تۆڵەی ئەو خوێنە پاک و خۆشەویستەتان کە لە ڕێی حەق و ئازادیدا ڕشتتان بە ئینتقامی عادیلانە لە خوێنمژ و فاشیست و ئیشغالگەرەکان بستێنین، تاکو بۆیان ئیسپات بکەین کە ئێمەش لە نەتیجەی قارەمانەتی بێ نەزیر و ئیمان بەرزیی ئێوەدا، بووین بە خاوەن ڕوحییەتێکی بڵند و شعوورێکی ڕووناک کە بەوەش هەقمان هەیە بڵێین ئێمەش نەتەوەی ئەو قارەمانانەین و سەری میللەتی کوردیش لەناو میللەتانی دنیا بەرز بکەینەوە.**

لەپاش ئەوە بوو کە ئێمە توانیمان لەژێر شەرایەتێکی زۆر گراندا هێزی دیموکراتیی ڕزگاریی کوردستان تەشکیل بدەین لە مودەتی شەش مانگ لە مقابل هێرشی دوژمن، کوردستانی ئازادی مودافەعە کرد و بە مناسەبەتی تەغییری مەوافیقی سیاسەتی خارجی و تێکچوونی تەشکیلات داخلی کوردستان، کۆنگرەیەک تەشکیل درا لە عامییەتی مەناتقی کوردستان وەکو

"سەردەشت، لاجان، نەغەدە، شنۆ، دۆڵی بەراندوز، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ لە شنۆ لە ڕۆژی ١٩٤٧/١/١٥ (١٣٢٥/١٠/٢٦).

ئەم کۆنگرەیە بەعزێ قەراراتی قبوڵ کرد و بەرنامەیەکی تازەی دانا بۆ ئەوەی معالەجەی مەوقیفی تازەی ئەم مقەڕاڕاتانە و بەرنامەیە لەسەر ئامانجی سیاسی- ئیقتسادی- ئیجتماعی و عموومی تازەمان دیار دەکرێن کە بەعزێ تەغەیرات لە بەرنامەی حزبی ئەسڵی نیشان ئەدات. سورەتێک لە مقەڕەڕاتی کۆنگرەی شنۆ بە زمانی ئەجنەبی تەرجەمە کراوە و بۆ ڕەفیقەکانمان لە ئێران ناردراوە بۆ مەعلومات لە ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٠.

پێویستە ئەم معلوماتانە ئیعلان بکەین.

**ئامانجەکەمان**

لەو هەموو مەوزووعانەی کە تا ئێستا بۆ ئێوەم تەفسیل کرد ئیستنتاجی بەعزێ ئامانج دەکەم کە بە پێویستی دەزانم حزبەکەمان لە ئەوەڵین مەرحەلەی موبارەزەکەیدا ئەم ئامانجەی لەنەزەر بگرێت.

ئەوە وتاری بارزانی بوو لە کۆبوونەوەی سێیەمی ئەنجومەنی کوردە ئاوارەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە باقرۆف لە باکۆ بۆی پێکهێنان، بەڵام بارزانی تەنانەت لە یەک وشەدا باسی لەو ئەنجومەنە و لە حکومەتی ئازەربایجان و باقرۆف و ڕێبەرانی ئازەربایجان نەکرد. بارزانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی باشوری بە سەرۆکایەتی پیشەوەریی بەرز نرخاند و وەک هاوپەیمانی دواڕۆژی کوردی ناوزەد کرد کە بۆ باقرۆف بکوژی پیشەوەریی گران تەواو بوو.

باقرۆف لە سەردەمی کۆماری کوردستان و پەلاماری سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان، بارزانی دەناسی. لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژی ١٩٤٦/١٠/٢٠ لە نەخجەوان لەنێوان پیشەوەری، پادگان، غولام یەحیا فەرماندەی فیداییەکانی ئازەربایجان لەگەڵ باقرۆف، پێیانگوت:

**- (ژمارەیەک کورد هەن بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانیی کە ژمارەیان لە ١٥٠٠ چەکدار تێناپەڕێت و دەتوانن پشتیوانیی لە دیموکراتەکان بکەن.)**

بۆ زانیاریی پتر لەسەر باقرۆف، کتێبی بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان نوسینی پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی بخوێننەوە

کە من کردومە بە کوردی و دەزگای وەرگێڕان لە هەولێر ساڵی ٢٠١١ چاپ و بڵاوی کردوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی لە نزیکەوە ئاگای لە پێوەندیی چەند کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان و باقرۆڤ هەبوو. لەم بارەیەوە عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" لە لاپەڕەی ٤٠٢ی چێشتی مجێوردا دەنوسێت:

**- (.... باسی سەفەری خۆی بۆ ڕوسیا گێڕایەوە کە وەختی چونە باکۆ ئەفسەرێکی تورکیان ڕەگەڵ خستون کە ئاگای لە کاروباریان بێ. پاش ماوەیەک تێگەیشتون تورک نیە و عەلی گەلاوێژە، ناردراوە بزانێ لەناو خۆیاندا دەڵێن چی. زانیویە کە عەلی بەردەستی ڕەحیم قازی یە. ڕەحیم باغرۆفی واتێگەیاندبوو کە بارزانی بەهۆی باوکی سەید عەزیز "حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی" ڕاسپاردەی ئینگلیسانە و زۆریان لەسەر ئەوە زەحمەت دیوە. باغرۆف بۆی داناوە کە لەگەڵ ڕەحیم حیزبی دیموکراتی کورد لە باکۆ دروست کەن، وەک فیرقەی ئازەربایجان. مەلا مستەفا قەبووڵی نەکردوە، چونکە زۆری بێ ئەخلاقی ڕەحیم بیستۆتەوە. لەسەر ئەوە باغرۆف لێی غەزریوە و هەمو بارزانیەکانی هەڵداشتون بۆ سەحرای قەرەقەلپاق و هەریەک و دوانیان لە دێیەک کردۆتە کارگەری کەڵخۆزان. مەلا مستەفا نەیگوت بۆخۆی چکارە بوە، بەڵام لە خەڵکی ترم بیست کە ماوەیەک لە دوکانی قەسابێک و قەدەرێک لە ئاشێکی ئاگر کارگەری کردوە. وەرەقە و بلیتی سەفەری لە ژنێک کرێوە و خۆی گەیاندوەتە مۆسکۆ، لەو دەمانەدا ستالین نەماوە، چوەتە کرملین. لە دەرگا ڕێگەیان نەداوە و لەگەڵ ئەفسەری پاسدار بەشەڕ هاتووە.)**

بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە بەهەڵەچوونی کاک زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، سەرنج بدەن بە "ئەندرێ سۆدا پولاتۆڤ" و بزانن لە کتێبەکەیدا "ژیانی نهێنی ژەنەراڵ سۆدا پولاتۆڤ" سەبارەت بە سیاسەتی باقرۆڤ و ستالین سەبارەت بە بارزانییەکان دەڵێت:

**- (بارزانی باسی لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی دەکرد. هۆشیاریی و دیسپلینی بارزانییەکان، کاربەدەستانی سۆڤیەتی تووشی هەڵە کردبوو. ئەوان بەبێ پرس یان مۆڵەت وەرگرتن لە بارزانی و هاوکارەکانی، فەرمانی کاربەدەستانی سۆڤیەتیان جێبەجێ نەدەکرد. وا دەرکەوت کە**

کاربەدەستان تووشی هەڵەی زۆر گەورە هاتوون و پاشان تێگەیشتن کە بە خۆڕایی هەوڵیان داوە خۆیان بکەن بە خاوەنیان و لە یەکتر جودایان بکەنەوە و بارزانی لەوان داببڕن، یان تووشی ئەو هەڵە، یان تاوانە بوون کە کۆنترۆڵ و جاسوسیان لەسەر دانان، بەتایبەتی لەسەر بارزانی. ئەویش پێویستە ڕوون بکەمەوە کە باقرۆف لە سەرەتادا ویستبووی بارزانییەکان لەژێر دەستی خۆیدابن و بۆ ئاژاوەنانەوە لە ئازەربایجانی ئێران سودیان لێوەربگرێت "ئەم کارەشی بەبێ مۆڵەتی مۆسکۆ دەکرد، یاخود دەیویست لەم بارەیەوە بڕوا بە مۆسکۆش بهێنێت"، بەڵام بۆی نەچووەسەر، چونکە باقرۆف هیوای بە یەکگرتنی هەردوو ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئێران هەبوو، تا کوردستانیش بەشێک بن لە ئازەربایجانی یەکگرتوو، بەڵام سۆڤیەت بە کشانەوەی خۆی لە ئێران، ئەم پلانەی باقرۆفی پوچەڵ کردەوە. باقرۆف دەرسی لەو پلانە وەرنەگرت، دیارە بارزانی و مۆسکۆش لە مەبەستی باقرۆف گەیشتبوون، جگەلەوە مۆسکۆ دەیویست بارزانییەکان لەژێر دەستی باقرۆف دەربهێنێت و بۆ پلانێکی گەورەتر لەوەی باقرۆف بەکاریان بهێنێت. یەکەم جار ویستیان بە ڕێگای حیزبی تودە و هەندێ لایەنیتر پشتی موسەدیق بگرن کە نەوتی خۆماڵی کرد و دەسەڵاتی ئەمریکا و ئینگلیزی لە ئێران کەمکردەوە و بە هەمان شێوە بارزانیشیان بۆ پاڵپشت و هەم بۆ دژایەتی شا لە ئێران پێویست بوو. بۆ ئەو مەبەستە بارزانییان بیرهاتبۆوە و بە ڕای من بارزانییەکان کە پەرش بڵاوکرابوون و پاشان لە تاشکەند کۆکرانەوە، بۆ ئەو مەبەستە بوو، نەک وەڵامدانەوە بەو نامە و مانگرتنانەی هەرلە سەرەتای هاتنیاندا بۆ سۆڤیەت، بەرامبە بە کاربەستان دەریان بڕیبوو. ئەگەر سۆڤیەت نیازی بەرامبەر بە کورد و یان بارزانی باش بووایە، لە ساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٥١ هەڵوێستی مرۆڤانەی خۆی نیشاندەدا، بەڵام ناردنی بارزانی بۆ ئێران لەبەر هەندێ هۆ کە لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە، سەری نەگرت، وەک هەڵەی حیزبی تودە بەرامبەر بە موسەدیق، هەڵوێستی موسەدیق خۆشی بەرامبەر بە سۆڤیەت باش نەبوو. هەروەها بەهێزبوونی سیاسەتی ئینگلیز و ئەمریکا لە ئاست سۆڤیەت لە ئێراندا. بەڵام کاتێ ستالین مرد و خرۆشۆف دەسەڵاتی وەرگرت، ئاڵوگۆڕێکی گشتی لە بارودۆخی سۆڤیەت کرا کە بارزانییەکانیشی گرتەوە و پاڵەپەستۆ و ڕەفتاری نامرۆڤانەی

**دەزگا سەرکوتکەرەکانی سۆڤیەتیان لەسەر کەمبۆوە، بەڵام سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد نەگۆڕا و هەڵوێستیشیان بەرامبەر بە کێشەی کورد نەبوو.[٣].)**

بەهەرحاڵ ملنەدانی بارزانی بە خواستەکانی باقرۆف، گرفتی زۆری بۆ بۆخۆی و بۆ هەڤاڵانی پێکهێنا، بەڵام بارزانییەکان بە پێچەوانەی مامۆستا زرار سلێمان بەگ کە دەنێردرایە شوێنە گەشتیارییەکان کە خۆی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات!!! تا مردنی ستالین، بە خەباتی مەدەنی، خۆپێشاندان و مانگرتن پشتی سەرۆکەکەیان بەرنەداو بە مردنی ستالین، بارزانی توانی خۆ بگەیەنێتە مۆسکۆ و گرفتی خۆی هەڤالانی بە خرۆشۆڤ بگەیەنێت و لە ژیانی دەستبەسەر کراو ڕزگاریان بکات و بیانگەیەنێتە زانکۆکان، تا جگە لە پیرو بەساڵداچووەکان، هەرلە تاشکەندەوە تا مۆسکۆ بخوێنن و پلەی بالای خوێندن بگەن. هەرچەندە مامۆستا زرار بەرلە چوونی بارزانی بۆ مۆسکۆ ڕێگای خوێندنی بۆ کرابۆوە.

هەروەک چۆن زرار سلێمان بەگ لە مهاباد خۆی دوور لە بارزانییەکان ڕاگرتووە، لە تاشکەندیش هەر بەم جۆرە لێیان دوورەپەرێز بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو بیری چەپ و لایەنگریی لە سیاسەتی باقرۆف کێشی پەیداکرد و تەنانەت چەند کۆپلەی شیعری وەک: **"سۆسیالیزم لە شێوەی ئێمە"، "مامۆستا لێنین"** و.... بۆ پێداهەڵگوتن بە سیستمی سۆسیالیزمی سۆڤیەت هۆندۆتەوە و دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ لە نامیلکەیەکدا بەناوی **"یاد و هەست"** بڵاویکردۆتەوە.
دوای گەڕانەوەی بارزانییەکان لە سۆڤیەت، کاک زرار سلێمان بەگیش لەگەڵیان دەگەڕێتەوە و وەک خۆی دەڵێت: **(لە ڕەواندز دەبێت بە مامۆستای خوێندنگە و تا شۆڕشی ئەیلول مامۆستایەتی کردوە.)** لە دەستپێکردنەوەی شەڕدا کە حکومەت بڕیاریدا "ئەوانەی چوونەتە ڕوسیا، بگیرێن"، ڕەواندزی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ دەرگەڵە. وەک خۆی دەڵێت: **(باوکی سەردەمێک چەکی حکومەتی پێبووە)** و دەڵێت: **(شیوعییەکان پێیانهەڵگرتووە و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و حیزبی شیوعی بەشداریی شەڕەکانی سپیلک و کۆڕەک و هەندرێنی کردوە.)**

کێشــەی زراری ســلێمان بەگ لەو ڕۆژەوە پتــر بەرزبــۆتەوە کە پــارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بە گـوێرەی یاسـا مـووچەی بـۆ خێزانــی هەڤـاڵانی بارزانی بڕیبەوە. لەو بارەیەوە رەخنەی توندی دەگرت و گوتی: (**مانگانە ۷۵۰ هەزار دینار "نزیکەی ۷۰۰ دۆلار" وەردەگرێت، بەڵام کەسی وا هەیە ۲۰۰ هەزار دینـار "نـزیکەی ۱۸۰۰ دۆلار"ی لە مانگدا دەدەنـێ.**) بـۆ ڕوون کــردنەوەی ئەو مەسـەلەیە سـەردانی لیــژنەی بــاڵای پێڕاگەیشـتن بە کاروباری هەڤاڵانی بارزانیم کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو دەزگایە دوام. گوتیـان تێبینییەکـی تـایبەت لەسـەر مـوچەی مامۆستا زرار نییە. هەمـوو موچەکـان بە یاسـا دەدرێــن و مەرجــی دیــارییکردنی موچەکەشـیان بەم جۆرەیە:

١- ئەوانەی بەرپرس بوون و دوای گەڕانەوەیان لە سۆڤیەت دانەبڕاون.
٢- ئەوانەی پێشمەرگەبوون و دوای گەڕانەوەیان لە سۆڤیەت دانەبڕاون.
٣- ئەوانەی بەرپرس یان پێشمەرگە بوون و دوای گەڕانەوەیان دابڕاون.

بەهەرحاڵ هەروەک زرار سلێمان بەگ بۆخۆی دەڵێت: (**لە بـواری بیـر و فکـرەوە لەگەڵ بــارزانی نەبـووە و لە دەسەڵاتیشـی نـاڕازی بـووە.**) ئەو جیاوازییە و کەمبوونی ڕێژەی موچەکەیو ئازار بینینی لە شەڕی براکوژیی نێوان یەکێتـی نیشتمانی و پارتی دیموکرات، برینی کۆنی کولاندۆتەوە و هانیداوە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی بەدژی بارزانی بنوسێت، بێخەبەر لەوە دوژمـن لە بۆسـە دایە و لە هەر هەلێـک و هەر نوسـینێک دەگەڕێ تـا دژی نەتەوەی کـورد، بــارزانی و ئەزمــوونی باشـوری کوردسـتان بەکــاری بێنێــت، بەڵام مێــژوو پێشــانیداوە کە هەوڵــی چەواشــەکەرانی مێــژووی کوردستان دەوامی نییە و وەک بڵقی سەر ئاوی لێ دێت.

---

١- بەرزبــوونەوە و کەوتنــی فیــرقەی دیمــوکراتی ئازەربایجــان، نوسـینی پرۆفیسـۆر جەمیـل حەسەنلی، لاپەڕەی ٢٦٢، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠١٠.

٢- بۆ نوسینی ئەم بەشە جگە لەو سەرچاوەی سەرەوە، کەڵکم لەم کتێبانەش وەرگرتوە: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، تراویلکەی پیلانەکان دژی بە نەتەوەی کورد، نوسینی حامید گەوهەری ٢٠١٢، ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، دانان و ئامادەکردنی سەردار محەمەد و عەبدولڕەحمان هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو.

٣- ژیانی نهێنی ژەنەڕاڵ سۆدا پوڵاتۆڤ، لە کتێبی "مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتدا"، نوسینی ئەفراسیاو هەورامی، لاپەڕەی ١٨٧- ١٩٤، چاپی ئاراس، ٢٠٠١ هەولێر.

# پاشبەند

## پاشبـەندی ١

ڕوژنـامـەی کوردستـان، ژمـارە ٦٦، لاپـەڕەی ١، سێ شـەممو ١٨ پوش پـەر ١٣٢٥



# دەنگ و باسی نیو خومان

### چونی وەزیری جەنگ بو جبهە

روژی ١٤ ر ۴ ر ٢٥ سەعاتی ٨ بەیانی جەنابی آغای محمد حسین خانی سیفی قاضی وزیری بەرزی هیز و جەنابی ژنرال مایور مصطفی بارزانی دە گەل عدەیەك پیشمەرگە بو جبهە عزیمتیان کرد .

### اعطای پایەی سەروانی

لەنتیجەی فداکاریەک کە آغای محمدی قادری لەشەری ٢۴ ر ٣ ر ٢٥ لەجبهە دە گەل برایانی بارزانی نواند بووی لەلایەن جنابی وزیری هیزەوە بەدرەجەی سەروانی سەربەرز کرا .


## پاشبەندی ٢

نامەی تاهیر عەلی، خالید سەعید و عەلی عەسکەری بۆ مەکتەبی سیاسیی
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان


(١)

١٦/٥/٩٧٨


مەکتەبی سیاسی بەڕێز .



## پاشبەندی ٣

نامەی شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدوڵا و خالید سەعید بۆ مام جەلال. نامەکە لاپەڕەی سێیەمی لەگەڵ نییە، بەڵام نەوشیروان مستەفا دەقەکەی نوسیوە و منیش بە ناچار لە نوسینەکەی ئەو وەرمگرتوە





چونکە لاپەڕەی سێیەمی نامەکە لەگەڵ بەڵگەنامەکاندا نییە، دەقی نوسراوەکەی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ نامەکە دانا.

کوردستان یان نەمان

١٩٧٨/٦/١٠

ناوچەی ژیرکی

**بو هەڤال مام جەلالی بەریز**

سلاویکی شورشگیرانە

بەهیوای باشیو سەرکەوتنتانینو سلاوو ریزمان بو کاکە نەوەو کاك د.محمودو هەموو برادەران، برادەرانی ئیرە هەموو سلاوو ریزیان هەیە.

١. روژی ٥/١٢ هەردوو رەتل بەیەك گەیشتین لەبرادوست دوای ئەوەی کە رەتلی دووهەم تووشی هەندی هیلاکیو نارەحەتی بوون بەهوی مەوقفی دوژمنانەی ئیرانەوە، وەکو لەنامەیەکی ترا بەریزتانمان ئاگادار کرد.

٢. هەر لەهەمان روژدا دوژمن بەفروکە ئینزالی کرد لەسەرمان ئیمەیش بەرەو ماسیرو گەلیشم کشاینەوە.

٣. دوای چەند روژیك پشوودان بریارماندا کە بەرەو ناوچەی بادینان بکشیین بو وەدەستهینانی چەكو ئیمکانیەتو هەلگیرساندنی بلیسەی شورشی پیروزمان لەبادینان، لەناوچەی ئورەمار (محمد حسن)مان بینیو نووسراومان دایە بو برادەران کە (٥٠) پەنجا پارچە کلاشینکوفی بدەنی وە جەماعەتی ئامادە کردبوو بو چەك هەلگرتن، وەکوو ئاگادارین چەکەکانی وەرگرتووە.

٤. هەر لەماسی رو وە پیش ئەوەی رەتلی دووەم بگات کاك خالیدو

کاك شیخ حسین پەیوەندی یان بەبرادەرانی (پ.ش.م*)ەوە کردبوو وە ئاگاداریان کردبوون لەپلانی ئەم هاوینەمان و دوای ئەوەش بەئیستمرار هەر پەیوەندی مان لەگەلیان بوەو ئەمان پچراندوە، هەرچەندە بی خیری و بی هیمەتی ئەوان گەیشتوتە رادەیەك کە تەحەمل ناکریت، بەلام ئیمە هەر نەرم بووین لەگەلیان.

٥. لە ٥/٢٧ لەناوچەی ئورەمارەوە بەری کەوتین بو ناوچەی بازی (عەشیرەتی زێرکی) لە ٥/٢٨ گەیشتین و چەند روژێك ماینەوە لەئیوارەی ٥/٣١ جەماعەتیك لەچەکدارە کورد کوژەکانی ق.م بەدی کران کە بەرەو شوینەکانی ئیمە ئەهاتن، ئیمەش هەموو شوینە قایمەکانمان لی گرتن، هەر لەو شەوە ووردە تەقە دەستی پی کردو بەیانی شەر گەرم بوو هەتا ئیوارەو روژی ١و ٦/٢ بەردەوام شەر بوو لەنیوانمان داو هیزەکانمان زور نەبەردانە ئەجەنگان و زیانیکی زورمان لەو دوو روژە لەدوژمن دا، بەلام لەبەر نەشارەزایی و بی نانی و بی ئاوی ئیوارەی ٢ـ ٦/٣ بریارمان دا بکشیینەوە بەرەو کەهی (نزیك هەکاری). وە شەو کە لەچیا هاتینە خواری نزیك گوندی بازی تووشی کەمینیکی جاشەکان بووین و تەقەیان لی کردین، وەکوو بومان باس کردن ئیمە نەشارەزا بووین لەو شەوەوە بووین بەدوو قوەتەوەو لەیەکتری بر بووین، ئەمرو برادەرانی (پ.ش.م) ئاگاداریان کردین بەنووسراو کەوا کاك عەلی عەسکەری نووسراوی بو ئەوان نووسیوە کە بەخوی و قوەتەکەی لەگەلیدایە بەرەو (ئەتریس) لەناوچەی عەمادیە چوون و حالیان زور باشە.

٦. ئیمەش قوەتەکەمان ١٧٠ پیشمەرگەین و قوەتیکی زور باشین و برادەران کاك عادل و کاك رەئووف بەگ و کاك شیخ عەلی لەگەل قوەتەکەدان و چاوەروانی ئەوە ئەکەین کە وەجبەیەك چەکمان بگاتە دەست لەم روژانەداو برادەران نزیکیان خستوتەوە لیمان.

٧. کوردکوژەکانی ق.م خویان بەژمارە کەم بوون لە ١٥٠ بو ٢٠٠ تی نەئەپەرین، بەلام هیزیکی زور عەشایەری ناوچەکە لەعەشیرەتی

پنیاش و عەشیرەتی ماجدبەگ کوکردبوەوەو هینا بوویان بو ئەو شەرە. لەگەل گویی و عەشائیری گەردی و زوری تریش.

٨. خەسائیری ئەوان زیاتر لە ٢٠_٢٥ کوژراویان هەیە لەناو کوژراوەکاندا مەلا ئەمین بارزانی و (٩) کەسی تری بارزانی تیدا بووە کە بەکیکیان کوری و ئەویتریان برای مەلا ئەمین بووە، وە ٨ کەسمان لی بەدیل گرتن.

٩. مجموعەیەك لەئیمە وەکو بیستوومانە تەسلیم بەجاشەکانی ق.م بوون تەقدیر ئەکرین بە ٧٠ کەس کە بەشی زوری بی چەك بوون، وە برسیتی و هیلاکی و نەشارەزایی وای لی کردبوون کە بچنە ناویانەوە.

زیانی نیمە لەو شەرانەدا ٥ شەهیدەو ٦ بریندارمان هەیە کە برینەکانیان سووکەو مەترسی لی ناکری، لەناو شەهیدەکانمان دا (شیخ حەمەئەمین، خەلیفە قادر، شیخ شەهاب خدر مەلا) تیدا بوو لەگەل ٢ پیشمەرگەی قادر ئاغا.

١٠. ئیستا ئیمە ئیعادەی تەنزیمی قوەتەکەی خومان کردوتەوە، وەزعمان باشەو وورەی پیشمەرگەکان زور بەرزە، خەلکی ئەم ناوچەیەی کە تیداین زور هاوکاریمان ئەکەن.

١١. نووسراوی د. کەمال ـ مان پی گەیشت پیش چەندروژیك نووسیبووی کەوا ٦/٩ دیتە لامان بەلام تائیستا دەنگی نی یە، وا نووسراوەکەی ئەو لەگەل کومەلیك نووسراوی کەدا، لەگەل ئەم نووسراوەدا بومان ناردن.

١٢. لەنووسراوی پیشوودا ئاگادارمان کردن کەوا لەشەری ناوچەی لولان کاك تاهیر بیندار بووە، بەلای برینەکەی سووکەو ئیستا لەئیمە بر بووە وە موتەئەکید نین کەوا لەگەل کاك عەلی و قوەتەکەی تردایە یان نا؟

١٣. هەر لەناوچەی برادوست پارەمان لی براوە، زوری ئەو پیشمەرگانەی دەمانچەیان بووە پیمان فروشتوون و پارەکەیمان لی قەرز کردوون و هەر خەریکی قەرزین و هەندیکیشمان لەبرادەرانی پ.ش.م قەرز کردووە، بەتەمای د. کەمالین کە پارەمان پی بگەیەنیت وا جاری ئەویش دیار نیە. لەرووی پارەو فیشەك وەزعمان خراپە.

١٤. ئیمە هەر لەسەر نیش و کاری خومان بەردەوام ئەبین دوای

ئەوەی کە ئەو وەجبە چەکەمان دەست کەوت بەرەو بادینان ئەروین کە لەو ناوچانەدا وەکوو ئاگادار کراوین چەکداری خومانی نی یە «بەیت و الشباب و ئولودەرە».

١٥. ئیمە کە تووشی تەسادم بووین لەگەل جاشەکان زیاتر لە ٥٠٠ _ ٧٥٠ عەشائیریان هینابوو وە هەر بەردەوام بویان ئەهات ئیمەش یەك کەسی منطقە لەگەلمان نەبوو وە کەسیکی شارەزامان نەبوو وە ٣ روژ بەبی نان و ئاو ماینەوە لەچیاو لەشەری، فیشەکیشمان بەرەو خەلاس بوون چوو.

١٦. ئیوە نەکەن خوتان لەناو تورکیا بدەن ئەگەر ویستتان بەرەو بادینان بین لەسەر حدود وەرن چونکە هەموو ئەو تەقریرو دەتگوبلسانەی ئەهاتن هەموو درویە عەشائیر بەشیوەیەکی علم لەناو تورکیا ئیستا لەدژی ئیمەن، وا دیارە موئامەرەکان ئەکری جیهازیکی تایبەتی ئیستعمارییە کە هەر ئەو جیبازە لەناو دەولەتی تورکیا تەحریضی عەشائیرو ق.م یان لەئیمە کردووە بو لەناوبردنی ئیمە پارەیەکی زور بەسەر عەشائیر دابەش کراوە بو ریگاگرتنی ئیمە.

ئەگەر بوتان ئەکری لەولا لەجاشەکان بدری لەناوچەی گەردی زور لاوازو بی کەلك بوون لەو ناوچانە دەریان بکەن.

١٧. تکایە چی هەبوو بەپەلە ئاگادارمان بکەن بەهوی برادەرانی (پ.ش.م) لەریگەی هەکارییەوە.

چی هەبوو لای ئیمە بەکورتی بومان نووسین.

ئیتر بو پیشەوە رەو سەرکەوتن

**شیخ حسین بابە شیخ** **عمر عبدالله** **د.خالید**

## پاشبەندی ٤

نامەی عەلی بلخکانلو سەبارەت بە دزیی و درۆکردنی عیرفان قانعی فەرد بە زمانی فارسی:

بسی یاوه گویی دروغ !
پاسخی به خود شیفتگی های آقای قانعی فرد
با توجه به اینکه دفاع از خود در برابر هر گونه گفته های بی محتوا علیه فردی، حق مسلم آن فرد می باشد لازم می دانم در جهت روشن شدن افکار عمومی نسبت به اظهارات آقای قانعی فرد علیه خود مطالبی را بیان کنم:
۱- سال 1378 بنده سال آخر رشته ادبیات فرانسه در دانشگاه تبریز بودم و چندین کتاب از جمله کتاب ناسیونالیسم نژادی کرد نوشته آقای نادر انتصار را ترجمه کردم. در آن هنگام انتشارات نگاه سبز در زمینه کردی فعال بود، با مراجعه به آنجا برای اولین بار با آقای عرفان قانعی فرد آشنا شدم. تمام متن تایپ شده را تحویل دادم تا از طریق انتشارات روند گرفتن مجوز آن طی گردد. راهی خدمت سربازی شدم، بارها، تماس گرفتم مسئولین انتشارات اظهار داشتند که وزارت ارشاد مجوز نداده است ( اما هیچ گاه با آقای قانعی فرد صحبت نکردم ) . من دیگر پس از چند سال نهایتاً پیگیر نشدم تا این که بر حسب اتفاق همان کتاب را با یک عنوان افزوده ی مافیای قدرت به اسم آقای قانعی فرد دیدم. من تا کنون کلاً وی رافقط دوبار دیده ام و هیچ گونه رابطه دوستی هم ندارم. مطلبی را در این باره نوشتم و در سایت renesans.info منتشر کردم که با ایمیل های التماس گونه وی همراه شد تا اینکه به درخواست بعضی از دوستان نیز از شکایت صرف نظر کردم. اکنون با توجه به اظهارات یاوه گونه وی، لازم است سوالی از چند وی بپرسم که خود خوانندگان به قضاوت بنشینند :
۱- آقای قانعی فرد، اگر مدعی هستید ترجمه مال خود شماست چرا در قسمت جستجوی مدارک ساده در سایت کتابخانه ملی ایران با جستجوی عنوان «علی بلخکانلو عرفان قانعی فرد » نام کتاب ناسیونالیسم نژادی کرد می آید که نام مترجم اول عرفان قانعی فرد و مترجم بعدی در قسمت شناسه افزوده علی بلخکانلو می آید ؟ http://www.nlai.ir
من و شما کی و در کجا با هم کتاب مشترک ترجمه کرده ایم ؟ من شما را فقط دوباره دیده ام. اگر ترجمه شما بوده است، چرا اسم من را در صفحه آخر کتاب ژانی گل(ترجمه مرحوم محمد قاضی که بعداً به نام خود منتشر کرده اید.)فهرستی از آثار ترجمه شده خود را آورده اید وزیر عنوان ناسیونالیسم نژادی کرد نوشته اید : مترجم عرفان قانعی فرد با همکاری علی بلخکانلو ؛ باز هم می پرسم من کی و در کجا با شما در ترجمه یک کتاب همکاری کرده ام؟
آیا این نکته برای اثبات یاوه گویی شما کا فی نیست؟
سرشناسه: انتصار، نادر
عنوان و نام پدیدآور: ناسیونالیسم نژادی کرد/ نوشته نادر انتصار؛ ترجمه عرفان قانعی فرد

مشخصات نشر: تهران: نگاه سبز، ۱۳۷۸.
مشخصات ظاهری: ص ۳۰۱
شابک: 964-5639-13-1
وضعیت فهرست نویسی: فهرستنویسی قبلی
یادداشت:
عنوان بەانگلیسی: Kurdish Ethnonationalism
یادداشت: فهرستنویسی براساس اطلاعات فیپا.
موضوع: کردان -- هویت قومی
موضوع: کردان -- خاورمیانه -- فعالیتهای سیاسی -- قرن ۲۰
موضوع: کردان -- خاورمیانه -- وضع سیاسی و اجتماعی -- قرن ۲۰
موضوع: کردان -- سیاست -- و حکومت -- قرن ۲۰
شناسه افزوده: بلخکانلو، علی، . – ۱۳۵۵
رده بندی کنگره: DS۵۹/ک۴الف ۷۶ ۱۳۷۸
رده بندی دیویی: ۰۰۴۹۱۵۹۷/۹۵۶
شماره کتابشناسی ملی: م۷۸-۱۲۹۱۶

شما با افزودن یک سری مصاحبه و عکس به ترجمه بنده آن را به اسم خود کرده اید و آن وقت مرا نیز متهم می کنید؟ به نشانی کتابخانه ملی ایران مراجعه گردد :
در نوشته تان به مصادره اموال انتشارات نگاه سبز اشاره کرده اید، در آن وقت کتاب دیگر بنده «اعلامیه جهانی حقوق بشر، کردی- فارسی» نیز در انتشارات بود که حدود 900 جلد آن پس از مصادره انتشارات در ورودی موسسه فرهنگی کرد- تهران روی زمین ریخته شده بود که هنگام بازدید از آنجا بار دوم شما را در لباس فردی دیدم که هر لحظه با پرواز به این کشور و آن کشور سفر می کنید، هدفی جز خدمت به کرد ندارید! اما هنوز به خواندن و نوشتن کردی تسلط ندارید و با `` نان شرافتمندانه`` بلیط سفرهای میلیونی به کشورهای مختلف و حضور در رسانه های معلوم الحال را تامین می کنید. خواستم کتابها را به شهرستان ببرم، شما از من خواستید بهتر است با باربری این کار را انجام دهم. شماره حساب دادید، مبلغ ناقابل شصت هزار تومان در بانک ملت به حساب شما واریز کردم تا زحمت دادن کتابها به باربری را بکشید اما شاید به خاطر پنچر شدن ماشین باربری است که هنوز کتابها نرسیده اند و آن مبلغ نیز به جمع گروه `` نان شرافتمندانه`` پیوست!
شما دچار خودشیفتگی شده و خیال می کنید که کتاب یا خودتان مشهور شده اید. علی بلخکانلو برای تمام بینندگان بخش فرانسوی زبان شبکه سحر و خوانندگان سایت ها، و نشریات کردی(کرمانجی) بویژه در حوزه زبان کردی(کرمانجی) نامی آشناست و نیازی به معرفی از طریق اسم افراد مجهول الهویه و معلوم الحال را ندارد که کاری جز مصاحبه با پان ایرانیست ها ندارد. بیشتر از شما کتاب و مقاله ترجمه کرده ام البته به زبان شیرین کردی ( کرمانجی ) و مثل شما از خود بیگانه نیستم .
من هیچ گاه از طرف هیچ وکیلی نه پیامی و نه نامه ای مبنی بر شکایت در این باره دریافت نکرده ام. چگونه فردی که از تلفن و نشانی من خبر ندارد می تواند مرا از

باصطلاح شکایت شما آگاه کند. من اکنون در نشانی تهران، دانشگاه علامه طباطبایی،گروه فرانسه به شماره تلفن 09144618722 ( gundime118@yahoo.com) هستم و اگرواقعاً جرات دارید و خود را حق می دانید تماس بگیرید من هر لحظه آماده ام.

شما نه فقط در حق من بلکه در حق دانشجویان زبان فرانسه دانشگاه تهران نیز اجحاف نموده اید.

( به نشانی http://www.4rojhelat.org/index.php?id=3808 مراجعه شود ) خود را مولف یک فرهنگ فرانسه- فارسی معرفی کرده اید، پس از کارکشیدن از آنان یک ریال هم به آنان پرداخت نکرده اید و یکی از آنان به نام حامد روزبهی اکنون پیش بنده است و با دیگران منتظر فرصتی هستند که با هماهنگی بقیه شما را حضوری ببینند. خود را مولف فرهنگ های یونانی، دانمارکی، نروژی کروی ژاپنی شمالی جنوبی همه کاره هیچ کاره ، فرانسه،. . . می دانید در حالیکه حداقل در حوزه فرانسه (بعنوان ارشد مترجمی فرانسه و کارشناس برنامه زنده LE MONDE EN QUESTION در شبکه سحر، بخش فرانسه) مطمئنم که حتی با مقدمات فرانسه نیز آشنا نیستید چه برسد به اینکه کارسنگین فرهنگ فرانسه- فارسی را انجام دهید. بنده آماده ام در این زمینه برای اثبات موضوع با شما در حوزه زبان های فرانسه، انگلیسی و کردی مناظره کنم تا معلوم شود فقط لاف می زنید.

شما با نوشتن نامه ای تحت عنوان «آقای رئیس جمهور کرد شورشی جدایی طلب وجود ندارد» ماهیت ضد کردی خود را علنی کردید که با واکنش تند کردها مواجه شد. جناب قانعی فرد به شما توصیه می کنم که خودتان باشید. با تظاهر کردن نمی توان کارها را پیش برد، چون مردم هوشیار تر از آنند که شما تصور می کنید.تمام الفظ زشتی که در نوشته تان علیه من بکار برده اید و بیانگر شخصیت واقعی شماست تقدیم خودتان می کنم . تمام کلمات زشتی (مدعی مریض الحوال مجهول العنوان ) که در نوشته تان علیه من استفاده کرده اید پیشاپیش به عنوان هدیه سال نومیلادی تقدیم خودتان میکنم .

لازم است اضافه کنم به خاطر این یاوه گویی های شما، عین کتاب را با حذف تصاویر مصاحبه ها، با تغییر نام چاپ خواهم کرد ، چون خود شما هم با تغییر اسم و هم بدون مجوز چاپ کرده اید.

با احترام علی بلخکانلو – تهران 30 آبان 1387

## پاشبەندی ٥

بیانیه جمعی از فعالان کردستان در خصوص کتاب «تندباد حوادث»

• فعالان فرهنگی، سیاسی، مدنی و مطبوعاتی کردستان ایران توهین به برخی شخصیت های تاریخی و سیاسی کرد در کتاب «تندباد حوادث» را محکوم و آن را عملی غیر اخلاقی دانستند ...
www.akhbar-rooz.com اخبار روز:
شنبه ۶ خرداد ۱۳۹۱ - ۲۶ می ۲۰۱۲
خبرگزاری دیده بان حقوق بشر کردستان: ده ها نفر از فعالان فرهنگی،سیاسی، مدنی و مطبوعاتی کردستان ایران با انتشار بیانیه ای تخریب و توهین به برخی شخصیت های تاریخی و سیاسی کرد را محکوم و آن را عملی غیر اخلاقی دانسته اند. متن کامل این بیانیه به این شرح است:

به نام آنکه اندیشه را به انسان ارزانی داشت اخیرا کتابی موسوم به «تُندباد حوادث» تألیف آقای عرفان قانعی‌فرد به روایت از آقای عیسی پژمان مأمور سابق سازمان امنیت رژیم شاهنشاهی (ساواک) با أخذ اجازه‌ی انتشار از سوی نشر علم منتشر و روانه‌ی بازار کتاب گردیده است. محتوای آن به بیان مقاطعی از تاریخ معاصر کُردستان و رجال سیاسی این سرزمین از منظر آقای عیسی پژمان اختصاص یافته است. صرف نظر از اغراض شخصی راوی و مولف، به دلیل عدم التزام به اصول اخلاقی، تناقض آشکار سیر تکوینی تاریخ مبارزات سیاسی مردم کُردستان با روایات مندرج در کتاب مذکور و اظهارات روان پریشانه و استفاده از الفاظ رکیک در حق بزرگ مردان کرد به خصوص شادروان ملامصطفی بارزانی و حتی ملتهای دیگر می‌باشد. ما ضمن تأکید بر پایبندی خویش به اصول دموکراتیک، حمایت از آزادی بیان و اندیشه و اذعان به لزوم بررسی دقیق و همه جانبه‌ی تاریخ جنبشهای اجتماعی و مبارزات ملت کُرد به ویژه در قرن اخیر و با استناد به اصل کرامت انسانی، مقتضیات بحث علمی و استنتاج منطقی وقایع، مطالب وارده در کتاب را بطور کُلی فاقد اعتبار علمی، ناقض اصول اخلاقی و آن را کتابی موهوم و تحریف وقایع تاریخی می‌دانیم:

۱ـ کلیه‌ی مطالب ارائه شده در این کتاب فاقد سند بوده و مولف با تکیه به اصطلاح تاریخ شفاهی و اوهام شخصی، تهمت و افترا را به نهایت بی اخلاقی رسانده و سعی در القائات شخصی به جای واقعیت های تاریخی دارد.

۲ـ بر مبنای کتاب مذکور راوی وقایع آن (عیسی پژمان) از مأموران بلندپایه‌ی سازمان امنیت رژیم شاهنشاهی (ساواک) بوده که بر این اساس عملکرد وی و دستگاه مطبوعش نیز بایستی در مظان بررسی و قضاوت تاریخ و جامعه قرار گیرد و ایشان بطور مباشر در کیفیت قضاوت نهایی مخاطب در موضوع کتاب ذینفع است، لذا بنا بر اصول علمی هر گونه گواهی و شهادت نامبرده در این خصوص مجروح، فاقد اعتبار و غیرقابل استناد می‌باشد.

۳ـ بکارگیری تصاویر برخی از رجال سیاسی معاصر کُرد در موخره‌ی کتاب به صِرف ذکر اسامی ایشان در خلال روایات راوی، هیچ دلالتی بر صحت و سُقم ادعاهای مطروحه در متن آن ندارد.

۴ـ تصویر یکپارچه‌ی پازل تاریخ معاصر کُرد به ویژه در فرازهای مهم و غیرقابل انکار آن، نظیر حضور یکدست در انقلاب ۱۳۵۷ به قصد سرنگونی رژیم شاهنشاهی و اوجگیری تصاعدی مبارزات آزادیخواهانه‌ی این مردم طی سه دهه‌ی اخیر در بخش عمده‌ای از جغرافیای خاورمیانه در غیاب رژیم شاهنشاهی و آقای عیسی پژمان به عنوان سوپرمن کتاب «تُندباد حوادث» در تعارضی آشکار با داستانهای موجود در این کتاب می‌باشد.

۵ـ به کار گیری الفاظ و انوع ناسزاگویی و فحاشی نسبت به برخی از شخصیت‌های تاریخی و اشخاص حقوقی بخصوص ملا مصطفی بارزانی از زبان راوی و انتشار آن توسط مولف به بهانه‌ی پژوهش در تاریخ به وضوح دلالت بر بی اعتباری اخلاقی و علمی این کتاب است.

۶ـ استفاده از تعابیری نظیر «عربهای سوسمارخور» در تحقیر و توهین صریح به آحاد افراد ملتهای عرب از بدو تاریخ تاکنون از سویی و از سوی دیگر قابلیت طبیعی تسری این اهانت به ساحت شخصیت خاتم الانبیاء حضرت محمد مصطفی (ص) و سایر بزرگان دینی جامعه از نظر ما عملی موهوم و در خور تقبیح است.

۷ـ غایت مقصود مولف کتاب «تُندباد حوادث» از به کار بستن روش تلفیق برخی بدیهیات کُلی در روبنای موضوع، بعضی موارد شُبهه‌دار در میانه‌ی روایت و فوجی از اکاذیب در جزییات داستان برای بی‌اعتبار جلوه دادن شخصیت‌های تاریخی کُرد در واقع کوششی جهت پوچ و بازیچه جلوه دادن مبارزات مردم کرد به قصد استیفای حقوق و کرامت انسانی از رهگذر تخطئه‌ی رُموز این جنبشهاست و به همین سبب در این کتاب و دیگر تألیفات ایشان هرگز در مورد دلایل بنیادین قیامهای ملت کُرد و اصل علت وجود پتانسیلهای بالفعل اعتراضی نزد آحاد فرزندان مردم کرد سُخنی به میان نمی‌آید.

در پایان بر تمامی طرفهای حقیقی و حقوقی مورد بحث قرار گرفته درکتاب مذکور واجب می‌دانیم از هر طریق ممکن و قابل دسترس نسبت به ارائه‌ی توضیحات قانع کننده در رد یا تأیید مطالب این کتاب اقدام نمایند و یکایک افراد جامعه را نیز به قضاوت در قبال ادعاهای مطروحه در کتاب فوق‌الذکر مطابق معیارهای عقلی و اصول اخلاقی در محکمه‌ی ذهن و ضمیر فردی فرامی‌خوانیم.

احمد قاضی - نویسنده - سردبیر سابق مجله سروه
دکتر اسعد اردلان - استاد دانشگاه – فعال سیاسی

دکتر رحیم فرهمند - دبیر کل جبهه متحد کرد
محمد علی سلطانی - استاد دانشگاه – نویسنده
محمد صالح ابراهیمی - نویسنده و مترجم قرآن مجید
حسن امینی - فعال سیاسی و مذهبی
هادی ادب - عضو جبهه متحد کرد – فعال سیاسی اجتماعی
حسین شاه اویسی - فعال سیاسی
سید بابا شیخ حسینی - مورخ پژوهشگر
نجم‌الدین جباری - نویسنده – استاد دانشگاه کردستان
طاهر سرحدی - مترجم – استاد دانشگاه کردستان
فردین صادق ایوبی - طراح – نقاش – استاد دانشگاه
مختار زارعی - عضو جبهه متحد کرد – روزنامەنگار
دکتر جلال جلالی زاده - استاد دانشگاه – فعال ملی مذهبی
سید معروف صمدی - استاد دانشگاه
رحیم لقمانی - شاعر – نویسنده
مهندس رضا سهرابی - نویسنده – روزنامه نگار
محمود محمودی - شاعر – روزنامه نگار
اجلال قوامی - روزنامه نگار – فعال حقوق بشر
جلال ملکشاه - شاعر – نویسنده
فاروق بورەکەیی - نویسنده
صدیق بورەکەیی - نویسنده
دکتر هاشم هدایتی - فعال سیاسی
حاصل داسه - نماینده سابق مجلس
سید مسعود حسینی - نماینده سابق مجلس
رحمان بهمنش - نماینده سابق مجلس
عطاالله حواری نسب - نویسنده
عبدالله حواری نسب - فعال اجتماعی
عدنان برزنجی - فعال فرهنگی
حمید قوامی - فیلم ساز
بابا شیخ مدرس - فعال مدنی
فرزاد حاجی میرزایی - نویسنده – استاد دانشگاه
حامد فرازی - فعال سیاسی
دکتر صلاح الدین خدیو - روزنامه نگار_فعال سیاسی
دکتر خالد توکلی - استاد دانشگاه_فعال سیاسی
کلثوم عثمان پور - شاعر- نویسنده

سیمین چایچی - شاعر – نویسنده
اسماعیل مفتی زاده - فعال سیاسی
ابراهیم احمدی نیا - شاعر – پژوهشگر
افشین محمدی - شاعر – نویسنده
جبار دست باز - روزنامه نگار – فعال دانشجویی
محمد قربانیان - کارشناس ارشد جامعه شناسی
محمد شریف علی رمایی - شاعر و محقق
بهرام ولد بیگی - نویسنده
سهیلا محمدی - نویسنده
احمد محمدی - مترجم – نویسنده
علی دلیری - مترجم – نویسنده
امین گردیگلانی - مترجم – نویسنده
صدیق اسلامیان - نویسنده – پژوهشگر
محمد رئوف توکلی - نویسنده
هاشم سلیمی - نویسنده
محمد کمانگر - نویسنده – عضو شورای نویسندگان آوینه
عطاالله قادری - فعال مدنی اجتماعی
دکتر فریدون نوری - نویسنده –روزنامه نگار
کمال امینی - شاعر –روزنامه نگار
محمد موفقی - شاعر – روزنامه نگار
داوود قاسمی - فعال دانشجویی
وفا رحیمی - استاد دانشگاه
آزاد نمکی - فعال سیاسی
فرهاد هادی - فعال مدنی
مهدی زندکریمی - مدرس دانشگاه
ابراهیم هاشمی - کارشناس مردم شناسی
اسماعیل اعظمی - شاعر
شورش سعیدپور - سردبیر سابق رامان
فردین کمانگر - روزنامه نگار

## پاشبـەندی ٦

ڕوژنـامـەی کوردسـتـان، ژمـارەی ٢٣، لاپـەڕەی ٣، ڕۆژی چـوارشـەممـە ١٣٢٤/١٢/١٥- ١٩٤٦/٣/٦.



ژمارە ٢٣ ڕوژنامەی کوردستان

نطقی محمد محمود افندی لەروژی هاتنی مەلا مصطفی لە حضوری حضرتی پیشوای کوردستاندا

پیشەوای معظم گەورە بەڕیزەکانم .

بەناوی کوردی وریا بوەوە لەژیرماوەی بەیرەوی کونی زەبربەدەستی ، بەناوی سەرکردەی شورشی گەل لەبارزان ، شورشی بەرهەلستی سەرکەردانی ، شورشی نەهیشتنی ظلم واستبداد ، زرو باش پیشکەشی دانشتوانی ئەم کوبونەوەیەدە کەم ، کە آلای پیروزبان لەسیەیەکی نیشتمانی گەورەدابلیند کردەوە بەناوی خوینی پاکی گەلی کوششکەرەانەوە کەلە مەیدانی آزادیدا پیشکەشیان کردوە ، هاوارتان دە کەینی کە ئەم بەرەپیروزە - آزادیوسەربەخویی پی بکەینن . بەناوی فرمیسکی چاوی بیوەژنان و آەونالینی هەتیوانەوە هاوارتان دە کەینی کە یەمانی حقوقی گەل بدەن ، اقتصادیاتی بپاریزریت ، پشتی فەرهەنگ بکرن بە پەروەردە کردنیکی گیانی دیمو کراتیەوە ، پاریزگاری لەدیمو کراتی بفرمون کە کەرییکەی پیشخستنی گەل وسەربەخویی نیشتمان ورویشتنە بەری وەیەلە گەل کاروانی گەلانی آزادی بەرزەو تەواوەتی ومروانی .

بی گومان لەبیر ناکریت کە حکومەتی کوردستانی آزادهیشتا لەیەکەم قوناغیەتی وە کوششی ابوەی پی دەویت ، بوسەر کەوتنی کوردستانی مەزن وزگاربونی . یارمەتی گەلیشی پی ویستە ئەوبەشانەی نیشتمانی مەزنمان کە لەژیر دەستی بیگانە دان ، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بریوەتە یارمەتی ئەوآلایە کەلەسەریئەم حکومەتەدەشەکیتەوە ، دەیەویت بیتەژیرسیبەریەوە ، لەپیاوەکانی حکومەت دەخوازن کەبراکانیان لەوپیوەندی آسنینەرزگاربکەین کەتیدا ئالینن .

پیشەوای معظم : گەورەکانم .

ئەوسیاسەتە حکیمە جوانەی کەپارتی دیمو کراتی کوردستان لەسەری رویشت وسەربەخویی نیشتمان و آزادی کوردی وەرگرت ، آمادەیە کەبچیت بەهاواری نیشتمانی گەورەوە ، و گەلی کوردسەر تاپارزگاربکا .

لەم کاتەدا ، لەهەمو کانی دلمانەوە وپاریدەی راستیمانەوە بەرەو گەورەترین شخصیەتی کورد ، ئەو شخصیەتەی کە گەلی کوردی بەبیری بەهیزی وسەر کردەیەکی حکیمانەوە بە ریگای دیموگراتیدا بردو گەیاندیە سفرەی آزادی ، بە کوششیکی عبقری وعزمیکی قایم وەسەر کردەی دیمو کرات ، پیشەوای معظمی کوردستان جەنابی قاضی محمد ، خومان پیشکەش دە کەین .

باهەمو بیکەوەهاوار کەین بژی سەر کردەی مخلصی کوردستان ، بژی گەلی کوردی پشت بەست بە دیمو کراتی ، بژی پارتی آزادی کوردستان و پارتی گەل بژی پارتی دیمو کرات ، بژی نیشتمانی مەزنمان بەسەربەخوبو آزادی ، بژی یەکەتی سوفیاتی مەزن هەتابی گەلانی خوشبەختی آزادی وسەربەخویی .

## پاشبەندی ٧

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢١، لاپەڕەی ٤، شەممو ١١ ڕەشەمەی ١٣٢٤، ١٩٤٦/٣/٢.



٢١

### اخباری نیوخومان

#### مەلا مصطفی بارزانی

جنابی آغای مەلامصطفی قائدی کوردی بارزان روزی ٩-١٢-١٣٢٤ سانی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بو . وەختی گەیشتە نیو باغێن ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلامصطفی لە چومی بەربوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتە دا کمیتەی مرکزی هەنگاویان ئوندتر کرد و لە قەماخ چومی بیك گەیشتن ، برای خوشەویست صدیق حیدری مراسمی بە خیر هاتنی ئەجی هینا و هەمو اندامەکانی کمیتەی مرکزی بەمەلا مصطفی ناساند وئەویش دەستی لەنێو دەستی هەموان نا و لەنهایتی خوشیدا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و لەسالونی انجمەنی فەرهەنگی دانیشتن و لە سانی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بەپی [ انقاذم بزار ] تشریفی بو کانگاهاتوو ملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو ، لەو وەختەدا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیش وا : خطابیك کە وینەی احساساتی قلبی مەلامصطفی بو لە خصوص خو دەبیناو ذاتی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومەنەجیبە لە ریی سەربەستی کوردوستان دا خویندەوە وجنابی پیشواش وەلامی دانەوە و ئەوانی بی اندازە بەحکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد ، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی بردە سالونی تایبەتی خوی ئەنجا مەلا مصطفی بە حضوری شرفیاب بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتوگو بون .

مەلا مصطفی پیاویکی سیاسی و زعیمی کوردی بارزانە لەریی سەربەستی کوردستاندا زوری مەینەت کیشاوە . دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ایل و عشیرەتی ویان بە گوناهی آزادیخواهی دەربەدەر و لە نیشتمانی خوشەویستیان وەدەرناوە. ذاتی نیوبراو بیجگە لەوەی قائدیکی بەرز ، پیاویکی زاناو تی گەیشتوە متمدن و نیشتمان پەرستە و تەمەنی لەحدودی چل پینج سال دایە .

# پاشبەندی ٨

٢٣ / ١٢ / ١٩٤٤
١٣٢٢

معلّم سووه ت اتفاقنین نژال کونسولی تبریز شهرنده

بارتیامزین فعال وعقیده اولفروندا جا بجه ن اعضا اریندن بیر نیجه سنی تانیمار ایسته میدیم

اونلاری آشاغیدا سیزه تقدیم ایدیرم

| | | |
|---|---|---|
| ١ ـ قاسم قادر زاده | مهاباد ده | قوجادر |
| ٢ ـ علی ریحانی | " | " |
| ٣ ـ عبدالرحمن کیانی | " | گنج |
| ٤ ـ مناف کریمی | " | " |
| ٥ ـ محمد یاهو | " | " |
| ٦ ـ محمد دلشاد | " | " |
| ٧ ـ صدیق حیدری | " | " |
| ٨ ـ محمد امین شرفی | " | " |
| ٩ ـ رحمن ایلخانی زاده | بوکان ده | " |
| ١٠ ـ عبا س حلبای | " | " |
| ١١ ـ رحمن شرفکندی | " | " |
| ١٢ ـ مامند قادری | نقده دا | قوجا |
| ١٣ ـ مجید خسروی | " | گنج |
| ١٤ ـ محمد قادری | اشنو دا | " |
| ١٥ ـ تافیق | سقزدا | " |
| ١٦ ـ محمد سعید حافظی | کرمانشاه دا | " |
| ١٧ ـ طاهر هاشمی | " | " |
| ١٨ ـ عثمان دانش | سلیمانیه دا (عراق) | " |
| ١٩ ـ قادر دباغی | " | " سەقز |
| ٢٠ محمد سعید ملا عابی | هورامان دا " | " |
| ٢١ ـ فتاح غالبی | سردشت دا | " |
| ٢٢ ـ محمد امین شیخ الاسلامی | مهاباد ده | " |

" ژ ـ ک " بارتیاسنین مطبوعات مدیری

# پاشبەندی ٩

فەرمانی لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵانی بە بڕیاری محەمەد ڕەزاشا
لشکر ٤ ارومیه "رکن 2"
شمارەی 19125-1326/1/10 ساعت 8 بامداد
**اطلاعیه**

در اواخر سال 1320- 1941 محمد قاضی، ابولقاسم صدر قاضی و محمد حسین خان سیف قاضی در مهاباد زنجیرەای از مردم فریبی و فعالیتهای ضدامنیتی و آشوب طلبانه را آغاز کردند. کم کم آدمکشیهای خود را گسترش دادند که برخی رویدادهای ناگوار مانند حمله به شهربانی مهاباد و کشتن پنج پاسبان و غارت شهربانی و از بین بردن اسناد آدمکشیهایشان، کشتن محمودیان. بازرگان مهابادی، قاضی زاده، مدیر ادارەی آمار که همەی آنها قربانی زیادەطلبی آنان شدند. همچنین غارت دهات و وقایع دیگر منطقه. محمد قاضی با همکاری برادرش، به نام صدر قاضی که در ظاهر امر نمایندەی مردم مهاباد در پارلمان ایران بود اما در اصل طراح اصلی نقشەی پلید تجزیەی قسمتی از خاک ایران بود، همچنین سیف قاضی برای رسیدن به مقاصد نامبارک و پلیدشان، روسای همەی ادارات دولتی را از مهاباد اخراج کردند و در روز 24 آذر 1324 پرچم سه رنگ شیروخورشید ایران را از ساختمانهای دولتی پایین کشیدند و پرچمی را نام پرچم کردستان به جای آن برافراشتند. محمد قاضی در روز دوم بهمن خود را رئیس جمهور کردستان نامید و جمعی خیانتکار با سوء پیشینه را به نام وزیر حکومت خودمختار کردستان به کار گماشت که همه از همکاران نزدیک خودش بودند. همچنین گروه مسلحی از مردم مهاباد و بارزانیها تشکیل داد و مقداری اسلحه و مهمات بین عشایر و سکنه توزیع کرد وآنانرا به سقز و بانه و سردشت فرستاد. اینهم رویدادهای خونین فراوانی به وجود آورد. اگرچه قوای دولتی چند بار در کردستان از آنان تقاضای فرمانبرداری کردند سودی نبخشید. همچنین رهبران گرامی دولت در تهران تلاش بسیاری کردند تا آنان را از این افکار نابجا دور کنند، اما سودی نداشت، همان روش خود را ادامه دادند. سکنەی شهرها و ایلات را تحریک میکردند که در مقابل قوای دولتی مقاومت کنند و کتبأ هم دستور حمله به سربازان ارتش را صادر میکردند، اما خوشبختانه متوجه افکار پلید آنان گشتند و به آنان گوش ندادند. در نتیجه نیروهای ارتش پیشروی کردند و همەی نقشەی پلید آنانرا خنثی کردند. سرانجام این خیانتکاران دستگیر شدند و به دست عدل سپرده شدند. پروەندەشان به دادگاه نظامی دوران جنگ فرستاده شد و هر سه نفرشان به اعدام به شیوەی دارزدن محکوم شدند. دادگاه تجدید نظر و **همچنین اعلیحضرت شاهنشاه حکم را تصویب کردند** و در ساعت 6 بامداد روز 10 فروردین حکم اجرا شد.

فرماندەی لشکر 4 و قوای دولتی ایران در کردستان- سرلشکر همایونی

## پاشبەندی ١٠

لە کوردستانی عێراقەوە تا ئەوبەری ڕووباری ئاراس

۵

**گزارشی از تحولات نظامی در فاصلهٔ ٦ تا ١٧ خرداد ١٣٢٦**

**وضعیت و جریان معاودت بارزانی‌ها به کشور شاهنشاهی، مورخه ٢٦/٣/٦ (روی نقشه $\frac{١}{٢٥٢٠٠٠}$)**

ساعت /٧ روز ۲۶/۳/۶ به ستاد لشگر در رضائیه اطلاع رسید که ساعت /٢ همان روز عده بارزانی به جرمی آمده /۲۰ سر گوسفند به غارت برده‌اند از امیر قوه عراق نیز اطلاع رسید بارزانی‌ها از عراق به ترکیه فرار کرده ممکن است به خاک ایران بیایند. ساعت /۱۳ پسران نوری‌بیگ ورود بارزانی‌ها را به خوشکی شش کیلومتری جنوبی انبه تأیید و ساعت /۱۴ اطلاع رسید بارزانی‌ها به سمت خوشکی پیشروی می‌کنند. از مجموع این جریانات معلوم شد بارزانی‌ها از مرز ترکیه و از طریق برده سورچای وارد خاک ایران شده و تعداد آن‌ها در حدود چهارصد نفر

است. بلافاصله سروان عدل ضرابی با رشید بیگ به ستاد احضار و دستور گرفت که با صد نفر تفنگچی به موانا بروند. نامبردگان ساعت /۱۸ همان روز از رضائیه حرکت و ساعت /۲۲ لرنی، ساعت ۵½ صبح گردنه گرده بلیچ اشغال گردید و در همین اوقات ستونی مرکب از دوگردان پیاده (گردان اصفهان و گردان /۲ آذرپاد)، چهاردستگاه ارابه جنگی، یک‌دسته توپخانه، یک دستگاه بیسیم به فرماندهی سرهنگ سردادور تشکیل و مأموریت داده شد که ساعت /۴ روز ۳/۷ برای حرکت آماده باشند.

در ساعت /۱۴ روز ۲۶/۳/۶ یک پرواز اکتشافی از روی ارتفاعات مرزی و آبادی‌های نامبرده اجراء ولی به علت وجود ابر نتیجه اکتشاف منفی بود.

ستون مزبور ساعت /۴ صبح ۲۶/۳/۷ با ۱۸ دستگاه کامیون به سمت لرنی عزیمت تا ساعت ۱۷ و نیم در لرنی مستقر صبح روز ۸ ساعت ۵ به طرف موانا عزیمت در آنجا متمرکز گردیدند مأموریت این ستون دخول سریع به بزسینا به منظور تماس و جلوگیری از بارزانی‌ها برای حرکت به سمت شمال بوده.

ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۷ نوری‌بیگ به تلگرافخانه حاضر و کاغذ ملامصطفی راکه به او نوشته بود و حاکی بود که در بین او ودولت واسطه شود و همچنین کاغذی از ملامصطفی تحت همین عنوان به ستادلشگر رسید که به نامبرده پاسخ داده شد که بدون قید و شرط به رضائیه حرکت و تسلیم شود. ولی چون از کاغذها استنباط گردید که مقصود نامبرده اغفال و اغتنام وقت است به ستون اعزامی مجددا تأکید شد در حرکت به سوی موانا برای اخذ تماس با آن‌ها تسریع نمایند تا بر اثر فشار زودتر بتوان به نتیجه رسید.

آخرین پرواز اکتشافی روز ۲۶/۳/۶ که در اطراف طلوع و انبه به عمل آمده بود حاکی بود که عناصر مشکوکی در نقاط نامبرده دیده شد که به

محض مشاهده هواپیما خود را مخفی کرده و قریب ۱۵ نفر از اشرار روی ارتفاع داخل سنگر مشاهده شده ولی تمرکز اشرار دیده نشده و با وجودی که پرواز هواپیما در اوجِ پَست انجام می‌گرفت برعلیه هواپیما تیراندازی نمی‌کردند.

آخرین اطلاع در ساعت ۲۱ از ستون مزبور حاکی بود که ملامصطفی ساعت ۲۰ روز /۷ انبه را ترک و به خانه‌کی [خانقاه] رفته و عده[ای] از افراد خود را به نازلوچای فرستاده و با این ترتیب برای لشگر واضح شد که مقصود بارزانی‌ها رفتن به سمت شمال و تشکیل دسته‌بندی با عشایر مختلف شمال و غرب رضائیه می‌باشند.

صبح روز ۲۶/۳/۸ که ستون اعزامی به نام ستون ترگور در موانا متمرکز و اطلاع می‌دهد که ملامصطفی شرحی به‌ستون نوشته که این جانب برای تسلیم آمده‌ام لیکن یکی از افسران و یک نفر از رؤسای عشایر برای واسطه تعیین شود به خوبی واضح بود مقصود ملامصطفی وقت‌گذرانی و طفره و تعلل بوده و مقصد عزیمت به‌شمال را دارند چه تا ساعت /۱۲ روز /۸ کلیه بارزانی‌ها از نازلوچای به سمت شمال عبور کردند. اطلاع رسیده در ساعت ۹½ روز مزبور حاکی بود که بارزانی‌ها به سرو و سرویک وارد شدند این اطلاع از طرف ستون ترگور رسیده و به وسیله سرگرد صلح‌جو سرپرست سواران شکاک تأیید و نامبرده اضافه کرده است که بارزانی‌ها خیال دارند از سرویک به هوسین بروند. اطلاعات مزبور به‌ستون‌های متمرکز در ماکو، قره‌ضیاءالدین، خوی، قطور، سیه‌چشمه، شاهپور [و] سرهنگ فولادوند ابلاغ و دستور مراقبت داده شد.

روز ۹ گردان ۲ هنگ بهادر و یک‌دسته توپخانه ۷۵ ساعت ۸ از خوی به سمت دره قطور عزیمت و مأمور شد که با گردان ۳ هنگ ۱۰ متمرکز در قطور در انسداد راههای عبور دره قطور اقدام، ضمناً واحدهای تقویتی

دیگر متعاقباً به آنها رسانده می‌شود. گردان ۲ هنگ ۳۲ از اشنویه احضار ساعت ۱۲ روز ۲۶/۳/۹ به رضائیه وارد و ساعت ۱۶ همان روز به‌شاهپور عزیمت نمودند.* بارزانی‌ها در روز ۹ ارتفاعات گل شیخان و کرتش و قریه سرو را اشغال و عده‌ای را نیز به قریه سینا فرستاده است. ضمناً در همین روز با عده تفنگچی به سرپرستی اسعد ارتفاعات گل جهان را که برای حفظ عقبه آن‌ها حائز اهمیت بوده است اشغال می‌کنند. در جریان وقایع سه‌روزه پروازهای اکتشافی متوالی صبح و عصر روی منطقه به عمل آمده است ولی اکثراً به علت بدی هوا نتیجه از عمل اکتشاف آن‌ها گرفته نشده است و در هوای خوب نیز چون بارزانی‌ها اغلب راه‌پیمایی‌های خود را شبانه انجام می‌دهند بی‌نهایت در مورد استتار دقت نموده و ورزیدگی کامل دارند هواپیماهای اکتشافی اغلب قادر به تشخیص محل دقیق آنها نبوده. از مجموعه اطلاعاتی که تا ساعت ۲۲/ روز ۲۶/۳/۹ استنباط شده است واضح و آشکار گردید که مقصد بارزانی‌ها عزیمت به مرز شمال و دخول به کوههای ماکو بوده و مکاتباتی که انجام می‌دهند به منظور اغفال و اغتنام وقت است.

بارزانی‌ها روز ۹/ از سرو و بردوک عزیمت و بردوک پایین [را] اشغال و به سمت بر دوک بالا می‌روند. دوساعت در ارتفاع غربی و شمالی قریه آقچه گل بین بارزانی‌ها و شکاک‌ها به‌سرپرستی سرگرد صلح‌جو که در ارتفاع شمالی آقچه گل متمرکز شده بود زدوخورد [صورت گرفت]. اکتشافات هوایی ساعت ۹½ تا ۱۲/ روز ۱۰/ حاکی از فعالیت‌های سوارهای عشایری در ارتفاعات شمال و شمال غربی گنبد بوده ولی اثری از بارزانی‌ها ندیده است.

فرماندهی نیرو در ساعت ۱۸/ روز ۹/ پس از بررسی وضعیت تصمیمی به شرح زیر اتخاذ و پس از عرض به پیشگاه مبارک شاهانه اجرای آن همان موقع آغاز می‌گردد. اینک طرح پیشنهادی و تصویبی

لشگر که از ساعت ۲۴/ روز ۲۶/۳/۹ به وسیله کلیه واحدهای نیرو ابلاغ واجراء شده است.

۱. مسدودکردن راه بارزانی‌ها روی دره خوی ـ قطور ـ مرز به وسیله یک ستون مرکب از چهار گردان پیاده: گردان‌های ۳ هنگ ۱۰/، گردان ۲/ بهادر، گردان ۲/ هنگ ۳۲/، گردان ۳/ آهن، یک آتشبار ۷۵/ کوهستانی، چهار دستگاه ارابه جنگی، یک دستگاه بیسیم.

۲. تعاقب بارزانی‌ها به وسیله ستون ترگور مرکب از گردان‌های اصفهان و ۲/ آذرپاد، یک‌دسته توپخانه ۷۵/ کوهستانی، دو دستگاه ارابه جنگی، یک دستگاه بیسیم تحت امر سرهنگ سردادور. این دو ستون تحت امر سرتیپ بیگلری معاون لشگر گذارده شده، سرهنگ قزل آیاغ و عناصر لازم برای عهده‌داری ستاد ستون‌های نامبرده تعیین و معرفی گردید.

هنگ سوار فوزیه منهای یک اسواران که با یک آتشبار کوهستانی تقویت گردیده در شاهپور متمرکز و یک دستگاه بیسیم تشکیل احتیاط متحرک را در شاهپور داده و مأموریت یافت ضمن مراقبت‌های عمومی منطقه شاهپور و شکاک‌ها عنداللزوم برای شرکت در عملیات آماده باشند.

۳. ستون ماکو مرکب از گردان‌های ۱/ هنگ ۱۲/ کرمانشاه و گردان ۲/ هنگ ۲۷/، یک‌دسته خمپاره اصفهان، یک آتشبار ۷۵/ کرمانشاه، یک دستگاه بیسیم تحت فرماندهی سرهنگ مظفری مأموریت داده شد که معابر پلدشت و مرز بازرگان را که قبلاً شناسایی کرده تحت مراقبت قرار دهد.

۴. در سیه‌چشمه یک گردان از هنگ بهادر و یک دستگاه بیسیم، در قره‌ضیاءالدین گردان ۲/ هنگ ۱۲ و هنگ سوار کردستان منهای یک اسواران به منظور احتیاط متحرک در خوی متمرکز گردیدند. مجموع

ستون‌های /۳ و /۴ تحت امر سرتیپ زنگنه فرمانده تیپ رضائیه قرار گرفته و سرگرد ستاد بهاروند با عناصر لازم به سمت عهده‌داری ستاد ستون‌ها نیز تعیین شدند.

گردان سرگرد زره‌پوش ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۱۰ با کامیون به خوی اعزام و /۴ ارابه جنگی به‌قطور اعزام گردید. به تمام واحدها و فرماندهان ستون ابلاغ گردید که طرح مزبور از ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۱۱ به مورد اجراگذارده شود.[۱] سرتیپ بیگلری و سرهنگ نیساری روز ۲۶/۳/۱۰ به صوب مأموریت خود عزیمت نموده و سرتیپ زنگنه صبح /۱۱ رضائیه را ترک نموده است.

دستورات تکمیلی بعدی راجع به استقرار در خط قطور اضافه‌کردن گردان سرگرد زره‌پوش به /۳ گردان قبلی بوده است. بارزانی‌ها از ساعت /۳ روز ۲۶/۳/۱۲ تا ساعت /۱۴ همان روز در هبلوران متوقف سپس در محور اشنگ و برشخواران حرکت می‌کنند. طلوع آفتاب روز ۱۳ به راویان وارد و در آنجا چند نفر از عناصر محلی [را] که از طرف ستون‌ها برای کسب اطلاع فرستاده شده بود گرفته و تعدادی دواب سواری و خواربار از آبادی‌های مزبور گرفته بین حبش پایین و مَخین حرکت می‌نمایند و متوجه کلت بالا می‌شوند. روز ۲۶/۳/۱۵ بارزانی‌ها به سگ‌من آباد رسیده در این روز چون عده‌های گسترده‌شده از خط قطور هرگاه به تعاقب بارزانی‌ها حرکت می‌کردند بدون نتیجه بود لذا گردان /۲ و /۳ آذرپاد و گردان کسر خدمت هنگ /۹ که روز ۱۲ به خوی اعزام شده بود با کامیون به شوت حمل گردید که در آنجا جلو بارزانی‌ها را گرفته تماس حاصل نمایند.

روز ۱۵ خرداد تیمسار فرماندهی نیرو و لشگر ۴ از رضائیه حرکت و همان روز به‌ماکو وارد و سرهنگ ستاد غفاری از اشنویه احضار، نامبرده

---

۱. در حاشیه نوشته شده است: «ملامصطفی متأسفانه صبر نکرد.»

ساعت /۱۸ روز ۲۶/۳/۱۶ به رضائیه وارد و بلافاصله به ماکو حرکت و از همان روز به سمت ستاد عملیاتی در ماکو تعیین گردید.

روز ۱۶ ستون قره ضیاءالدین به‌سمت کوه‌سگار، اسواران و یک‌دسته مسلسل از هنگ سوار کردستان به استقامت فرهادخانی حرکت و [به] ستون سیه‌چشمه دستور [داده] شد عوامل مقدم خود را برای اخذ تماس به جلو اعزام دارد. واحدهای خط قطور وگردان سرگرد زره‌پوش با کامیون به‌ماکو حرکت کرده و گردان /۲ بهادر گردان /۳ آهن تحت امر سرهنگ فولادوند مأمور تعاقب گردیدند. گردان‌های اصفهان، گردان /۲ کرمانشاه گردان /۲ هنگ /۲۷ به‌ساری باشکند و کشمش‌تپه، موسی آقبلاغ، خندور و قزل‌داغ اعزام و نقاط مزبور را اشغال و عوامل مقدم خود را برای اخذ تماس به‌جلو اعزام کردند.

در همین روز سرتیپ زنگنه با فرمانده تیپ بایزید در بازرگان ملاقات و جریان بارزانی‌ها را از نظر اطلاع شرح داد و بارزانی‌ها که روزها در ارتفاعات مخفی و شب‌ها در امتداد خط‌الراس‌ها راه‌پیمایی می‌کردند و به بله‌سور بزرگ و کوچک و سیرپاگل و از آنجا به یکماله سه کیلومتری ناور جنوب شیخ مملو از محال سیه‌چشمه وارد شده‌اند.

سرهنگ زالتاش با ۱۵۰ قبضه تفنگ و تعدادی فشنگ و چند نفر گروهبان جهت مسلح‌کردن طایفه میلان حرکت نمود.

روز /۱۷ بارزانی‌ها شبانه وارد محلی کنار قره‌دره وارد چون احتمال می‌رفت به سمت کره‌لر رفته و بایستی اجباراً از خط بازرگان ماکو ــ خندور ــ قزل‌داغ عبور نمایند ستون‌ها در خط مزبور بدین ترتیب مستقر شدند.

طبق تصمیم متخذه در محل سرهنگ نیساری با دو گردان پیاده، یک‌دسته آتشبار /۷۵، یک اسواران، یک‌دسته مسلسل در کلت بالا در حال تعاقب. سرهنگ لشگری با یک گردان و یک اسواران [و] دو ارابه در

۸۶ از کردستان عراق تا آن سوی رود ارس

ارتفاعات سگار. یک گردان پیاده یک‌دسته آتشبار /۷۵، دو ارابه در سیه‌چشمه. یک گردان پیاده، دو ارابه جنگی یک‌دسته آتشبار /۷۵ در خط ساری اوجاق و کشمش‌تپه. یک گردان در ارتفاعات سنگر. یک گردان و یک‌دسته آتشبار /۷۵ کوهستانی در خندور، دو گردان پیاده و یک آتشبار /۷۵. یک اسواران. سه ارابه جنگی با سرهنگ سردادور در شوت.

با این تصمیم تدبیر فرماندهی با اتخاذ این آرایش این بود چنانچه قبل از عبور از خط نامبرده بالا تماس حاصل شد آن‌ها را سرکوبی و در غیر اینصورت آن‌ها را در ناحیه کره‌لر محاصره نمایند.

به واسطه دوری منطقه عملیات از رضائیه ستاد عملیاتی که از تاریخ /۱۶ در ماکو تشکیل و احکام و دستورات را مستقیماً به واحدهای نیرو ابلاغ و جریان عملیات را مستقیماً به ستاد ارتش گزارش می‌نمایند.

**رییس ستاد لشگر ۴ آذربایجان ــ سرهنگ ستاد فیوضی**

## پاشبـەندی ۱۱

وزارت جنگ

تاریخ ۱۳۲۱ [illegible]

پیوست ——————

اداره [illegible]

دائره ——————

شماره [illegible]

تیمسار سپهبد شاه بختی

حسب الامر شاهانه ابلاغ میشود بطوریکه استحضار دارند در تاریخ ۲/۶ بارزانیها بخاک ایران وارد و با مذاکراتی که در بین تیپ لشکر ۴ برای تعقیب و سرکوبی آنها شد فقط لشکر توانست در تاریخ ۲/۱۹ با آن اشرار تصادف نماید درصورتیکه مدت توقف لشکر برای تعقیب آن عناصر ده برابر مدت با اشرار بوده و همه قسم وسائل اتومبیل و غیره در اختیار لشکر بوده درصورتیکه بارزانیها عموما پیاده و فاقد وسیله راه پیمائی صحیح بوده اند و حتی اعلیحضرت همایون شاهنشاهی پس از استحضار از جریانات اوامر مبارک صادر فرموده اند که بایستی در ظرف ۴۸ ساعت باین کار خاتمه داده شود آنهم بهیچوجه صورت عمل بخود نگرفته تا آنکه در تاریخ ۲/۱۹ با اشرار در حوالی [illegible] مصادف و در نتیجه عملیاتیکه لشکر گزارش میدهد ۱ نفر [illegible] و ۲۵ نفر زخمی داده شده و بارزانیها هم موفق شده اند با وجود این جریان باز بطرف شمال بروند چون این موضوع از هر لحاظ مهم و قابل توجه است لذا حسب الامر شاهانه مقرر است کمیسیونی تحت ریاست تیمسار [illegible] :

سرلشکر خسروانی — سرتیپ کوپال — سرتیپ وثوق

در محل تشکیل و دقیقا بکلیه جریانات رسیدگی کرده تعیین شود :

۱) چرا لشکر [illegible] اقدام ننموده ؟

۲) چرا ستونها با وسائلی که در اختیار داشته اند موفق [illegible] نشده اند ؟

۳) قصور در این عملیات مربوط به که بوده ؟

۴) علت عملیات [illegible] بوده و قصور از طرف که بوده ؟

بطوریکه بایستی رسیدگی نموده صریحا تعیین شود قصور در این عملیات از طرف که شده چه این پیش آمد به حیثیت و نظام ارتش در نظر همسایگان و حتی جلوی عشایر محلی [illegible] ارتش را کاملا [illegible] نموده است . نتیجه را زودتر اعلام نمائید که از طرف [illegible] —

رئیس ستاد ارتش – سرلشکر رزم آرا

## پاشبەندی ١٢

نامەی پرۆفیسۆر نادر ئنتسار

Från: **Nader Entessar** (nentessar@usouthal.edu)
Skickat: den 11 april 2012 19:18:59
Till: Hamed Gohary (hamedgohary@hotmail.com)

Greetings,

I had a telephone conversation with Mr. Hamed Gohary about my recent book on "Kurdish Politics in the Middle East." Like all of my previous writings, this is a scholarly book published in English that aims to provide an overview of recent Kurdish history for the academic community. My aim has always been to provide an impartial and academic analysis without attacking any individual, group or political party. Since various translations of my books and writings may have appeared in various languages, some of which I have not been aware of or have seen, I can only vouch for the authenticity of my own writings in English. I urge all interested individuals to compare my original writing with the translations they may have seen. If there are discrepancies, the original English version of the book or article should be considered as the only authentic one. Please note that I write only in English.

Again, I express my deepest appreciation for Kurdish history and culture and salute those who have contributed to the evolution of Kurdish identity and who have endured hardship in the course of their struggle for Kurdish rights.

With best wishes,

Nader Entessar, Ph.D.
Professor and Chairman



شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی



مستەفا بارزانی ١٩٤٤



پێشەوا قازی محەمەد ١٩٤٦



پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەڕال مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان دا ١٩٤٦



بارزانی لە سەردەمی خوێندنیدا لە ئەکادیمیای باڵای حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت لە مۆسکۆ ١٩٥٧



بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا: سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە دەستی ڕاست و عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" لەلای چەپ، لە پشت سەری بارزانی. یاسین مەلا شاکر و سلێمان عارس بێدارونی لە دواوە دێن. ساڵی ١٩٦٣




سەرکردەی نەمر و لێهاتووی کورد ئیدریس بارزانیی لە سەردەمی
پێشمەرگایەتی لە شاخ ١٩٧٤



سەرۆک مەسعود بارزانی کاتی گواستنەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکانی ڕژێمی بەعس



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتی بەرێکردنی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکانی ڕژێمی بەعس

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.
٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.
٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٧- کۆمـاری دیمـوکراتی: ئایـدیۆلۆژی، سـتروکتور، سـتراتیژی، تاکتیـک و کردەوەکـانی پـارتی کرێکارانی کوردستان PKK. حەوت جار چاپ کراوە. جارێک بە کرمانجی سەروو.
٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.
٩- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.
١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی فارسی.
١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.
١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکاندا.
١٨- تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد.
١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس.
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.